# کۆشیعری جەمال شارباژێڕی

**یەکێتیی نووسەرانی کورد**
**مەڵبەندی گشتی ١٠٤**

ناوی کتێب: کۆشیعری جەمال شارباژێڕی  –  بەرگی دووەم
شاعیر: جەمال شارباژێڕی
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: فەهد شوانی
چاپی یەکەم– ٢٠١٣ هەولێر
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپ: چاپخانەی شەهاب– هەولێر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (     ) ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە

**مافی چاپکردنەوەی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد پارێزراوە**

# کۆشیعری جەمال شارباژێڕی

**جەمال شارباژێڕی**

## بلاْوکراوەکانی پێشتری ئەم بەرهەمە

١ـ کسپە و سۆز ، چاپی یەکەم ١٩٥٩
کسپە و سۆز ، چاپی دووهەم ٢٠١١
٢ ـ بەستەی مەبەست ، چاپی یەکەم ١٩٦١
بەستەی مەبەست ، چاپی دووهەم ٢٠١١
٣ ـ پارچەیەک لە جگەرم ، چاپی یەکەم ١٩٦٨
پارچەیەک لە جگەرم ، چاپی دووهەم ٢٠١١
٤ ـ فرمێسکی نهێنی ، چاپی یەکەم ١٩٦٩
فرمێسکی نهێنی ، چاپی دووهەم ٢٠١١
٥ ـ لە ئەلبوومی یادگارا ١٩٨٣
ئەلبوومێکی نوێ ٢٠١١
٦ ـ ژوانگەی هەژان و ژان چاپی دووهەم ١٩٩٨
٧ ـ خەم و خۆزگە و فریشتە ، چاپی یەکەم ٢٠١١
٨ ـ لە ناخەوە ، چاپی یەکەم ٢٠١١
٩ ـ زریانێک و داستانێک و دیوانێک ، چاپی یەکەم ٢٠١١
١٠ ـ گوڵ وەنەوشەکان چاپی یەکەم ٢٠١١
١١ ـ ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ چاپی یەکەم ١٩٨٥
چاپی دووهەم ٢٠١٢

# خەم و خۆزگە

## هەژدەی سێ
## ١٩٧٣/٣/١٨

– ١ –

ئەمشەو بۆ یادی دەساڵەی
گۆڕینەوەی پەیمانی بێ دڵگۆڕینی دڵداریمان
کە دوو هەستی ..
بێگەرد بەستیان
بە سەربەستی
بە ئومێدی گەشانەوەی شکۆفەی بەختیاریمان
دوای هەزاران ئاخ و تاسە و نیگا و خواستی
" ئاگری "مان
پێش درکاندنی نهێنی یەک لە ئاستی
یەکتریمان
ئەمشەو بۆ یادی دە ساڵەی
ئەو ساتە شیرین و تاڵەی
ساوای پەیمان
بە زەردەخەنە و ژانەوە
پێکەنین و گریانەوە
هاتە دونیا ی ژیانەوە
گەڕام ، گەڕام
ماڵە وێرانەکەم گەڕام

نەء ، ماڵە پڕ لە یادگارە ، ئاوەدانەکەم گەڕام
دۆڵاب گەڕام ، باوەڵ گەڕام
ڕۆژمێرە گەردگرتووە کۆنەکانی
بێ کەڵکی بەر باخەڵ گەڕام ..
قوتووە نوقڵە ژەهرەکانی
پاشماوەی جەژنی شیوەنی
بێ دیمەنێکی دیدەنی
دوای جیابوونەوەی تۆ گەڕام ..
بەڵێ گەڕام
بەڵێ گەڕام
لە یادگارە بە نرخە نازدارەکانت .. پاشماوە
بەداخەوە
لە کارتێکی جەژنە پیرۆزە بەولاوە
لام نەماوە
گەڕام هیچی ترم نەهات بە دەستەوە
هەتا زیاتر تلْپەی تێزابی تیژی " ئێش "
بکاتە ناو چاوی ژانی هەڵبەستەوە
بۆ زریکەی زامەکانی برژاوی بێ ساڕێژی ئێش

- ٢ -

توخوا کارتە پیرۆزەکەی لانەی ئارام !
نەء چاوگەی زام
بۆ تەنها تۆ مایتەوە .. لام ؟
ئەی / هاوەڵ نامەکانی ترمان
کە لەگەڵ ژان
سووتان .. گریان
بەڕێ کران
کوان

وان
لەکوێ ؟
چییان لێ هات
لای ئەو .. لەوێ
کام کارەساتیان بەسەر هات ؟
ئایا ئەوانیش وەک پەڕەی دڵی سپیم
ونجڕ کران ؟
بۆ کەلاوە فڕێ دران ؟
یان دۆزەخیان بۆ ساز کرا و
گڕ خۆش کرا و
بوون بە سووتوو
وەکو پارچە جگەری من لە ئاگرا ؟ !
****
یان ئەگەر هێشتا هەر زیندوون
لەکام لانەیدا خەواندوون ؟
ئایا وەکو وێنەی کۆرپەی دڵی ناسک
هەڵی گرتوون ..
لە ئەڵبوومی خۆشەویستی یادگارا
یاخود ئارایشتی کفنی لەبەر کردوون
وان لە گڵکۆی بێ ناونیشان و بێ کێل و
ئالا و تارا

– ٣ –

ئەی وشەکان
ئەی وشە پڕ لە ورشەکان
وشە کچە سەرگۆنا ئاڵ و گەشەکان
وشەکانی
ڕستەکانی
پڕ لە گیان و هەستەکانی

باوەشی کارت
خۆشم دەوێن وەک " هەژدەی مارت "
ئەی وشەکان
ئێوە پیرۆزن لام ، پیرۆز
وەک سەرەتای جەژنی نەورۆز
وەکو شیعری گەشتی بەسۆز
وەکو خۆشەویستی و ژیان
وەکو ڕەوشت وەکو ویژدان
وەکو هەموو دیمەنێکی ڕازاوە و جوان
وەکو بەڵێن
خۆشم دەوێن
وەکو هەموو نامەکانم
کە ناو نیشانیان نازانم
وەک پەپولەی خۆزگە و هیوام
پیرۆزن لام
****
بەڵام .. بەڵام
ئاخۆ دایکی نامەکانم
نامەکانی سەردەمێکی ..
تەمەن جێ نیشتەی ..
پشووم و ئۆقرەم و ئارامەکانم
هەر هیچ نەبێت .. ئایا یادیان دەکاتەوە ؟
" ناڵێم وەک من لەگەڵ گۆرانی و ئاوازە "
یان هەروەک چۆن لایەک لە خۆم ناکاتەوە !
هەموویان بوون .. بەقوربانی ..
دڵی تازە و ماڵی تازە ؟ !

سلێمانی ١٩٧٣/٣/١٨
ڕۆژنامەی ژین

# دادگا

١٩٦٧

لـه بارەگای خوای ویژدان دا
لـه دادگای تاوانـی دەست لێبـەردان دا
دڵـی پڕ لـه کسپه و کڵپەی
زامـی ئامێزی تـەنیایی
لێت ئـەپرسێت
کوا ئاکامـی ئـەو بـەڵێنـەی
دات بـه کۆرپەی
خۆشەویستـی و دڵنیایی ؟
بـەنازەوە پـەروەردەی کـەیت
تا کۆتایی بێ کۆتایی !
****
لێت دەپرسێت و دەپرسێت
کوا پـەیمانـی
سوێند بارانـی
پڕ لـه ژانـی ئـەویندارى
هـەژدەی مارتـی دەم بـەهاری
ساڵـی نۆسەدو شەست و سێت ؟ !
****

کوان ئەو نامە ناسکانەی بۆت دەناردم
کە نوێ بوونەوەی بەڵێنی پێ دەسپاردم
کوا گەردنی خنجیلانەی مەمکە مژەم
کە بۆ قومی گەرووی تاسەم دەبوون بە ژەم
کاڵە لیمۆی ئەو مەمانەی لە دەستم چوون
بە دەستی کێ پێگەیشتن ؟
ئەشکی پەنجەکانم نەبون !
کە هەمیشە
دەشیداشتن و دەیشتن !!
****

لە من زیاتر کێ بوو ئێشکی بۆ دەگرتیت
لە من زیاتر کێ بوو نازی لێ دەگرتیت
لە تۆ زیاتر کێ بوو شیعرە نوێکانمی
نەخش چنی چەرچەفی سەر دۆشەکی بوو ؟ !
وەک ئەموستیلە و " بازن " یش
زێر تریفەی دەست و پەنجە و
زەنگ زرینگەی مەچەکی بوو ؟ !
****

لە بەژنی تۆ زیاتر ناڵەی
گۆرانی بۆ کێ دەبێژران ؟
پۆلە هەڵاڵەی گوڵاڵەی
بەبێ پاداشت پیا دەپێژران
****

کێ بەقەدەر من قوربانی بۆ دای ، پەری ؟
چ پارێزەرێک شک دەبەیت لە دادگا
سکاڵا و هانای بۆ بەری

# نامۆیی شاعیرێک

١٩٧٦

لە هەڵویستێکی نامۆیی و
دەربەدەریدا ، دوان ، سیانێ
ورگ زل و تێکسمراو و
کەتە و ناوشان و مل پانێ
لە یانەی فەرمانبەرانی
جێی بەڕێز و نا بەڕێز دا
مۆڵیان دابوو لە کەناری
مێزێکی مەی ، لە ئامێزدا
****
باوەڕ بکەن نەک وەک مرۆڤ
بەڵکو وەکو چەند حەیوانێ
بەشاعیرێکدا هەڵشاخان
شانی نۆکەری ناتوانێ
شاعیر وەک پێنووسی دەستی
لاوێک بوو ، باریک و لاواز
بەڵام بیر و بڕوا و هەستی
تیژ بوون وەک باڵی هەڵۆ و باز
شاعیریان دایە بەر تۆمەت
وتیان دەڵێی هەر هیچ ناخۆی !

وتەیەکی " شۆ " ی هاتە یاد
وەرامێک بوو ، لە خۆیدا خۆی
چەند وشەیەکی تریشی
بە پەندەکەی " شۆ " دا لکاند
هەموویانی لەبەر دیدەی
هۆڵی یانەکەدا شکاند
وتی ئەوەی ..
کە هەمووتان لێی تۆقاون
لەژێر نووکی
پێنووسم دا دێنێ هەرەس
ئەی گەوجینە
هەی گەندەڵینە کەی پیاون
پیاو بوونایە
نەدەبوونە .. نۆکەری کەس !
ئارەقی شەرمەزارییان
بەروودا هاتە خوارەوە
هەڵسان بە ئەستۆی وردیان و
هەنگاوی لار و خوارەوە
" خەو "
لە بەهەشتی سینەتا
دوو کۆتری سپی پۆش
لە لانەیەکی نەرما ..
خەوی ئارام دەبینن
****
جار جار هەناسەیەکی
قووڵی ئەندێشەی پەرۆش
وریایان دەکەنەوە و
شەوی سەرسام دەبینن

# کەی سەر دەدەی ؟ !

١٩٨٨/٢/١

خۆشەویستەکەی تاسەرم
ئەی ئەو کچەی کە دەبوو زوو
ببویتایە بە هاوسەرم
نەکا مەرگی ناکاو هەڵکوتێتە سەرم
سەوداسەرم
لە سەرسامی بەرم بدە
سەرم بدە
****
ئەگەر " گرێ " ت
هەر هاودەمی هەودای هەستە
هێشتا زبری و زەبری زویر بوونت قەستە
خوا نەتگرێت
هەستە
هەستە
کێمان هەیە .. کینەی کۆنی
پاشماوەی بێ ڕەنگ و بۆنی
چارەکێک سەدە هەڵگرێت
زوو کە و هەستە ..
ڕامەوەستە

داشکێنە ڕێت
چاو لە ڕێتم ..
ئاسۆی دیدەنیتم هەڵ بێت
بایەقوشی " تۆران " هەڵبێت
****
سەرم بدە تا " بوون " ماوە
تا زەمین و گەردوون ماوە
تا هەناسە و دەروون ماوە
کوا کەی باوی کینە و
.. ناوی زیز بوون ماوە !
بێجگە لە تاک تاکێک ، پووچەڵ
کە بێ گیانن وەکوو کۆتەڵێکی ووشکەڵ !
مەودای زیز بوونی کام ئازیز
ئەمەندەی تۆ دەبێت درێژەی کێشابێت
نەبوە و نیە .. ناشبێت هەرگیز
لە مێژووشدا نەمبیستووە
ڕووداوێکی ناخ تەزێنی وا ڕووی دابێت
دەبێ کێ بێ بینیبێتی
بەخەو .. خەیاڵ
" زویرییەک " توانیبێتی
ئەوەندە تەنیبێتەوە و
تەنیبێتی ..
بیست و چوار ساڵ
دەبێ .. دەبێ .. سەرم بدە
دڵ نەرم بەو
بەو دەستە نەرم و ناسک و سپی سۆڵە
نمەی گوڵاوی پاڵاوتەی
سۆز پرژێنی

هیوا هێنی
پڕ مزگێنی
لە لامل و ناوچەوان و سەرم بدە
****

ڕووم تێ بکە و
بەو پرشنگی نیگا نیگار خەست و خۆڵە
کە پڕیانە لە ئەفسوونی
ئاشکرا بوونی ..
ڕاموسانی نهێنی
لە نامۆیی و شپرزەیی بەرم بدە
****

ئەمڕۆش ویستگەی ئاشت بوونەوە و
ئەولانانی ، ڕابووردووە
وادەی گەردن ئازادییە
چەرخی ڕەشپۆش کۆستەکانی گرد بوونەوە و
دروشمێکی هەڵکردووە
ترسناکە و ئامرازی نامرادییە
بە هاڵاوی گڕەی کوورە و تەنوورەکان
ناسکە لێوی گوڵی پەڕەی هەڵاڵە هەرە سوورەکان
ژاکاوی پرسەی ماتەم و تەم و مژن
خەماو مژن
" بەتایبەتی ئەو مەڵبەندانەی داگیرکەر "
" ناوی ناون - سنورەکان - "
لە زاخۆ وە تا دەگاتە هەورامان و
بەدرە و زەهاو
لە زەردەخەنە دووروکان
بێجگە لە چەوساوەکانی .. هەموو گەرمیان و ..
کوێستانی .. کوردستانی ..

جەنگ و زەبر و زەنگ و سەنگی
سەرگەردانی
کۆچە و دوا کۆچ
تێک هەڵچوونە و قوربانی و قۆچ
گەر سەر نەدەیت
گەر لە یەکتری دابڕاین
ئەوسا پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت و
دەڵێ ی ئاخ .. بۆچ ..
پێش کۆچ کردنی نەمدەدواند
بۆچی سەرم نەدا و ئاشتم نەکردەوە ؟
بۆچی ڕازی دڵەکەی خۆم بۆ نەدرکاند ؟
گرێکەم بۆ نەکردەوە
بۆچی ئەوەندە دڵڕەق بووم ؟
دڵیم شکاند
کەوابوو چاوەڕێی چی دەکەی
خێراکە دەی ، مەیخە سبەی
زوو سەر بدەی
****

زووکە .. زووکە
بۆ مژینی گۆی بۆڵ هێشووی
بەرسیلە ئاڵ و بۆڵەکانی ناو ڕەزم
ئارەزوو کە
****

دەی ئازاکە
گوێ بە مزرە یادی پێشووی
داستانی ڕازی ئاوداری خۆزگە و حەزم
ئاشنا کە
****

خۆزگەکانم
هێشتا هەر بەرسیلەی کاڵ و ترش و شینن
حەزەکانم
هەر بە هیوای ڕەزبەری وەرزی شیرینن
دە سەربدە " ڕەزبەر " بێنە
" ڕەز " بەر بێنە
هێشووە مرواری ڕەنگین و گەوهەر بێنە
ترێ سەرقووڵە و ڕەشمیری و
سادانی و کشمیش بەر بێنە
مشتاخی باسووق و مێوژ
بۆ تاسووق و
بۆ گوێزەبانە و شەوچەرەی
ئێشک و شەوارە دەربێنە
هەنگوینی ساخی دووبەرەی
دۆشاو دووبارە دەربێنە
****

زووکە ، زووکە
تف لە کینەی ڕابووردوو کە
نەفرەت لە دڵڕەقەکان و بەد ڕەفتارەکانی زوو .. کە
زووکە ، زووکە
تف لە هەموو ناوچەوانە گرژەکان و
گەمژەکانی ناو مێژوو کە
نەفرەت لە گشت هەڵوێستێکی
خوار و خێچ و ئاوەژوو کە
دەدەی دەدەی ..
کەی سەردەدەی ؟
کەی خەندەی لێوان و دیدەی
بەندی جەستەی

زیندانی دووری بەر دەدەی
****

من ئامادەم ، دوای دیدەنی و بەیاد کردن
دوای ڕق و قین بەرباد کردن
دوای دوو دڵ پێکتر شاد کردن
دوای سەر لەسەر سینە و مەم و
دەم لەسەر دەم
نەک هەزار گەردن ئازادی و زوو رابووردوو
لە یاد کردن
بەڵکوو سەردانان وەک سەدان
مەمی سەردەم
سڵ نەکەمەوە لە مردن ،
کەوابوو .. دەی
وا چاو لەڕێتم سەربدەی

---

تێبینی : لە پاشکۆی عیراق ژمارە " ٣٧ "ی ١٩٨٨/٥/٢٥ دا بێجگە لە هەندێ دێڕ و کۆپلەی ڕێ و جێی نەبوو ، لەو کاتەدا ئەمەو لەم بڵاوکردنەوە نوێ یەدا تۆزێک ماکیاج کراوەتەوە.

# بفەرموو

فەرموو لە وێنە خانەکەی
" خانی " هەستمدا ، دانیشە
زامە " زین " ی تۆ هەمیشە
هی منیشە
****

فەرموو کامێرای سەرنجم بە مووچڕکە
بخەرەوە جووڵە و چرکە
بزەی سەر لێوانت چڕکە
سڵ ، سڕکە
فەرموو منداڵە هۆگرە ، چاوگەشەکەت
وەک شیعرە جگەرگۆشەکەت
بخەرەوە سەر کۆشەکەت
بە مەمانی ناو بەهەشتی باوەشەکەت
ژیر کەرەوە " مەم " ی شەکەت
****

فەرموو ئەلبوومی ژینم بۆ پڕکە لە نیگار
بەهادارتر کە یادگار
بە دیدار
****

فەرموو پەری بەهرەی لێکدانەوەی ژیریم
لاوی بێنەوە بۆ پیریم
ئاشتی بێنە بۆ زویریم
****

فەرموو بمبەرەوە بەرەوژوور و لوتکە
بمدەرەوە دەست بروسکە
لە ئاسۆی ژینما تروسکە
دروست بکە
****

فەرموو وەکوو ئەستێرەیەک بۆلام بکشێ
لە بیلبیلەمدا وەدرەوشێ
لەلای چەپمەوە ڕابکشێ
پێم بشێ
****

با تا تینم تیایە هەور بگرییێنم
پەلکە زێڕینە دەرهێنم
ڕەنگ بڕوێنم
باخ بەربێنم

- خۆزگە -

خۆزگە ڕۆژێک بە پرسیار
بۆم دەگەڕایت .. دەهاتیت
پێشێلت دەکرد کۆسپی
ڕێگەی هات و نەهاتیت
****

ئاشتت دەکردمەوە و
دڵت دەگرتەوە بۆم
هەقی ئەم چەند ساڵانەی

پێشووت دەکردەوە بۆم
****

دانت دەنا بە هەڵەی
سەپێندراو بەسەرتا
پەشیمان دەبوویتەوە
لەو حاڵەی هات بەسەرتا
****

ئەمجارە بەڵێنێکی
تازەت دەدامێ خوایی
کە هەر خۆشەویستەکەی ..
جاران بین تا کۆتایی
منیش گەردێک لە دڵما
نەدەما و لێت دەبوورم
بۆت دەسەلما بەڕاستی
جگەرسۆزێکی کوردم
بۆت دەسەلما چەند ساڵە
چاوەڕێی ژوانێک بووم
دەبێ ، دەبێ ، درەنگە
تا گیان بەجێی نەهێشتووم

# ئـەگـەرەکـان

١٩٨٩

ئـەگـەر گـرژیم نـەدەبینی
لـەناو چـەڤان و تێبینی
ئـەم و ئـەڤا
کیژەکـانم بـەنـاوی تۆوە نـاڤ دەنـان
لـە تـەک خـەمـە خـەستـەکـانی ماتـەمینی
ڕۆژ و شـەڤا
تروسکـە یـادەکـانتم سـەرچـاڤ دەنـان
هـەرچـوار گـەوهـەرە پیتـەکـان
پیتـە بـە تیشک و سـەنگین و بـە پیتـەکـان
" پی ، ئـەی ، ئـاڕ ، ئـای "
" I , R , A , P "
یـەک یـەک سـەرجـەم
دەمکردنـە گـوارە و گـەردانـە و سـەرپـەرچـەم
بۆ دیداری
جـەژنی لـە دایک بوونیـانم
دەکردە جوانترین دیاری
بێجگـە لـە کاسێتێک ئـاواز و گـۆرانی
پڕ لـە ئـای ئـای
****

ئەگەر گەردی لۆمە و بەردی
تانەی هەندێ کوردی بەندی
سەربەگێچەڵ و گۆبەندی
بەد و بەد گۆی ئەم سەردەمە
نەیدەپێکام
نەدەبوومە دامە و پەندی
گێل و نەفام ..
لەسەر تەختی
سوخمە و کراس و دەسماڵ و
کەوای دامێن شۆڕی " کۆیی "
سپی و ئاڵ و
پیرۆزەیی
بە پولەکەی ، زەرد ، پەمەیی
ئەرخەوانی ، وەنەوشەیی
ناقی تۆم لەسەر دەچنین
لە هەفتە و ڕۆژی نەورۆزدا
یادی پەیمانی پیرۆز دا "١ "
دەستی هەر چوار کیژەکانم
دەگرت بۆ سەما هەڵپەڕین
" زۆربا " ئاسا
لە دامێنی کەژەکانم
****

پێت ڕازی بووم
لە سێبەری خۆشەویستیتا بەربەستی
جیاوازی بووم
بە هەڕەشە و زرمەی لێدانم ڕازی بووم
بە دەربەدەریم ڕازی بووم

بە بەخشینی ژیان و گیانم رازی بووم
بەس بە تەنها بە دڵگیریت ..
بە زویریت
ناڕازی بووم

---

" ١ " یادی پەیمانی پیرۆز : ١٩٦٣/٣/١٨

# چیرۆ ک

هەر چیرۆکێ ..
لەگەڵ داوای لێبوردنما
بۆ نووسیاریان
هەتا ئێستا خوێندومنەوە و بیستوومن
نەیانگەیاندۆتە شێوە و ناوەرۆکێ
من ویستوومن
هیچ ڕۆمانێ
هیچ داستانێ
هیچ حیکایەتێکی داپیرەی شەوانی گوێ ئاگرادانێ
هیچ گوتارێکی نووسەری بە ویژدان یان بێ ویژدانێ
هیچ دەقێکی تراژیدی پڕ لە فرمێسک و ژانێ
هەتا ئێستا نەنوسراوە و
نەبیستراوە و
نەگوتراوە و نە دەتوانێ ،
خۆی لە ئاستی
خەم و خواستی
چیرۆکی بەسەرهاتەکەی مندا دانێ

# دڵ و یاد

١٩٦٦

لە زۆرکەس وایە من ئیتر
کەوا یادی پەری ناکەم
درۆیە تاکوو من مابم
لە ئەو خۆم بێبەری ناکەم
****
ئەوەی دەیڵێن لەگەڵ مندا
بەگوێما ناچێ بێ کەڵکە
لە دڵما نایسڕێ شێوەی
قسەی بێ سوودی ئەم خەڵکە
****

بەهاری عومری لاویم و
بەهەشتی بەختیاریم بوو
گوڵی دەستی دەمەی مەستی
ژیانی هەرزەکاریم بوو

ئەگەرچی بێ وەفاش دەرچوو
بەڵام من بێ وەفا نیم بۆی

لە باخی هەست و سینە مدا
وەکوو خۆی ماوە ڕەنگ و بۆی
****

هەزار تانە و پلار بێن بۆم ..
بەهیچ ناچێ و بە خۆرایی
درۆیە خۆشەویستیی من
بگاتە مەرگی کۆتایی
****

دڵم داوە بە یەک کەس هەر
ئەوە قیبلەم ئەوە دینم
پەری جوانی پەری گیانی و
پەری عومر و پەری ژینم
****

دڵم کاتێ کە خۆی ناسی
پەری ناسی ، پەری خان بەس
وەرن دڵ هەڵدڕن ئاخۆ
لە ئەو زیاتر دەبینن کەس ؟
****

کە ئەو بەخشی بە من دڵ ، من
لە پێشدا بەو دڵم دابوو
پەری کاتێ مناڵ بوو خۆی ..
لە چوارچێوەی دڵمدا بوو
هەزار حۆری و فریشتەی جوان
بە چاوێکی پەری نادەم
بە دڵ گرتوومە تا مردن ،
بە هیچ جۆرێک بەری نادەم

## ئـەمشـەو

ئـەمشـەو یـادی تـۆ هێنـاومـی بـتـخـۆمـەوە
تیلـەی نیگـات لـە پێکدا بـۆم پێ دەکـەنـێ
بـێ بـێ ، قوم قوم تـا بتگوشم بـە خـۆمـەوە
بـە گـەرووەمدا بـەرەو سینـەم هـەنگـاو بنـێ
****

بـێ بـۆ لای دڵ ئـەو شارەی تـۆی خـۆشویستووە
بـە میوانیت ، ئـاوەدانیی تـێ دەکـەوێت
دەی فـەرموو لـەو ئـاوازانـەی نـەتبیستووە
گوێی بـۆ شل کـە .. شـەوارەیـە و هـەست نـاخـەوێت

چیرۆکـەکان لـە چـاویلکـەی شیعرا شانـۆ دەلـەرزێنن
فریشتـەکان سـەمای بـالێی دڵداریمان بـۆ دەنـوێنن
ئـاوازەکان دەنگێکی نـوێ لـە هـەنـاسـە دەردەهێنن
مـۆسیقاکـان نـۆتـەی بیرەوەری تـەمـەن دەپـرژێنن

# من و تۆ

تازە من و تۆ لە یەکتر بڕاین
وەک نامەیەکی ناتەواو ، دڕاین
تازە هەتاکوو لە ژیان دا بین
من و تۆ هەرگیز بۆ یەکتر نابین
تازە من و تۆ لێک جویێ بووینەوە
بەهەمان هەڵەی پێشدا چووینەوە
هەڵە بووم .. هەڵە کاتێک تۆم ناسی
خۆم بە هەڵوێستی چەوتا هەڵواسی
تۆش زۆر هەڵە بووی خۆت پێ ناساندم
چۆلەکەی هەست و نەستت تاساندم
بۆ لێت نەپرسیم ئەگەر دروستی
ئەگەر بە وەفا و پەیمان پەرستی
گیرۆدە مەبە و مەیە پێشەوە
لەگەڵما مەژی بە ئەندێشەوە
هەتا پێت بڵێم لەو خانەوادەین
بەڵێنی درۆ بە " مرۆ " نادەین
چۆنت نەزانی لەو دڵ پاکانەم ؟
لەو ڕەوشت بەرز و کردار چاکانەم
دەتزانی هەر بۆ کات بەڕێکردن ؟

دڵمت دەدەمێ ، نەک تاکوو مردن
دەتزانی گوایە بۆ دەست لێک بەردان ؟
دەکێشم نەخشەی پیشەی نامەردان ؟
دەتزانی وەک خۆت بە هەڕەشەیەک
دێمە کوشتنی هەموو ووشەیەک ؟
هەڵەبووی نەتگوت ڕۆژی تەنگانە
دەتشکێنم لای دۆست و بێگانە
هەڵە بوویت ، گڕت لە جگەر بەردام
پێش ئەوەی بمرم دەستت لێ بەردام

# دانیشتن

پەستم لەو دانیشتنەی
کە هەندێ جار دێنە ڕێم
بێزاری گفت و گۆشم ..
نە بیبیستم نە بیلێم
بەڵام شوێنێ تۆی تیا بێت
خۆشەویستەکەی هەستم
نە لە گوتار تێر دەخۆم
نە لە دانیشتن پەستم
دانیشتن لەگەڵ تۆدا
وەکوو چوونە بەهەشتە
لەسەر " حەسیر " ێکیش بێت
لەلام خۆشترین گەشتە
بە چاوی تۆ هەمیشە و ڕۆژ و شەو لەتەکتا بم
لە چێژی وشەکانی ئەو لێوانە تیر نابم
لەچاو گرتنە نیگای ئەو چاوانە تێر نابم
لە گوشینی ئەو " چەچە " خنجیلانە تێر نابم

# چڵە نەرگس

بەیانیە و
ڕێ گوێ لە خشپەی پێ دەگرێ
ئەویش وەکوو من هەموو ڕۆژێک
چاوەڕێ ..
بۆ فڕینی مەلی باڵ ڕەنگینی چرپە و
پەپولەی خەندە و نیگا
لەو شەقامەوە کە پەری
دێت لەوێوە
ڕادەبوورێت بۆ خوێندنگا
****
دیمان چڵێ ..
نەرگسی وا بە دەستەوە
ماچی دەنارده خونچەی لووت و گوڵی لێو
جارجارەش خۆی هەڵدەسوو
لە گۆنای ناسک و ئاڵی هەستی من بۆ بزێو
چڵە نەرگس
چوار پەلک بوو
هەر پەلکەشی شەش هەڵاڵە
لەو قژ زەردە ، سپیکەلە نازدارەوە
لەو نازدارە نەرگسجارە ڕێبوارەوە

کە پێم گەیشت
دوای " ڕۆژباش " ێک
دەستی گواستێوە بۆ دەستم
چێژی ڕەنگ و بۆی هەردووکیان
دای لا هەستم
یەکسەر چوونە ناو ئینجانەی شیعرمەوە
ئێستا مەستم
وەک شەقام و ڕێگا و جێ پێکانی پەری خۆشەویستم

# وێنـه

ئـەم وێنـەیـە
بۆ زویرە ؟
بۆچی بێ زەردەخـەنـەیـە ؟
لـەبـەر نیگای کامیرادا
کـە وەستاوە
چی لـەبیرە ؟
چی لـە دڵدا حـەشار داوە ؟
وا دڵگیرە
****

ئـەم وێنـەیـە
چاوی نازی کردۆتـەوە و نـایتروکێنێ
جوانیـەکـەی بێ وێنـەیـە
گـەنجینـەیـە
هـەر دەمێنێ
***

ئـەم وێنـەیـە
لـە ئـەلبوومی یادگاردا .. سبـەینێ
بزەی خۆش و کزەی نـاخۆش دەهێنێ
خاوەنـەکـەی سات و کاتێ
تـەمـەنی پیری دەیگاتێ

خەم و خۆزگەڕایدەژەنێ
یادەکانی دەورووژێنێ
فرمێسک و خەندەی دەداتێ
****

ئەم وێنەیە ..
لەو شوێنەیە
کە بیلبیلەی گلێنەیە
سەرنجمی ڕاکێشاوە
لە نوێنی نەرمی هەستمدا
ڕاکشاوە
ئێستا لە ژووری میوانی هەڵبەستمدا
خۆی بە دیوانەکەم ناسی
بە دیوارێک لە دیوارە بێ گەرد و سپیەکانیدا
خۆی هەڵواسی

# چاکتر بمناسە

چەند هەژار و بێ دەسمایە و بێ دەس بیت
لێ قەوماو وبێ پشت و پەنا و کەس بیت
بێوەژن و تەمەن بڵند و پیر بیت
بەدەم دەرد و ئازارەوە دڵگیر بیت
دەورو بەرت لێت بێزار و وەڕس بن
لە پرسیار و داد و هاوارت وس بن !
کاتێک زانیت .. کەس نایەت بە دەنگتەوە
تروسکەیەک ، نانووسیت بە ڕەنگتەوە
بروسکەیەک لە ناخەوە بنێرە
چەند ساتێک و دڵ لێدانێک بژمێرە
هەر ئەوەندەی پێ ناچێت لە لاتەوەم
بەسەر گوڵی سیس بووی سەر گۆناتەوەم
بۆ سەر سینە و مەمانی ساردەوە بووت
دەبمە وزە و تین و تەزووی ئارەزووت
بۆ چرکەیەک جێت ناهێڵم ، دڵەکەت
دەکەمەوە بە باخچە پڕ گوڵەکەت
هەوری خەمت ڕادەماڵم بە دوو باڵ
ئاسمانەکەت دەکەمەوە بە سامان
خۆزگە و هیوات لە ناخدا دەڕوێنمەوە

دەتکەمەوە بە کچێکی هەژدە ساڵ
ئەوسا چاکتر لەلات ئاشکرا دەبێت
من هەر خاوەن ئەو پەیمانەم دابووم پێت
هەر دڵخوازە دڵ پڕ ئاوازەکەتم
هەر خەمخوارە هاوڕاز و نازەکەتم

# لـەسـەر تۆ

نـەمدیوە لـە " ژین " دا
لـە مێژووی " دێرین " دا
لـە شیعر و چیرۆک و داستان دا
لـە دەمی داپیرەی
حیکایـەت خوانـی گوێ ئاگری زستان دا
****
لـە ئـەمڕۆی سـەردەمدا
ئـەمـە یـەک وا بیستم .. وا بینیم ..
لـە سـەدەی بیستـەمدا
کچێکـی وەکوو تۆ " ترسنۆک " !
هـەر بـە یـەک هـەڕەشە ، دادات چۆک
ئافـەرین !
ئـەی خاوەن بـەڵێنـی پۆڵایین !
ئیمان و باوەڕم بـە پـەیمان هـەر نـەما !
لـەسـەر تۆ لـێ درام
لـەسـەر تۆ دەرکرام
لـەسـەر تۆ لـە زیندان بـەند کرام
لـەسـەر تۆ دڵـی زۆر نێزیکم لێم ئێشان
ئـەوەی سـەرزەنشتـی دەکردم
من پێمدا دەکێشان

زۆر کەس نەیدەناسیم ، جیهانێک ناسیمی
ئەوەندە دەماودەم ئەم و ئەو پرسیمی
کۆڕی شەو دانیشتن دەنگ و باس
هەر من بوو
" لەسەر تۆم دوژمنە دنیام " و دوژمن بوو
****

درەختێک سێبەری نەدامێ
بۆ ئارام لە بنیا
بنبەردێک سەنگەری نەدامێ
بۆ حەشار لە کنیا
لەسەر تۆ دەسەڵات هاتە دەنگ
هەر وەکوو باوەشێن بۆ پشکۆ
تا زیاتر بسووتێت دڵی تەنگ
ئاواتم بکەنە ژیلەمۆ
****

لەسەر تۆ مانم گرت ، لە خواردن لە نوستن
لە فرمان ، لە گەڕان ، لە گوتن ، لە بیستن
لەسەر تۆ دایکیش و باوکیشم لێ ڕەنجا
ئەوەندەت سەرئێشە نایەوە بۆ خێزان
ژمارەی ئاژاوە تێپەڕی لە پەنجا
کەچی تۆ ویژدانت نەهاتە گۆ و زبان ،
کەچی تۆ هەر زیاتر لە من چوویت بەقینا
چاوێکی بەخۆدا چوونەوەت
لە ئاستم نەیبینا
****

ناوی من بوو بە مۆر
بە خاڵ و بە پەڵەی
ڕەش و بۆر

وان بە نێوچەوانی
ئەوانەی تاوانی
لە یەکتر بڕانی
من و تۆی بە ڕەوا و باش زانی
****
ئەوبالّم بە ئەستۆی هەرهەموو
ئەو تاوانبارانەی ناو مێژوو ؟

# ئـەگـەر تۆ بۆ من بوویتـایـە

ئـەگـەر تۆ  بۆ من بوویتایـە
هـەرچی دەرد و بـەڵا هـەبوو
نـەیدەوێرا بوونمـان تێکدا
بۆخۆی هـەر بـەرەڵڵا دەبوو
لـە قۆرتێکدا
****

ئـەگـەر تۆ بۆ من بوویتـایـە
لـەهـەر سـەردەم و کـاتێکدا
بتویستـایـە
لـەگـەڵ قومری کۆترێکدا
دادەنیشتن لـە کـەپرێکدا
هـەرچی خـەم بێ نـەتبیستـایـە
****

ئـەگـەر تۆ بۆ من بوویتـایـە
لـە پڕێکدا
دەبووینـە خزمـی یـەکتری
بێ کـەس دەبووین بێ یـەکتری

هاوده‌نگ ده‌بووین
بۆ به‌رزی و نزمی یه‌کتری
هاوسه‌نگ ده‌بووین
له‌ قه‌درێکدا ..
که‌ مردیشین
ده‌یان ناشتین
له‌ قه‌برێکدا ،

# ئاخێک

ناخۆشێکان یەکە یەکە سەریان لێدام
ئازارەکان بە زیادەوە هاتنە لام
دڕکەزیپەکانی ژیان گەشتیان تەنیم
ئاژاوەکان گشتیان تەنگیان پێ هەڵچنیم
یادەوەری کوێرەوەریم
ڕژاونەتە ناو هەناسەی دەربەدەریم
ئاوارەیی و دڵە لەرزە
داباریـنە سەرم وەکوو گوڕی تەرزە
بە تەمەندا چوون و پیری بەرەو پیرم
هاتوون هەتا بمبەنەوە لای باپیرم
هەرچی کسپە و ناڵین هەیە هاتنە لام
بەڵام هەر تۆ تەنها جارێک
سەرت نەدام ..

# بە ناوێکی ترەوە

بەرەو دڵم
بەرەو یادی هەمیشەیی و سۆزی گەرمی زۆر بە کوڵم
گەڕایەوە
" پەری " لە بەرگێکی نوێدا گەرایەوە
هەر هەمان چاو
هەمان گەردن
هەمان " کوڵم "
هەمان ئاوازی ناسک و مۆسیقاوی
دەیپرژێنێ ، وشەی لێوی
نیگای چاوی
دڵم کەوتەوە .. پەلەپەل
بەو نیگا پڕ لە پرشنگەی هاویشتی پەل
****
ئەی کیژۆڵە ژیکەڵە ورد و ژیرەکەی
ئەم کارگەیە
هاوزبان و هاوبیرەکەی
ئەم نوسینگەی هەوارگەیە
" ماهیرە " کە
ئەگەر سەرنجێ بدەیتە " شاعیر " ە کە ..
نیگای حەز و خۆشەویستیی

کاتێ کە ڕوو لە تۆ دەکات
مانای ئەوەیە کت و مت ،
ئەو دڵخوازەی کە بۆی نەبوو
لە تۆ دەکات
ئەگەر بێت و تۆش خێرخواز بیت
دڵنەواز بیت
دەستێکی ناز درێژ دەکەیت
زامەکانی سارێژ دەکەیت
ئەویش نازەکانی " پەری "ت پێشکەش دەکات
شاباشی شیعرەکانیشی
لە زەماوەندی بووکێنیتا مژدانە
بە کارتەوە دابەش دەکات

١٩٧٩/١٢/ -

# نامەیەکی کراوە

پەری ، تاکەی تۆ بەم بێ دەنگییەوە
من دەخەیتە گێژی دڵ تەنگییەوە
پەری ، بێ تۆ بێ ئارام و بێ هەستم
بێ شنەی تۆ بێ پرشنگە هەڵبەستم
زەردەخەنە لەسەر لێوانم وشکە
بۆ کۆرپەی خەم بوومە جۆلانە و بێشکە
پەری .. لەناو گڕی داخدا پڕووکاوم
کام تاوان و
کام تەرخەمیم هەبوو کام ؟ !
تاکەی دڵم بۆت بگری و بۆت بناڵێ
نە نامەیەک ، نە گفتێ ، نە هەواڵێ
پەری تاکەی بەم ئازارەوە بژیم
بەس بێت ئیتر ئۆقرەم نەما وا تەزیم
نە ئاوڕێک دەدەیتەوە و دەشزانیت
بە بۆت بوومە خەفەری چاوەڕوانیت
پەری من هەر ئەو کەسەم یەکەم سەرنج
خۆشەیستیت لە دڵما دایکوتا بنج
تا بمێنم هەر خاوەنی ئەو دڵەم
هەمان مەلی دڵداری ئەو سەر چڵەم
بەرامبەرت بەستە دەڵێم ، دەخوێنم

هەمووی سۆزە گۆشت و ئێسقان و خوێنم
هەر ئەو گیانە پەیمان پەروەرە ڕاستەم
هەستی ناسک ناڕووشێنم بە ئاستەم
خۆشم دەوێیت بە پەرۆش و جۆش و کوڵ
بە نووسین و بە تاسەی هەناسە و دڵ
تا پەرستن .. من هەر خۆشم دەوێی .. خۆش
لە تۆش هەر یەک وشەی " خۆش " م دەوێ.. خۆش

# پرسیارێک

گیانەکەم پەپولەی نەوبەهار دەبینی ؟
تۆ کامیان دەناسیت کە ئێسکی سووک نەبێت
ئەو گوڵەی
هەڵاڵەی
وەک باڵی ڕەنگینی
تەنک و ناسک و بچووک و سووک نەبێت
نایەوێت
هەڵمژێت
بەرامەی شیرینی
****
گوڵ جوانە
بۆ ؟ : چونکە : پەپولە دەیەوێت بۆ لانەی
ئەویش بۆی دەبیتە
ئارامگا و جۆلانەی
****
گیانەکەم .. گفت و گۆت بریتین
لە پۆلە پەپولەی باڵ نەخشین
یەک بەدوای یەکتردا لە باخچەی هەستەوە کە دەفڕن
دلۆپە بەرامەی ئاورنگی هەڵاڵەی گوڵی لێو هەڵدەگرن

دێن خۆیان دەخەنە
باوەشی پڕ تاسەی
گوێی تینووی وشەوە
سەمای زەردەخەنە
دەبەخشن بە لێوی
گیانی ئەندێشەوە
ئەو ساتەش دەچنە سەرچڵی
نەمامی باخی هەڵبەستەوە
دەبنە مۆسیقا و ئاوازی بە کوڵی
سۆز نیگای
ناو کۆگای
حەیران و لاوک و مەقام و بەستەوە

# لە سەیرانێکدا

جوانی نەوبەهاران بە تۆوە دڵگیرە
بێ تۆ کەی دیمەنی سروشتم لە بیرە
فریشتەی خوای جوانی و چیرۆکی ڕەوشت نووس
ئەستێرە گەشەکەی سەیرانگای سامالّی ..
بیشوان و ڕێزان و قەشقۆڵی ..
تۆ بڵێی پێنووسی ئامازەی چارەنووس ؟
گۆڕابێت سەرنج و خەیاڵی ئەمساڵی ؟ !
لە پەڕەی مێژوودا دووقۆڵی
هەردوکمان پێکەوە گرێداو بنووسێ
ئەوسا نەک هەر سەیران
هەر ئاهەنگ
هەر سەماش
ڕۆمانە شیعرێکی درێژی سینەماش
دەکەینە شەوارەی تا درەنگ

١٩٧٩

# ئەگەر

ئەگەر کورە ئاغایەکی بە زەبری قاسە پڕ دەبووم
ئەگەر لە بەگزادەیەکی چەورە خۆری دەنگ گڕ دەبووم
ئەگەر لە بازرگانێکی دیوەخان گەرم و گوڕ دەبووم
ئەگەر بەڕێوەبەرێکی دەست ڕۆیشتووی دەست بڕ دەبووم
ئەگەر خزمی ڕێگرێکی بە دەسەڵات و دڕ دەبووم
ئەگەر لە قاچاخچییەکی سینی بەر بۆ سیخوڕ دەبووم
ئەگەر قنچکە ئەفسەرێکی بێ ڕەوشتی مل هوڕ دەبووم
ئەگەر لە مستەشارێکی شەڕانگێزی دەم شڕ دەبووم
ئەوا نەک هەر حەزت دەکرد کچم بەیتێ ..
بەڵکوو کڕنۆش بەریش دەبووی بۆ سێبەرم
وەکوو تانجی دوام دەکەوتی تا بمگەیتێ
ئاغام ، بەگم ، قوربان ، گەورەم ، تاجی سەرم
چی دەفەرموویت من نۆکەرم

١٩٦٧

# کسپەیەک

لەگەڵ کسپەی بیر خەرەوەی
خورپەی ڕابووردووم
لەناو گۆمی نیوەشەوی
زامدا نقووم بووم
*****
ئێستا وێڵم ..
دەزووی ئاڵۆزی عومرێک ڕادەهێڵم
من بە دووی شیعرێکدا وێڵم
داخی گرانم هێلانەی
ئاواتی دڵ جێ دەهێڵم
پرشنگێک ناگات بە ئاسۆی
تاریک و پڕ تەم و لێڵم ،
****
ئاخ داخەکەم چەند لە کاتێکی ناوەختا
جێت دەهێڵم
چەند لەگەڵ هەستێکی گریاوی بەدبەختا
جێت دەهێڵم ..
گیانەکەم پێش دواهەناسەی
پڕ لە تاسەی ماڵ ئاوایی
لێوم تەڕکە بە دڵۆپێک
زەردەخەنەی دڵنیایی ١٩٨٠

# جەنگ

کاتێ کە گوێم لە هەواڵێکی جەنگ دەبێ
هەموو لەشم دادەهێزرێ
ڕاگیرانم ، لاسەنگ دەبێ
ژیانم لێ دەبێزرێ
****

کە بۆردومانی گوندێک و شارێک دەکرێ
دەڵێم داخۆ خانەی ویژدان
لە کوێ درابێت بە " کرێ "
کە هەواڵی شەهید بوونی منداڵێکم
گوێ لێ دەبێت
کۆرپەکەی خۆم دێتە بەرچاو
خۆم دەبینم
چیم بەسەر دێت
****

کە سووتان و خاپوور بوونی ناو ماڵێکم
دەگاتە ناخ
بۆ چڕووکی بووکە شووشە و
جلەکانیم یەکسەر بۆت دێت
لەگەڵ هەزاران ئاخ و داخ ..

ناڵەناڵی دەست نووسەکانم دەبیستم
لەگەڵ قرچەقرچی
پرچی
کچی
وشەی خۆشەویستم
****
کە تابووتێک دەگەڕێتەوە لەناکاو
دایک و باوک و خوشکەکانم
دێنە بەرچاو
لە هاوار و سنگ کوتان و
قوڕ پێوان دا
خۆم دەبینم لە سەیوان دا
وەک زۆر جەرگی لانەوازان ،
****
جا چۆن نەفرەت
نەکەم لە جەنگ
لە جەنگ خوازان
لە زریپۆش
لە تۆپ ، تفەنگ
ئەی ئازیزان

# مەرز

جۆگەلەیەک
چەمێک ، شاخێک
یان گردێک
لە ناوەندا
بوونە زنجیرە مەرزێکی ..
ناحەز کردێک
بە گەمەیەکی جیهانی
چل ملیۆنی لێکتر کردووین
بە بیانی
ئەم توورانی .. ئەو سووریایی
ئەم ئێراکی ئەو ئێرانی
چوار پایتەختیان چەکدار کرد و
مۆریان برد و
گەورەترین هێز و تووانایان دانێ
بۆ هەر جووڵەیەک " لێدان " ێ
بۆ هەر " بۆچی " ە ک زیندانێ
بۆ هەر ناڕەزایی دەربڕینێک
سەدان لە سێدارەدانێ
بۆ هەر گوندێکی بچکۆلەی

دڵسۆزێک خۆ تیا حەشارداو
فڕۆکەیەک
بۆردوومانێ
****

بەڵی تاوان کارانی پیلانی شومی لۆزان
تەنها ئالاکەی ئێمەیان هەڵکڕوزان
خستیانینە بەردەم کەڵبەی
چوار گورگەوە
داکرۆژراینە ناو گەدەی
چوار ورگەوە
هەمان گەمەچی وا ئێستاش
لێ ناگەڕێن
هەرچەند چارەسەری گرێ کوێرەکەیان
لە گیرفانە
بۆ هەلێکی تر دەگەڕێن
چۆن لەوە زێتر بیکەنە
گۆڕەپانێکی وێرانە
****

بەدەست ئێوەشە ئەی چرا و
فریشتەکانی چوار دیوان
بگەینە یەک
بە یەک چریکە و یەک نرکەی
پڵنگ ئاسا
داگیر کەران ڕامالین و
ڕێگە نەدەین بەسەرماندا
ڕاببورێت بێگانەیەک
ئەو زنجیر و کۆتی " مەرز " ە ش
ئەو مێژووە نارەسەنە دەم ناحەزەش

تێک بشکێنین
ئەوسا چین ئاسا سوورێکی
سنور پۆڵایین دارێژین
بەسەربەخۆیی چل ملیۆن
مرۆڤ باوەک
ملیارەکانی تر بژین ،
لە سەرزەمین

# عیراق

١٩٩٦/١١/٢١

ئەوسا کە لێ یان دەپرسیم
- تۆ خەڵکی کوێیت ؟
بە شانازی و لە ناخەوە

دەمگوت خەڵکی
خاکی میدیای
چاوگەی بەروبووم و
فەڕ و پیت و خۆرم
ژەمان چەندان چێژان
دەبێتە پێخۆرم
****
بەڵام ئێستا بەداخەوە
دەبێت بڵێم
نەک هەر خەڵکی لانەی خەستە و
ڕووت و برسیم !
نەک هەر بێ لانە و بێ خۆرم !
نەک هەر خەڵکی لانەی دزی و
گزی و زیندان و تیرۆرم !
لەوەش نەنگتر – بەڵکو گەنگ تر
خەڵکی وڵاتی خۆخۆرم !

# بانە

من کە لەم دنیا ژیان و جیٚژوانم بانە ، بێت
چش لە ئەو دنیا لە ئاگر دام بەهەشتم با ، نەبێت
لەو فریشتانەی لەویٚ بینیومە لەودیو وەک نیگا
بەس مەگەر تاک و تەرای کۆیە دهۆک پێیان بگا
زۆر پەری هەن کە لە دامێن " ئاربەبا دا بادەمن
چۆن بڵێم یاران ئەمانیش هەر زادەی ئادەمن !
هەڵبژاردن ساز بدەن بۆ جوانەکانی سەر زەمین
گشت لە ئاستی شۆخ و شەنگی بانەییدا سەرنەوین
ئاخ گوڵێکیم بە حەلاڵی بۆن دەکرد پێش مردنم
باڵی ئەوباڵ ، با بئاڵێنن ، لە باڵا و گەردنم
من کە خزمی خانەدانی سای کەلیخانی دەبووم
ئەو سنوورانەم هەموو دەشکاند و گوڵدانی دەبووم
داخەکەم لێک دابڕانی دوابڕاو لیٚ ناگەڕێت
ئەو بە لێژدا داگەڕێت و ئەم بە ژووردا هەڵگەڕێت

بانە ١٩٩٢

# پەخشان

گوێرەکەیەک
لە دوکانی سەربڕێکدا
هەر چوارپەلی گوێرەکەیەکیان بەستەوە
بۆ سەربڕین
بەسەزمانە ، پێش ئەوەی چەقۆی بگاتێ
بەهەر چوار لایدا دەیڕوانی
لە دەنگ و ڕەنگ دا .. دیمەنی پاڕانەوە
بە ئاشکرا بەدی دەکرا و دەبیسترا
کە نەیکوژن
بچێتەوە لەوەڕگاکەی پێش هێنانی
گەدەی تێر کاو وزە و تین وەربگرێ لە خۆرەوە
نەک بچێتە گەدەی مرۆڤی زاڵمی تاوانباری
گیاندار کوژی ئێسک و خوێن و گۆشت خۆرەوە ،
****

بەڵام لەپڕ بە قایشێک
دەمیشیان پێچا و هاواریان لە گۆ خست و
سەریان بەسەر شانیدا دا و چاوەکانی بە زەلیلی
بڕیبوە ئەو مرۆڤە چەقۆ وەشێنە زۆردارەی
بە فەرمانی زۆرەملی ..

بێ ئیمانە دیندارەکان !!
کێردی ناوەتە سەر ملی
****
گیانی پیرۆزی گوێرەکە چوو بۆ بەهەشت
جەستەکەیان سەر بەرەو خوار
بە قەنارەدا هەڵواسی
دەست و قاچ و سەر و پێستیان
لە گۆشەیەکدا بۆ مێش و زەردەزیڕە مێروو دانا
****
کڕیار کۆمەڵێ مرۆڤی گیرفان بڕی
مردوو خۆری کەڵبە تیژ کردووی ژەمێک بوون
دەت وت بۆ مەزاتی خانووی
نیشتەجێی فەرمانبەرێکی لێکەوتووی دەوڵەت هاتوون
هەر یەکەیان .. دەپارایەوە لە سەر بڕ
یەک دوو کیلۆی بۆ بکێشێت لە نەرمەکەی
یان دڵ و جەرگ و گورچیلە و
ماسولکە هێشتا گەرمەکەی
سەربڕیش دەیوت بەسەر چاو
بەس بە سەرە
ئای لەم دیمەنەی لە دڵما چەند کەسەرە !
****
لاشەی چەندان پارچە پارچە
کراوەکانی گوێرەکە
دابەش کران
هەر بەشێکی بە بێ تەڵقین و فاتیحا
لە گۆڕی گەدەی مرۆڤ و
مرۆڤایەتی دا نێژران
بەزەیی غاندی و مەعەری و " ١ "

دکتۆر وریا و " ٢ "
جەندانی تر پێشێل کران

---

" ١ " مەعەری : أبو علاء المعري .
" ٢ " ئەم پەخشانەم کاتی خۆی بۆ مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین خوێندەوە ئەویش وتی د. وریا عومەر ئەمین یەکێکە لەوانەی گۆشت ناخوات ، من چەندان جار لەگەڵ ناوبراودا دانیشتبووم ئەوەم نەزانیبوو ، حەزم کرد ناوی بخەمە ڕیزەوە.

# دەمەو ئێوارەیەکی سنکێ

١٩٨٦

لە سنکێ
ڕووناکی وا لە سای پەرچەمی سێبەری
ئێوارەی سەرچەمی
جەمسەری
ژێر شاخدا
لە دۆڵدا
لە باخدا
دەخنکێ
****
لە سنکێ
شەپۆلی ڕەشتاڵەی
تارمایی
لەسەرخۆ لە سنگ و بەرۆک و
سپیلکی بەرزایی
سەر لوتکە .. دەورووکێ
تا تارای زەردەپەڕ
ئەسپایی
داماڵێ و بکەونە جێ گۆڕکێ
پشووی دەست بەردانی
فرمانیش دەبەخشێت
بە زەحمەت کێشانی ئاوایی

بۆ پەلە و پێشبڕکێ
تا بکشێت
بۆ سەرچەم  یان سەرگۆل
یان بۆ بەر پلووسکێ
سڕینی ئارەقی ڕەنجی بێ کۆتایی
تا سبەی
دامرکێ
****

لە سنکێ .. داخۆ .. کێ
دەزانێت لە کوێم و لە کن کێ ؟
کام وردە ماسی بیر .. بینایی
لە گۆمی سەرنج و ناخمدا
دەتروکێ ..
چۆن تاسەی هەناسەی تەنیایی
لە سیمدا دەکورکێ ..
****

کێ سەری لەم تاڵە
دەزووە ئاڵۆزەم
دەردەچێت
کێ ئاگای لە منە کە کانگای
کام سۆزەم
لێی بچێت
****

کام پەری
وێردمە و هاوراز و ئاوازم
خۆزگەی بۆ دەخوازم ..
لەم کەنار چەمەدا
پێکەوە

وێنەمان  لە ئاو دا
بلچکێن پێکەوە
بیدەینە دەم شەپۆل
سێبەری
یەکتری
ئەم لمە فێنکە بکەینە دۆشەک و
دانیشین لەسەری
ئەم تاشە بەردانەش
بە پشتی
سەرنجی ئەم چامە
دەسکردەی سروشتی
ئەم وەرز و ئێوارە وەختەمان بدایە
تا ئەویش تێ بگات کە هەرچی
تابلۆی جوانیە و جودایە
بە گشتی
وا لەناو پێشانگای
هەوارگەی
کوردایە
****

باسکەکان
تاک و جووت .. یان پەڵە
دار بەڕوو
یان مازوو
بوونە شوان
بۆ ڕەوە دەوەن و کۆمەڵە ..
بنچکی
مۆڵ خواردوو
ئاژەڵی گەشت "کۆتا "پێ هاتوو

دەدەنە بەر تەکان
بێ پشوو بە فڕکان
****
درێژی چەم " چنار "
پەرژینی بەهێ یە
شادی گەر بوو بە " یار "
بەهەشتی بێ خەمە ئەم جێ یە
لێی گەڕێن هار و مار
سەرتاپا
فریشتەی پۆشتەیە
ئەم دێ یە
***
ئەی سنکێ ی ئامرازی
ئارامی منداڵیم
خانەخوێی بێ نازی
تەمەنی چلساڵیم
خۆزگە وەک باڵندەی
کەناری چەم و باخ
دەمدایە شەقەی باڵ
باڵەو باڵ
شاخە و شاخ
****
هەموو شاربازێڕم
تەی دەکرد بە فرکێ
لە کەڵکی واژەوە
جێم دەگوێزایەوە
خۆم دەهێنایەوە
بۆ سنکێ

# پا و پووز

٢٠٠٧

پا و پووزە رووحە حۆرییە
هەتاوییە نوورانیە
جوانەکانت ڕابکێشە
تا جووت ڕانمیان بۆ بکەم
بە دۆشەک مێزی
ئامێزی
بۆ هەمیشە
لە سنووری
باسکۆڵە ناسکۆڵەکانی
کەمەرەی قولەپێتەوە
بۆ لوقمە پاژنە و
شانە هەنگوینی
لەپی پێ و
گوڵ خونچەی
پەنجە و سەرپەنجە
تا لەتکە دەنکە
گێلاسە یاقووتی
نینۆکە بۆخۆشە

مێخۆشە
تەڕپۆشە
چاوگەشەکانی
گەرمێنیت
****

دەستەکانم
گەشتە دیدارێکی
لە باوەش
گرتن و
لستنەوە و هەڵمژین و
قۆستنەوە و
شێلان و
گوشین
ئەنجام دەن
تا دەچنە خەو
ئەوسا تەنکە هەناسەم و
نیگای ڕامانەکانمیان
بۆ دەکەمە
پۆپەشمینی ..
حەوانەوە
****

لەدوای پشوو
ڕووبکەنەوە کوێستان و
بگەڕێنەوە بۆ حەجی
ماچێکی تێرو تەسەلی
دەست و مەچەکی پیرۆزی

" حەووا "، نەوە !
کە دەستی وا
ناسک و نیان
هەتا ئێستا
دروست نەبووە
و نابنەوە
لەوێنەیان

## پاکیژە

کە دەچیتە حەمامەوە
وانەزانیت ئاو تۆ دەشوات
بەڵکو تۆ ئەو دەشۆیتەوە
ئەو تینووتە و
بینت پێوەدەنێ تا تێر بخواتەوە
حەیفە ئەو ئاوەش بە هەدەر بڕژێ و بڕوات
خۆی بخاتە عەزابەوە
بەرەو زێرابی چڵکن و
لیتاوی چەم و زابەوە
دەبێ وەکو عەتر و گوڵاو
کوڕ ، کچ ، پیر ، لاو
لەسەر قژ و ڕوومەت و گەردنی بات
****

بۆچی بە شەو چرا و مۆم دادەگیرسێنی ؟
لە کاتێکدا خۆت ڕووناکیت و پەرەشی
پێدەستێنی
ئەی بوغورد بۆ ؟
کە خۆت گوڵزارە هەناسەت
پڕە .. لە - بۆ -
****

کاتێ کە دەچیتە ژوان
ئایا هاوڕێکەت هیچ دەخوا و  دەخواتەوە ؟
بڕوابکە من لە جێگەی ئەو بوومایە
هیچ نەدەهاتە سەردەمم
چونکە قومی شەرابی چاوی مەستی تۆ
تینوویەتی دەتەزێنێ
مەزەی بزە و خەندەی گۆنا و لێوانیشت
برسیەتی دەبەزێنێ
****
ئەگەر بڵێم تۆم خۆشدەوێ
لەوانەیە ڕووت گرژ کەیت
ئەڵقەکەتم نیشان بدەیت
مانای خاوەنی خۆت هەیە !
من دەڵێم نا
تکایە نا ئەی فریشتە
خۆر و ئەستێرە و مانگ بۆ گشتە
نەوەک بۆ تاک
ئێمەی کوردیش لە مێژوودا
بە خۆر پەرستان ناسراوین
پەیامبەریشمان " مەزدا " بوو
کە پەیامە پیرۆزەکەی
لە ئاستێکی بەرز دابوو
ڕووناک ڕووپاک
وا خۆری خۆم دۆزیەوە
واخۆم لە بەریدا هەڵخست
دەگەڕێمەوە بۆ مێژوو
دەبمەوە بە خۆر پەرست

## گەزۆ

- ١ -

ویستم باوەشێ
لە پۆلە پەلکە ووشەی شیرینی
گەزۆ لێ باریو
لە چڵە پۆپەی ناسکە نەمامی
ئەڤینی هەڵچووی تۆ بکەمەوە
لە ئامێز تیشکی هەتاوی نیگا و
پرشنگی گۆنا و
زەردەی لێوانتا بەڕیز هەڵیانخەم
سروەی شەماڵی هەناسەکانت
لەگەڵ تاسەی من ووشکیان کاتەوە
دوای چنینەوەی پیتە گەڵاکان
بە شەنی دەست و قەڵەمی پەنجەم
بیانتەکێنم
لەناو بێژنگی هەستا گێژی دەم
ئاردەگەزۆکان
ببێژمەوە
کۆزەرەکانی جوێ بکەمەوە
حەڵوا شیعرێکی بە چێژو پێزی

لێ بەرهەم هێنم
بۆ یادی ڕۆژی یەکتر ناسینمان
ژمارەی تەلی یەکتر نووسینمان
لەگەڵ کارتێکی جەژنە پیرۆزەی
چوار شێوە ڕەنگدا
چوار چێوەشەنگدا
هەر شێوەی پیتێ لە ناسکە ناڤی
تۆی تێ بچێنم
ئاڵاکەمانی پێ پێک بهێنم
دوای ماچکردنی
بەدەست و پەنجەی خۆم بۆتی بێنم
شیرینترین و
گرنگترین و
بە نرخترین
یاد بناسێنم

– ٢ –

کاتێ لە لێوی ئاتەشیتەوە
باڵە پەپولە هەڵاڵە ووشەی
ووردەخاڵ نەخشی ڕەنگینن و نیان
دەبەخشیتەوە
هونەر دەڕێژی
ئاواز دەبێژی
گیانی گوێگر و هۆگرت دەبێ
بە هونەرمەندێ
نم نم دڵۆپە گوڵاو هەڵمژێ
تاکو نوێترین
نۆتەی ئەڤین چن
تک تک داڕێژێ

بۆ چەپکە لاسکە ڕێواسە شیعرێ
بە گەروویەکی گەرم و ناسکدا
مزرە مەقام و بەستە دابێژێ
ئەڤیندارانی تامەزرۆی خۆزگەش
بگرنە باوەش
بروسکە نیگای ناز بهاوێژن
لە باخچەی کەسکی
عەشقی پیرۆزدا
چڵ چڵ شەتڵە گوڵ
بۆ دڵ بنێژن
لە سوورگۆی " مەم " ی
سینەی " زین " یشدا
گەزۆی درامای نەمر بچێژن

## مێو

تا بیسەلمێنم شەیداتم
تا پێ بزانیت دیدارت ..
بۆتە خولیای هەموو کاتم
پێش ئەوەی بۆ .. ئاژانسەکان
ورد ورد  ورد ورد بدوێم
دێم ، دێم ، دێم ، دێم
لە ئاست چاویلکەی پەنجەرەی
فلاتەکەت وەک مێو بڕوێم
هەتا بە هەتاوی نیگات
گەزگەز  گەزگەز
باڵا بکەم
تەرزی چرۆ چن بهاوم
وەکوو پرچت شۆڕ ببمەوە
پەل و پۆی تازە دەر بکەم
ئاڵا و کاڵای
ئاڵ و واڵا لەبەر بکەم
وەک دەست و پەنجەی ناسکت
قونار بگرم
دڵۆپ دڵۆپ  دڵۆپ دڵۆپ

سووراو لە گۆنات وەرگرم
لە ڕەنگ و ڕووت
گوڵە لاسکە و گەڵامێوی
پڕ لە عەتر و گوڵاو بگرم
****

ببم ، ببم ، ببم ، ببم
لە گەرمادا بە کەپرۆکە بۆ سێبەرت
لە باراندا چەتری سەرت
لە " ڕەزبەر " یشدا بەڕیزە
هێشوو ، هێشوو
هێشوو ، هێشوو
ترێ ڕەشکەی بۆڵ ئاوێنەی
وێنەی چاوە .. پرشنگ شیرینەکەت بگرم

# خەمنامەیەک
# بۆ
# " دیوان " ی کچم

دیوان گیان هەردوو گلێنەی دیدەم
لە ویژدانمدا دەژیت هەموو دەم
ساتێک نییە تۆم لە یادا نەبێت
شوێنێک نابینم تۆی تیادا نەبێت
لە دانیشتن و ڕۆیشتنمدا
کاتی بەم و بەو گەیشتنمدا
لە خوێندنەوە و نووسینیشدا تۆ
دەبیتە وشە و ڕستە و دێیتە گۆ
لەسەر پەنجەرە و دیوار و بنمیچ
بێجگە لە وێنەی تۆ نابینم ، هیچ
لە پێخەفیشدا تا چاو لێک دەنێم
چپەی ناسکی تۆ دێتە بەرگوێم
لە خەونیشمدا قارەمانی ئەو
خەو چیرۆکانەی دەیبینم بە شەو
بەڵام داخەکەم کە بە ئاگا دێم
تۆم لاوە نییە یەکسەر دەتاسێم
ئیتر دەمەوێت بۆ جارێکی دی

بگەڕێمەوە ، ئەوێی تۆم تیا دی
****

بەرخۆلەکەی خۆم
کە خۆراکێکی ، خۆش بێ تۆ دەخۆم
لەگەڵ هەرکەسێ
کسپە لە ناخی هەستم هەڵدەسێ
دەڵێم خۆزگە تۆش هاوبەشم دەبووی
تا بەدڵمەوە دەنووسا هەمووی
****

ئەو هەڵوێستانەم لە یاد لا ناچێ
کە باوەشت بۆ دەگرتمەوە
لەجیاتی ماچێ
سەد ماچت لێ وەردەگرتمەوە
ئێستاش خەمگینی ، شەڕە ماچی تۆم
لە ناخدا تینووی ، تەڕە ماچی تۆم
****

لەبیرتە سنگم بۆ ڕادەخستیت
قوڵ و باسکیشم دەکردە پشتیت
هەتا خەو پێڵووی لە گۆ دەخستیت
چیم لە بیردا بوو بۆم هەڵدەڕشتیت
ئێستاش شەوانە سنگم رادەخەم
بۆ مۆتەکەی خەم
کەڵبەی پەژارەی ئاوارە بوونیش
گیرن لە یەخەم
****

داستان گیان دڵت لەخۆت نەمێنێت
کسپە و سۆزەکەی تۆش هەر دەمێنێت

بێ تۆ و " هەستیار" و " هاوڕاز " و " زریان "
لەگەڵ " دیوان " یش
دەتوانم بڵێم وەکوو کوردستان
بێ دیاربەکر و
کەرکوک و سنە و
قامیشلی و " وان " یش
****
هەریەک لە ئێوە ، مەڵبەندێکن بۆم
چاوی هەر یەکتان ، " ئەڵوەند " ێکن بۆم
بێ ئێوە مانم
واتا ، نەمانم
بانە / ١٩٩١

---

تێبینی : داستان و ناڤەکانی تری ناو کەوانەکان ، باوکیانم .

# منداڵەکان

١٩٨٨

منداڵەکان
کوڵم و لێو سوور و ئاڵەکان
پەپولە باڵ ڕەنگینەکانی تروسکە و ..
بسکەی چیا و قەدپاڵەکان
جارێکی کەش ئێوە بوونە
خۆراکی زەردەواڵەکان
کەوتنە بەر کەڵبەی تیژی
دڕندە هەست بەتاڵەکان
بوونە جێ نینۆک و مووچەی
گورگ و چەقەڵ وداڵەکان
****

ئای لە کزەی جەرگی سووتاوم
ئاخ دڵم ، ئاخ هەناوم
بۆ ئێوە ، ئێوەی شەپۆلی
خەمبارترین هەواڵەکان
نمەی شەونمی بەزەیی
باریوی چاوی گریاوم

گەورەترین شپرزەیی
پێدا داوم
****

ئەی فریشتە بێ تاوانەکانی دەمی
هەزار خرێی
جەنگی درێژی هەڵرێژی
ژاراوە تفت و تاڵەکان
منداڵەکان
ئێوەش وەکوو منداڵەکانی باشوور و
ناسکۆڵەمانی باکوور و
ڕۆژهەڵات و
گشت کوردستان
بوونە قوربانی ئەم جەنگەی دەستی تاوان
****

منداڵەکان
" ئێوەش باب و برا و مامی منداڵەکان "
ئەی زامە قووڵ و خەستەکان
دەست و پەلە بێ جەستەکان
جەستە بێ پەل و دەستەکان
شاعیر چیە ئەگەر دەنگی
زامێکی وا تۆمار نەکات
پڕ بە گەرووی هاوار نەکات
نەفرەت لە جەنگ
نەفرەت لە مووشەک و تۆپ و لە فڕۆکە و
هەموو کەرەستەیەکی جەنگ
کە کەوتوونە دەستی دەبەنگ

لە ئەتاکانی ئێستاوە
تا دەگاتە تەیمووری لەنگ
****

منداڵەکان
منداڵانی لە گشت تاوانێکی گەورە
دوور بێ بەری
منداڵانی دژی دیلی و کوێرەوەری
گەرووی خنجیلانە و ناسک
با بە یەک دەنگ
هاوار بکەن
نامانەوێت ببین بە خۆراکی مووشەک
نامانەوێت ببین بە گەردی بۆردومان
کۆتا بێت ، جەنگ
هەتا زووتر بێت درەنگە
درەنگ ، درەنگ
****

ئەی منداڵەکانی ئەودیو
وەک منداڵەکانی ئەمدیو
ببنە فریشتەی ئاشتی هێن
کوردستانێکی هێمن و
بێ دوژمن و
بێ کوشتار و
پڕ لە ئارام
گوند و شار و
هەردوو پێدەشت و ڕووبار و
کانییەکان

بکەن بە چاوگەی گولاوی
لە هەمەڕەنگ تێکەڵاوی
بژوێنەوەی
هەناسەی خۆشی و ئاسایش
دڵنیایی
بۆ گشت مرۆڤێکی خاوەن
خۆزگەی ژیانی "ئاسایی" ش

# سپی

١٩٨٦

پێستی سپی
لەشێکی ناسکی سپی
دەست و مەچەک و پا و پووز و باسکی سپی
بەرگەردن و سنگ و مەمی
نەرم و خڕ و پڕی سپی
دەسکێشی ئاوریشم چنی
نم نم شەرم سڕی سپی
بەرگ و تارا و
دەواخی بووکێنی سپی
تاسە و هەناسە و دووکەڵی
دەروون کپی
هەژار پڕووکێنی سپی

کۆشکی پۆشتە و پوختی سپی
نوێن لۆکەی تەختی سیسەمی
شەوی زاوایی بێ خەمی
پایتەختی شای بەختی سپی

پاپووج و گۆرەوی سپی
کۆترە پەڕ لە پێکانیشی
وەک ماشێنە دوا مۆدێلەکەی سپی
هەموو دەور و بەری سپی
وەک فریشتە و پەری سپی
ئەوەی دەیبینێ سەرسامە و
بۆی هەڵدەکات .. ئالأی سپی

بەڵام هەستی
سارد و سڕ وەک بەفری سپی
دڵی ڕەق وەک
ئەڵقەی ئەڵماس و پڵپڵەی
گەردانەی گەوهەری سپی
ناخی پووچ وەک
هەوری سپی ..
دۆسێ ی کردار و هەڵوێستی و
ڕۆشنبیری و خۆشەویستی و
زانیاریشی
بێ خاڵ و پیت
وەک پەڕەی دەفتەری سپی
دوا دەقی :

ست هەڵاڵە
ست هەڵاڵە
ئەی ئەو فریشتە کەم وێنە
هەست خاوێنە
خوێن بزوێنە
بە ڕەوشتەی

ناسکیت و جوانیت بێ گەرد و بێ خاڵە
ماوەیەکە بوویتە بەستە و ..
سەرگورشتەی
ئەو ئاواز خوێنە سەرمەستەی
شاری کاسە پڕ و خەستەی
بەسەر یەکتردا جەنجاڵە
ئەو کامێرای سەرنج و دیدە لە دەستەی
ئەلبوومی یادگاری تۆی
لە باخەڵ و لە خەیاڵە
**********

ئەستێرە پرشنگدارەکەی
ئاسۆی هەوار
لە دەم پلەی پەیژەی گۆیژەی
جێی ئاماژە
لەرزە و پرژەی نیگای ڕێگات
کە بە دەگمەن و بێ ئاگا و
بە ئاگا .. جار جار پێم دەگات
لە گیانمدا دەکەن هاژە

هەستم دەکات بە مەلێکی بەختەوەری
بەهرەوەری
جاری جارانی سەر لقی
شۆڕە بییەکی دەستە خوشکی ..
سوورەچنار
لەدەم ڕووبار
لەدامێنی باخە بەهێکانی کەنار
گوندی " سنکێ " ی دامێن " واژە "
**********

ست هەلالە
زەردەی کەلی خەنینەوەم
ڕێگەم بدە
با چەند دەنکە وشەیەکت
بۆ بدەمە دەم دوو ڕشتەی
هۆنینەوەم
تاکوو گەشتی گەشەیەکت
لە ناخەوە پێ ببەخشێت
ملوانکەیەک
بەرەو ئەڵماسی گەردن و
سینەت بکشێت ..
لە گۆی لیمۆی ..
مەمان بخشێت
جۆرێک بتڕازێنێتەوە
وەکوو نەخشێک
بە تەنها هەر لە خۆت بێت و
بە ڕووی خۆشتا بشنێتەوە
بۆ هیچ پەری و فریشتەیەکی شەیدا و شێت
نەبێ و نە شێت
فێنکترین سروەی تەزووت بدا بە دڵ
خۆت گوڵیت و ئەوەندەی تر بتکات بە گوڵ
**********

ست هەڵالە
نوێ گوڵە هەڵبژاردەکەی
دوا گوڵبژێر
گەش و بۆ خۆش و ڕوو خۆشی
تەڕپۆشی "کانی سارد "ە کەی
مێرگی گوندی تارای باژێڕ

با بچرپێنم بە گوێتا بە ئەسپایی
ئەی هەڵاڵەکەی " شاربازێڕ "
دانیشتنێکی ئاسایی
بەرانبەر تۆ بم تێر نابم
بە ملیۆنەها کاتژمێر
بزەیەکت
گەشەیەکت
وشەیەکت
تاڵە موویەک و تنۆکە نینۆکێکت
نادەم بە نرخی قورسایی
هەزار بار زێڕ
**********

ست هەڵاڵە
بێجگە لە کەس نەچووی شێوەی
مەیلە و ئاڵت
بێجگە لە تریفەی قژی
زەرد و کاڵت
بێجگە لە شەپۆلی قوڵپی
خوێنی گەرمت
بێجگە لە زەردەی لێوان و
پرشنگی چاوی کەژاڵت
بە مۆسیقای
سرپە و چرپەی نزم و نەرمت
تەلیسمێکی وات بۆ هەستی ..
ناسک ناردووم
وا دەزانم سی ، چل ساڵە
سەما دەکەن ..

بۆمان پەری خۆشەویستیی
وادەزانم .. لەوەتەی هەم
خۆشت ویستووم
لە بالاخانەی نیگاتا
لە ئامێزتا
سفرەی سۆز و
نوێنی نازت بۆ ڕاخستووم
لەگەڵ یادی تۆدا نووستووم
لە قولە مشتی ناسکتا
چەپکە نازێکم ڕەنگالە ..
کۆی شکست ژیانی ئەم
تەمەنە پڕ دڕک و داڵە
کە نازانم ئەگەر بکرێت بە زێڕی ساغ
چەند مسقاڵە !
بۆت بژاردووم
بووژاندووتەوە بۆم جەستەی
کفت و ماندووم
بۆت دۆڕاندووم
گرەوی نا پوختەکان و
گەمژەکانی قاڵی فێڵ و
لە کەمیناکانی تینووی
خوێنی سەرم
دەیان ساڵە
بۆت دڕاندووم
پەڕەی پایزی ڕابوردووی
ژەنگ بوواردووی
نیوە مردووی
ڕۆژەکانی خەم ژماردووی

پڕ .. لە ناڵە
**********
ست هەڵاڵە
دەمێ ساڵە
ئەستێرەی ئاسۆی ئارامم
بێ سامالە
هەناسەکەم هەتا بڵێی
تفت و تاڵە
بە سەرمدا شۆڕ بوونەوە
پرچی ژاڵە
بۆ خۆت بیژمێرە چەند ساڵە
ئەژدەهایەکم لەپاڵە
ئەو ئەژدیهایە خەنینی
ناکامی و نامرادیمە
ژەهرە خۆراکی ڕۆژانەی
ژەمەکانی ناشادیمە
سێبەرەکەی ترسناکە
ستەمناکە
لە قات و قڕی بێ باکە
کەلەپچە و پێوەندی هەموو
جووڵەیەکی ئازادیمە
ڕایەخە دڕک و داڵێکی بۆ ڕاخستووم
پەل و پۆمی لە گۆ خستووم
هێندە کۆرپەی شیعری کوشتووم
هێندە هەناسەی پڕ تاسەی
پڕ ئاخی ناخی پێ ڕشتووم
هێندە دڵی
دۆست و کەسی لێ ڕەنجاندووم

هێندە ئێسک و پروسکی تێک ترنجاندووم
هەر نەیهێشتووم
دەڵێ ی گوناهبارێکم و وام لەو دنیا
بێکەس ، تەنیا
لەناو دۆزەخ و لە " وەیلام "
چۆتە ئەستۆم چی ئەوباڵە !
فریام کەوە
بگەرە لام
ست هەڵاڵە
دەمکوتی کە .. و
بۆم شێنەیی بکەرەوە
داد ، واوەیلام
مێشکی خواردووم
یەزدان ئاگاداری حاڵە
چەند هێناومی و چەند بردوومی
چەند کەڵبەی تیژی گرتوومی
گێژی کردووم و کردوومی
بە پیرێکی هەشتا ساڵە
بەڵام ئەو چرکانەی کە تۆی تیا دەبینم
ست هەڵالە
ئەژدەهام بیر دەچێتەوە
ئەمنی عامە و بەچکە ئەمنەکانی نوگرە و
سلێمانی و نەینەوا م بیر دەچێتەوە
بێجگە لە قوربانێکانی ..
بێجگە لە کیمیا باران و ئەنفال و ئازارەکانی
دایە فاتم ..
نەخشەی دەسکردی بێگانە و
جوگرافیا و مێژووی ستەم لێکراوم

بۆ وون بوونی شێوە و ناوم
خاڵەکانی دەچنەوە
نیگاکانت
ڕابوردوو دەپێچنەوە
بە بارەگا و بار و بوخچە و " بەرچنە " وە
بۆ سەرەتا دەچنەوە
**********

بەڵی کاتێ تۆ دەبینم
ست هەڵاڵە
دڵێکی گەش دەبینمەوە
ئاوازێکی خۆش دەڕژێتە بینمەوە
وەکوو قوڵپی
کانیلەی کوێستان زوڵاڵە
دێمە سەما و
دەبمەوە بە لاوێکی هەژدەساڵە
**********

نەک ئەوەندە
بەڵکوو خۆم بیر دەچێتەوە
عومرم چەندە ،
دەبمەوە بە ساوایەک تازە فێری گڕوگاڵە
دەشنێمەوە
دەم بە خەندە
چاوەڕێی ئەوەم باوەشم
پێدا بکەیت ..
سەر بکەمە سەر ئەو سنگ و
باسک و باڵە
هەر دام نەگریت
هەر مژین و ماچ و هەڵمژین بێ بەشم

بیکەم بە چێواری پیشانگای
شێوەکاری
کام شوێن جێ گاز و قەپاڵە
تۆش پەنجەکانت بمشێلن
نینۆکەکانیشت هەتا
وزە و تینیان
تێدا بێت تێر بم خورێنن
پاشان ببن بە شانەشم
بەڵکوو پێت بحەسێتەوە
خشتەی ئەندامانی لەشم
**********

ست هەلاڵە
بە دیدەنیت وەکوو کۆترە کێویلەی
پەڕ خاڵ خاڵی
سرکی جوانکیلەی قوتیلەی
ئەو جەنگەڵ و
نزارە بەرزە ڕەشتاڵە
کە بوونە " قژ "
بۆ سەری ئەو کیژی گەژ و
هەرد و پێدەشت و قەدپاڵە
دەدەم لە شەقەی باڵ بۆ هەوری
خەم .. دەگەڕێم
تا ڕایماڵم
وەک لۆکە شی بکەمەوە و
بیکەمەوە بە گەواڵە
**********

ست هەلاڵە
خۆزگە دەبووم بە نێزیکترین ئەندامی

پارتی ئەو خێزان و ماڵە
کە لەگەڵتا گوزەران و
جێ ژوان و
گەشتەکان و
جێ ئارامی ، بە خۆراکەوە حەلاڵە
ناکامی دەچەوسایەوە
ماندوویی دەحەسایەوە
پشوویەکی پیرۆزەیی و ئاڵ و واڵا
بۆم ئاواڵا
دەکرانەوە
باڵ لە باڵ و
باڵا و باڵا
وەک دوو ئاڵا
تێک دەئاڵان
بە هیچ هێزێک لە یەکدی نەدەکرانەوە
زیندانەکان دەرگاکانی لێک دەترازان
تا دوا داڵان ..
**********

بەڵام بەخوا زۆر مەحاڵە
ست هەڵاڵە
چونکە هەموو دەورو پشتت
ئەوە دایک و باوک و برا و مام و خاڵە
لە وردەوە تا درشتت
ڕووم لێ دەنێن و پێم دەڵێن
نابێت
ناشێت
هەی باوان شێت

تۆ گەورەیت و ئەو منداڵە !
**********

ئەی هەڵاڵە
خۆت دەزانی خۆشەویستی
ڕەچەڵەک ناخوێنێتەوە
خۆت دەزانی خۆشەویستی
بەستەڵەک دەتوێنێتەوە
خۆت دەزانی خۆشەویستی
تەمەنیش ناخوێنێتەوە
بەڵام لە کیشوەری ویژدان ڕاوەستاودا
لە دەڤەری بێ هەتاودا
هەموو بیرێک
پێچەوانە دەبێتەوە
**********

دێن بە تۆش دەڵێن
داوەشێیت
خۆ تۆ بە کیژی ئەو دەشێیت
چۆن ڕازی دەبیت بەم حاڵە !
بەدگۆکانیش
هەریەکەو خۆی
دەکات بە کوێخای "گۆپاڵە "
یان مەلاژنی "چەمیاڵە " !
زیاتر بۆمان تێ دەچێنن
زیاتر لێمان دەوروژێن و
لە سەروچاومان دەئاڵێن
وەکوو "گەنە " و
ژەنگەسوورە و
زەردەواڵە

بە داخەوە لە ناوەندی
ژوور پەرژینی
ستوون ژاری
خۆشەویستیی قەدەغەدا
هەر یەک ڕۆستەمێکی زاڵە
بۆ بە کافر کردنت و زڕاندنت
دەیکەن بە هەرا و هوریایەک
تەشقەڵە و هەڵڵا هەڵڵایەک
هەر مەپرسە
ست هەڵاڵە
دەگاتەوە لای فیرعەونیش
نەک " عیسا " و " مووسا " و " موحەمەد "
ئەم هەواڵە
**********

چی بکەم ، بڵێم چی داخەکەم
گوڵە ئاڵە قەدەغەکەی ناو باخەکەم
ئاخ هەڵاڵە
ئەم سنووری
تەمەنەی نێوان من و تۆ
وێرانەیەکە جێ لانەی
پەپووی شووم و
بایەقوش و
قەل و داڵە
لە هەر بستەی چەند مینێکی
تیا چێنراوە
بۆ کڕووز و
چەڕە دووکەڵی باروت و
سوێ ژان و ژەنگ و زوخاڵە

بەداخەوە ئەی هەڵاڵە
نزیک بوونەوە مەحاڵە
چۆن دەبیتە
هاوڕێی ئەم خەمە گەورانەم
چۆن دەچیتە
سای ڕەشماڵی ئەو هەورانەم
چۆن ناترسیت لەو ڕەشمارە
نهێن گرو ڕێ گرانەم
چۆن شیرینیت
لە تاڵیمدا تێکەڵ دەکەیت
چۆن هەڵ دەکەیت
تۆش وەک " پەری "
بۆ کەس و کار
ئاڵای تەسلیم بون هەڵدەکەیت !
داوا دەکەیت
وێنەکەت و
نامەکانت بدەمەوە
تا بە گەمژەیەک " شوو " بکەیت !
" کە " زۆر " هات ئاشتی بەتاڵە "
ست هەڵاڵە
*********
بەڵام باوەڕت هەبێت پێم
ئەگەر بەبێ سڵ دڵەکەی خۆت بدەی پێم
وتەی هەرچی بەدگۆ هەیە
دەکەمە پێم
وتەی بەدڕەفتار بایەخی
لای شیعریار
وەکوو گەردە پووشی وشکی

دەم شەماڵە
ست هەڵالە
**********

بڕوات هەبێت بڕوا بروا
گوڵە پاکژەکەی کەژی
باڵا " کەش " م
لە پێناوی ئەوینێکی بێ پەڵەدا
گیانیش بڕوا
لام پیرۆزە
وەکوو خوێنی دڵدارانی تاسەر گەشم
دوا هەناسەش
کە مەرگ چنگ لە بینمە
ناهێڵم لێو بیپاڵێوێ
قومێ ناڵە
بێجگە لە زەردەخەنەیەک
ئەویش ئاڵە
وەکوو گۆنای تۆ هەڵاڵە
ئەی ئەو  فریشتە کەم وێنە
هەست خاوێنە
دڵ بزوێنە
ڕەوشت پۆشتەی
هەمیشە دڵ بۆت عەوداڵە
ست هەڵاڵە
س ت هـ ە ڵ ا ڵ ە

---

تێبینی لە بارەی ست هەڵاڵەوە :
بۆ یەکەم جار ساڵی  ١٩٨٩  لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا بڵاو بۆوە . بە
هاوسەری خۆشەویستم ڕاگەیاند لەوانەیە هەندێ خوێنەر وشەی "

هەژدیها " بە هەڵە وەرگرن .. بەڵام ڕەمزێکە بۆ واتایەکی ڕامیاری بە سەلیقەوە دام پۆشیوە وا لەم دەقە دا ئاشکرا دەبێت کە لە دەقی یەکەمدا نەدەبوو کت و مت بگوترێت . هەرچەندە ڕەقیب نەیدەهێشت بڵاو بێتەوە هەر هیچ نەبێ لەبەر سەر تێدا نەچوونم . لەشاری " هەڵ " ساڵی ۲۰۰۱ کۆڕێک بەسترا دەبوو بەشداری بکەم لەگەڵ چەند پارچەیەکی نوێدا ئەم شیعرەشم ئەوەی لە یادما مابوو نووسیەوە پێشکەشم کرد چونکە دەقەکەم لانەبوو . لەبەرئەوە دەست نووسەکانم پێش هاتنمە دەرەوەی وڵات ناردبوومن بۆ " سوید " دوای کۆڕەکە بە درەنگ پێم گەیشتەوە . هەندێ کۆپلە خزابوونە دەقی کۆڕەکەوە نوی بوون لە پاشدا هەردووکیانم ئاوێتەی یەکتر کردنەوە لەم گوێزانەوەیەدا ئەم دوا دەقە دەرچوو کە جیاوازییەکی بەرچاوی دروست کردووە لەگەڵ دەقەکەی ئاسۆ دا .

## وشەیەکی قەدەغە

ئەی ئەو چەند پیتەی کە ناکرێت
ناڤەکەتیان لێ پێک هێنم
نەبا دڵ کانە بەردینەکانی کۆسپینەی کەسەکانت
کە هی ئەوانیش ناوترێت
لە هێڵی ڕێبازی نوێخوازی هەردوکماندا
پێی ڕۆیشتن هەڵەنگوێنم
*********

نەبا قەرسیلی گیان سەرلەنوێ
بژوێنەوەی دەستەکانت
کە هاتم پەرداخە ئاوێکی
میوانداری پێ نەهێنم
*********

لەبەر تاڤگەی دیداری نیگاکانیشتا
نمە عەتراوی فێنکی
خۆشەویستیی دەرنەهێنم
*********

کۆسپینەکان پێ بزانن تۆم خۆشدەوێت
دەبن بە سەنگەر و کەڵەک
خشت و دیوار

تا بریسکەی
تەلەسکۆبی چاوەکانت
بەر تریسکەی
دیدەی دیدارت نەکەوێت ،
*********

بڕوام پێ بکە ناهێڵن
بەو بەردەرکە و دەروازەشدا ، ڕاگوزەرم
ئەوسا هانا بۆ کێ و
پەنا بۆ کێ بەرم
چ پاسارێ
لە هەراسی خاکەسارێ
ژینگەم بێت و جێ سێبەرم
*********

نەک بە تەنها هەر ناهێڵن
لەوانەشە
وەک تاوانکاری پاوانکار
لێم بێنە دەنگ
تورکان ئاسا
تانک و لەشکر کێش کەن بۆ جەنگ
لانەکەشم پێ جێ هێڵن
ڕەحمەت بنێرن بۆ گۆڕی
تەیموری لەنگ
*********

ئاخ کچە کوڵم و گۆنا و چاو تێر گەشەکە
قژ وەکوو بەختم ڕەشەکە
نیشتەجێی گۆشەیەک لە خانەی
بیرکردنەوەی ئاڵۆزم
باش دەزانم لە ناخەوە

باوەش گرەوەی بۆ سۆزم
بۆ راژێنی ژانەکانم
بزەی خەمە هەرە بێ ئۆقرەکانم
تۆی نیزیکترین دڵسۆزم
لەگەڵ ئەوەشدا ئەستەمە و
هەر ناهێڵن
لەم گەردوونە هەرە گەورە و
گەوهەر بەندە
لەم زەمینە دەست ڕەنگینترین ..
هونەرمەندە
تۆ ببیتە هاوژوان و
هاوگریان و
هاوگۆرانی و
هاوژێی کەمانی بەسۆزم
**********
نا .. ناهێڵن
بۆم لە بۆسە و داو دا دەبن
تۆڕی پیلان ڕادەهێڵن
بۆ ڕاوم و
بۆ ڕاونانی
وردە ماسیی
شیعر و دیوان و داستانی
عەشقی ڕەوانی پیرۆزم
ئەی ئەو کچەی قەدەغەیە
قردێلەی وشەی ناڤەکەت
شیعرێکم .. بیدات لە قژی
چاودێران زۆرن کە ڕاپۆرت
بەرز بکەنەوە دژی

هەشە خۆ گیڤ کەرەوە و هەل قۆزەرەوە
هەشە تاوان بۆ بێ تاوان دۆزەرەوە
کە بە کرێی
ئەم بەدڕەفتارییە دەژی
***********

زۆر " پشقل دوو " ش
پاشقولیان گرت و پاشڵیان
خوم هەڵکێش کرد
زۆر کێشەیان دروست کرد و
زۆریان کێش کرد
زۆر نەرگسیان
ڕیشەکێش کرد
هەر بۆ ئەوەی لەو کێشانە
بەدوور بیت ناڤت ناهێنم
ئەگینا هەر پیتێکی ناسنامەی ناڤت
خڕۆکەیەکن بۆ خوێنم
ناسنامەی ناڤی ناسکتم
لەسەر پەڕەی دڵ چنیوە ،
هەمیشە دەیخوێنمەوە و دەیڵێمەوە
وەک مەلێکیش
بۆی دەخوێنم
***********

لەوساتەوە تۆم ناسیوە
هەستی شەشەم
لە پۆستەرێکی هەمیشە پارێزراودا
بە تارای پەنجەرەی گیانمیا ..
هەڵواسیوە
***********

دەشێت هەندێ شێت بڵێن تۆ
گەلێک لەو بەتەمەنتری
بەڵێ ڕاستە
بەڵام کوا کێ بیستوویەتیت
دڵی شاعیرێک پیر بووبێت
خوانەخواستە
***********

ڕاستە ژمارە سێ هێندەی ژمارەی تۆم
بەڵام ئەڤینت وا داوی نایەوە بۆم
بەو داوەت بەسراومەتەوە زۆر مەحاڵە
تازە دەرچم
ئای چیت پێ کردم چی بکەم بۆ کوێ بچم ؟
ئەی نەمامی
لیمۆی تازە گۆ خۆگرتووی
هەژدەساڵە
لێو تەنکتر و ناسکتر لە هەڵاڵە
سرپەی گۆ مزری بە چێژ و
مۆسیقا ڕێژ
وەک پەپوولەی
لە گوڵەوە هەڵفڕیویش
باڵ ڕەنگاڵە
***********

نزار دار هەڵوژەیەکی
چڵ و پۆ و چڵ چڕ و هەڵچووی
شەستەمین ساڵ بەرگرتوو بوو
بەڵام بەڵقیس نەمامە گێلاسێک بوو تازە
لقەکانی
گۆپکەی بیستەم بەهاری نوێی

پشکوتوو بوو
پەلی هەڵوژە بۆ گێلاس نوشتایەوە
گێلاس باوەشی گرتەوە و
لەیەک ئالآن
ئێستا دار گێلاس هەڵوژە و
دار هەڵوژەش گێلاس دەگرن
نە هەڵوژە بە بێ گێلاس
نە گێلاس بەبێ هەلوژە
ئارام دەگرن
هەردو یەک ڕاز و سکاڵان
لە کۆماری
خۆشەویستیدا هەردوکیان
خاوەنی یەک نەخشە و ئالآن
**********

هەرچەند کەدەر دەستی بشکێ
هەردوکیانی لە یەکتر کرد
بەڵقیس بەدەستی تیرۆر و
نزاریش عومری درێژی
بۆ شیعرەکانی بەجێ هێشت
**********

منیش نزارێکی کوردی
عەشقی بەلقیسی خۆماڵیم
درەختێکی پەنجا ساڵەی
شەیدای ناسکە نەمامێکی
هەژدەساڵیم
پەنجا پەل شۆڕ دەکەمەوە
هەژدە گێلاسە چرپەت لێ دەکەمەوە
پەنجا شانە لە برژانگم هەڵدەکێشم

هەژدەجار قژت دادێنم
پەنجا دڵۆپە مرواری
لە ئەسرینم دەهۆنمەوە
هەژدە ملوانەت لە گەردن دەئاڵێنم
پەنجا جار خۆم دەسوتێنم
هەژدە مۆمت بە ئاگری
جەستەم بۆ دادەگیرسێنم
پەنجا چڵە قەڵەمت بۆ لە قول دەگرم
هەژدە شیعرت بۆ دەڕوێنم
پەنجا باوەش دەکەمەوە
هەژدە هەژدە رات دەژێنم
شەست و هەشت جار ناقت دێنم
هەموو جیهان دەهەژێنم
کە شیعرەکەمت خوێندەوە
بە دڵت بوو
هیچ بیری لێ مەکەرەوە
وەک رابوردوو
وەرەلام دەستم دەستۆکە
مێژوو بەرەو ژوور کەرەوە
نەریت ئاوەژوو کەرەوە
ئاوڕ لە سالانی گەڵا هەڵوەریوی
سەرهەڵگرتوو مەدەرەوە
لاپەڕەیەک بۆ ئاسۆی نوێی
ژیانی نوێ بکەرەوە

حوزەیرانی ١٩٩٧

# دوو هەست و سۆز

بۆ ناتالیا

- ١ -

ئەی فریشتەکەی وەکوو من
میوانی لانەی شکسپیر
سینە و گەردن
سپی و بەلەزەت وەک ماست و
شیر و پەنیر
کاتێ ڕێم کەوتە پرسگە
بە مەبەستی وەرگرتنم لە خوێندنگە
منی باپیر
بە یەکەم روو تێ کردن و
یەکەم نیگا تێ گرتن و
پەخشانەوەی خونچەی لێوت
بووبوومەوە بە لاوەکەی
چەندەها ساڵی لەمەوبەر
مەلەوانێکی بزێوت
تا بەدەریای جوانیتا ڕۆچم بۆ
ڕاوە گەوهەر
لە کاتێکدا تۆ زانیاریت

لەبارەمەوە دەتکاندە ناو فۆرمەوە
ناوم ، تەمەنم ، ئەدرەسم
لەگەڵ کۆپی بەڵگەنامەکانی
" ناس " و هۆم ئۆفیس " و
دوو ڕەسم
من پۆل پۆلە سەرنجەکانم لە ئاسۆی
تێ ڕامانتا
بە ڕووتەوە
بە گەردن و سینە و مەمتەوە بە جۆرێک
ڕامووسابوون
زمانم لە گۆ کەوتبوو
نەیدەتوانی
وەرامی ئاسایی
پەپولە باڵ ناسکەکانی
پرسیارەکان
بداتەوە
**********

فریشتەکە ..
ناشێ نەزانیت کە شیللی گوتوویەتی
" جۆگە تێکەڵ ڕوبار دەبێ
ئەویش تێکەڵ دەریا دەبێ
ئەمە یاسای یەزدانیە
کە هیچ شتێ لە گەردوونا
تەنها نیا "
منیش جۆگەیەکم هاتووم
سەرچاوەکەم کوردستانی
هەزاران هەزار کانییە
دەمەوێ تێکەڵ ڕوباری

ڕۆحی تۆ بم
کە سۆلاڤێکی کشاوی
ئۆکرانییە
تا پێکەوەش تێکەڵاوی
دەریای هەمیشەی ژیان بین
خۆشەویستی من و جوانی تۆ
ئەوەندە
فراوان کەین
گەردون و سەرزەمینی پێ
هەراسان و
پێ سەرسام و
پێ حەیران کەین
دەستت بێنە ناتالیا
با ببینە دوو نوێنەری
بەختەوەر و بەهرەوەری
کوردستان و ئۆکرانیا

٢٠٠٥/٩/١٣ لەندەن

— ٢ —

ئاژانسەکان ڕایان گەیاند
فڕۆکەیەک
تیمێکی ئۆکرانی نەژادی
لە " ئەربائیلۆ "
دابەزاند
بۆ چالاکی ئاوەدانی و
بونیاد نانەوەی کوردستان
حەزم دەکرد
ئەی کچۆڵە دەم بچکۆلە

ناسکۆڵەکەی ئۆکرانیا
ناتالیا
تۆش پسپۆڕێکی تایبەتی
ئەو تیمە بیت
بۆ سەرلەنوێ
بونیاد نانەوەی ژیانی هەڵوەشاوەم
لەم لەندەنە گوشندەدا
لەم غورباتە کوشندەدا
کارامانە خەریکم بیت
هەم ژان هێور کەرەوەم و
هەم تروسکەی
دڵی جارەها شکاوی
تاریکم بیت
تۆ لە خەمی دووری دایک و
باوک و خوشک و برا کەتا و
من لە خەمی
دووری منداڵەکانمدا
شەریکت بم
شەریکم بیت

ئایاری ٢٠٠٥ لەندەن

# ئاوێنە و تۆ

کە دەچیتە بەر دیدەی
ئاوێنەی باڵا نوێنت
بۆ ئارایشت و شانەی
قژی خاوی خاوێنت

**********

کە جێت هێشت چۆن ناگری و
پێ هەڵناگرێ لە شوێنت
وەک دڵخواز دەخیلت بێ و
بگرێت دەست و داوێنت

**********

تا جارێکی دی بەناز
بچیتەوە بەردەمی
بۆ ڕوون بوونەوەی دڵ و
ڕەواندنەوەی خەمی

# له ناخەوە

# پارێز

١٩٨٤

وەک عاشقێکی چاوی شەم
وەک دێوانە
بۆ ڕوو نەکەمە کوێستان و
لەو کێوانە ؟
نەبمە هاوەڵی باڵندە و
زیندەوەرانی دۆڵ و چەم ؟
دەنگ و ووشەم
ئاوێتەی جووکە و جریوە و
سرتە و سیرەو قاسپە نەکەم
بۆ ئایندە و
بۆ هەمیشەم
گەڕانەوەم بەرەو سروشت
نەکەم بە ڕەفتار و پیشەم
**********

من زادەی بێشەی بیشوان و
خزینەی زنجی بەرد بەرد بم
بۆچی نەچم لەوێ شوان و

هاوساو هاوشانی گابەرد بم ؟
**********

بەو شاخەوە
کاتژمێرێکی سەردانی
ئەشکەوتێکی مەنگ و هێمن
نادەم بە ساڵێک زیندانی
ناو زەلکاوی ئاوەدانی
لە تەمتومانی لیخنی تاواندا .. ون
**********

بەداخەوە
شاری بە ناو شیعر و جوانی
جێی منێکی پاکی تێدا نابێتەوە
لە بەر هەندێ نامەردانی !
ڕاپۆرت نووسی ، زمان لووسی
دەروون تاریک لە ناخەوە
**********

کە نامۆ بم
بۆچی کۆیلەی شەقامی دیلی
گەڕێنی خوا پێداو بم ؟
کە نامۆ بم
بۆچی میلی
خولگەی بازنەی شەستی داو بم ؟
قەدەر بام داو بام داو بام دا
ڕێ هەڵە بووی ناو گەرداو بم

# ناڵەیەک

١٩٨٦

من چیم ؟ چڵە ئاو ماڵکێکی
ڕووباری تووڕەی زستانم
بە تەوژم و گوڕ تێی کەوتووم
لە کەنارێک تووڕی داوم

وەک کوێرێکی سەرە نوێلکی
ڕێ هەڵەبووی بێ گۆچانم
نە چاو ساخێ پەلی گرتووم
نە دەریش دەچم لە داوم

من نێچیرێکم ڕاو کراو
لە دەشتێکدا فڕێ دراو

نەکەسێک دێت بە فریادی
دادەکانی بێ دادمەوە
نە شیرینێک ڕوو دەکاتە
ناو بێستونی فەرهادمەوە

# دایە گیان

١٩٨٩

دایە گیان خونچەی بەهاری تازە
لە لێوی تۆوە بزەی دەپشکوێ
هەرچی پرشنگ و سۆز و ئاوازە
بێ تۆ هەموویان دەخەمە پشت گوێ

دایە گیان هەرچی گەشەی دونیایە
بێ تۆ لام پولێک ناهێنی بە خوا
سروشت و گەردوون هەرچێکیان تیایە
هیچ بوونێکیان لام ، نانوێنێ بە خوا

دایە گیان لێوی خەم لەسەر نیشتوت
دەبێتە هەوێن بۆ خەمی گەورەم
ئارەقی ڕەنجیساڵەها ڕشتووت
جۆگەلەم دەکات بە چەمی گەورەم

دایە ئەو کۆڵە ئازارە خەستەت
وا لە ناو سینەو جەرگی مندایە
ئەی بۆ سووک نابێت ئازاری جەستەت
کوێراییم دایە ، بۆت بمرم دایە

# هەواڵەکان

١٩٨٨

هەواڵە دڵ تەزێنەکان
خورپە خۆزگە بەزێنەکان
نە یەکێکن ، نە دوون ، نە سێن
هەر کسپەیە و لە ناو جەرگەوە
هەڵدەسێن

نە دەن ، نە بیست
نە پەنجا و سەد
ئەوەندەم بیست
ئەوەندەم دی
هەموو خەونە ناخۆشەکان
هاتنە دی
**********

ئازارەکان ، هێندە زۆرن
هێندە پارچە گۆشتی دڵ .. و
جگەر خۆرن
زەرووی لە خوێن بەربوەکان
بە تەغارن

لە ژمارە نایەن و نا
بە غار دێن و تێر ناخۆن و ناخۆن و نا
کوا کێمان هەیە لە خەوی
کۆشکی بلوورینی هەڵسێت
چ سەرۆکێک
لەم هەواڵانە دەپرسێت
کێ دەینووسێت ؟
کێ ویژدانی
زبرو زیخینی دەخوسێت
تا بینووسێت
تەنها دەبێت دەست و پەنجەی بەرگریمان
بە خوێنی خۆمان بینووسێت
منیش وەکو مامە خەمەی
خەم هەڵگرتوو
سەر هەڵگرتوو
بەو بارە پشکۆی خەمانە
ئاگر گرتوو
هاکا هەواڵی منیش هات
بووم بە کۆڵوو
خۆڵ و سووتوو
وەکو هەزاران کارەسات
لە هەواری پڕ مەرگەسات

# شەهید

١٩٩١

ئەگەر شەهید خۆی بەخت نەدەکرد
پێم ناڵێن ئەی کێ قەڵای زۆرداری
شای تاخت دەکرد

ئەی ئەگەر شەهید سنگی نەدەکرد بەگژ شەستیرا
باستیلی نەمنە سوورەکەی بەعس بە کێ دەگیرا
بۆیە هەر کاتێک چووینە دیداری گڵکۆی شەهیدێ
بۆنی ئازادی و پیرۆزی و هیوای نەتەوەی لێدێ

# بۆ یادی شەهیدانی حوزەیران و
# پیرەمێردی نەمر

١٩٧٠ / ٦ / ٩

ئەی حوزەیرانی خوێناوی
ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی کە لە چاوی
زامداری کوردستانەوە بۆت ڕژاوە
لە سەر پەڕەی سپی گۆنای گڵکۆی شەهیدەکانەوە
بوونە شەوبۆی ووشەی زیندووی دەم گەشاوە
لە هێلانەی ناخی هەست و دەروونەوە
مەلەکانی تینووی " ژین " و " ژیانەوە "
کە لە یادیان نەچوونەوە
بەستەی هیوای بڕوایانە لە گیانەوە
لەوانەوە
بۆ گیانی پاکی پیرەمێرد ، بۆ شەهیدان
دیاری سۆزی یادگاری خۆشەویستیم بۆ هێناوی
ئەی حوزەیرانی ووڵاتی ئاگراوی
**********

ئەی دەفتەری سوور بە خوێنی شەهیدانی
ڕێی ئازادی و سەرفرازی
شکۆ نامەی جێی شانازی

هەر دوێنێ بوو لە ئاگری ڕاپەڕینی پڕ هەڵمەتا
سەدان لاوی خاوەن بیر و بڕوای کوردی
بە خوێن ڕوومەتیان سوور کردی
لە بەرزایی لاپەڕەتا
هەردوێنێ بوو لە پێناوی مافی کورد و کوردستانی
" پیرەمێرد " ی مەرد و دانا
بە هەزاران ، جەستە و گیانیان پێشکەش کردی و خۆیان دانا
**********

هەموو بستێکی ئەم خاکە
شەهیدێکی باوەڕ پاکە
ڕۆژ و مانگ و وەرزەکانی ئەم چەند ساڵە
حوزەیرانی گۆنا ئاڵی لە خەبات و خوێنا قاڵە
گوند و شار و کێڵگە و ڕوبار و پێدەشتی
هەموو هەناسەیەکیان هەر حوزەیرانە
لە مێژوومانا هەناوە و نیگای سەرچاوەی خەباتی
نەتەوەکانی جیهانە
**********

لە سەر سنگی قەدپاڵەکاندا نوسراوی
بۆ نەبەردی قارەمانێتی هەتاوی
هێزو بڕواو تین و تاوی
تۆ دوو چاویت ئاگراوی ..
**********

ئەی دەفتەری پڕ لە سەروەری و قوربانی
هەر پێرێش بوو دوای گڕ لە کاڵا بەردانی
بووکی ئاواتی مەهاباد
پایتەختێکی سەردەمێکی کوردی ئازاد
لە نۆزدەهەم لاپەڕەتا
لەگەڵ خنکاندنی زەنگی چوارچرادا

چوار ئەفسەرمان بە پێنووسی
سروودی هێز و نەبەزین
داستانی قارەمانێتی کوردیان نووسی
دژی دیلی و کۆیلەیەتی ..
بەڵام وەکوو پەرەمێردی نەمر ووتی
شەهیدانی ڕێی نیشتمان
گریانیان بۆ ناوی ئەوان وان لە ناو دڵی میللەتا
نامرن دەژین هەتا هەتا
**********

ئەی گردەکەی مامەیارە
لە بەرزیتا بەرزی کورد و پیرەمێردی نەبەز دیارە
گڕی نەورۆزی پیرۆزی بەهاری سەربەستی دیارە
چرای " ژیان " و مامۆستا و پێشەوای زانستی دیارە
لە بڵندیتا بڵندی کورد و کوردایەتی دیارە
دوانزە سوارەی مەریوانی پشت بە یەکتری بەستن و سوێندی برایەتی دیارە
ئاسۆی ڕوونی پەندەکانی بیری پێشینانی دیارە
پەنجەی ناسکی مەولەوی و خانی و بێسارانی دیارە
کچی ئێلی جافی شۆخی ئاوێنەی دووئاوان دیارە
شەمی شەوانی دێوانە و لەو نازدارتر جوانیەکەی پەریخان دیارە
**********

ئەی گردکەی مامە یارە
لە دامێنتا وەک سەرچاوەی کارێزەکەی وەستا شەریف
شەوخامە و ڕۆژنامە و ژیان و ژینێک دیارە
دێڕ دێڕ هیوایەک دەبینم لە تەک ووشەی نەبەزیندا
کوێرەوەرییەک دەبینم لەدەم بەستەی ڕاپەڕیندا
بەختیارییەک دەبینم لە پاڵ خەم و ماتەمیندا
نائومێدییەک دەبینم لەگەڵ بزە و گەشەی ژیندا

ئەشکی سوور بۆ ژوور دەبینم
مەرگی نزیک و دوور دەبینم
لەولا دڕکی تیژ دەبینم لەگەڵ سارێژی بریندا
مەرگەوەرێکیش دەبینم لەدەم هیوای مەم و زیندا
تێکۆشانی بێ ووچان و
کارەسات و مەرگەساتی کوردستان و
جەنگی جیهانیش دەبینم
هەرچەند سەدان کۆسپی گران ڕێگری بوو
بەڵام ئەو هەر بەرگری بوو
تا وەکوو مۆم توایەوە
ڕووناکایی دەدایەوە
بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ووتەی بێ واتای ناحەزی
خاک پەروەر بوو تا ئەو کاتەی گیانی پێبەخشی نەبەزی
**********

ئەی مامۆستا بێگەردە پیرە مەردەکەم
منێک تازە دەمەوێت باخ  پەروەردەکەم
چۆن بتوانم چەپکێ خونچەت پێشکەش بکەم
( بۆ ) ی بە پێز بێت
تا شایانی تێکۆشانی تۆی بەڕێز بێت
بەڵام ئەوەی لە دەستم هات بۆ یادی تۆ
ئەی باپیرەی پەندی کوردی بە ڕەنگ و بۆ
ئەم دیارییە بچووکە بوو بۆم هێناوی
بۆ یادی تۆ و حوزەیرانی ئاگراوی

# قەدەرێ یار

-١-

هاوەڵی ژینە تاڵەکەم
مشوور خۆر و ئاوەدانی ناو ماڵەکەم
دایکی هەر پێنج منداڵەکەم
ئێستا لەگەڵ ( هاوڕاز ) ی جەرگمدا لە کوێن ؟!
بێ ناز و بێ ڕایەخ و نوێن !
**********
تۆ بڵێی ڕێتان پێ بدەن
بخۆن ، بخۆنەوە ، بدوێن
تۆ بڵێی وەک پیشەیانە
بزر نەکرێن بێ سەر و شوێن ؟!
ئاخ چەند بە پەرۆشم بۆتان
ئای ئێستا چەندەم خۆش دەوێن !
**********
من لەم کاتەدا چوومە ژێر هەورێکەوە
ناوەڕاستی سلێمانی
چەند هەنگاوێک لە ڕۆژهەڵاتی سەراوە
کاتژمێر سێ ی دوای نیوەڕۆ
برسیمە و پرسیارم هەیە
چیتان هەیە ؟!
ووتیانن بەس ( نۆک )

ووتم بۆم بێنە و جامێک ( دۆ ) ی لەگەڵدا بێت
وەک دۆستی کۆک
**********
ئێستا نان و خەم و دووکەڵ و قومە دۆ
دەخۆم و هەڵدەمژم و دەخۆمەوە
لە دوێنێوە
دووکەڵ نەبێ ، گەدەم زەوای نەچوشتبوو
دوو شەویش بوو
خەو لە چاوما ، نەخەوتبوو
**********
ئەمڕۆش هاتمە دەرەوە بۆ چارەیەک
سەردان لەم و لەو لەپێناو ئازاد بوونتان
چوومە لای دەست ڕۆیشتوویەک
دەستی گۆج بوو
لەگەڵ دۆستێکی دێرینی سەر سپیدا ( ١ )
چووینە لای کاربەدەستێکی ناو شاری تر ( ٢ )
جوانترین دوو ئافرەتی شار میوانی بوون
بەڵێنی دا و چاوەڕوانم
کاتژمێر یانزە و چارەک بوو
یەکەم زرمەی ئەمڕۆی تۆپی ئێران هاوێژ
لە شار هەڵسا
دوو جوانەکەشی ڕاچڵەکاند
ئێمەش هەڵساین
لە کار بەدەست و جووت جوانیش پساین
هەتا ئەم کاتەش هەر گرمەی
تۆپ بارانە
لە هەردوو دیدەی منیشدا
بۆ ئێوە ئەشکی گریانە

- ٢ -

ئەو قورئانە بەرگ سەوزەی
بەرگەکەت لێ داماڵیبوو
بۆت کردبوو بە دۆشەکی
چۆنت دانابوو لە جێگەی خۆیدا ماوە
ئەو بەرماڵەی دوای نوێژ ، چۆنت قەد کردبوو
لەسەر یەکێک لە قەنەفەی ژوورەکەدا
هەر لە شوێنی خۆیدا ماوە
وا دیارە کاتێ کە هاتوون بۆ گرتنتان
هەر فریای بەرماڵ قەد کردن کەوتویت و
ماوەیان پێ نەداوی
قورئانەکە بکەیتەوە بەرگەکەکەی خۆی
ئەوسا لەگاڵیاندا بڕۆی !
**********

ئاخ ، ئازیزم ، ڕووناکایی کوژاوەی هێلانەکەم
ئاخ هاوڕازی گەورەکچی
قاپ شۆری دوای نان خواردنمان
کەی چاو و دڵ پێتان ڕۆشن بکەمەوە
چۆن دڵخۆشی داستان و زریان و هەستیار بدەمەوە !
ڕووناک ، ڕووناکی ماڵەکەم
ڕۆژی هەینی دووی تشرین بوو
کاتژمێر دوانزە و چارەک بوو
ئاسمانم لا ناشیرین بوو
لە بەغداوە لەگەڵ داستان و زریان دا
کەوتینە ڕێ
بۆ ئەوەی فریای خوێندنگەی
دوای پشووی هاوین بکەون
دوا نەکەون

کە سبەینێ دەکرێتەوە
**********

بەڕێوە بووین
هەر دەیان پرسی کاتژمێر چەندە و
چەندی ماوە بۆشار
ووتم کچم ، پەلە مەکەن .. نزا بکەن
هەتا بێوەی بگەینە شار
ووتیان ئاخر پەلەمانە
بگەینەوە ، لای دایکمان ، خوشکەکەمان
زۆر دەمێکە نەمان دیون
**********

لە( دووز) لامان دا و تەکانمان دا بۆ کەرکوک
جارێکی تر هەمان پرسیار
کاتژمێر چەندە و کەی دەگەین ؟
کاتژمێرم هێنایە بەر دیدەی داستان
میلی دەقیقە ژمێرم نیشانە کرد
ووتم بڕوانە هەر کاتێک
( میل ) گەیشتە ئەم جێگایە
ئەوا ئێمەش گەیشتووینەتە شارەکەمان
**********

( میل ) گەیشتە شوێنی ئامازە بۆ کراو
ئێەش گەیشتووینەتە پشت
قەڵاتی بەرزی تاسڵوجە ..
ووتیان ئەی کوا سلێمانی ؟
ووتم کچم ها ئەوەتا ئێستا دەگەین
دابەزین تاکسیمان گرت
گەیشتین و لە دەرگامان دا تا  دایە
یان دادە گیان

دەرکەمان لێ بکەنەوە
ئەو دەرکەیەی چل ڕۆژ لە مەوبەر جێمان هێشت
ڕۆژی ( شەممە ) کاتژمێر ( هەشت )
نیوە سەتڵێک ئاویان بە دواماندا ڕژاند
گوایە بەڵکو ، لە دوای سەفەر
بێ وەی بین و
چۆن ڕۆیشتووین ، واش بێینەوە
**********

گیانە وا ئەمڕۆش هەینیە و
کات پێنجی دوای نیوەڕۆیە
بۆ لە ماڵ نین ؟
ئاخۆ چووبن بۆ لای خزمێک
یان بازاڕێک
وا چاکە چاوەڕی بکەین تا دێنەوە !
**********

دراوسێی دەستە ڕاستمان
هەستیان جوڵاو بانگیان کردین
چووینە لایان
دوای پشوویەک
بە زبانێک کە خەمگینی کردبووە بەر
هەواڵە جەرگ بڕەکەی بە گوێ دا داین
کە هەرسێکمان
بووینە نیشانەی تیرێکی
پڕ لە زاخاوی ژەهری ژان

---

( ١ ) مامۆستا کەریم زەند .
( ٢ ) کاربەدەستەکە [ یاسر ] بوو لە " منظمة " .
١٩٨٧ / ١٠ / ٥

# دەستێک

١٩٩١/١٠/٢٤

سالڕۆژی چوارەمی " ٥ " قارەمانەکە
– ٥ – نەوجەوانی جەوامێر
– ٥ – دلۆڤانی چەلەنگی
خەڵکی وولاّتێکی خوێندێر
– ٥ – خامەی خانی و جەزیری و حاجی و موختار
لە دوو ڕێیانی سەربەرزی و
سەرشۆڕیدا
یەکسەر یەکەمیان هەڵبژێر
هەمان کارەساتی ( بەر سجن ) و( فولکەی نالی ) و
هەمان فلیمی (ڕۆشنبیر )
داستانە تراژیدییە سوورینەکەی
( ٩ ) ی حوزەیرانی ( ٦٣ ) دێنێتە بیر
هەمان زنجیرە تاوانی یەک لە دوا یەکترە کانی
بەندیخانەکەنی بەغدا و نەینەوا و کەرکوک سەر لەنوێ
دێنێتە بیر
مێژووی پڕ لە قوربانیمان
دەنەخشێنێ بۆ باو باپیر
دەیدەنە دەست نەوەکانی داهاتوومان

بیپارێزن بە جەستە و بیر
**********

دەستێک ( ٥ ) پەنجەی پیرۆزی
گوڵان ئاوێز
مەشخەڵێکی نەورۆزییان هەڵکردووە
گریان لە ئامێز گرتووە
نایانەوێت پێیان بڵێن دوورە پەرێز
ئای لەم دەستە یەکگرتووە
چ نێزەیەکیان لە سنگی
داگیر کەردا چەقاندووە
چەند خۆفرۆشیان لە ترسا تۆقاندووە
ئای لەم دەستە یەکگرتووە
چ ڕقێکیان لە دەروونی
سەرانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانیدا چاندووە
ئای لەم پەنجانە چۆن لێکتر نابنەوە
هێڵێ یاسای زەبر و زەنگیان بەزاندووە
پەنجە گەورەکەیان " تاریق "
پەنجە تووتەکەیان بەرهەم
سێ پەنجەکەی تریان عەلی و حاجی و کەمال
قۆڵ و مەچەک شێرکۆ جددی
لە لاپەڕەی بەرگریدا جەستە و خۆیان
ناساندووە
شان و بازوو : کوردایەتی
سنگ : کوردستان و
هەست : هۆگر
دڵ : شۆڕش و
هێز : چالاکی
خوێن : دەمارەکانی ئەیلوول و

سی و هەناسە : وورەی خۆگر
چاو : بریسکەی خۆشەویستی و
( لێو ) یش : بزەی دەم تروسکە
گوێ : بروسکە
گەروو : سروودی نەبەزین
قەڵای ووزە
شوێن : شار و شاخ
سلێمانی و دۆڵی جافەتی و قەرەداخ
**********

ئەم پەنجانە دەبوون بە پردی دەفتەر و
پێنوسیان دەپەڕاندەوە
دەبوون بە پرشنگی ووشە و
دەچوونە لاپەڕەکانی نامەی جەنگاوەرانەوە
جانتایان دەدا بە کۆڵدا و
لە کرێوە ی سەرما و سۆڵدا
بە بنا ر و چەم و دۆڵدا
ئەشکەوتیان دەلەرزانەوە
دەبوون بە لیست و پیتاک و
( ساغی ) و ( دەرزی )
بە ژەمە نانی چارۆکەی
ڕێبوارانی ڕێی سەربەرزی
هەندێ جاریش لە شار دەبوون
بە سووژن و
دەچەقینە چاوی جانەوەرانەوە
**********

دەستێک بوون هەر ( ٥ ) پەنجەکان
دەستێک بوون هەر ( ٥ ) مۆمەکان
دەستێک بوون هەر ( ٥ ) گەنجەکان

لە یەکتر جویٚ نە بوونەوە
پڵنگ ئاسا بەگژ مەرگا دەچوونەوە
تا ئەو کاتەی چوونە ناخی دەروونەوە
دەفتەری پڕ لە سەروەری شۆڕشی نوێی
هەرگیز لە یاد نە چوونەوە
١٩٩١/١٠/٢٤
لە هۆڵی ڕۆشنبیر کە جەماوەر ئەوەندە هاتبوون زۆرینە بە پێوە ڕاوەستابوون خوێنرایەوە
بێگومان گەیشتۆتەوە بە ڕژێم لە ڕێی نۆکەرەکانیەوە.

# لـه یادی "بێکەس" دا

١٩٧٠

بیست و دوو ساڵێک پێش ئێستا
لـه کانوون دا
لـه ژێر زەبری مەرگ و تەووژمی گەردوون دا
دڵێک وەستا
کە لـه ناخی گیان و هەستا
لـه دەروون دا
لـەگەڵ پەریی قژ زەردی شۆخی هەڵبەستا
کسپە هەستا
**********
دڵێک وەستا
پڕ لـه خوێنی سۆزی وولات پەروەری بوو
هی مامۆستا
کە سەردەمێک ڕابەری بوو
**********
لـه کانون دا
لـەگەڵ ئازادی وون بوون دا
پێڵووی دوو چاوێ سەر یەک نیشت
چاوێ کە نیگای دەگرتە

هەردوو تەنیشت
گوڵی ڕەنگا وڕەنگی دەکرد بە بەرۆکا
بە بەرۆکی شاخ و هەردی ئێسک سووکا
لەبەر خێسەی چاوچنۆکی خۆفرۆشا نەدەتروکا
**********

لە کانون دا
نیشت ئەو چاوەی لە دامێن پیرەمەگرون دا
لە سای ئەزمەڕ و گۆیژە دا پێ دەکەنی
لەگەڵ مانگ و ئەستێرە دا ڕادەچەنی
بەڵام بە داخەوە هەرگیز لانەی ئارام ڕاینەژەنی
**********

لە کانون دا
لەگەڵ هەناسەی زەبوون دا
پەنجەی پێنووسی دەستێکی بەهێز و تین
پەنجەی باوەڕی ڕاپەڕین
پەنجەی هۆنراوەی ئاگرین
کەوتە لەرزین
کە دەیچەقاندە دووچاوی داگیرکەری نەگریسەوە
بە بێ بەزین
بێ ترسی ڕێگری ژیان .. یا نان بڕین
ئەو مەچەکەی لە زنجیر و کەلەپچەی ناو بەندیخانە
سڵی نەکرد
ئەو مەچەکەی لە ئەیلوول دا نەبەردانە
وەکو دەنگی دلێرانە بانگی دەکرد
ژیان بۆ کورد ، مردن بۆ دوژمنانی کورد
**********

لە کانون دا
لە تەک ناسۆری گەردوون دا

زمانێکی تەڕ و شیرین لە گۆ وەستا
کە سروودی ڕاپەڕینی لێ دەپژا لە هەڵبەستا
دەماری کوردی کورد پەروەر لە خوێنەوە
سەربەخۆیی دەخۆێنەوە
لە ناوهەستا
کڵپەی شۆڕشی ئاگرین
یەکسەر لە گیان دا هەڵدەستا
**********

لە کانون دا
لەگەڵ شادی ئاوابوون دا
گەرووی ئاوازێکی ڕەوان ، کەوت لە دووان
کە چریکەی .. بانگی ئازادی دەپژاند
بەو پڕیشکەی چاوی دوژمن دەهاتە هەژان
**********

لە کانون دا
لەگەڵ تاسەی ناو دەروون دا
هەستێک کپ بوو ، هەستی مرۆڤێکی کورد بوو
هی هەستیارێک کە بە ژیری و ڕۆشنبیری
نەخشەی خاکە پیرۆزەکەی باو باپیری
هەڵگرتبوو هەرگیز نەدەچوو لە یادی
دەشی زانی کە نرخی ئەو هی ئازادی
لە خوێنی ئاڵ و گەشدا بوو
بۆیە دەیووت بە خوێن نەبێت
تا خوێنی سوور هەوێن نەبێت
ناسەندرێت
**********

لە کانون دا
گیانێک وەستا

گیانی بێکەسی مامۆستا
بێکەسی نیشتمان پەروەر
بێکەسی باوەڕ ، زێڕ ، گەوهەر
بێکەسی شەیدای سەربەستی
دژی دیلێتی و ژێر دەستی
**********

خۆی ڕۆیشت و ئەو باوەڕەی بۆ جێ هێشتین
تێی گەیشتین
لە سەنگەر دا پێی گەیشتین
نەمرد ، بەڵکو ژیایەوە
لەسەر لوتکەی چیا بەرزە بەرزەکان دا
لەگەڵ خۆر دا ، پرشنگی ڕوونی دایەوە
بوو بە مەشخەڵ
وا هەڵ بوو .. هەڵ

## شەهیدان

هۆ شەهیدانی ڕێگەی ئازادی
بە خوێن سەلماننتان مەردی نەبەردن
پیرە مێژوومان ناچێ لە یادی
وەک ملوانکەی زێڕکردوونیە گەردن
**********
هەر بن دەوەن و هەر بستە خاکێ
نیشانەیەکی ئێوەی پێوەیە
هەر سروودێکی لێوی ( چالاکێ )
گوترابێت هی ئەودەشت و کێوەیە
**********
شەقامێک نیە ، گەڕەکێک نیە
لێوی بە خوێنتان سوور نە کردبێت
چەک و قەڵەم و مەچەکێک نیە
دلێریتانی نەچەسپاندبێت

# بۆ: ع. ئاگرین لە بنەماڵەی مەحوی شاعیر

١٩٨٦

ئاگرین گیان
برای ووشەی کرداری وەک بڵێسەی ژان
وەکو گەلێک هەواڵی دڵ تەزێنی تر
کە بە درەنگ
دەگەنە هەستی .. بێ ئاگای
گۆشەگیریم
هەروەکو نارنجۆکێکی بە زەبرو زەنگ
بشڵەقێنی گۆمێکی مەنگ
ئاوا سەر دەکا شەپۆلی تاسە و کانگای
بیرەوەریم
ئاوازێکی پایزی ڕەنگ
ژێی زویریم
دێنێتە .. دەنگ
**********

وەکو گەلێک زامی سەختی
ئۆقرە و پشوو بەزێنی تر
کە دێن بۆ ڕەگی درەختی

ژیان و گیان
گەڵا سەوزەکانی تەمەن دەژاکێن
دەیتەکێنن
یان وەک گەڵێک تاڵاوی پڕ
لە خورپەی جەنگ
کە دێن بە خوڕ
لە ئەستێرکی ماتەمینی
دەروونیدا پەنگ ..
دەخۆنەوە
دەبن بە گڕ و گۆگرد و سووتەمەنی
وەک ژار و ژەنگ
خوێنی جگەر
دەخۆنەوە
**********

لەدەم ئێوارەیەکی خۆر سەرە و ژێر دا
لە قەڵەندەرخانەکەی کاکەی ..
فەلاحی .. جێنشینەکەی .. پیرەمێردا
کراسە ڕەش هەڵگەڕاوە
تۆراوەکەی
وەکو گۆیژە و
گڵەزەردە و خەمزە و قەیوان
سووتاوەکەی
کاکە " سۆران "
هەواڵی کۆچی ناوەختی شکانەوەی
پەلێکی بەرزی درەختی
مەحوی و باوکی تۆی ئەزیز و
سێبەرێکی ئێمەی زیز و

پەستی دامێ
بەڕاستی جامێک خەماوی خەستی دامێ
**********

منیش برای خوشکی پیتی ووشەکەتم
منیش هاوبەشی خەم گەشی
گۆشەکەتم
منیش بۆ کۆچی ئەزیزتان
لێو شەکەتم
وەک شاگردی عەشقی مەحوی
لە خەڵوەتا
دڵ پەرۆشە خامۆشە بێ خەوشەکەتم
لە پرسەتا
شنەی فەرامۆشی هێنی حەوشەکەتم
خۆتان و کورد
خۆش بن بژین
هەتا .. هەتا

---

تێبینی :
ئەزیز: عەزیز خالید
سۆران : سۆران مەحوی ، برای " ئاگرین "
قەلەندەرخانەکەی کاکەی فەلاح : مەبەست چاپخانەکەی کاکەیە کە سەردانیمان دەکرد و کاکەش ڕۆژنامەی " ژین " ی ماوەیەک دەبرد بەڕێوە و هەندێ لە بەرهەمەکانی پیرەمێردی لە چاپ دەدایەوە کتێبخانەیەکیش بەو ناوەوە هەبوو.

# نـەورۆز

١٩٧٣

وادوا پەڕەی ساڵنامەکەی
حەفتا و یەکی دوای بیست و شەش سەدەی نەبەرد
بە پەنجەی سەربەرزیمان هەڵ دەدەینەوە
لەسەر بەرگی پەیامەکەی زەردەشتی مەرد
ناوی مەزدە بە گوڵ پۆشتە دەکەینەوە
**********

تارا لەسەر چاوی ئاسۆی
خوێناوی لادەدەینەوە
دەمی چرۆی
بەهاری نوێ
چڵی نەمامی ساڵی نۆ دەکەینەوە
ئاگری سۆز
لەسەر چیا و لەناو هەستا دەکەینەوە
گیانی شەهیدانی نەورۆز
شاد و ئازاد دەکەینەوە
جەرگی ڕەشی ئەهریمەنی خوای شەڕخوازی
بە ئاهەنگی یەکیەتی بەر دەدەینەوە
دەشنێینەوە

دەنگ و ئاوازی ، ڕێبازی ، ڕێی شانازی
بە ئارایشتی تازەوە
لە سروودا .. دەڵێینەوە
لەگەڵ هێزی نەوەی کاوەی خۆشەویستا
ئاهەنگ دەکەین
نەورۆز دەکەین
جەژنی نەوەی نەورۆز و گیانی ئاوێستا
پیرۆز دەکەین
کوردستان شۆخ و شەنگ دەکەین
**********

نەورۆز دەکەین
دژی هەموو چاو تاریک و ئەژدەهاکێک
کەوا هەور و تیر دەهاوێت
بۆ هەتاوێک
ووشەو ناوێک
خوێن و ئاوێک
خۆڵ و خاکێک
نەورۆزی من گوڵێکی سوری پیرۆزی میژوویيە
نە لەبن دێت
نە کۆن دەبێت
نە دەژاکێت

---

تێبینی :
ئەم شیعرەش سانسۆر قەدەغەی کردبوو بۆ ئەو دیوانەی چاپ نەکرا لە کاتی خۆی.

# سەلام

١٩٧٠/٣/٣

ئەی فریشتەی هەستی پاک و ئاگراوی ..
هەڵبەست و پەیام
دیاریەکی پرشنگدارم .. بۆ هێناوی
بۆ یادی سەلام
**********

وەک گزنگی ئاسۆی سەوزی چیای نەوبەهار
پۆشتە و ڕازاوە
وەک نەرگسی مێرگوزاری کەناری ڕووبار
گەش و پاراوە
**********

وەکو بزە و زەردەخەنە و شنەی گوڵەباخ
جوان و نازەنین
وەکو شیلەی شەمەتلێنکەی شانەی درزی شاخ
بێگەرد و شیرین
**********

وەکو بادەی کچی ڕەزی ئاشنای خەیام

ڕەنگ ئەرخەوانی
کە لە نوێنی بێدەنگیدا .. گیانی شێخ سەلام
سەیوان خەوانی
**********

فریشتەکەم
ئەو دیاریەی کە پێشکەشی
سەر باوەشی
بزەی شیرینی تۆی دەکەم
بریتیە لە هەستێکی فراوانی
پڕ خۆشەویستی
بۆ هەستیارێک کە تەرخانی کرد ژیانی
بۆ کورد پەرستی
بۆ هوشیارێک کە نامرێت دەژی لە هەستدا
لەگەڵماندایە
وێنە و ناوی لە چوارچێوەی یاد وهەڵبەستدا
لە دڵماندایە
بۆ چالاکێک ڕاست و پاک بوو ، بۆ ڕووناکی
چرای ژیان بوو
بەر لە برای .. بەر لە دایکی .. بەر لە باوکی
هی کوردستان بوو
**********

بیری وابوو کە کورد دەبێت بۆ سەربەستی
بمێنێ و بمرێت
کورد بە شیری کورد پەروەری و خۆشەویستی
پەروەردە بکرێت
**********

ساوا لەسەر پشتی بێشکە بە کوردستانی
بپژێت زمانی

پشت و هێزی کرێکار و جوتیارانی
ڕەش و ڕووت و چەوساوە بوو
کە تروسکەی ڕووناکی یان
بە ستەمی زۆردارانی
خوێن مژانی .. قەمچی وەشێن
کوژاوە .. بوو
**********
لە کاتێکدا کە پانتایی ئەم نیشتمانە
هەمووی ئاگر بوو
لە گشت لاوە دەستی هەڵپەی ئۆردووی بێگانە
شار و دێ گر بوو
**********
لە پێشەوە زەبر و زەنگی
سوپای جەنگی ..
داگیرکەرانی عوسمانی
قەمە و نێزە ی کرد بە سنگی
کوردستاندا .. هەتاکوو توانی
هەر وەکوو جانەوەر چنگی ..
نینۆکاوی لە دڵ گیر کرد
دوژمنی کورد
بە هەزاران لاوی کردین بە قوربانی
بۆ مانەوە و پارێزگاری خۆی ئێمەی کرد
بە قەڵغان و سوپەر و پرد
**********
کە پەیمانی کچی سیڤەر بە بەرۆکی کوردستاندا
ڕەوا نەبینرا
لە مەقەڵی کۆبوونەوەی کۆڕی لۆزاندا
ونجڕ ، ونجڕ کرا و .. برا و

ســـــووتێندرا
داگیرکەری ئینگلیز دەستی پیسی هێنا
خاکمانی ئەوەندەی تر بریندار کرد
نقوومی کردین لە ناو خوێندا
واشی نیشان دەدا مافی چارەنووسی
دەپارێزێت بە پیلان و زمان لووسی
چەند کەسێکی خۆفرۆشی بە تەفرەدان
کڕی و خەڵەتان
کە مانەوە بە ڕووڕەشی
هەر تاوانبارن لە ئاستی مێژووماندا
مێژووی کوردستان
**********

ئەی گۆنا ئاڵ .. دیدەگەشی ئەرخەوانی
بە مێژوودا گەر بڕوانی
دەبینیت چۆن جانەوەری برسی دەمیان
تێ ژەنی بووین
بە کەڵبەی قین
سینە و دڵیان .. ئاژنی بووین
ئەم وڵاتە پارچە پارچە و وێرانە بوو
سەربەستیمان ، ئازادیمان
بچوکترین مافی ڕەوای نرخی ئادەمیزادیمان
دیل و بەند و
کلیلی لای بێگانە بوو
**********

بەری ڕەنج و شان و بازوو بۆ زۆردار بوو
نرخی داواش دار و شەقی پەلامار بوو
ملەکەوە
سەری لە ژێر باری خەمدا

کەچ و داماو بوو
گۆیژەی شیرین
لەژێر باڵی ڕەشی تەمدا
دوور لە هەتاو بوو
پیرەمەگروون چاوی ڕەشی
لە فرمێسک و خوێناودا بوو
کوڕە کاژاو کوڵمی گەشی
لە ناو لیتە و قوڕاو دا بوو
سلێمانی هەناسەکەی لە تاسەدا پڕووکاو بوو
کەرکوک نۆبووکی ڕەشپۆشی ..
هیوا و دەزگیران خنکاو بوو
دوژمن دەیویست هەستی پاکی نیشتمانی
لەناو بەرێت لەگەڵ گیانی هەڵگرانی
**********

بەڵام هەتا تین بە زەبر و زەنگ تر بێت
زیاتر خولیای ئازادی لە خەیاڵە
باڵندەی بەند تا قەفەزی تەنگتر بێت
زیاتر شەیدای بەربوون و شەقەی باڵە
سەلام دەستی دایە خامەی
بەرامبەر ناپاک
وەکوو شاگردێکی کاوەی
دژ بە ئەژدەهاک
**********

لەگەڵ زام و سزای نەوەی خۆیدا ژیا
بە پێنووسی بیر و بڕوا چوو بە گژیا
لەگەڵ هەستی پیرەمێرد و بێکەس دا دەنگی
لە پێناوی ئازادیدا ئازا دەجەنگی
لەگەڵ تاق تاق کەرەی شەو دا

شەوان بێدار بوو
بۆ سەربەستی
گەرووی هەستی
لەگەڵ ئەودا ..
پڕ لە هاوار بوو
بە دەنگێکی دڵسۆزانە بانگی دەکرد
بۆ یەکیەتی و
برایەتی و
ژیانەوەی نەتەوەی کورد
**********

سامی سیمای نەگریسی بت پەرستەکان
ڕای نەچڵەکاند ..
سەری بەرزی بە هیچ جۆرێک دا نە نەواند
بۆ بێ ویژدان
**********

ئەی فریشتەی هەستی کوردی
هەڵبەست و پەیام
دیاری یەکەم پێشکەش کردی
بۆ یادی سەلام

---

تێبینی :
لە بیرەوەری یانزە ساڵەی کۆچیدا لە کۆڕێکدا خوێنرایەوە کە "ک هـ و ك "ڕێکی خستبوو.

# بۆ شەهید غازی فاتح وەیس

١٩٨٥

پێش ماڵ ئاوایی و هاتنی ئەم هەواڵە
هاتی بۆ هاوبەشی یادی دوو سەد ساڵە
سەڵاوی – قەڵات - ت هێنابوو بۆ کانێسکان
گوارەی - خانزاد - ت هێنابوو بۆ حەپسە خان
**********

هاتی بۆ هاوبەشی یادی دوو سەد ساڵە
قەڵەمی حاجی قادر ت دابوو لە بیر
دیاری پاشای گەورەت هێنا بیدەی بە میر
پیرمامت هێنابوو بۆ گۆیژە و بۆ هەزارمێرد
دەنگی " موکریانی " ت پێبوو بۆ " پیرەمێرد "
چەپکێ هەناسەت گرتبووە سنگ و ئامێز
گوڵی عەنکاوەت هێنابوو بۆ سەرکارێز
گڵی " کووران " ت هێنابوو " بۆ دەباشان "
باڵی " تەیراوە " بۆ چوارباخ بۆ حاجیحان
هاتی بۆ دیداری یادی دوو سەد ساڵە
ئارەقی گەرمی گەرمیانت نابوو لە کۆڵ
چرای زانست بە دەستەوە بۆ شانۆی هۆڵ
**********

هاتی بڵێی

گیانی خانی و نالی و جزیری و مەولەوی
نەکەن .. نەوی
دەخیلتان بم قەڵەم  بەدەستان کۆک بن ، کۆک
تیشکی گلێنەی سەرچاوەی
ڕۆشنیان بدەن لە بەرۆک
**********

هاتی بۆ دیدەنی یادی دوو سەد ساڵە
پێش کۆچ و .. پێش گەیاندنی ئەم هەواڵە
هەتا بڵێی : -
ئەی شاری بەفر و ڕەشەبا و کڕێوە و تۆف
شاری ڕەشپۆشان و خامۆشان و ئاخ و ئۆف
ئەی شاری کڵپە و بڵێسە و مەرگ و ئاگر
شاری شێخ مەحمووی نەمری مەشخەڵ هەڵگر
شاری کەریمی عەلەکە و ڕەنج و پەیام
شاری گۆران و شێخ نوری و حەمدی و سەلام
تۆ شوورا بوویت و شار بوویت و بووکی شاری
بۆ ئەژنۆی ئۆردووی بێگانە مشار بوویت و هەر مشاری
هاتی بڵێی
خۆشم ئەوێی
ئەی شار هۆ خەڵکی شار هۆ هوشیار
دەستم دامێنتان نەخلیسکێن بۆ ڕێی نەیار
نە لە کەنار نە لە بنار
نە لە گەرمیان .. نە لە کوێستان
بڕوا نەکەن
" نە بە پێکەنینی زۆردار ، وە نە بە هەتاوی زستان "
هاوار بکەن
زبانی کوردی ڕەسەنە و
ڕەوە پەپولەی ڕەنگینی

باڵ گرتووی سی و گەرووی خەمە
لە سەردەمە
درەختێکە ڕەگ داکوتاوی قووڵایی
مێژووی دێرین و سەردەمە
هی خۆیەتی و هەر دەمێنێ بێ کۆتایی
نە هی ڕۆمە و نە عەرەبە و نە عەجەمە
**********

بەڵام داخەکەم دەنگت هات ، ڕەنگت نەهات
هەواڵی شەهید بوونت هات
وەکوو گەلێ کاتی تر هات .. بوو بە نەهات
بووی بە شەهیدێکی یادی دوو سەد ساڵە
هەتا هەتایە یادی تۆش کوڵمی ئاڵە

تێبینی :

لە " پاشکۆی عیراق "ی ژمارە ١٣١ لە ٤ / ٤ / ١٩٩٠ بە ناتەواوی بڵاو بۆتەوە.

# لـه نێوان دوو سەردەم دا

- ١ -

سەردەمێک بوو
ژیان باخچەی خۆشبەختی بوو
سەروەختی خۆشەویستی بوو
لە چاوان دا کینە و گومان
نە دەبینران
باو ، باپیران
وەکوو برای گیانی گیانی
ئەم بۆ ئەویانی دەڕوانی
**********
ئەگەر هاتوو ، گەورە و بچووک
لەسەر شتێکی سادە و سووک
زویرییەک بکەوتایە نێوانەوە
نەیاندەهێشت بەسەریدا
راببورێت
زوو دەکەوتن بەسەریدا
یەک ، لە یەکتری ببورێت
کاتژمێرێکی نەدەبرد
ئەم چاو ، ئەو دەستی ماچ دەکرد

ئارایشتی ئاشتبوونەوە
شی دەکردەوە .. ئاڵۆزی
ڕابردوو ، لەبیر چوونەوە
دەبوو بە مایەی پیرۆزی
**********

بەڵام ئەمڕۆ
خوا نەکردە لە ڕێ و بانا ڕێ بکەوێت
شانت بەر شانێک بکەوێت ..
یان دیدە بۆ خەیاڵێک شۆڕ بکەیتەوە
هاوشانەکەت وابزانێت
چاوی لێ مۆڕ دەکەیتەوە
یەکسەر خۆی بۆ ڕاپسکاندوویت
بۆکسێکی تێ سرەواندوویت
جنێو لەگەڵ
ئنجا دەمانچەی بەر باخەڵ
هەڵدەکێشرێت
ئافەرین کەڵ ..
کاتێک دەزانیت دەبێتە
هەڵا هەڵا
دوان یەکتریان داپڵۆسی
لە پێشەوە
بوتڵ و گڵاس بە یەکدادان
ئنجا شەق لە یەکتر هەڵدان
نەخەیر وا دەرهات بۆکسی
دەم بە چەقۆش .. !
- سەیرکە تۆش ! برادەری دەوری سەرخۆش
- ئەوە چی بوو ؟
- چی دەپرسی ؟

کارەساتێکە .. مەرگەسات
وا دای وەشاند
دای لە قەبرغە و دەفەی شان
خوێن چقەی بەست و
دایوەشاند !
- ڕاکەن زووکەن
ئەگەر بێتو نەشتکوژێت
بەدەسکەکەی
هێندەت پێدا دەکێشرێت
هەرچی لە مێشکایە بپژێت
**********
جا ئەوەی لێکیان کاتەوە
خاک بە سەری
تا دوو هەفتەش
بە هۆش خۆیدا نایەتەوە
لەتاو سەری

٢

هاوڕێن و وا لە سەیران دان
لە گۆرانی و چەپڵە ڕێزان و
سووڕدان دان
دەخۆنەوە
لە لای خۆ خەم بە با دەدەن
بە گیانێکی ئاسوودەوە
دەڕۆنەوە
مرۆڤ دۆستێ فریای بۆ نارد
نەء نەگەیشت
گیانی سپارد

داخ بۆ دایکی هەناسە سارد
بۆ ئەو باوکەی سەردەمێ بوو
ژینی بێ خەم ڕادەبوارد

١٩٨٠

تێبینی :

ساڵی ١٩٨٠ ڕێکەوتی سەیرانێک بۆ سەراوی سوبحان ئاغا ، ناوەرۆکی ئەم ڕووداوەم بینی و نووسیمەوە.

# گوڵ نینۆک

کە لە کۆشنی پێشەوەی تەنیشتی
چەپی خۆیدا
دەبم بە هاوەڵی گەشتی لێخوڕینی گەڕێن و
زەردەخەنە و گفت و گۆیدا
ئەوەی جێی ڕامان و سەرنجە
بسکەی سەمای لەرە لیرەی گوڵنینۆکی
گۆجەرگی سنگ و بەرۆکی
دەست و پەنجە
لەسەر " گۆرکە " ی کشێنەری گەڕێنەکەی
تیسکە نیگامی دەخستە
خولیای نەرمە باز و لەنجە
تۆوی حەزێکی وای تێدا چاندم
کە هەرگیز ڕێ بەخۆم نەدەم
لەگەڵ " لێخوڕ " ێکی تردا
گەڕان و گەشتو گوزار گرێ بدەم

لەندەن
٢٠٠٨

# بلووس

١٩٨٩

جوانێک خاوەن بلووسێکی
پرتەقاڵی
گوڵهەناری تێدا چنراو
لە دایەرە
بوو بە بابەت و
نیشانەی دەمەقاڵی
کچانی چاو پێدا لکاو
**********

نەسرین ووتی:
ڕەنگە دەسگیرانی دووری
کە دەبێتە کوڕە پووری
بۆی ناردبێت
بەخوا چاک دەخوا مشوری !
**********

ئەڤین ووتی:
نەء من بینیم لەو کۆگایە
هەڵواسرابوو
دەبێت پەیوەندییەک هەبێت لە نێوانا

پێرێ نا بەسرپێری بوو
لە کاتی بانگی شێوانا
کچێکم بینی لەم دەچوو
بەرەو ئەو کۆگایەش دەچوو !

نەرمین ووتی :
بڕوا ناکەم کەس دڵی بێت
بلووسێکی گرانبەهای
وا ببەخشێت
ئەی بۆ ناڵێی لەوانەیە
لێی کڕیبێت

ڕووناک ووتی :
جا سەروچاوی خواتەوە
کێ بێژی دێت ..
ئاوڕیشی لێ بداتەوە !
خاتو پاکیز هەڵیدایە
ئەڤین ڕاست دەکا ئاوایە
کە پەیوەندی دڵدارییان لە بەینایە
منیش دیم خۆی کرد بە وێدا
یەک دوو چرپەی دا بە گوێدا
گوڵاڵە خۆی پێ نەگیرا و
ڕۆیشت بۆ لای
بۆ پیرۆزبایی و دوو ماچی ئەملاو ئەو لای
کە وەرامی پرسیارەکەی
هێنایەوە
هەر یەکەیان پەشیمانی
بۆ مایەوە

- ئەم بلووسە بە دەستی خۆی
چنیویەتی
بەری ڕەنجی
ماوەی دوو مانگ و نیویەتی

نموونەیە بۆ ڕەوشت و
دەست ڕەنگینی و
هونەرمەندی
بڕوای بە هەوڵ و کۆششی
خۆیەتی وبەس
نە پەیوەندیەکی بەستووە
بە کەسەوە و
نە دڵە ناسکۆڵەلەشی داوە بە کەس

## لە دەزگایەکدا

لە دەزگایەکی گرنگی شاردا
لە ئامێزی کورسی و مێزێکی ساجی بریقەداردا

شۆخێکی پۆشتەی خەست ئارایشت و
قژ لە دوا بەستوو
گەردن زنجیری سێ لۆی سەرتاپا
لیرە ڕیز بەستوو
مەچەک دەرزەنێک بازن تا باسک
یەکتر ماچ کردوو
بە ناز دانیشتوو
لەگەڵ ئەو چەپکە گوڵەی تەنیشتی تەلەفوونەکەی
پێشبڕکێی دەکرد
جوانێک بوو ئێستاش نازانم بڵێم
لە چی و کێ لێی دەکرد !
**********
لەگەڵ ڕۆژێکدا ، کزەی جەرگان دێ !
من و هاوەڵێک
کارێکی پەلە ئێمەی گەیاندێ
وامزانی ڕێزمان لێدەگرێت دەڵێت

فەرموون بەخێر بێن سەرچاوی خاتوون !
ئایا کارێکتان هەیە بۆی هاتوون ؟
چاوم بوو بە گوێ
هەتاکوو بدوێ
زاری هەنگوین هێن !
درەختە ئاڵتوون
**********

بە پێچەوانەی بۆچوونم بە ڕووی
گرژ و مۆنەوە
ڕەفتارێکم دی ، نەمدیبوو لە هیچ
فەرمانبەرێکی تازە و کۆنەوە
ووتی : پێم ناڵێن ئێوە کێن و چین ؟!
لە کوێوە هاتوون ؟ لە یابانە وە
یان لە هیند و چین ؟
کێ ڕێگەی پێدان ؟
کوێر بوون ئەم ڕستەی :
" چوونە ژوورەوە قەدەغەیە " تان
بە دەرگاکەوە ، نەخوێندۆتەوە ؟!
فەرموون چۆن هاتوون ،
ئاواش، دەرەوە
زەنگێکی لێدا و بەسەر ( بەردەستە )
داماوەکەی بەردەمیدا نەڕاند
بۆچی هێشتووتە بێنە ژوورەوە
ئێرە دایەرە و دەزگایە یان( خان ) !
- ببوورە خوشکێ .. سکرتێرەی خان !
دەزانین بەگی بەڕێوەبەرتان
ئەم بەرگە گورگەی
کردۆتە بەرتان

سکاڵایەکمان لەسەر مێزێتی
سێ مانگە لە جێی خۆی نەبزواوە
ئەم نامەیەشمان بۆ بەڕێزێتی
لەلایەن خاوەن دەسەڵاتێکی
گەورەی شارەوە
بە سوور نوسراوە !
**********

دەزانین بەبێ دەستیاو و بەرتیل
لەم شوێنە ( مووش ) ی سکاڵای کەسێک
بەگ نەبێ و پاشبەگ
لە تیل تیلێنا
لێی ناکرێ تیل

# ڕاپۆرت

١٩٨٣

بلّین بەو مارە بێ بارە
خشەی بێت و
فشەی بێت و
بنووسێت !
وەکوو زەمق و پەڵەی پارە
بە کاغەزدا
بلچکێت ، پیابنووسێت !
ئەگەر کەم لێم دواوە پێی
بلێن .. با
لەمەودوا ، دانی دژواری
بەڵێن .. با
دەمی بێنێ و
لەبن پێمدا ، بنووسێت
بڕێژێت ژاری هێندەش پیا
بنووسێت!

ئەگەر هەر کول نەبوو ، با بەرگی بۆقی
بپۆشێت و بقیڕێنێ بە - بۆقی -
**********

دەڵێن مامر لە کاتێکدا
بەخۆی زانی لەجێی قازە
لەگەڵ لاساییدا چاوی
گەلێ ئاسایی دەرپۆقی
لەتاواندا ووتی ( تۆبە ) !
ئیتر نابم بە ( هەو ) .. تازە
**********

ئەگەرچی هەر کەسێک کەندی
کە هەڵکەند بۆ کەسێک بۆ خۆی
دەبێتە قۆچی گۆبەندی
شکانی دەست و ئەژنۆی بۆی
**********

ئەگەر - کۆڵ - کۆڵێ نەتوانێ
ئەوەی قازانجە زوو کۆڵ بات
نەوەک رووی کردە هەر خانێ
لەژێر پێی خانچیا مۆڵ بات
*********

ئەوەی گوێ سووکە بۆ راپۆرت
ئەوەی بۆت بۆتە کۆسپ و قۆرت
دەبێت رۆژێک بە ئەژنۆیدا بکێشێت
بەڵام کەی ؟ کاتێک ئامبازی
دەبن ، ئای کوێی دەئێشێت !

# شیعری گۆرانی

جوانێکی خەمبار
کیژێکی ناسک دیاری
خەندەی خاوێن دەکەیتە میوانداری
وەک دیاری
چاوەکانت پرشنگ و مەقامێکن
هەمیشە پەیامێکن
سروە و بزەی خۆشەویستی دەنێرن
شەتڵە ساوای باخی هیوا دەدێرن
کەچی هەندێ جار خۆت لام خەمبار دەکەیت
سروشت لێوبەبار دەکەیت

هەورم پێ دەگریەنی
وولاتم بێ وار دەکەیت

ئەی کیژە خوێن گەرمەکە
هەرگیز هیوای ڕەنگین لە دڵ دەر مەکە
هەرچی کۆسپە خۆڕاگربە بەرانبەری
حەیفە ژیان بە خەمەوە بەسەر بەری
تۆ نەونەمامێکی تازە چرۆ دەکەیت

بە دڵێکی فراوانەوەباوەشت
بکەرەوە بۆ دوارۆژی ڕوون و گەشت
لەگەڵ خۆتا درۆ نەکەیت
بە خواستەکانت هەر دەگەیت
بڕۆ بڕۆ بڕۆ
دەگەیت

# هۆرەیەک لە بیابان دا

١٩٧٧

ئەگەر بێتو هەموو جیهان بپشکنم
وەکو گەڕۆکێکی شەیدای
گەشت و جوانیی
فریشتەکان باڵ بگرن و بێنە کنم
بە میوانیی
وەک ماجەللان بە ڕووی هەسارەی زەویدا
بسوڕێمەوە بە بەرزی و بە نەوی دا
هەر شەوەی لە چاوگەشترین
کۆچە و شار دا
لە دامێنی ڕەنگا و ڕەنگی
باخ و گوڵزاری سای شاخ وگوێ ڕووبار دا
لە خۆشترین کۆشکی زێر بەندی قەشەنگی
سەر مینای سەر بە ئاهەنگی
ڕازاوەترین کەنار دا
لە سەیرانگای دەم قەڵبەزە و
فوارەی دەم بە ئاوازە و
نزم و بەرز و
پڕ لە گەشە و بزە و مەزە و

غەز و بەز و
حەز و بزوێنی ئارەزوو
وەک قەڵبەزەی نیاگارا
شەربەت بکەم بە شەوگارا
پرشنگ بکەم بە پەلکەزێڕینەی نیگارا

ماچ نانی شێو بێت
پارشێو بێت
هی ناشتا بێت
هەر ساتەی دەستم لە دەست و
سەرشان و ناو باخەڵێکا
لەناو مەمی
نازدارێکدا لە گەشتا بێت
هەر ووچانەی لە هۆڵێکدا
قۆڵ وەک پشتێن
لە پشتا بێت
••••

لەسەر نیشتەی
نەرمەلۆکەی
بەرامبەری شانۆی سەما
لەژێر باڵی
بالێی ئەندام فریشتەیی
لە کۆمەکە ئاوازی ڕاز لە ناودەما
گیان هێنەرە جۆش و خرۆش بەشێنەیی
کوێم ویست بچم
لەندەن ، مۆسکۆ ، پاریس ، بەرلین ،
کشمیر ، وارشۆ ، بۆمبای ، پەکین

لەوێوە بۆ کام نەبینراو تێ هەڵبچم
بێجگە لەم بەهەشتەجێ گەشتە بە بڕشتەی
فریشتە پۆشتەکەی خۆمان
کە لە لای خۆم سەرگروشتەی
چیرۆکە و داستانە و ڕۆمان

ئەگەر ئەوم لەگەڵ نەبێت
هەموو گەشت و گوزارەکەم
بێ گیان و بێ هەست و مەبەست و بێ تامە
هەرگیزا و هەرگیز نامەوێت
بێ ئەو ئاهێکی ناکامە
نەخۆشیە و ژان و زامە
••••

ئیتر بۆچی بەدەستی خۆم
خۆم هەستی خۆم
ئاوارە کەم
سوێ و ژان بخۆم
ئەگەرچی هێشتا نەشچووم و
ناشچم بێ ( تۆ ) م
ئەوباڵی جێماوەکانم ، بێنە ئەستۆم
ئەگەرچی گەشتەکەم ئێستا ، ڕەنج کێشانە
بەیانیان زوو، لەگەڵ بانگ خورپەی هەڵسانە

لە بەغداوە بەرەو کارگەی ( تێ ئاخنراو ) ی فەلوجە
خۆ کێشانە و هەنگاو نانی پەلە و گورجە
تا ئێوارە و شەویش هیلاکی کار و ڕێ
بنووم و زوو هەستمەوە

جێ نەمێنم لە چاوەڕێ
لە هاوکار و هەستی هاوڕێ
••••

لەخەو هەستم ، بەڕاکردن هانا بردن
وەک سەربازی فەرمان پێدراو لە کاکی ئەفسەرەوە
بۆ لەش سووکی و مەشق کردن
تا ئەو شوێنەی هاوەڵەکانم وەستاون
بە بەرگی کار لەبەرەوە ،
ئەگەر جێش مام دەبێ دەستێ
زوو زوو هەستێ
چاوەڕێ بم گالێسکەیەک بۆم ڕاوەستێ
لەم بەرەوە
لە پردە ئاسنینەکە بپەڕمەوە و دام بەزێنێ ،
کاتەکانم بتەزێنێ
دیسانەوە چاوەڕوان بم
یەکێکی تر هەڵمبگرێ و
لە ( عەلاوی ) داماوان بم
ئنجا بیکوتم بۆ گەراج
ئامادە بم بۆ دانی ، باج
دیسانەوە چاوەڕێ بم تا پاسێ دێ
بە راوەستانی ڕێ و بانی
دابەزین و هەڵگرتنی وەکوو منی
ویستگەکانی شاروچکە و دێ
بە هێمنی
کاتێ دەزانم کاتژمێر دەبێت بە هەشت
یان کەمتر و زیاتر ئەویش بە پێی هەڵوێست
لێم دەکاتە دۆزەخ بەهەشت

دۆسێکەم بۆ پڕ پڕ دەکات
لە پرسینەوەی پڕ بە پێست ،

منیش دەبێت لە نووکەوە
لە خاڵێکی بچووکەوە
پیت و ڕستە بکەمە گوێ ی
تۆمارکەری گوێ سووکەوە
●●●●

بەڵام وا گوتمان جێ نەمام
من دەبێت زۆر لە پێش کاتەکەی ژواندا
ئامادە بم
ڕابوەستم
وەکوو نەمام
لە سوچێکی بێگومان دا
خۆ شۆفێری ..
ماندووی تووڕە و تۆسن فێری ..
کاتژمێری
دەقاو دەقە و
لەسەر هەقە و
کوڕی هەلە و
چاوی گەلە و
پەلەیەتی بتگەیەنێ و
بگەڕێتەوە بە پەلە ..
زوو سەرکەوە و
دەرگاکەشی سووک دابخرێ
ئەگەر نەتەوێ تووڕە بێ و یەخەت بگرێ
دەی ئنجا پیش بخۆرەوە و

مەدوێ و بڕۆ ..
کرێکار و فەرمانبەرانی بێزاری ڕێی هاتوچۆ
زۆربەیان بێ حەوسەڵەن و
چاو خەواڵوون
ماندووی نەحەسانەوەی دوێنێن
لە گیانی خۆیان وەڕس بوون
مەدوێ و بڕۆ
ئایەتولکورسی بخوێنن
وەر نەگەڕێن لەم ( جادەیە )
هێڵی مەرگ ڕومادییە
شۆفێرەکەش خەوی نەیەت
ڕەتەڵ نەدات
وەک چۆن جارێک
دەم بەهارێک
سەرماو قولاتێکی پێداین
وێنەی مانگێکی چوار شەوەی
سوور هەڵگەڕاو
لە پێستی پشتا چاپکراو
تا دوو مانگیش
نەم دەتوانی ..
لەسەر ( دەمەداس ) بخەوم " ١ "
تا بەیانی
ئەمەش دیاری ..
پاسی پێخواسی وەرگەڕاو ،
••••

یادی ئەم گەشتە خەستانەی ئێرە نادەم
بە گەشتەکانی جیهانی تازەی سەردەم

هەناسەیەکی وولآتی خۆمان نادەم
بە هەزاران ماچی بێگانەی دەماو دەم
خۆ هەرچەندە
هەڵوەشاوە و دوور خراوەی
خاکی خۆمم
بەڵام لەگەڵ هاوزامانم
هەواڵی ئازارەکانی کوردستانەکەم دەزانم

" ١ " دەمەداس : هلال

# جیاوازی

١٩٨٠

" هەموو دڵێک دڵێک نیە ،
هەموو گوڵێک گوڵێک نیە "

ئەم دەستەواژەیەم سەلماند
کە گوێم لێبوو
کچێک ، دڵدارەکەی دەدواند

پێی دەفەرموو
لەو کچانە نیم شوو دەکەن
بە سۆپەر و مارسیدس و بەرازیلی

یان هەمەجۆر
ماڵ و سامان و هەڵپەی زۆر

هەرگیز ناتوانن من بکەن بە نێچیریان
هەرگیز نەی پێکاوم ، تیریان
••••
ئەو کچانەی کەوا دیلی

کەلەپچە و بازنە و ئەڵماس و
پێوەندی پاوانەی زێڕ و
بەسراوی لوولە زنجیر و
ملکەچی پشتێنی لیرە و
گۆبەرۆکن
لەگەڵ بیر و سەرنجی مندا ناکۆکن
ئەگەر دوورن
ئەگەر خزمن
کچە مامن ، کچە پوورن
خوشکیشم بن
ڕەوشت نزمن
ژەنگی نەفامی تێکەڵی
مێشک و هۆشن
خۆ فرۆشن
••••
جارێکی تریش کچەکە
ڕووی لە کوڕەکە کردەوە
ئەمەی دووبارە کردەوە : -
من دەیڵێم پێت
نوێترین جامبۆ و شۆفرلێت
بەدەورمدا فڕکەیان بێت
دڵم بۆیان دا نا خورپێت

دەیسەلمێنم بە کردەوە
هەر بە تەنها خۆتم دەوێت
با ڕوون و ئاشکرا بێت لێت

جەوهەری بازووی مەردانە و

کۆشش و ڕەنجی کوردانە و
جەوامێرانەم خۆش دەوێت
نەک شۆفرلێت ،

من دەمێکە خۆم داناوە بۆ پیاوێک
تێبکۆشێت
خۆی نەفرۆشێت
ڕەنج بدات بۆ پێناوێک
بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی
کام ئازار سەختە بینۆشێت
نەک گەوجێکی گەمژەی بێ هونەری ..
پووچ
کرنووشبەر بێ و دانەوێ و نووچ بدات ..
نووچ
من دڵی خۆم دەدەم بە هونەرمەندێک
نەک بە تەڵای
پڕ بە باڵای
گڵاوی دەوڵەمەندێک
گلا بێت و گەوزا بێت لە
مەیداندا
چاو سەرەو ژێر بژی لەناو
مەرداندا

# گۆرانیەکی ماوەتی

ماوەت ١٩٧٤

{لەرەش هەرمیان} و لە {کانی بەردێ}
چەند جارێک بینیم دڵی بزواندم
بەڕاستی شۆخی و شەنگی لە خۆی دێ
تۆوی ئەڤینی لە ناخدا چاندم
••••
وەک بەفر و هەتاو پرشنگ دەبەخشێت
بە قژی زەرد و ڕوومەتی سپی
جەرگ و دڵ زامدار
دەکات بە کپی
••••
شاعیران کچی جوانیان خۆش دەوێ
خۆ منیش نەوەی شیعری بەسۆزم
لۆمەم ناکرێت نە لێرە و لەوێ
شی بکەمەوە خەمی ئاڵۆزم
••••
شیعر و جوان جووتن لە سوقراتەوە
بە ئاوازەوە پێکدا لکاون
دەستێک هاتبێت لێکیان کاتەوە
هەر پێنج پەنجەکەی یەکسەر شکاون

# هەرزە

هەرچەند هێشتا هەرزە و کاڵیت
لە ڕوخسار دا هەر منداڵیت
بەڵام سیحرێکی نهێنیت
هەزارەها گەورەکچی شار دەهێنێت
قژی درێژی ئاوریشمین
بۆ گەردن و سینە و مەمت بۆتە پۆشین
لە سێبەریا بزە دەگریت
دڵی جوان پەرستان دەگریت
کاتێ کە تەلەفون زەنگی
لێدا و چوویت بۆ هەڵگرتنی
چەند لێت جوان بوو
قژ لادان و
ناسکە هەلاوی پڕ ناز و
پڕ شەرمنی
دەرکەوت کە زیاتر قەشەنگی ،
منیش ئەوەندەم لەسەرە
لە شیعرێکی ئاوازدارا
بڵێم ئەی فریشتە وەرە
لە جیاتی من باوەش بکە بە نازدارا

# گوڵ وەنەوشەکان

# مار

١٩٩٥

کوڵە مارێک
دڕکن ، کوڵکن
چڵکن ، پڵکن
شەوی جارێک
کراسی کاژ دادەماڵێ
خۆیت لێ گیڤ دەکاتەوەو
بەردەمی خۆی ڕادەماڵێ
بەرەو خەولانەکەت دەکشێت
بەو جەستە سپیکەلانەو
هەتا بڵێی ناسکۆڵەتا
دەفیشکێنێت و دەخشێت
لەو قاچە بچکۆلانەوە
بەو پووزە سفت و سۆڵەتا
بەو لاڕانە نەرمۆڵەتا
تا بەر سک و
شەنگە سنگ و
سەرگۆی هەردوو مەمکۆڵەتا
تا بەر گەردن و لامل و لاڕوومەتت
هەڵدەگەڕێت

تێت دەئاڵێت
هەڵدەکورمێنێ بەژنی کەڵەگەتت
هەردوو قۆڵ و پێ و دوو دەست و پووز و باسکت
دەبەستێتەوە بە کلکی ، لە سەر ناوکت
لێت دەچێژێ و
ژەهرە مارینی دەڕێژێ و
بەسینەتا دەڕشێتەوە
ئەوسا بەرەو مۆڵگاکەی
خۆی دەکشێتەوە
تۆش بە جەستەی سڕو تاساوی ئاوساوی
جێ گازەوە، حەپەساوی
چاوەڕێی خۆر و هەساوی
خوازیاری لێی دەرباز بیت و نەیاتەوە
گورزێک سەری پان کاتەوە
**********

هەموو شەوێ
بۆرە کوڵە مارێک پۆخڵ
گەزۆی دەوێ
ڕژانی تامەزرۆی دەوێ
شۆڕە ژنێ
ناسکترە لە پەڕی گوڵ
لە خەوی قووڵ ڕادەچەنێ
کەتنی خۆی دەکاو پاشان پێێ پێ دەکەنێ
*****

نەفرەت لە چارەی کوڵەمار
تف لەو چارەنوسە تفتە
تۆی گیرۆدە کرد و بوویتە
نیشانگەی هەڵپە و پەلامار

# ئاراستە

١٩٦٧

جوانەکە لەگەڵ تۆمە
بوویتە جێی سەرزەنشت و ڕەخنە و گازندە و لۆمە
دڵگیر مەبە ئەم داخەش
ئاراستەی ئەستۆی خۆتە
خۆت بە ڕازیبوونی خۆت ئەم ژەهرەت نۆش کردووە
خۆشت خۆت هاویشتۆتە
دۆزەخێکەوە هەرچی ژیانە تیا مردووە
*******
چۆن پشتت بەست  بەو گەوجە جانەوەرە ئیبلیسە
بە گزی
دڵ و جەستەتی دزی
ئەو ڕێویە ، ئەو مارە، دڕندە داوێن پیسە
ئەو زۆڵە
ئامبازت بێت هەژگە چنگ
بێنێت بۆ گەردن و سنگ
بڕووشێنێ مەمکۆڵە

نازت بێت

گازت بێت
ڕازت بێت
مڵەی دەمیش بەر بێتە
سوراوی خونچەی لێوی
تەڕ و بڕ و تەنک و ناسکۆڵە
*****
لەگەڵ تۆمە جوانەکە
ساویلکە بێ ناز و بێ تاوانەکە
چۆن باوەڕت هێنا پێی
خۆت خستە ژێر دەست و پێی
ئەوەی هاوسەرتە ، ئێستە
ئاخنراوی یەک پێستە
" خوویەک گرتی بە شیری ++ تەرکی ناکا بە پیری " ( ١ )
ئەو گەمژەی حەرامزادە
کەی ڕەوایە پێی بڵێن مرۆ و ئادەمیزادە
کە خۆی لکاندپێتەوە
وەک مارێک دای پێتەوە
کوا بەزەیی دەزانێ
تا بکرێتە بەرپرسی خێزانێ
کوا چێژی خۆشەویستی
لە ڕەفتاری دەبینی و لە لێوانی دەبیستی
ئەو سپڵەی بێ ویژدانە
هەڵپەی هەر بۆ مژ .. دانە
خڕکردنەوەی پارە و چاوچنۆکی و چڵێسی
بە موو لێیان لانادا " دەها ساڵ بۆی برێسی "
پارەی دەم نێی بە ڕۆژێ
کێت بوێت بۆت دەکوژێ
ئامادەیە بە نۆشێ ، قرۆشێ

تۆش و خۆشی بفرۆشێ
هەستی مرۆڤایەتی و ڕەوشت و فەلسەفە و بیر
ئەدەب و ڕۆشنبیری ، زانا و بلیمەتی ژیر
ئەمانە
لە لای گەمە و گومانە
بە داخەوە کرێتی
نامەیەکی خاوێن بووی ، دڕێتی
*****
ناکەس و نارەسەنێ
بە زۆرداری بتسەنێ
بشلێت ئەگەر نەتەوێم
دەتکوژم و بۆی هەڵدێم
دەبێت چەند جانەوەر بێت
چ پێستێکی لەبەر بێت
دەبێت چەند دڕندە بێت
کام گورگی هار و ، ماری بەهاری ئابیندە بێت
*****
جوانەکە لەگەڵ تۆمە
شەقێک هەڵدە لە ڕەخنە و لە لۆمە
تا زووتر خۆت دەرباز بکەیت درەنگە
لەگەڵ قەدەر بجەنگە
شاعیرێکی وەک من بکە بە هاوسەر
باخچەی شیعری ڕەنگاڵە چەندە شەنگە
بەتۆ نیگارجوانتر دەبێت هەتا سەر

---

(١) ئەم دێرە پەندێکی فۆلکلۆرییە

# زانکۆ

بروسکەیەک بۆ ڤیستڤاڵی زانکۆی
سلێمانی لە ١ / ٤ / ١٩٩٦ دا

سەڵاو لە زانکۆی جوانکۆمان
هەر بمێنیٚ و بژی بۆمان
بۆ کوردستانی ئازاد و سەربەخۆمان
*****
ئازیزانی زانست خوازان
ئێوەم لە ئامێزی نازان
کوڕ و کاڵ و کیژۆڵەکانی زانکۆ خان
ئەمڕۆ لە ڤیستیڤاڵێکی شەنگ و شۆخان
ئەو پەلکە زێڕینە ئاڵا ڕەنگاڵە بڵندانە
ڕەنگدانەوەی هەتاوی ڕووناکبیری و ژیانە
لەرەی بزەی لێوانی دڵنیایی دەر دەخەن
وورەی ووزەی بەرگری و نەبەزیمان بەردەخەن
****
با هەر بەرز و شەکاوە بێت
گڕی مەشخەڵی زانیاری و
پەیامی بیری هوشیاری و
دروشمی ژیریی و سالاریی

وەستا ڕەجەب و کاوە بێت
****
ئەو بە چەک و ئێوەش بە پێنووسی بڕشت
 داینەمۆ بن بۆ ئازادی و ژیانەوەی خاک و سروشت
****
پیرۆز بێت ، پیرۆز بێت
چێژدارتر بێت جەژنتان
لە پیاوتان ،  لە ژنتان
لە کوڕتان ، لە کچتان
لە پیرتان لە گەنجتان
سەراپای تەمەنتان
بەهار و نەورۆز بێت
ڤیستیڤاڵی ڕەنگاو ڕەنگ و قەشەنگتر
دەستی ئاییندەمان بگرێت
بشکێت قەڵەمی ناکۆکی
 گوڵی سپی لە بەرۆکی
یەکتر بدرێت
هاو سەنگەرتر ، سەنگینتر و هاودەنگتر
****
بۆ زانکۆمان
بۆ جوانکۆمان
دەنگی ڕەوای بڵند گۆمان
بروسکەی پیرۆزباییم بریسکەی دیدە و هەستە
پێشکەشت بێت لە جیاتی شیعر و مۆسیقا و بەستە
زانکۆی شەنگکۆی باخچەی ڕەنگکۆی
کوردستانی
بوکی دیاری شەهیدانی
ناو دڵان و ناو دیدانی

پەخشان
١

# یەک

دڵ سەعاتێکی ناسک بوو
بۆی لێدەدایت بێ ڕاوەستان
بەڵام میلی کاتژمێر هەر لە سەر ( یەک ) بوو
هێما بوو یەک خۆشەویست و
ژوانی کاتژمێر ( یەک )
کە هەموو( یەک ) شەموانێکی
یەک لە دوا یەک
بە یەکتری دەگەیشتین
****
بەڵام کاتێک لێم دابڕایت
دڵ عەودالی جێگرت بوو
( میل ) نەک لەسەر دوو یان سێ و چوار
بەڵکو لە دوانزەش تێپەڕ بوو
لەسەر یەکێک لە ژمارە جێماوەکان
ڕانەوەستا
هێمایە بۆ ئەوەی کەسیان
لەوانەی دوای تۆ ناسیومن
جێی تۆیان بۆ نەگرتمەوە !
****

نەک دوو شەممە و سێشەممەو تا..
هەینی و شەممەش
بەڵکو لە حەوتەش تێپەڕ بوو
هیچ ڕۆژ و کاتژمێرێکیان
چێژی ژوانی
یەکشەموانی
کاتژمێر( یەک ) لەگەڵ تۆی
هەرگیز پێ نەبەخشیمەوە !

# وشکەرەوە " ١ "

١٩٩٨

لەمەودوا کە سەرت بەملدا شت
با کارەباکە .. نەتگرێت
وشکەرەوەی دەم ڕەق و ددان تیژ
بەکار مەهێنەرەوە
وەرە بۆ لای خۆم
با بە هەناسە گەرمەکانم
قژت وشک بکەمەوە و
بە برژانگە نەرمەکانیشم
بۆت شانە بکەم

---

" ١ " مجففة

# (نەغەدە) خان

١٩٨٣

نەغەدە خان
تۆ ئەو شارە خنجیلانەی
لە کوردستانی سینەمدا بوویتە میوان
لە هەستمدا بوویتە زریان
لەو کچانەی..
چەمی نیگات دەدات شەپۆل
لەگەڵ سروەی ڕەنگ و بۆنا..
لەو باخچانەی
کە پەپولەی بیرم پۆل پۆل
دەدەی لە لێو و سەرگۆنا
لەو خونچانەی ..
لەناو پەرژینێکی سەر گۆل
ملت بۆ ئاسۆی نامۆ .. نا
****
خۆت بە چۆڵەوانیم ناسی
ئاوەدانیت پێ دامەوە
ئەو ئێستگانەی دەنگ و باسی
دوور بوون لێم .. بۆت گێڕامەوە
****

نەغەدە خان
ئای لەو هەستە دەروون گەستەی
کسپەی هەستان..
ئای لەو بەهرە نوستووانەی
یەکسەر .. هەستان
دایانەوە .. هەردەو کوێستان
بۆ گۆرانی و بەستەی ڕەوانی شەوانەی
مەهاباد و شنۆی دراوسێ ی تۆی داستان
****
نەغەدە خان
خاوەن بڕیاری کچێنی
نەکەی زەوی نزیکی دڵ جێ بهێڵی
تا نەیکێڵی ..
تا دانەوێڵەی ئەڤینی تیا نە چێنی
نەکەی بڕۆی بمانکەیتە کۆڵی وێڵێ
زامە کۆنەکانم لە نوێ
بێنەوە سوێ
****
باخچە بێ تۆ بێ جوانی و بێ بەرامەیە
ئاهەنگ بێ تۆ بێ ئاکام و بەرنامەیە
ڕۆژ باشێکت بۆم ناسکترین نامەیە
سەنگینترین دیاری بە نرخی خامەیە
****
تۆ ئەو شۆخەی کە لە شوێن پەریم داناوی
لەویش دەچیت ..
ئەگەر داوێ ، یەکسەر نەکەویتە ناوی
تێدا بچیت ..
خوا نەکردە بکەویتە دەست کەر پیاوێ

لە جیاتی ناز گورزی کینەت بۆ بهاوێ
****
ئەی ناسکترین گەورە کچ ..
نەک چەند دێڕێکی کاڵ و کرچ
بەڵکوو دەهێنێت چامەیەک
شاعیر بیکاتە نامەیەک
بیدەیت لە پرچ

# گوڵ زار

١٩٧٧

چ گوڵزارێکی ڕەنگاڵەی لە ناو مێرگی هەواری دڵ
چ زوو پرشنگی دیدەی گەش گەیشتە دەم ڕوانگەی دڵ
گڕ و پشکۆی ئەوینت خۆی گەیاندە ناخی ناو جەستەم
ئەوا ئیتر لەمەودوا تۆ دەبیتە وێردم و بەستەم
چ وەسفێکت بکەم گوڵزارەکەم دڵخوازی لانەی دڵ
دەم و لێوان و گۆنات گوڵ
چەناگە و ڕوومەت و لاجانگ و هەردوو گوێت
کە ناوەند خونچە لووت یاقووتە دوو قۆشە خڕ ، کوڵ
پەپوولە باڵ نیگام ڕوو کاتە هەر کوێت
بریتین هەر لە پرشنگ و لە خونچە و گوڵ
****

کە دەدوێیت گوڵ
لە زارت دەر دەچن ، دەچنە ناو دڵ
منی گوڵ بیست
منی گوڵ ویست
لەبەردەمتا بە باوەش چەپکە گوڵ دەچنم
هەتا چڵ چڵ
لە شیعرێکدا بەقەد باڵاتی هەڵ دەچنم
****

لە باخی باخەڵی گەرم و نەرمدا دوو مەمیش خرپن
شەمامە پرتەقاڵ لیمۆ هەنار یا ناسکە هەرمێ بن
گەلێک تامەزرۆم هەروەک منداڵێک جرپن و نەوسن
گرۆز بگرم پەلاماریان بدەم چەندان چەپۆک بێت
دەسم بڕوا و لە کۆماری مەم و سنگدا سەرۆک بێت

# لالـه

١٩٦٧

زۆری ڕوو لێنام هەڤاڵێک ( ١ )
بگەمە هەست و دڵێک
هەڵدەلەرزی وەک مەلێکی
پەڕ وەریوی سەر چڵێک ..
بۆ ئەوەی شیعرێک پەتا و ئازاری
بخوێنیتەوە
بە تکاوە .. وەختەبوو سوێی بێتەوە و
بتوێتەوە ..
تازە دیلی بەستراوەی بابەتم
بۆیە ناچار وەک زمان حاڵی ووتم :
تۆ پەپوولەی خۆشەویستیت وا بە لێوی لالەوە
کام گوڵەی بۆی خۆشترە و ڕووی گەشترە چاویی لەوە
کەی کەنێرە و نەرگس و شەوبۆ شتن ئەو دەرکەوێت
لالە یە تەنیا گوڵی بەرزە چڵی ، دڵ دەیەوێت
لالە یە ڕیشەی لە ناخدا سینەتی گرتۆتەوە
گیانی تینووت بۆ مژی عەتری دەمی گرتۆتەوە
لایەلایەت لالە یە و لەیلای دڵی قەیست ئەوە
تار و ئاوازی چپەی گوێی نوستنە و بووکی خەوە
کورد ، کە نووساوە بە کاف و واو و ڕاء و دالە وە
سەد ئەوەندە دڵەکەت چەسپە بە سۆزی لالە وە

هەر لە عەشق و خۆشەویستی ئاگری ئەو یادەیە
قوم دەدەی پێی ئاو دەدەی سینەی گەرم بەو بادەیە
هەر لە پێناوی ئەویشدایە سەرت
دادەنێیت تاکو دەبێتە هاوسەرت

---

( ١ ) داخوازەکە کاک ئەحمەد حەمکوڵ قەساب بوو .

پەخشان

# پزیشکی دڵ

بۆ غەریب پشدەری    ١٩٩٠

تووشی ئەندێشەی
نەخۆشیەکی تاڵ و شیرین بووم
چارەسەر تەنها لای پزیشکێکە
لە تیمارخانە هێمنەکەیدا
بە ئاوازەوە شەو بمخەوێنێ
بە دەست و پەنجەی ناسک و نەرمی
سەرم بشێلێ و کۆڵنجم بگرێ
ئارەقەم بسڕێ
هەنەسەی سوارم هێور کاتەوە
مەچەکم بگرێ و
لێدانەکانی دڵم بژمێرێ
نیگام تێ بگرێ و
بە تیشکی چاوی
ئەشیعەی سینە و دڵ و جگەرم
سەرتاپا بگرێ
بە باراناوی فرمێسکەکانم
بیانشواتەوە
هەناسەی قووڵی کڵپەی دەروونم
وشکیان کاتەوە

وێنەکەی خۆشی
کە لە چوارچێوەی دڵدا جێگیرە
بناسێتەوە و بەسەرکاتەوە
جۆری خوێنەکەم بخوێنێتەوە
لە پیتەکانی ناوی خۆیەتی
ئەوسا سەرچاوەی نەخۆشییەکەم
بدۆزێتەوە
کە هەر خۆیەتی
سۆزی بجولێ و ( چارە ) نووسم بێت
ئەورەچەتانەی بۆ تەندروستیم
دەشێن وەکو خۆی ڕەچاویان بکەم
ئەو پارێزانەش کە بۆم دادەنێ
لێیان دەر نەچم
بۆ هەر شوێنێکیش دەمنێرێ دەچم
ئامازەی ئامۆژگارییەکانی
دەبم ، مل کەچم
١ – ڕۆژی سێ ژەمە شیلەی لێو مژین
لەگەڵ سێ ماچی گۆنا و گەردنیش
پێش نان خواردن و دوای نان خواردنیش
٢ – ڕۆژی چوارکەڕەت سنگ و مەم گوشین
سپێدە و ناشتاو عەسران و شێوان
کاتی پێویستیش تا بەرەبەیان
٣ – چوونە دادگا بۆ مارە بڕین
هەتا سەر لەگەڵ یەکتردا ژیان ..
بێ دەست لێک بەردان

# دیوان

١٩٨٩

باو باو .. دیو دیو
بەبەکەی هێشتا خەم نەدیو
گلێنەکەم .. چاوی چاوم
وەرە بۆ لام بە گاگۆڵکێ
ژێر کەرەوە .. دڵی شکاوی گریاوم
****

باو باو .. دیو دیو
هەی بە تەمەن شەش مانگ و نیو
دەی چاوشارکێ
دەی لەسەرخۆ
وەرە و بچۆ ..
بە قونە قون
بۆلای بابەی دڵ قرچاوم
تیشکی پرشنگ بگەیەنە بە هەناوم
کچم - دیوان —
کۆشک و باخچە و دیوەخانم
من بە ئێوە ، ماوە ، مانم

ئەگینا لێ بوو بوومەوە
سەرم سوڕماوە چۆن ماوم
کەڵبەی مەرگ بۆ نەیچێشتم
لە دوای ئەو دایکە شیرین و
خۆشەویستەی بەجێی هێشتم

# شاژن

١٩٩٥

شاژنی جوان لێگەڕێ با ..
دیدی ئەو چاوانە بم
تا لە خوێندنگەی نیگاتا
یەکەمی دوا وانە بم

لە نهێنی جوانی کردووت
کەس نەزانە .. خوا نەبێت
بەختەوەر خاوەن خەوێکە
خانە خوێی ئەو خوا نە بێت

ئاخ چ خوانێکی تاکوو
لێت بخۆم باوەڕ بە خۆم
.. ناکەم و حاشا کە هەرگیز
لە تەماشا تێر بخۆم

هێندە برسیم بۆت لە برسا
وا دەلەرزم گێژ دەخۆم
خوانی ڕازاوە دە توخوا

با ژەمێکت لێ بخۆم

بووکی خەو تۆ خەو خەوین و
خەم ڕەوێنی لە خەوا
داخەکەم خەو یاخییە و کەی
دەیخەوێنی لە خەوا

شازی شانازیم ژنی هێژا کەژاوەی ..
.. ژانەکەم
لە گرەو دا گەر هەموو گەوهەرەکان ..
.. نیشانە کەم
هەر بە تەنها هەڵبژاردەی
تۆ دەکەن یەک دەنگ بە کۆ
شاژنی شەنگ تۆی دەبیتە
شاپەڕی خاوەن شکۆ

# (ئینتیصار)"١"

ئەیلول / ١٩٨٧

کارێک ماوەی مانگێکی پێ دەخایاندم
بە ساتێک بۆی ڕاپەڕاندم
کیژۆڵەیەکی ڕەشپۆشی
ئەسمەرێکی ووردیلانە
بە زەردەخەنە و ڕووی خۆشی
بە دەست و پەنجەی ناسک و نەرمیلانە
هەستی دڵسۆزی و بێگەردی بۆ نواندم
دۆسیەکەمی لە خوار و ژوور
گێڕا ژوور ، ژوور
کاتێکم زانی ( پێناس ) ی دایە دەستم
چێژێکی خۆشی گەیاندە ناخی هەستم
چەند لاپەڕەیەکی خەماوی پڕ لە خۆڵی بۆ تەکاندم
دڵنیایی و ئارامێکی لە گیانی ماندوومدا چاندم
ئێستا بوومە فەرمانبەرێکی کار کەنار
( شكراً لك عزيزتي يا إنتصار )

---

" ١ "کچە عەرەبێک بوو لە دایەرەی خانە نشینی گشتی لە بەغدا فریام کەوت و منیش ئەمەم بۆ نووسی .

# لە جەژنی لە دایک بوونی داستان دا

١٩٨٧

کە تۆ هاتی
باڵی ئاشتی و تەلی زێڕینی ئاسایش
لێم پسابوو
شیعری فریشتە " ئاسایی " ش
دەنگی زولاڵی نووسابوو
ئەی بۆ هاتی ؟
****
لە بەختی تۆ
دوو مانگ بوو جەنگ هەڵگیر سابوو
درەختی تۆ
زۆر بە داخەوە .. بێ ، سا بوو
کاتێ هاتی
****
کچی بێ تاوانم .. لەگەڵ بۆردومانا
بۆ دوو .. مانا
گوێت کردەوە .. تۆ بڵێی چی ؟
چونکە دەبێ بە دوو مانا
بۆ هەر شوێنێ بچین .. بچی
تۆش لەگەڵ دڵە لەرزەدا

تـێ هـەڵ بچی
****

ئـەی چوارەمین هـەواڵـەکـەم
داستان ، کچـە حـەوت ساڵـەکـەم
هـەمیشـە دڵـە لـەرزەمـە
وەکوو ژیانـە تاڵـەکـەم
****

ئـەڵێم نـەوەک ڕۆژێ گوللـە تۆپی وێڵـێ
خۆی داهێڵـێ
خوا نـەکردە ڕێگای ماڵ و قوتابخانـەت
بۆ بکێڵـێ
****

کچم سوێندم بـەو سۆزە پڕ لـە هاژانـەی
لـە ناو دڵ و جـەرگتایـە
من یـەکێکم لـەو هاو ژانـەی
مـەرگم لـەگـەڵ مـەرگتایـە

# ڕۆژانی
# پێش خانە نشینی

١٩٨٧

ژمارەیەکی .. لێدەرکە
لە ژیانی بیست و حەوت ساڵەی ئەرکمدا
یەکە .. یەکە
دەیڵێم .. ئەگەر پۆلاش بدەن بە سەلکمدا
هەرچی بەڕێوەبەرێکم بینی دز بوو
بەرتیل خۆر بوو
ڕۆشنبیری نەک زۆر کز بوو
هەر بەر باد بوو
بەڵام هاوڕێی خاوەن بەرژەوەندی زۆر بوو
چوون هەر ئەوانی لە یاد بوو
لە قومارچی
لە قاچاغچی
لە بەڵێندەری شەریک و
لە بازرگانی فەریک و
شارەزای بازاڕی ڕەش و هەرچی و پەرچی
****
لە دایەرەش لەگەڵ ئافرەتا چاو بز بوو

ئەوەی پاک بوو لێی وەڕز بوو
بەڵام دەلاڵی بۆ دەکرد
ئەوەی وەک خۆی ئەدەب سز بوو
****

هەرچیم ناسی
سەر و زمان تڕن .. تسن
تووڕە و تۆسن
وورگن ، نەوسن

کێم ناسی خۆی پەڕانەوە
بە کڕنۆش و بە ڕیایی و پاڕانەوە
لە کۆسپ و قۆرت
تابوو بە خاوەن ( گەڕێن ) و کۆشک و سەرا و حەوانەوە
تا بوو بە لۆرت
بۆ کەشخە و خۆ بادان بەسەر ئەوانەوە
چەقیون و نایانەوێت بچن بە لای تاوانەوە
****

بە ڵام لە هەمووی سەیر تر کەس نەی پرسی
ئەرێ کابرای خاوەن کورسی
لە کوێت هێنا ؟!
ئەم سامانەت چۆن سەر یەک نا
بەڵکو ڕێزی لێ دەگیرا و هی تریشیان بۆ دەهێنا
****

سەرنجم دا
لە ژیانی ساڵەهای ساڵی ڕەنجمدا
ئەو ڕەنجەی نەک قەمەرە و کۆشک و تەلەفۆن
کە لام تفوون
بەڵکو سانتیمێک زەویشی

پێم نە بەخشی

سەرنجم دا
لەو بەڕێوەبەرانەدا
تەنها سێ کەسم بە دڵ بوون " ١ "
هەر ئەوانم لە لا گوڵ بوون
ئەوەکانی تر چقڵ بوون
بە ناڕەوا لەسەر چڵ بوون

" ١ " لەو بەڕێوەبەرانەی دۆستم بوون یەکێکیان مامۆستا مستەفا سلێمان بوو لە کارگەی شەکر.

# کۆگای چاوەڕوانی "١"

– ١ –

١٩٦٧

سلێمانی و دەورو پشتی
بە تیشکی جوانی سەرشەقام
ڕووناک بۆتەوە پێی ، گشتی
کێی تێدایە ؟ . . گوڵی هیوام
****
بووکی زستان هەناسە سارد
ئاهی دەگەیشتە ئاسمان
کلوو بەفری ڕادەسپارد
سەڵاوی منی دەگەیان
****
ئەم کۆگایەی لێی دانیشتووم
بەرامبەر ئەو کۆڵانەیە
بە جۆرێ ، وا هۆگری بووم
لانە و یانە و دڵ خانەیە
****
خاوەن کۆگا ، دەریشم کات
لەم شوێنە دەست هەڵناگرم
ئەگەر بێتو لێشم بدات

گەورەی خۆمە و لێیّ ناگرم !
بۆیە لێرە دادەنیشم
ئەم ناوچەیە بەهەشتمە
قوڕو لیتەی وەک ئاوریشم
شوێنی گوزار و گەشتمە
****

ئەو کۆڵانەی بەرانبەرم
کە بە نیگار و بیر وا لە ویّم
ئەوەتا یاری خوێن گەرم
هاتە دەرێ و تیشکی دای لێم
****

بە بەژن و شێوەیدا دیارە
هێمن هێمن لەو بەرەوە
هەتاو دەدات بە ئێوارە
پاڵ دەنێت بە سێبەرەوە

- ٢ -

خاڵە ، نەوەک پێی ناخۆش بێت
لای تۆ دەیکەم بە - کچە پوور –
هەتا زیاتر ڕووی بۆم خۆش بێت
گەشاوە تر بێت گوڵی سوور

کە ڕاوەستا لەم ڕاستەدا
پێشکەشی کە هەرچیەکی ویست
نیگای لەم چاوە(ڕاست)ە دا
بزانە چۆنە خۆشەویست

- ٣ -

ئەی بەندی دڵ چۆن ناپچڕێی
هاوەڵەکەت وا هات بۆ لات
دەسا کڕنۆش بەرە بۆ ڕێی
یاری دڵسۆز و دڵ لە لات
****

چاوم لەو چاوە گەشەدا
مەلە دەکات ئای چەند شادم
دڵم بە پرتاو لێدەدا
وێنەش دەنەخشێنێت ، یادم
****

لە نیگا و پێکەنینیدا
شەپۆلی هەستێک دەبزوێت
لە گیانێکی نەهێنیدا
خونچەی شادییەک دە پشکوێت
****

ئیتر نازانم سەرچاوەی
لە کوێوە بوو .. ، چۆن هەڵقوڵا
چۆن ئەو دڵ و گیان و چاوەی
ئەم پەرییەم چوو بە دڵا
****

ئەی دڵداری بۆچ وا مەنگی
چیە ئەم خۆشەویستیە
تامی ووشە و چپەی دەنگی
کەسی تر بۆچ وەک ئەم نیە

- ٤ -

ئاخ ڕۆیشت و ئیتر ئەمڕۆ نایەتەوە
منیش دەبێت بڕۆمەوە بۆماڵەوە
کە شەو داهات هەر بە یادی ئەم کاتەوە
ڕاکشێم دەست لە ناو ملی خەیاڵەوە
تا سبەینێ و بینینی تر
بەیانیان و دوا نیوەڕۆ
بۆ خەندە و پێکەنینی تر
وەکو پێرێ و دوێنێ و ئەمڕۆ

" ١ " لە نامیلکەی ( ڕێباز ) دا ساڵی ١٩٦٨ بڵاو کراوەتەوە.

# پرسیار و وەرام

١٩٩٠

ووتی : بۆچی هەتا ئێستا هەر کرێچیت ؟!
کابرا تۆ چیت؟
ئەی خانوویەکت بۆ نەکرد؟
یان نەت کڕی ؟
یان وەرنەگرت ؟!
ووتم : نیمە ، ویستم هەم بێت
بۆڵەی خاوەن خانووم کەم بێت
بەڵام کار بەدەستێک پڕی ..
پێدا کرد و قۆڵی من و یاسا ی بڕی !
مافی ڕەوای خۆم بوو دوای چارەکێ سەدە
چەوسانەوەم لە کارگەکاندا ئەوەندە !
لە خانوویەکی میریدا
بە پێی ئەو خاڵانەی هەم بوو
ووچان بدەم لە پیریدا
بەڵام پاداشی داخوازیم گوێزانەوەم بوو بۆ شوێنێ
پەپووی وێرانە پەرستی تیا بخوێنێ
ووتی : بۆچی ؟
ووتم : چونکە نەمویستووە لە تەمەندا

لە ناوەندا
ببم بە داردەستی کەس و بە سیخوڕی
هیچ دەسدارێکی دەست بڕی
باوەڕ سڕی
باخەڵ پڕی
کارخانەچی !
برام بۆ دەڵیی لەبەر چی ؟
ووتی : باشە مادام فەرمانبەری میری ..
بووی تا پیری
مافی خۆت بوو پارچەیاک زەوی وەرگری
ئەمەیان چی ؟
ووتم : مامەڵەم زۆر بۆ کرد
بڕی نەکرد
بەڵکو ژمارەشم وەرگرت
ئەویش هەر فت
بە دەروێشێکی نێزێکی یا شێخ درا
ووتی : بۆچی بە تۆ نەدرا ؟
ووتم : چونکە نە خوشکەزا و نە برازا و نە ئامۆزا و
نە خاڵۆزا و نە ئاوەڵ زاوا و ژن برا و
نە خزمێکی نزیک و دووری سەرۆکی
شارەوانی سلێمانی
یەک لە دوا یەکترەکاندا نەبووم و نیم
تاکو بمدات لە بەرۆکی
هەرگیز ناش بم
نەخوازەڵا بەرەو ژوور تر !
وەک پارێزگار
سەوز و سور تر !
وەک وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار

سەد ئەوەندە کوڕی باش بم
ئەویش هەرگیز نەبووم ، ناش بم
پێم ناخورێ و قووت نادرێت
ووتی باشە هەر بۆ سەلماندنی بوونت
ئەی ژمارەی تەلەفونت ؟!
وتم : سفر و سفر و سفر !!
بەسە پرسیار نەوەک دەس بکەم بە کفر !
کار بەدەستی هەلاو ، هەلاو
هاوڕێی سەردەمی منالّی و قوتابخانە و دەرەوە بووین
لە خوارەوە و سەرەوە بووین
ڕەنگە پێم بلّێ بە سەر چاو
بەلاّم چونکە زۆر ( پەیوەندی ) ی
بەرژەوەندی
گشتیە ئەو
ئەوا ناشی بینم بە خەو
ووتی : کەوابوو کام سوود و خۆشیت بینی
لە دەرچوونت
وەک ( تێبینی )
چی پێ بە خشیویت گەردوونت
ووتم : شیعر و شیعر و شیعر
ووتی : بۆچی شاعیریشی
ووتم : ( دەلّێن )
ووتی : وا چاکە تەشتێ قوڕ
بگریتەوە و لێی بنیشی
ووتم : بەلّێن

# نـەورۆز

١٩٧٠

دەرێنە پرچی زێڕنت
لـەسەر کەل خۆری نـەورۆزم
هەڵێنە چاوی پرشنگدار
ببینـە خاکی پیرۆزم
بهێنـە تیشکی سەربەستی
بەسەر دەشت و دەر و هەردا
بچێنە تۆوی دڵسۆزی
لە ناو جەرگ و دڵی کوردا
وەرە ئەی بووکی ئاوات و
تروسکەی کامەرانی کورد
هەزاران لاوی کورد پەروەر
لە ڕێتا گیانی پێشکەش کرد
وەرە ئارام و خۆزگەی دڵ
بزە و ئاوازی چەند ساڵە
دەمێکە ئەم گەلە بێ تۆ
ژیانی وەک خەوی تاڵە
دە ساڵە خاکی کوردستان
لە بەرگی ماتەمیندایە

لەگەڵ دایکی شەهیداندا
لە کسپە و ڕاچەنیندایە
دە ساڵە جەرگی سووتاوی
لە کڵپەی ئێش و ژاندایە
دە ساڵە خوێنی لاوانی
لە کاسەی خوێن مژاندایە
برا ئەمڕۆ کە وا یادی
دلێری ی باو و باپیرە
جمەی هەڵسانی سەربەرزی و
شکانی کۆت و زنجیرە
ژیانی پڕ لە شانازی
لە مێژوودا دەنەخشێنێ
خەبات و شۆڕشی کاوەی
بەجەرگی کورد دەسەلمێنێ
کە هەڵسا ڕاپەڕی ، گورزی
بزورگی دا بە ناپاکدا
لەگەڵ جەنگاوەری کوردا
لەگەڵ هاوبیری ڕووناکدا
برای کوردم لە شار و گوند و هەرد و شاخ
هەموو کوردین
هەموو ڕۆڵەی نەوەی کاوەی
نەبەردی مەردی سەر عەردین
هەموو هەر یەک دڵ و گیان و دەمار و
گۆشت و ئێسقانین
هەموو هەر بیر و هەستێک بوو
کە بۆ شۆڕش هەڵی سانین
هەموو ماڵ و سەر و سامان و ساوا و
دایکی ساوامان

بەجێ هێشت بۆ کەدەر
کەوتینە ڕێ بۆ مان و داوامان
بە برسێتی و گەرووی تینوو
بە ڕێگەی سەخت و هەورازی
خەباتا سەردەکەوتین زۆر
بە سەربەرزی و بە شانازی
هەموو هاڤاڵ و هاوبیرو
برای گیانی بە گیانی بووین
هەموو شەیدای گوڵی ئاڵی
بەهاری کامەرانی بووین
بەرامبەر لەشکری شەڕ خواز
لە سەنگەردا بە ڕووی دێو دا
نەبەز بووین و لە جەنگا بووین
لەپاڵ گردا ، لە پاڵ کێودا
لە پێناودا ئەگەر گیانیش
بڕۆشتایە
پیرۆز بوو
کە سنگ گوللەی لە باوەش توند دەگرت چاوی
لە نەورۆز بوو
دەرێنە پرچی زێڕنت
لەسەر کەل خۆری نەورۆزم
هەڵێنە چاوی پرشنگدار
ببینە خاکی پیرۆزم
دەبا ئەو ڕۆژە تاڵانەی
کە ڕەش پۆشی بەڕێی کردن
سپی و شیرین و شادی کەین
بە ئارایشتی لێ بوردن
هەموو با پەند لە ڕابوردووی

جگەر کون کردوو وەربگرین
لە ڕێی سودی گەلی کوردا
بە بێ جیاوازی یەک بگرین
دەبا ئیتر بەسەر چێ با نەمێنێ
کوشتنی یەکتر
خەویش نەیبینێ ئازار و
سزای خوێن ڕشتنی یەکتر
دەبا ئیتر بە سەرچێت با نەمێنێت
دوو دڵی و کینە
هەموو با دەست لە دەستا بین
برای کوردینە مەردینە
هەتا کڵپە و بڵێسەی هەر
لە بەرزی بێت گڕی نەورۆز
هەتا یادی نەمر بێت وەک
شەهیدانی گەلی دڵسۆز
دەبا بەستەی گەرووی ناسک
ئەوەندەی تر بە سۆز تر بێت
سەمای ئاهەنگی نەورۆزم
گەلێ ڕەنگین و قۆز تر بێت
دەبا دەشت و دەر و هەردم
لە بەر کات
بەرگی ڕەنگاوڕەنگ
بەسەریا کیژ و کوڕ با دەست لە دەست کەن
بۆ سە ما و ئاهەنگ
بەخێر هاتن
لە هەڵهاتن
بکەن هی تیشکی ئازادی
بڵێن تا کورد بمێنێ تۆ

فریشتەی ناو دڵ و یادی
بەخێر هاتیت کە دەرکەوتیت
بە تارای سوورەوە هاتیت
بەڵێ ئەی بووکی سەربەستی
لە ڕێگەی دوورەوە هاتیت
دەسی پیرۆزی پێشمەرگەی جگەرسۆز هات و هێناتی
لەگەڵ نەورۆزی ڕازاوە بەهاری وەرزی ئاواتی
بەخێر هاتیت ، وەرە با دەست لە مل کەین بووکی سەربەستی
گەرووی ئاواز و هەڵبەستی چریکەی ناو دڵ و هەستی
دەمێک بوو چاوەڕێ بووم دەرکەویت ئۆخەی کە دەرکەوتی
لە نوێنی نەرمی ئارامدا لە لامدا دڵنیا خەوتی
دەبا لێوی مناڵانی فریشتەی باوەشی شادی
سروودی گەرمی سەرکەوتن بڵێن بۆ ڕۆژی ئازادی
١١ /٣/ ١٩٧٠

لە شەوی نەورۆزی ١٩٧٠ دا لە تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە خوێندمەوە

# مەقامێکی هەڵەبجەیی

ئەو سەردەمەی گوێم لە بەستەی بەلەنجە بوو
کە بارە سێو باری دەکرد بۆ شارەکەی هەڵەبجە بوو
هەڵەبجە شاری شای پەری و دڵبەران بوو
کانی عاشقان قیبلەی پەیمان پەروەران بوو
ئەوێ سەرچاوەی چاوگەش و ڕەش برۆ بوو
ڕوبیە ناری مەمی سینەی تامەزرۆ بوو
هەڵەبجە شوێن فریشتەم بوو ، بەهەشتم بوو
پێدەشتی ڕوو لە هەورامانی گەشتم بوو
هەڵەبجە جێی دایک و برا و خوشکی شیریم
خەونی شیرین شەوان لەلای ئەوان دەیدیم
یەکەم خۆشەویست یەکەم کچ ، یەکەم هاوسۆز
لەو هەوارە پیرۆزەوە ، خۆی گەیاندە یەکەم دیوانی کسپە و سۆز
هەر لەوێشدا چەند شاعیرێک دەستیان گوشیم
ئەحمەد موختار جاف و گۆران
بیری پوختی کوردایەتی و ڕاستگۆییان پێ دەبەخشیم

نالی ، مەولەوی ، کەمالی ، هەژار ، شەونم ، شارەزووری
شەوانە ورشەی وشەیان بەدیدەمدا ڕادەبووری

بۆیە هەمیشە عاشقی هەڵەبجە بووم
لەوێ لای هاوبیرەکانم جێ پەنجە بووم

زۆربەی زۆریان هاوهەستم بوون
کوڕوکاڵی بەگزادەی جاف
بێجگە لەوانیش سینە ساف کەمال خەفاف
فایەق ئاغا و سەعە و هۆگر و ساڵح و زۆری دی
لە خوێندنگادا هاوپۆل و پاوپەل وپۆ بووین بۆ یەکدی

بەڵام داگیرکەری دلڕەش
دەم ژەهراوی
نەیهێشت ئەو بەهەشتەم تاسەر
گەش بێ چاوی خۆرەتاوی

گەوجەکانی قڕگەی عۆجە
بە شاڵاوی دڕندانە ، نەک بارە سێو
نەک لەنجە
بەڵکو مەرگ و ماڵ وێرانی کردە دیاری
شاری ئازیزی هەڵەبجە

******

ئێستاش ڕوو لە تۆم ئەی هاوپەیمانی
چل و پێنج ساڵ لەمەوبەرم
پەریخانەکەی هەڵەبجە
دەزانم ئێستا تۆش وەک من پیر بوویت و
ژوور شەستی
پرچی سپیت وەک دێڕە شیعری تاهیر بەگ
دەهۆنیەوە و دەیبەستی

کاتێ لاو بووم ، شیعرم لاو بوون
وشەکانم بۆ نەمامی بەژن و باڵاکەت لاولاو بوون
لە ژواندا
چوار دەستی برسی بۆ یەکتر هەڵگلۆفین
چوار لێوی تینووی خۆشاوی هەناساوی یەکتر مژین
چوار مەلی دیدەی جوت باڵی
برژانگ کراوەی تاساوی
چوار گوێی ناخ تامەزرۆی چپەی بۆ یەکتر دوو
دوو دڵی پڕ لە ژان و ژووری پێشتری
هۆگری نزیک بوونەوە
بەڵێنی نەگۆڕی تا گۆڕیان پێکتری گۆڕییەوە
تا پێکەوە
هاوڕێ و هاوڕاز و هاو خەمی یەکتری بن

******

لە کوردستانی داستان و دیوانی ئەرخەوانیدا
مانگی " مارت " ی
پڕ لە بۆنە و شیرین و بۆن خۆش و
هەندێ جاریش تفت و تاڵە
یەکێ لەو ڕۆژانە " کارت " ی
هەژدەی هەمیشە قەشەنگ و گۆنا ئاڵە
لەو ڕۆژەدا ساوایەکی خنجیلە و جوان
وەک مەسیحێک لە مریەم بوو
ناومان لێنا " جەژنی پەیمان "
لەو چرکە پڕ لە مووچرکە و چریکەدا
مەلی باڵ ڕەنگینی هیوای من و پەری
بەرەو ئاسۆی بەهەشتێکی
پڕ لە ئاسوودەیی فڕی

نەورۆزەکەمانی بۆ کردین
بە دوو جەژن و بە دوو خەون
خاک و زمان و نەتەوە و شار و گوندی
شاد و ئاشناتر کرد بە من
بۆ زیاتر خۆ بەخت کردن

******

بەڵام ئاخ ساڵی هەشتا و هەشت
کە تەمەنی " پەیمان " گەیشتە لێواری
بیست و پێنجی
ئەو یادەمان لێ بوو بە شیوەن و پرسە
هەر مەپرسە
خۆت لە خۆم زیاتر هەستیارتری
دەزانیت چەند پڕ لە ئەندێشە و ترسە

دڵنیام هەرگیز لە یادت ناچێتەوە
لانەی لەدایک بوونەکەت
بە مەرگەسات
چی بەسەرهات
بۆیە لێم مەگرە کە دەڵێم بەداخەوە
نۆزدە ساڵە وا بووش بە بیست
باڵای شیعرێک ڕاگوزەری نەکردووە
یادنامەیەکت لێم نەبیست
دیدە و گەرووی ساڵڕۆژی شوومی کارەسات
لە شانزە و حەڤدە و هەژدەدا
بۆ فرمێسک و هەنیسک و ئاخ نەبێ گۆیان نەکردووە

کاتێ کە یادی پێنج هەزار فریشتەمان دەکەمەوە

ساتێ ئاوڕ لە دۆستە ئازیزەکانی
هەردووکمان دەدەمەوە
بە گەورەترین خەمەوە
سڵ لە هەرچی بۆنە و گەشە و شادی ترە دەکەمەوە

******

پەریخانەکەی هەڵەبجە بمبەخشە
کە نەمتوانی
ملوانکەیەکی لە وێنەی ساڵی نۆسەد و حەفتا و سێت
لە هەژدەی سێ دا بۆ بهۆنمەوە بۆی بشێت
کە دەست دەبەم بۆ تێنووسێ تیا بنووسم
دەلەرزن پەنجە و پێنووسم

# پەیامێکی قەدەغە

دووان و تێبینیەکی پێویست

ئەم کارە ڕەشنووسەکەی لە ساڵی ١٩٨٦ دا نووسیم کە هێشتا ئاڵ و گۆڕەکەی سۆڤیەتی جاران ڕووی نەدابوو ، بۆ دەرفەتێکم دەگەڕام کە بڵاوی بکەمەوە ، بەڵام دوا کەوت تا لە سەردانێکدا بۆ بەغدا سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ خۆمدا هەڵم گرت و سەردانێکی برادەرانی هەفتەنامەی " ئاسۆ " م کرد کە هەر هەموویان دۆست و ئازیزم بوون ، لە ناویاندا کاک موحەمەد موکری چیرۆک و ڕۆماننوس کە تازە ڕوویان پێ کردبووە ئەوێ ! شیعرەکە یان کارەکە لە دەفتەرێکی قەبارە گەورەدا بوو ، لێم جیا کردەوە و دامە دەستیان ، نووسینی ناوی خۆشم لە یاد چوو بوو لە سەرەوەی یان لە خوارەوەی بینووسم . کە خوێندیانەوە .. بەڕێز کاک عەبدولوەهاب تاڵەبانی ووتی ئەم شیعرە ئەگەر گۆچانێکی نەدرێتە دەست ناڕوات منیش پێم ووتن خۆتان ئازادن چی بۆ دەنووسن بەومەرجەی شیعرەکە وەک خۆی بڵاو بکرێتەوە . بە مانا خۆیان " ئاسۆ " چی دەنووسن بینووسن ، نەک خۆم . دوای ماوەیەکی کەم شیعرەکە بە لابردنی چەند برگەیەک و هەندێ هەڵەی چاپ بە پیتی زۆر بچووک بڵاو بووەوە بە پێشەکیەکەیەوە کە " لێرەدا جارێکی تر بڵاو دەبێتەوە " لەو ڕۆژەدا زۆر لەسەرم کەوت و بووە جێی مقۆ مقۆی هەندێ لە هەڵوێست فرۆشان ! " بە مەرجێک ئەو پێشەکیە وەک پێشەکیەکەی یەکێ لەو شیعرانەی کە لە گۆڤاری ڕزگاری ساڵی ١٩٦٩ دا بڵاو بووەوە لەژێر

ناونیشانی ( حەسەنی جوانەمەرگ ) دا بەدەستی من نەنووسرابوو بەڵام لەژێر ناونیشانەکەدا بە دوو دێڕ نوسرابوو ناوی منیش لە پەنایدا بەجۆرێک ڕێک خرابوو کە وەک خۆم نووسیبێتم وابوو ( تا ئێستاش هیچ ڕوونکردنەوەیەکم لە گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنیدا بڵاو نەکردۆتەوە لەوبارەیەوە ) هەر دەگەڕام بۆ دەرفەتێک و هەلومەرجی لەبار و شیاو ، هەرچەندە من دڵنیام کە ئەگەر برادەرانی " ئاسۆ " ئەو پێشەکیەیان بۆ نە نووسیایە و شیعرەکە بڵاو بکرایەتەوە ، لەوانە بوو ڕاپۆرت نووسێک وەری بگێڕایەتە سەر عەرەبی و بەرزی بکردایەتەوە بۆ ژووروو ، ئەوسا تۆزم بە ئاسماندا دەبرا ، ئێستا دەبێ مەمنوونیان بم کە ماوم ، بەڵام ئەوەی ڕاستیش بێ بابەتەکە ڕەشنووس بوو پێویستی بە دەسکاری دەکرد لە هەموو ڕوویەکەوە .

لەم ئینگلستانەوە دوو ساڵ لەمەوبەر منداڵەکانم ڕاسپارد بچن بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیدارەی سلێمانی لە ژێرزەمینەکەیاندا بەشێک هەیە دۆکیۆمێنتەکانی تێدا دەپارێزرێت . سوپاسیان دەکەم بە " ئەمیرە " ی خزمیشمەوە بۆیان دۆزیبوومەوە کچەکانم بە فاکس بۆیان ناردم ، ئەوسا جارێکی تر دەستم کردەوە بە هەڵوەشاندنەوەی و چنینەوەی بە دەسکاریەوە ، بەبێ ئەوەی کاکڵەی بیرەکەم بەزاندبێ ، تەنها هەندێ جوانکاریم تێدا کردووە ، ئەوانەشی کە لە سەردەمی ڕژێمدا نەدەتوانرا پەنجەی بۆ ڕابکێشرێ ئاوێتەیم کرەوە ، مافی خۆشمە و ئازادم ئەپارۆشێنی " عملیات " لە کاری خۆمدا بکەم و چارەسەری خەوشەکانی بکەم لەڕووی دارشتنەوە . جارێکی تر دەیڵێمەوە دەسکاری بیرەکە نەکراوە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی چەکە قورسەکان دەکات .

لە سەردەمێکیشدا بڵاو کرابووەوە کە ( عێراق ) لە برەو پێدانی ئەو چەکە قورسانەدابوو وەک لە گۆچانە پێشەکیەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە .

هیوادارم دەرفەتەکە ڕەخساو بێ و مرۆڤ دۆستانی زبان زان بتوانن بیکەنە دیاری دەستیان ، بە وەرگێڕانی بۆ زبانە زیندووەکانی دی ، کە لەو باوەڕەدام خزمەتێکی گەورە یان بچووکی ئاشتی جیهان دەکەن ، لێکۆڵەرەوە بەویژدانەکانیش سەرپشک دەکەم لە بەراورد کردنی هەردوو

دەقەکەدا و دەتوانن بۆچوونی خۆیان دەربڕن بەرامبەر ئەو هەموو هەڵچوون و داچوون و کێشمە کێشانە کە لەم کارەدا بەر دیدە دەکەون .
جەمال . ش
تێبینی :
یەکێ لە دەسکاریەکەی برادەرانی " ئاسۆ " کە لە گێچەڵیان پاراستبووم ، من نووسیبووم ( لەجیاتی چل ملیۆن کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان ) کردبوویان بە ( لەجیاتی چەندان ملیۆن کوردی هەموو کوردستان ) .

**********

دەقی پێشەکیەکە :
لەم شیعرەمدا ، خەونی شاعیرێکتان بۆ دەگێڕینەوە ، شاعیریش هەمیشە خولیای ئەوەیەتی خەونەکانی ببنە ( واقیع ) هەرچەندە هەستی ئەوەش دەکەین بەتایبەتی لەم سەردەمە پڕ گرێیەدا .. دەبێ کۆتری ئاشتی لەسەر لەپی دەستی خاوەن بازوویەکی بەهێز هەڵفڕێ .. ئەگینا لەم دنیا گورگ زۆرەدا قەپاڵ لە کۆترەکە ئەگیرێ و ئەخورێ ، بەڵام کە بازوویەکی بەهێز هەڵی بدا گورگەکان ئەترسن و کۆترکەش ئازاد دەفرێ ، وەرن سەیری ئەم وڵاتەی ئێمە کەن ، هەر لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە تا دوا نوختەی زەوی فاو سەرکردایەتیەک و لەگەڵیا گەل ئاوات و خواستی ڕەوامان وابوو لەو هەشت ساڵەی بە خوێن و بازوو بە چەک سەربەرزی خۆمانمان پێ پاراست .. هەموویان لە بینا کاری و ئاوەدانی و چاندنی زەوی و پێگەیاندنی مرۆڤ لەم وڵاتەدا خەرج بکردایە ، بەڵام ئایا چاوچنۆکان هێشتیان ؟ نەء ، هەرچەندە ئەوەی ویستیان بیکەن بۆیان نەکرا سەردەمەکەش هەرچەندە سەخت و پڕ ئازار بوو ، لەبەر ئەوە ڕەوایە مووشەکی گەورەمان هەبێ .. ساروخی " العابد " مان هەبێ چونکە بە تاقیکردنەوە سەلما ئاشتی ڕاستی بە بازووی هێز دەچەسپێ ، ئەو مووشەکەی لەم وڵاتەدا دروست کرا بۆ پاراستنی کۆتری هیوای سپی و ئومێدی ژیانێکی چاکتر هەڵدرا ئەگەر بازو و مێشکی زانستی عێراقیەکان

نەبوایە ، گورگەکانی ئێران زوو کەوڵیان کردبووین .. بەڵام هەر چاومان لەوەیە جیهانێک بێتە دی گورگی تیادا نەمێنێ .

**جەمال شاربازێڕی**

ئاسۆ ( الأفق ) ژمارە ٣١ ڕۆژی ٢٤ / ٣ / ١٩٩٠

لەگەڵ چپەی نمە شەونمی
ئەشکی نێو
کزە تارمایی گزنگا
کە نەرمە سروە عەشقێکی
نیگای کۆرپەی ئاسۆ ی پێیە
تا پێیێ بگا

**********

لە باوەشی پشووی ئارامی
بەخۆزگەم
گەیشتوودا
شنەم دەهات لە ئاکامی
بەری ڕەنج پێگەیشتوودا

**********

ناوەندێکی ڕووناکبیری
لایەنگر و پشتگری کورد
ئەرکێکی پیرۆز و بەپێزی بەجێ هێنا
کردارێکی مەردانەی کرد

**********

لە دووتوێی بەرگێکی قەشەنگ و
ڕەنگاڵەدا

کە لاپەڕەکانی بە گوڵ و
بە پەپوولە و بە چاو و دڵ
نەخشاندبوو
بەرهەمێکی بەری ئەندێشەی چەند مانگەی
شەونخونیم
لەگەڵ ئازاری دەروونیم
هەناسەی تاسەی نەبوونیم
بەچاپ گەیاند
کە مانای لوتکەی چالاکی و
لەخۆبوردوویی دەگەیاند
لە سەنگەری ڕووبەڕوو بوونەوەدا ، لەگەڵ تاوان
وام هەست دەکرد
لە شەوێکی ئەنگوستە چاوا مۆمێکم
فریشتەکان باوەشیان بۆ گرتوومەوە و
بۆ سامالێکی نوێم دەبەن
وام بۆ سەلما
بوومە پەیامبەرێکی نوێ
بۆ نەوەی نوێ
تا سەرلەنوێ
جیهانێکی بێوەی بونیاد بنێمەوە
دوور بێ لە سوێ
خونچەی سەر لێوی ئاییندەی ئادەمیزاد
بە سەفرازی بپشکوێ
**********
دەمدین شەیدایانی ووشەی بێگەرد و خاڵ
کە نیگایان دەچوون بەپیر پەیامەوە
دێڕ لەدوای دێڕ .. خاڵ لەدوای خاڵ
چەپکە ئاورە زەردەیان بۆ دەدامەوە

وەک مام و خاڵ
منیش وێنەی کاکڵە پشکۆکانی گۆنای
شاپەری خان
گەش گەش گەش دەبوومەوە و
گەز گەز گەز باڵام دەکرد
لە دیوەخان

**********

چەند وەرگێڕێکی دراوسێی دۆستی خواستم
هاتن تکای ڕەزامەندیان لێ خواستم
چالاکانە دەوریان گێڕا
وەریان گێڕا
بۆ چاپ و پەخشی هەزاران دانەی خێرا
ئێستا هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستم
گرتۆتەوە
باوەشم بۆستایشیان گرتۆتەوە
سەرنج تیژان
کوڕان ، کیژان
ڕۆشنبیرانی پیر و لاو
وەکو لاولاو
لە باڵا و قۆڵ و مەچەک و سنگیان ئاڵان
بە شاکارێکی دەگمەنیان هەڵدەسەنگان
هەست و گیانێکی دروستیان تێدادەدی
وایان دەخەملاند خەونیان پێی
هاتۆتە دی
زۆر لە مێژە ، چاو لە ڕێ بوون
بۆ پەیام و پەیامبەرێ
کە بێ گرێ

لەگەڵ نەستیاندا بێتە گۆ
لەگەڵ خواستیانا یەک بگرێ
پێشڕەوێکی ڕابەریان بێ
هاوەڵێکی تاسەریان بێ
هاودەنگیان بێ و
هاوڕەنگیان بێ و
بەهانایانەوە بچێت
لە نموونە کەمتەرخەمەکەنی تر نەچێت
لەسایەیدا لەسەر لێویان
سەما بکات زەردە و شنەی لێواو لێویان

**********

تیڤی و ئیستگە پەیتا پەیتا
پوختەی پەیامی پیرۆزیان ڕادەگەیاند
گەیاندبوویانە لوتکە و
ناو و ناوبانگ زۆر پەرەی ساند

**********

وتیان کوردێک ، لە کوردستاندا ئەوەتا
بۆتە پردێک
هەرچی ویژدانە ڕاییپەراند
گەورەترین ، چامە و شاکاری سەنگینی
داهێنەرانەی نووسیوە بۆ جیهان
دەبێ گرنگی پێبدرێ
توێژینەوەی لەسەر بکرێ
مافی شیاوی خۆی پێبدرێ
لە زانکۆکاندا بە ووردی
بەراوردی

لەتەک شاکارە مێژینە و دێرینەکانا پێ بکرێ

**********

وتیان هەڵگری داخوازی ڕەوامانە
ڕێبوارێکی ژیانەوە و بووژانەوەی داهاتووە
جێێ متمانە و بڕوامانە
بۆ پێناوێک هاوار دەکات
نەوەی نوێمان ڕزگار بکات
بە عەشقەوە بچن بە پیر ژیانەوە
ئیتر ئالوودەی ماتەم و بەڵا نەبن
داری دوارۆژیان بێ پەل و گەڵا نەبن
لە سایەیدا ئاسوودە و دڵنیا بژین
چالاک و ژیر و زرنگ و وریا بژین

**********

دەڵێن جەستەی ئێستەی زەوی
بریندارە و چڵکن بووە
دەبێ توێژاڵی لیخنی دامالڕێ
ئەم نەخشە ناپوختەی کەوا ..
پایتەختە تاوان دۆستەکان
بە نووکی ڕم کێشاویانە و
بە شمشێریان سپاردووە
دەبێ هەڵ وەشێنرێتەوە
هەڵەکانی مێژوو خشتە و
ئەندازەکەی بەزاندووە
شیرازەی لێک پچڕاندووە
مافی مانەوەی بەمجۆرەی دۆڕاندووە
ئاڵوگۆڕی

دیار و بەرچاوی بۆ هەتا هەتای یەکجارەکی دەوێ
تەدارەکی دەستی موبارەکی دەوێ
دەبێ هەموو سنوورەکانی دراوسێ و
ستوونەکانی هەرچوارلا تا سەر دەریا
هێزی سنوور پارێزی لێ بکشێتەوە
سەنگەرەکان هەڵتەکێن و
بکرێنەوە بە ساباتی شوان و سەپان
گەشتیارانی ڕاگوزاریش وچان بدەن لە سێبەریا
( ناو ) ی دزراو لە شار و گوند و شاخەکان
لە ڕوبار و پێدەشتەکان
وەکو خۆی دابنرێتەوە
خاکی دزراو بە خاوەنی ڕاستەقینەی بدرێتەوە
گیانی ئاوازی سەنراوی
بەزۆر بەخۆ سەپێنراوی
نا ئاسایی بێ یاساییش
بۆ جەستەی لێ خوازراوی خۆی بچێتەوە
سیستەمێکی نوێ بۆ جیهانی بە ئارام و
( ئاساییش )
هەموو گێتی بگرێتەوە

**********

بۆ زیاتر برەو پێدانی پەیامەکە
پسپۆرانی لێزانی ئەودیو ئۆقیانوس
قۆستیانەوە
بۆ چەند زبانێکی زیندووی دوور لە خەزان
گواستیانەوە
بە ملیۆنان بی پەساپۆرت
بە ئاسمان و ئینتەرنێتا پەڕانەوە

( نەک بە خاڵی هێڵی دەسکردی
لای خۆمانی
پاسدار و گارد و جەندرمەی
ڕاوچی کۆترە ووشەی کوردی و
جگەرسۆزی کوردستانی ! )
میدیاکانی وانیش زێتر لەمانی دی
بەسەرسوڕمانەوە لێی دەدوان
بە نایابترین بابەتی ورووژێنەر ناویان دەبرد
هەر ئۆفیسی ڕێ پێدراوی پەخش بوون
خۆبەخش بوون
ژمارەیان دیاری دەکرد
کۆمیتە ڕۆشنبیریە تایبەتیە
بڵند و باڵاکانی هەموو گۆشەی زەوی
چاوەڕوانی دیاری دەکرد

**********

ئێستا من لە جیهان پەخشم
ڕاچڵەکین و شۆڕشێکی
سپی بە گەلان دەبەخشم
زۆری نەبرد لە زانستگای
ئۆکسفۆردەوە سوپاس و ستایشێک
بۆم بوونە کەرنەڤاڵێک و
نمایشێک
لە پاریسی ئێڤلێشەوە یۆنسکۆ
خەڵاتێکی پڕ شکۆی نارد
لە ئاهەنگێکی قەشەنگا پێمیان سپارد
بریتی بوو لە دروشمێک
لە زێڕ و ئەڵماس داڕێژراو

ڕستە و نەخشێک
لە هەردوو دیو هەڵکەندراو
وێنە و ناڤ و ناونیشانی
خۆم و نەخشەی کوردستانی لێ پێچرابوو
جگە لە دەفتەرێ ( بلیت )
بە بەها و پیت
کە ئەرکی گەشتی سەرتاپای
پایتەختەکانی تێدا بوو!
کە ڕێزی وا بەخەو نەبێت
نەک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا
هەموو دنیا
بە درۆ وڕاست
بەکەس ڕەوا نەبینرابوو ، نەبیسرابوو
**********

کەچی بڵحێکی دەربار و
شایەری کۆشک و بەدحاڵی
خۆ بەزل زانی خۆماڵی
عەودالی چەپڵە و خەڵاتی .. ئافەرینێکی دەسەڵات
بە تەکان هات
وەک عەلەشیش گیڤی کرد و
دای بە خۆیدا هەردوو باڵی
خۆشی کردە قارەمانی خاوەن هەڵوێست
گوایە لەخۆی زیاتر کەسی تر ناتوانێ
ڕستە ڕیزکا و شاکار دانێ
وتی تا خۆم ڕاوەستابم
کەس بۆی نیە سەر دەربێنێ
نموونەی شاکار بەربێنێ
دەبێ هەر خۆم مامۆستا بم

دەبێ بەهای لێ ڕامالْم
پەڕ و باڵی لێ داماڵم
لەو پەیژەیەی ئەوی پێدا سەرکەوتووە
پلە ، پلە ، دایبەزێنمە خوارەوە
لەو لوتکەیەی گرتوویەتی
تووڕی هەڵدەمە خوارەوە
نا ، ناهێڵم کەس هەنگاوی پێشم کەوێت
من دەمەوێت
تەنها خۆم کەڵی مەیدان بم
هەمان کاتیش چرای کۆشک و دیوەخان بم !
دەبێت گورزێک داوەشێنم
ئەوەی کە بنیادی ناوە
یان ئەوانەی کە بڕوایان پێ هێناوە
بە دەستکەوتەکانیشەوە ، دایوەشێنم
تەلارەکەی هەڵوەشێنم

**********

پشت بە شمشێری پەناگای دەستی زاڵم
پیلانێکی داڕشت و چەند
توومەتێکی خستە پاڵم
گۆڤارێکی ڕووزەردی کرد بە مقەستم
چی دژوارە بۆی هەڵبەستم
نووسی ئەم ڕێز لێنانەی پێ ناڕەوایە
ئەم کابرایە
کە جێی متمانە و بڕوایە
نە نووسەرە و نە وڵات و گەل پەروەرە
داردەستی دەستی بێگانەی داگیر کەرە
لە نزیکەوە دەیناسم چەند بێ کەڵکە

بەرهەمەکانی شایانی سوتاندنن
نازانم بۆ پێی چەواشە بوون ئەم خەڵکە ؟ !
باشە ئەگەر جێی گومان و نەفرەت نەبێ
چۆن هەڵدەگرێ
لە سەرچاوەی بێگانەوە خەڵات بکرێ ؟!
بەرهەمیشی بەبێ گرێ
لەو کیشوەرە گەورانەدا دابەشکرێ
زوبانە بێگانەکانیش لەخۆ بگرێ
ئەم کافرە ، ئەم بێدینە
نەک هەر دەبێ ڕیسوا کرێ
دەبێ نەژی و لەناوبرێ

**********

بەڵام ڕوناکبیران منیان چاک دەناسی
نیگاکانیان بە تەنافی درۆکانیا هەڵنەواسی

**********

دیسان پیلان
پیلان ، پیلان
پیلانی تۆکمەی نوێی دارِشت
بە نهێنی
تێکەڵ کردنی تێ چینی
بۆ کۆسپ و قۆرت
پیلان ... پیلان
ڕاپۆرت ، ڕاپۆرت
بۆ دەسگا سەرکوتکەرەکان
ئەوانەی دوژمن بە ئاڵو گۆری یاسان
ئەوانەی نابێ ڕەخنەیەن لێ بگیرێ

ئەوانەی نابێ کورسییان پێ لەق کرێ
ئەوانەی دەبێ تا ماون شا و سەرۆک بن
ڕەعیەت بۆیان لەسەر چۆک بن
سانسۆرانە ، ڕستی ڕستی
وزەی کول کرد
هەندێ گوێ خۆیان بۆ شلکرد
هەتا گەیشت بەوەی ویستی
خانەی ویژدانی کاول کرد
داو ، داو ، داو ، داو
تەڵە و داو دەستیان لە مل کرد

**********

کاتێکم زانی قۆڵبەست و چاو بەست کرام
بۆ زیندانێکی نهێنی نەزان برام
سزای دەروونی و ئەشکەنجەی جەستەش درام
گاردی کێبڵ بەدەست بەرگی لێ داماڵیم
تا ماندوو بوو پێیدا ماڵیم
دوو زەبەلاحی وورگنی تێکسمڕاوی تریش هاتن
بۆ یارمەتی داپڵۆسین و هەڵواسینم
بە قووڵایی بنمیچی زیندانەکەوە
بۆ ئازاری نوێ ناسیم
چاوەڕوان بووم تا بزانم
چۆنە ئەندێشەی گیان دەرچوون
تا بشزانم ئەوانەی پێش من لەناو چوون
بەرەو کوێ چوون ؟
بەڵام دیار بوو
گیان لە پێستێکی سەختا بوو
وەک ئەشکەوتە بەردینەکانی ( ماوەت ) و

شاخی هەڵگورد
خۆ ڕاگر و ووره بەرزی بێ هاوتا بوو
ڕای نەدەکرد و نەدەکرد
دوای سێ مانگی زەبرو زەنگی
ئیستبدادی
ئینفرادی
زووی ، درەنگی
بە کەلەبچەی دەست و پێمەوە ( وەردیان ) م
خستیانمە پشتی تویێتاوە و بردیانم
برام .. برام .. برام .. برام
کاتێکم زانی داگیرام
کەلەبچەم لێ داماڵرا و
بە گاڵتەوە بوونە ( برام )
تەرازوویەک خۆی نیشاندام
زانیم بەناو لە دادگام
بەڵام ئەوەی زۆر گرنگ بوو
هۆڵی دادگا گزنگ بوو
بازنەی ڕۆژنامەنووسانی خۆماڵی و بیانی
لەخۆشیاندا دەیگریانی
کامێرای تیڤی ڕووداوی هەروەکوو خۆی
دەگواستەوە بینەرانی
ئەو بینەرانەی وەک بیستم
چەندەها خۆپیشاندانی
نارەزایی دەربڕینیان
بە هەڵگرتنی دروشمی ( ئازادی بۆ دەنگی ڕەسەن )
لە جیهانەوە
سازدابوو
ئەو بینەرانەی وەک بیستم

لە بڵاوە پێکردنا قۆڵ و پشتی
زۆریان لانەی خەت خەتێنی
گارد و جەندرمە و سەرباز بوو
بینەرانم .. بینەرانی خۆشەویستم

**********

( دادگایی )

ـ تکایە خۆت بناسێنە
ـ ناوم ( جەمال شاربازێڕی ) و ( ج . ش ) و ( شەماڵ ) و
( گەرمیانی ) کە لە دامێن بەرهەمەکانما نووسیومن بە ئاشکرا و
بە پەنهانی
ـ پیشەت ؟
ـ ژان چێژی زیندانی
ـ پێش زیندانی ؟
ـ شاعیرێک و نووسەرێکی کوردستانی
ـ تەمەنەکەت ؟
ـ ژوور پەنجا ساڵ
ـ خێزانداریت ؟
ـ بەڵێ هاوسەر و پێنج منداڵ
ـ خۆت بە تاوانبار دەزانی یان بێ تاوان ؟
ـ بێگومان کەرتی دووهەمیان
ـ وەک دەبینیت دادگاییت ئاشکرایە
ڕاستەوخۆش دەگوێزرێتەوە بۆ بینەران و بیسەران
بەپێی یاسا ئەمەش کارێکی ڕەوایە
ـ ( تێ چێن ) یشت ئامادەیە ، ئێمە لەژێر ڕۆشنایی
ڕاپۆرتەکانی ئەو تۆمان بانگ کردووە
ئەو پرسیارانەی هەمانە

داوا دەکەین وەرامی ڕاست و دروستمان بدەیتەوە
بێ مەترسی
ـ بەڵێ فەرموون .. ئامادەم چیم لێدەپرسی
ـ چی و کێ هانی دایت ئەو کارە پڕ لە کێشەیە بنووسیت ؟
ـ تەنها هەستی خۆشەویستی و مرۆڤ دۆستی
دۆستایەتی و پەیوەندی تۆ چیە و چۆنە بە گەلانی جیهانەوە ؟
ـ بەڕێز ئەگەر ماوەم هەبێت زۆرم پێیە
ـ باشە فەرموو
ئێمە و هەموو نەتەوەکانی سەرزەمین
ئاشکرایە لە داپیرە ( حەوا ) و باپیرە ( ئادەم ) ین
لە بنچینەوە بڕبڕەی پشتی یەکین
لە دوای ( تۆفان ) گشت پاشماوەی
کەشتیەکین کە لە دامێن شاخی ( گۆدۆ ) ی کوردستاندا
لەنگەری گرت
ئەو تاوانکارانەی لە یەکیان دابڕیوین
ژمارەیەکی کەمینەن
سینە و دەروون پڕ لە کینەن
لەو ( قابیل ) ـەن ( هابیل ) یان کوشت
ئەوانیش میکرۆبی ئەم سەرزەمینەن
پەیوەندی من بە گەلانەوە ، کاکڵەکەی
ڕووناکبیری و مرۆڤایەتی و دڵسۆزی و خەم خۆرییە
لەگەڵ هیوای گرانبەها ، بۆ زۆرەها
پەیوەندیشم بە نووسین و پێنووسەوە
ووشە و پێنووس
کە دوو ئاشقی یەکترن لەمێژەوە
ئەو بەوی دی یەژێ ( ئازیز )
خۆشەویستیان کۆتایی نایەت هەرگیز
لەو بەولاوە

هیچ پەیوەندیەکی دی شک نابەم
ئەو پەیامەی کە ( تێ چێن ) ی هەژاندووە
منی پێتان گەیاندووە
لە ویژدانی خۆم بەولاوە
کەس هانی منی نەداوە
بەپێی یاساش
نووسەر ئازادە بێ سانسۆر
بیروڕای جیاواز دەربڕێ
دروشمی خەبات هەڵبڕێ
من دڵنیام بینیوتانە
لە خەمخۆرێکی کوردەوە
بێجگە لە بیرێکی ڕەسەن و شێوە دەگمەن
چی دژوارە تیا نابینرێ
ئێمە و گەلان
پشتێنەیەکی پێکەوە بەستراوی
نەپساوی
تێک ئالاوی
ئەم جیهانەین
خاوەنی یەک خۆر و مانگین
جیاوازی ڕەنگ
جیاوازی دەنگ
تیرە و ڕەگەز
زبان ئایین
زیاتر خولیا و زیاتریش حەز
بۆ لێکتر نزیک بوونەوە
دەخوازرێت ..
( باخێ ئەگەر گوڵەکانی هەر یەک ڕەنگ بن
نیوەی هوزار دەبێ لە خوێندن بێدەنگ بن

بەڵام باخچەی ڕەنگاوڕەنگی هەمەچەشنە
هەموو دڵێک دەخاتە سەر زەردە و شنە )
ناشایستەیە مرۆڤێک هاوشێوەی خۆی بریندارکا
بە بێگانەی تاوانبارکا
با ئەم لەم پەڕی ڕۆژهەڵات
ئەویش لەوپەڕی ڕۆژئاوا
ئاساییە ئەم بۆ ئەوێ
ئەو بۆ ئێرە
بڕوا و بارکا
بخوا و کارکا
هاوشێوەی خۆی هەڵبژێرێ و
ژین لەگەڵیا ڕاگوزارکا
با ئەو ئیسلام و ئەم جوو بێ
ئەو مەسیحی و ئەم هیندۆس بێ
با ئەو شیعە و ئەم سوننی بێ
ئەو کاثۆلیک ئەم کریستیان
ئەو عەرەب و ئەم فارس و
ئەو تورک و ئەمیش گریس بێ
ئەو ئیسپانی و ئەم ئەڵمانی و
ئەو ئینگلیز و ئەم فەرەنسی و
ئەو ڕووسی و چینی و هندی بێ
ئەم سویدی و فینلەندی بێ
با ئەو کورد و ئەم ئەرمەنی و
ئەو ئەفغانی و پاکستانی و بەنگالی بێ
ئەم ئۆکرانی و ئەمەریکی و ئیتالی بێ
ئەم هۆڵەندی و ئەم تایلەندی و
ئەفەریکی و بەربەری بێ
هەتا دوایی

ئەگەر لە پسپۆرەکانی
مرۆڤایەتی بپرسن
کەسیان نالێن ڕستەکانی
ناو چامەکەم جێگەی ترسن
ئایا ئەو دەنگ دانەوەیە ؟
نەتەوەکەمیان لای گەلان بەڕێز نەکرد؟
ئاشتی و ئاسایشی گشتی بەپێز نەکرد ؟
گەلێک لە زامەکانمانی سارێژ نەکرد ؟
خاڵێکی تر بریتی بوو
لە بانگەوازێ بۆ هەموو وولاتەکان
نەتەوەکانی
یەکگرتووش و یەکنەگرتووش
هێزدارەکان
چەک دامالْن
دڵەڕاوکێی مرۆڤایەتی ڕامالْن
کارخانەکان چیدی چەک و تفاقی جەنگ
بەرهەم نەهێنن ، ڕایگرن
زوو نەک درەنگ
با لە شوێن پیلان بۆ کوشتار و وێرانکاری و
گڕ تێبەردان
بونیادنان و بوژانەوە و ژیانەوە
بژێینەوە
ماف بۆ هەمو نەتەوەکانی ژێردەستە و
سەربەخۆ خواز
لەناویاندا کوردستانی پێنج پارچە یەک بگرێتەوە
براوی وەربگرێتەوە
بەرگی ڕزگاری لەبەر کات
بەیداخی ئازادی خۆی هەلْکات

نەک بەشی هەر ئاوارەبوون و گرتن و
کۆت لە دەست و پێ کردن و
پەت لە گەردن جەڕاندن و
( پرسە ) ش لێ قەدەغە کردن
گوڵ بۆ یاران
نان بۆ تێر بوونی
هەزاران هەژاران
ئەوسا یاسا قەدەغەی کات
پاڕانەوە لە نەیاران
فەڕی بیرە نەوتەکانی
سەراپای زەوی دابەش بێ
بەسەر هەموو خێزانێکی دانیشتوانی گێتیدا
نەوەک سەدانێک هاوبەش بن
ملیۆنەهایەک بێبەش بن
من دەخوازم هەموو کانزاکانی سەرزەوی و ژێر زەوی
لەهەر بستە خاکێکدا بێ
بۆ گشت مرۆڤایەتی بێ
نەک لە گیرفانی بێ بنی جبە و سەڵتەی
چەند جوت و چەند تاکێکدا بێ
سامگای ئامادەی نەوەوی
موشەکی زەوی بۆ زەوی
چەکی ڕەزا قورسی دەم و لمۆز قەوی
فرۆکەی جەنگی ، دەبابە ، مین ، تۆپ
تا دەگاتە تفەنگ ، دەمانچە ، نارنجۆک
سەرنگون و ناو هێنانیان
بڤە بن
نەبنە پارێزەری هەندێ
شا و سەرۆکی خۆ سەپێنەر

با ئەو چەکانە هەڵ وەشێن و
سەرلەنوێ بکرێنەوە
بە کێڵەر و دروێنەر و
بیر هەڵکەن و ئاو ڕاکێشەر
شاخ شکێن و ڕێ خۆشکەر وباخ هێنەبەر
بکرێنەوە بە کەشتی دەریا و ئاسمان و
ئەستێرە و مانگ
بکرێنەوە بەو ئامێرانەی بۆ گەشە و
بەختەوەری بەشەر دەشێن
بەڵێ دەبێ هەڵ بوەشێن
هەڵبوەشێن
هەڵبوەشێن
لە خاڵێکی تردا ڕووم کردۆتە زانا داناکان
زاناکانی تەکنۆلۆژی و
کۆمپیوتەر و دەنگ و ڕەنگ
داناکانی بواری فیزیا و کیمیا و
پسپۆڕانی تەندروستی
هەموو کۆک بن
کۆک بن کۆک بن
ببنە پێشەنگ
تا چارەی ( پەتا ) ی تا ئێستا
بۆ نەدۆزراوەی کوشندەی
بە زەبروزەنگ
دابهێنن
ژین لە مردن وەرگرنەوە
شادی لە خەم بکرنەوە
تکا دەکەم لە زاناکان
نەبنە داردەستی ڕامیاری و

کۆمپانیای بەرهەمهێنەری چەکی جەنگ
هۆ زاناکانی باشوور و ڕۆژهەڵات و
باکور و ڕۆژئاوای زەوی
سەر بۆ جەنگ خواز نەکەن نەوی
مەبنە ئامراز
لە زەماوەندی شیوەنی
لێقەوماواندا دابەشکەن
پێکی ئاهەنگ
مەبنە ئامرازی پێشبڕکێی کێ لەگەڵ کێ ی
بازو و پیشاندەری تۆقێنەری مرۆڤ
مەبنە ئامرازی شمشێری
پەڕێنەری
دەست و قاچ و سەری مرۆڤ
مەبنە قرچە قرچی جەرگی شیعر و ڕۆمان و داستان و
تراژیدیا و هونەری بەری مرۆڤ
مەبنە خنکێنەری سەمای بالێ و شنەی
ئاوازەکانی بیتهۆڤن
قەتارەکەی عەلی مەردان ، سەدای دەف و
شمشاڵی دەروێش عەبدوڵڵا
گەرووی شەهێن تاڵەبانی و عەدنان کەریم
ناسر ، مەرزیە ، کامکاران
پەنجەکانی تارا جاف و ئەنوەر قەرەداخی و
زانای مەحمود هەژار
مەقامی ( لەزۆر کەس وایە ) کەی کاف کابان
وا هاتن پێشمەرگەی شڤان
دوو ئاوانەکەی چالاک و ڕۆژی ساڵی تازەی دیلان
شەوە و دنیا وەکو زوڵفت سیا پۆشەکەی ماملێ
ئای شل وەی شلی خالقی و

چاوت جوانە لەیلای زیرەک
ئێستاش مەیلم هەر لات ماوەکەی
دزەیی و ( ئازیز )ـە کەی قادر مەردان
هاڕەی کەمەرەی گەرمیانی و چریکەکانی شەجەریان
( ئەنتە عومری ) دایە کەلسوم
( لەهو خال )ـە کەی غەزالی
مەقامەکانی گەبانچی و داریوش و
کەمانچەکەی قادر دیلان
سەحەرەکەی خاڵە سێوە
مەبنە ژەنگی زێڕی گەرووی پڵپڵەی
شیعرە ناسکەکانی چۆمان هەردی و
کەژاڵ ئەحمەد
هۆ زاناکان
مەبنە ئامرازی پێشبڕکێی کێ لەگەڵ کێ
کە مەعناکەی ، بۆ پێشتر
بینینی مەرگی
تاقە ساتێکی بەرامبەر
تەنها ساتێک و ساتێک بەس
بەر لە بەراتی داهاتی مەرگەساتی
قڕوقاتی دوا ساتی خۆی
کە ڕزگاری نابێ لە ( بۆ ) ی هێرش هێن بۆی !

**********

هێشتا هاژەی ئامازەی نوێشم پێ مابوو
کە دادوەر دەستی هەڵبڕی ، وەستاندمی
مەدالیای ( تاوان بار نیت ) ی
پێ بەخشیم
( ئافەرین ) ێکی ناسکی دا بە گوێمدا

لەگەڵ داوای ( لێبوردن ) دا
لەو هەڵە نامرۆڤانەی یاسا لەسەر
ڕاپۆرتێکی تێ چێن بەرامبەرم کردی
دیسانەوە ڕستەی
{ تۆ بەراستی کوردی ـ هەی ئافەرین ـ وا ڕزگار بووی }
پێدامەوە

**********

لەسەر داوای دادوەر بانگی ( تێ چێن ) کرا
یاریدەدەر ڕاپۆرتەکەی ئاشکرا کرد
کامێراکان نیگایان تیژ لە ڕووی چەقاند
بە دیمەنی لەرزۆکی پێکەنینم هات
نەیدەزانی چۆن بەرگری
لە تاوانەکانی بکات
کەوتە هانا و پارانەوە
هۆی نابەجێ هێنانەوە
بە سوێندەوە
ئەم تاوانە کەسێکی تر پێی کردووە
سەفتەیەکی مفتیشی پێ وەرگرتووە
دانی پێدا نا کەوا سەر بە باندێکە
تیرۆریست و گێرە شێوێن
یەکە یەکە ناوی هەر هەموانی هێنا
بۆ دادگا ئاشکرا بوو تاوانبارە
درۆنووسێکی دەرباری لەکە دارە
لەگەڵ خۆی و نیشتمان و ویژدانیشدا
ناپاک بووە
لە مێژەوە خۆپەرستێکی تاک بووە
**********

گارد بانگ کرا و کەلەبچەیان کردە دەستی
سەری پێ شۆڕ کرد کرداری نادروستی

**********

ئەوسا سەرۆکی دادگا ڕووی کرد من
ووتی : دڵ و چاوت ڕۆشن
تۆ جێی ڕێزی
تۆ گەل و ووڵات پارێزی
تۆ شایانی ئەوەیت خەڵاتی نۆبڵت
پێ ببەخشن
تۆ بەڕێزی

**********

چەپڵە ڕێزان
هۆڵی دادگاکەی لەرزان
لە گەرمەی چەپڵە ڕێزاندا
لە گەرمەی سەما و ئاهەنگی بەڕێزاندا
چەند زرمەیەک هاتە بەر گوێم
بمم بمم بمم بمم
لە خەو ڕاپەڕیم پەنجەرەم  خستە سەر پشت
هاتەوە بیرم من لە کوێم
لەکوێ دەژیم
ماڵمان لە گەڕەکی ( ئیسکان ) بوو
کە ئێستە ناوی ( ئەزمەڕ ) ـە
نزیک مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب
بەرامبەر ماڵی حەسەنی نەوت فرۆش
تەنیشت ماڵی ڕەئیس مستەفا عەبدوڵلای
دۆست و ڕووخۆش

ووژه ووژی تەیارە هات و هاتەوە
بەرەو سەرکۆڵان دەرپەڕیم
دیم ساروخە زەبەلاحە دەسکردەکانی زاناکانی
پیشەسازی
بۆ شارەکەم هەڵدا و هەڵات
ژمارەیەک لە هاوشاری بێتاوان و هەژاری کورد
خوێن و مەرگیان کردە خەڵات
**********

هەرچەند ڕۆژێکیش لەمەوپێش
تۆپە دوورهاوێژەکانی وولاتی دراوسێمان
بە چاودێری ڕەسەدە نارەسەنەکان
بە بۆردومانی خەستی شار
یەکەم بۆمبی بەر خوێندنگەی
ئاسۆی شەهیدان دەست پێکرد
هەشت نۆ منداڵی خوێندکاری سەرەتایی
جگەر گۆشەمانی پێکا
دووهەم بۆمبی
لەبەردەم نانەواخانەکەی
گەڕەکەکەم بەردایەوە
کە خۆم بینیم ..
دوو گەورە کچی ناسکۆڵەی راگوزەر و
منداڵێکی حەوت ساڵانەی دراوسێکەم
کە سەرەی گرتبوو بۆ ( نان )
بوونە ئازارێکی سەختی هەرگیز لەیاد نەچوونەوە
هەروەکوو چۆن
خانوە قوڕە هەژارەکانی دەم گۆیژە
دابێژرا
پۆلی ئافرەتی سەرگەرمی

نانی {تیری }
لەسەر تەنوور
کردە پێشانگایەکی تراژیدی
بێ سنووری
شێوەکاری
ئێسک و گۆشت و
خوێن و هەویر
خۆڵەمێش ، ئارد ، گڕ ، پشکۆ ، قژ
( مایە ) تیرۆک
پنە ، کۆڵەوژ
ئەستێوڵک
بازن و گوارەی لە دەست و گوێ هەڵوەریو
بۆ دیدەی مێژوو هاتنە گۆ
تا ئەویش بیکاتە چیرۆک
بە ڕۆمان ، بە هۆرە
بە مەقام
بە سەرگروشتە
بە فلیم
**********

پێنووسم گرت بە دەستەوە
ئەوەی دوێ شەو لە خەونا دیم
ئەوەی ئەمڕۆ و ئەوەی هەفتەی ڕابردوو دیم
بەبێ دەسکاری وەکو خۆی
بە هەمان بیر و هەستەوە
ئەم کورتە ڕۆمانەم پێ دارِشت

**********

بەڵام نەموێرا خەونەکە

بێجگە لە ( ڕووناک ) ی ئازیزی هاوسەرم
نوونەی گیانم
لای کەسی تر بدرکێنم
ئا ، نەوەکو لەسەر خەونێکی قەدەغە
ڕاپێچی ئەمنە سوورەکەی عەقاریم کەن
ئا ، نەوەکوو هەواڵدزێکی نهێن گر
بەرزی کاتەوە بۆ ژووروو
وەکو شەهید بەرهەم و چوار هەڤاڵەکەی
ڕەمی کرێم
دایک و باوک و خوشک و براش
سەرنگون کەن
یان وەک حەللاج
وەکوو عیسا
بمدەن لە خاچ
جەستەکەشم پاشان پارچە پارچە بکەن
وەک کوردستان

# هەڵە زەنگ

لەندەن / ٢٠٠٨

کاتێ کە جووتە چاوی نەرگسی و
نیگای هەنگوینیت
لە دامێن لاسکە پەلکە ڕێحانە ڕەشەی
کەوانە هێڵی ئەبرۆتا
دوا قومە تیشکی دوا ساتی پشووی
ئەرکی نۆشیبوو
لەسای تریفە و گەشەی زانیاری چنی ئەمڕۆتا
باڵە پەپوولە برژانگ و پێڵووی خەویان پۆشیبوو
بە هەڵە زەنگێ
جووتە کۆترە سرک و جرپن و خرپنەکانی
هەڵنیشتووی لانەی باخی سینەتم ڕاچڵەکاندی
ناوەختە خورپەم بە دڵی چاوگەی
ئەوینی گەش و خاوێن گەیاندی

**********

زۆر بە داخەوە
بۆ ئەو خەمساتەی تا درەنگانێ
لەرزە ژانێک و ئەندێشەیەکی قووڵ ڕاژاندمی

لە ناخی ناخی ناخی ناخەوە
وروژاندمی ..
خۆشەویستەکەم دەزانم ماندوویت
ئیدی بفەرموو بخەوەرەوە
دەشزانم هەڵە و گوناهێکیشم دەربارە کردوویت
توخوا بمبەخشە و ببورە و لەبیر خۆتی بەرەوە
پێڵووت سەریەک نێ و بیانخەرەوە ناو ڕووباری خەو
با جارێکی تر دەست بکەنەوە گەردنی پەری
سروە و تریفەی سپی مانگە شەو

**********

بنوو لایلایە
خەونی زیوینی سای لوتکەی بێخاڵ
خاڵ خاڵ بەفرینی .. ساماڵ نشینی
بزوێنی گیان و بژوێن ببینی
لە هەموو لایە

**********

وا منیش ڕۆح و ترپەی دڵەکە و هەستم ناردە لات
لە لەندەنەوە بۆ ئەدرێسەکەت
بەبێ زەنگ لێدان بێنە ژوورەکەت
لە پێخەفەکەت نزیک بنەوە
بێنە ژوور سەرت لای سەرینتەوە
گوێ لە هەناسە نزمەکەت بگرن
لێت ورد ببنەوە
دەست خۆشی و پیرۆزبایی لە یەزدان
بکەن بۆ ئەو نوێ نەخش و نیگار و تابلۆ ڕەنگینەی
لە ئێسک و گۆشت و خوێن هێنایە بەر

بنوو لایلایە
عەشقی تۆ بۆ من لوتکەی چیایە
چاوی چرایە
پشت و پەنایە
زیندوو کەرەوەی زین و لەیلایە
**********

تکایە منیش ڕابکێشەرە خەونی قووڵتەوە
تا بە دووقۆڵی فلیمی خەوی بەچێژ ببینین
تۆ ببەرەوە
بە منداڵە یەک دوو ساڵانەکەی
حەفتا و نۆ و هەشتای سەدەی ڕابوردوو
تەمەنی منیش دابەزێنەرە تافی لاوێتی
ئەوسا باوەشت بۆ دەکەمەوە
هەردوو چەچەکەت بکەرە ملم
سنگیشت بنێ بە سنگمەوە
با دڵم تێر گوێ لە ترپەی دڵە ناسکەکەت بگرێ
ڕوومەتت بنێ بە ڕوومەتمەوە
با تەزووی هێزی گەرمیت وەرگرێ
خۆت بنووسێنە پێمەوە توند توند
تا هەردوو دەبین بە جەستە و گیانێک
پێکەوە چەسپاو
لە یەکتر نەپساو
ئەوسا بۆ هەموو جیهان دەسەلمێ
دید و هەناسەی بێ خۆشەویستی
زۆر بێ مانایە
وەک هیچ نەبینی و هیچیش نەبیستی
لەلای من وایە
بنوو لایلایە

وا گیان و دڵ و هەستمت لایە
هەتا هەتایە
چوار هۆنین بۆ ( هین ؟ )
بەچکە کۆتر
ئەی نوێ ترین سروەنازی
لانەی رازی :
هەڵبژاردەم
ئەی ئەو جوانەی کە پەنجامت
گەرانۆتەوە بۆ چوارەم
بۆ دەسپێکی خولیایەکی لانەوازی
ژان ژماردەم
لە نزاری چڕی هەست و
لوتکەی یادەکانمەوە :
چاوگەی قەڵبەزەی هەژانت
بڕژێنێتە ڕەوانمەوە
شیعری شەیدایی و ئەندێشەم
بۆ بکەیتەوە بە ( بێشە ) م

**********

دە بێ و بێ و بێ ..
شان و باسکم
بە شان و باسکت ئاشنا و ڕۆشناکە
ئەنیشکت بۆ ئەنیشکم شل و والآکە
تا جووتە بەچکە کۆتری
پەری سرک و سپیکەلەی
دەست و پەنجە نەرمیلەکەت
بخەیتە ناو هێلانەی هەردوو مشتمەوە
تا تێر ئەموست

بە پەڕوباڵ و بەرگەردنیاندا بهێنم
بە لێوی قامکەکانیشم
سوک سوک سوک سوک
بەروپشت و سەر و ملیان بخورێنم
هەموو ژەمێ
دانولەی سۆز و پڕپۆڵەی
پارچە جگەرمیان بدەمێ
هەموودەمێ
ئاهو هەناسەی سینەم و
ئەڤینی گەرمیان بدەمێ

## دەف

تۆ تۆ تۆ تۆ تۆ
جێی بایەخترین بوونەوەریت لام
لە داڵدەدانی کاتەکانمدا
بەنرخترین بیرەوەریت لام
نینۆکێکی تۆ
تنۆکێکی تۆ
بە هیچ سامان و پلە و ناوبانگێ ناگۆڕمەوە
هیچ هێزێک نیە تۆم لە دڵ دەرکات
هەتا دەمنێنە گەرووی گۆڕمەوە
تۆ تۆ تۆ تۆ
مۆمێکی لەناو پەرستگای سۆز و ئەوین بۆم هەڵبوویت
نەمامێکیشی پەلوپۆی چرۆی
بە هاو ناز گرتوویت
بە ڕیشاڵەوە بۆ گیانم ڕۆچوویت
تۆ تۆ تۆ تۆ
زیاد لە نۆ بووکی پۆشتەی ڕازاوەی
کۆشکی شازادە ورشە شەنگتری
کە پێدەکەنیت ..
لە سەمای بالێی شانۆی شەوانە

ڕەنگاوڕەنگ تری
هەستم هۆگری تیسکەی بریسکە
شیرینەکەتە
وەک چۆن گوێ سووکی
لەرەی ئەڵقەی دەف ژەنینەکەتە

## دیدە

جریوە و سروەی فێنکی دیدە
وەک دوو ئەستێرەی ( کۆ ) ی گەشی باڵان
لە شان دەسماڵی کەلەوە کشاو
لەتوێی تریفەی کەشی ساماڵان
پێش تاریک و ڕوون کاتی ( سپێدە )
لە نیگای حەزی سەرنجم ئاڵان
ئارامی تاسان
خۆی بە فریشتە بەهەشتیەکانی
دەروونم ناسان
ئاوا نابن تا تارای ( زەردەپەڕ )
پێڵووی شەبەقی پێ هەڵنەهێنن
دوو شەونمە ماچ ، دوو هەناسەی تەڕ
لە پەلکە شیعری باخم نەسێنن

# پاو پووز

پاو پوزه رووحه حۆرییه هەتاوییه
نوورانیه جوانەکانت ڕابکێشه
تا جووت ڕانمیان بۆ بکەم
بە دۆشەکمێزی ئامێزی بۆ هەمیشه
لە سنووری باسکۆڵە ناسکۆڵەکانی
کەمەرەی قولە پێتەوه
بۆ لوقمە پاژنە و شانە هەنگوینی لەپی پێ و .....
گوڵ خونچەی پەنجە و سەرپەنجە
تا لەتکە دەنکە گێلاسە یاقووتی
نینۆکە بۆخۆشە مێخۆشە تەڕپۆشە
چاوگەشەکانی گەرمێنیت
دەستەکانم ....... گەشتە دیدارێکی
لە باوەش گرتن و لستنەوە و هەڵمژین و
قۆستنەوە و شێلان و گوشین ئەنجام دەن
تا دەچنە خەو
ئەوسا تەنکە هەناسەم و نیگای ڕامانەکانمیان
بۆ دەکەمە پۆپەشمینی حەوانەوە .......
لە دوای پشوو ، ڕوو بکەنەوە کوێستان و
بگەڕێنەوە بۆ حەجی

ماچێکی تێرو تەسەلی دەست و مەچەکی پیرۆزی
( حەووا ) نەوە
کە دەستی وا ناسک و نیان
هەتا ئێستا دروست نەبوە و
نابنەوە لە وێنەیان

# خەمنامەیەک بۆ چلەی ڕووناک ی هاوسەرم

ئەی شاگوڵی عەشقی پیرۆز و شەیداییم
هۆ بینابیم هاو خەمەکەی تا هەتاییم
ڕاستە هەموو سەرەتایەک بۆ کۆتایە
بەڵام بریا مەرگی من پێش تۆ کەوتایە

**********

تۆ کەی سەودای ماڵ ئاوایی بووی دڵەکەم
تۆ کەی ڕەوای کۆچی دوایی بووی گوڵەکەم
هێشتا مابووت قەڵەم لە باخان بڕوێنیت
نەوەی نوێ بۆ نەتەوەکەمان بەر بێنیت
بەڵام هیچ دڵ لە دڵ نەدەی نەڵێی تەنیام
تۆ تەنیا نیت من لە غوربەتا بە تەنیام
تۆ چوویتە ناو بەهەشتێکی ئاوەدانەوە ، دڵنیام
تۆ ئێستا بووی بە فریشتە و حۆری و پەری
بوویتە میوانی مەهاباد ، ئازاد ، بەرهەم ، دایە فەخری
خۆزگەم بەخۆت ، بە شەهیدانی کوردستان شادبوویتەوە
دنیای دیلیت بەجێ هێشت و سەربەست و ئازاد بوویتەوە
هۆ هاوسەرە ، هاوژینەکەم ئیتر مەگری مەگری مەگری
پەلەت نەبێ ئێمەش ڕۆژێ دەگەینەوە بە یەکتری

٢

ئەوەتەی هەم ، لەوەتەی بووم
دەست بەرداری کەسێ نە بووم
تا دەست بەردارم نەبووبێت
تا زۆر تینیان بۆ نەهێنابم لە کەسێک نەڕەنجاوم
هۆ هاوسەرەکەی سی و دوو ساڵەی پچڕ پچڕم
میوانە ئازیزەکەی" بەرهەم"
هۆ پەلو پۆی نزاری ئەندێشەی چڕم
هۆ سەرچاوەی خەم و خەیاڵ و خەونە بێ ئۆقرەییەکانم
هۆ هاو باڵی چەرمەسەرییە کۆچەریەکانم
چۆن دەستبەرداری تۆ دەبم تازە من هەیهات
من و تۆ یەک جەستە و گیانین بینایین
ژینی منیش وەک ژینی تۆ کۆتایی هات
لە تەنیشت خۆتەوە جێم بکەرەوە
من هی تۆم و کەسی ترم پێ ناناسرێ
وا تێنەگەیت بە کۆنە یارانی پێش بەیەک گەیشتنماندا
دەچمەوە
تازە هەیهات
ئەوانە گڕو کفێ بوون دامرکانەوە بەسەرچوون
وانەزانیت سەرینێکی تر بێجگە لە کێلەکەی
ژوور سەری تۆ بناسم
واش تێ نەگەیت ڕواڵەتە بەرەڵڵاکانی
ئەوروپا لەخشتەم بەرن
بە فاکسنامەکانمدا بچۆرەوە
هەر جەمیلەکەی جارانتم
نینۆکێکت بە هەموو ئارایشت کردووە
فێڵاوییەکانی خۆرئاوا ناگۆڕمەوە

هۆ نوونە گیان
دووبارەی دەکەمەوە لە پەنا خۆتەوە
جێم بکەرەوە
زۆر ماندووم با ڕاکشێم
من و تۆ گۆشت و ئێسکمان تێکەڵی یەکتری بوون
هەر بە یەکتری حەڵاڵین
ڕەوایە بە گیان و جەستە و دڵ هەمیشە لات بم
هەردوو باڵت والاکە بۆم تا تێر دەستمان لە ملان بین
هەردووکمان زۆر داخانمان چەشت لە ژیانا
هەردووکمان گوناحین
بەسەرگەردانی بالات بم
بەڕاستی هەردووکمان دوو پەپوولەی
بێتاوان و بێ گوناحین

**٣**

جەمیل / هۆ گیانی جەمیل جەمیلی چی
جەمیل ئێستا بۆتۆ بۆتە
داسک و دەرزی
جەمیل دڵۆپە فرمێسکەکانی
بەڕیز وەکو کانی
پووش و پەڵاشە ماش و برنجیەکان
بەڵام ئێستا
ماش بژار کراوەکانی دەدێرێ
هەناسە دووکەڵاویەکانی
جگەرە لەدوای جگەرە
ناودەمی وەک جگەری کردووە بە ژەهر
دەستێک سووتوی لێ دەوەرێ و

دەستێک پشکۆی پێدەکاتە دەفتەرەوە
ووشە پشکۆکان پێش ئەوەی چرۆ دەرکەن
بپشکوتن
ئاگرێکی بێ ئامانی تێ بەردەدەن
ئەو ئاگرە دەی هەژێنێ
هەوو ناخی دەسووتێنێ
هەتا دادەمرکێتەوە
ئازاری سووتان دەچێژێ
هەتا دەبێتە ووردە پشکۆی گەش گەش
پشکۆکان  دەچزێن بە دڵیدا و
دڵ بە جەستەی
داسک و دەرزیدا دابەشیان دەکات
بە پەنجەکانی دەستە ڕاستا گوزەر دەکەن و
لە چادرگای دەفتەرە کەیدا چاو هەڵدەهێنن
هاڵاوی سووتانەکانیشی
لە بۆری جەستەی ئێسک و پروسک
تێک ترنجاوەوە
بەدیداری دووکەڵی جگەرەکەی دەگەن
جەمیل / هۆ گیانی جەمیل
سینەی جەمیل بە سەکۆت بێ
گڕی سووتانەکانی بە چراخانی گڵکۆت بێ
تۆ سی و دوو ساڵ ڕووناکایی جەمیل بوویت
با ئەمجا جەمیل مەشخەڵی ڕوناکی
جێ و ڕێت بێت

٤

کەی بێمەوە باوەش بکەم بە گڵکۆتا

کەی بێمەوە باوەش بکەم بە جل و بەرگە بەجێماوەکانتا
تێر تێر بۆنیان بکەم
ماکسیەکەت لە گەردنم بئاڵێنم
سوخمە و بلوسەکەت بکەم بە سەرینم
هەرچی دەست و پەنجەی تۆیان بەرکەوتووە
تێر تێر تێر تێر ماچیان بکەم
ئەوانەی پێش سەفەرە شوومەکەم هەتبوون و
ئەوانەی لەم سێ ساڵە دوور لە منەدا
بە نیگارت ئاشنا بوون
هەمدیسان ماچیان بکەمەوە

٥

بە تەلەفون /
جەمیل ئەگەر هاتو گێڕاشیتیانەوە بێ خەم بە
ماڵێکمان پێکەوە ناوە کە لە هیچمان کەم نەبێ
زەوی مامۆستایانیشم وەرگرتووە
خوا یار بێ لە عەزابی کرێچێتیش ڕزگار دەبین
دەستەیەک بڕیار بوو دەست بەکار بن
بەڵام لە ترسی جەنگەکە شاریان جێ هێشت
ـ هۆ ڕووناکی ماڵەکەم ـ مامۆستا گیان
کارامە مشوور خۆرەکەم
تۆ لە ساڵی حەفتا و چوارەوە مامۆستایت
منیش لە ساڵی شەستەوە مامۆستا و کرێکار و
فەرمانبەر ـ سوپاس بۆ خوا بە هەردووکمان
ئەو پارچە زەوییە بێ منەتەی مامۆستاییمان پێ بڕا
بەڵام خۆشەویستم ماڵ بێ تۆ
زەوی بێ تۆ

ژیان بێ تۆ
ڕاگوزار ، خۆراک ، خەو بێ تۆ
دەبێ چ دڵشادیەکیان پێوە دیار بێ ..
خۆشەویستم وا نەزانیت دوای تۆ دەژیم
جگەر گۆشەکانم ئامۆژگاریم دەکەن دەڵێن :
وەک بێ دایک بووین با بێ باوکیش نەبین
مانەوەم ئێستا لە دەستی خۆمدا نیە
بەدەست جگەر گۆشەکانمەوەیە
دەریا لە پەنامەوەیە دەتوانم خۆمی تێدا نقوم بکەم
زۆر ئاسانە بە شیشی پەنجەرەکەمەوە
گرێێ تەنافێک گەردن و گەروومی پێ
بجەڕێنم
بەڵام لەبەر جگەر گۆشە پەریەکانم
دەستم پێ ناچێتە هیچ کام لەمانە
بەس هەر دەگریم
دەگریم و دەگریم
بەساقەتان بم بەس ڕێگەی گریانم لێ مەگرن
هەرچەندە دەزانم کە گریان
چارەسەر نیە بۆ خەمان
بەساقەتان بم ، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بمێنم
توخوا ئاگاداری خۆتان بن ،
لە پەڕینەوەی شەقامدا
لەئاو ، ئاگر ، کارەبا
هەورە بروسکە
بەرگەی کۆچی دایکمم گرت
بەرگەی کۆچی باوکمم گرت
چونکە خاوەنی ئێوە بووم
بەرگەی گەلێ هەواڵی کۆچی ئازیزی

تریشم گرت
لەوانەشە بەرگەی ئەم کۆستە
هەرە گەورەیەش بگرم
ئەگەر نەمرم
کە هەرچەندە ، زۆر ئەستەمە
بە مەرجێ هەواڵی ئازارێکی ئێوە نەبیستم

٦

پەڕەسێلکە ئێستاکە ڕەشپۆشەکانم
پۆلە جگەر گۆشەکانم
منیش ئێستاکە باوکە  پەرەسێلکەیەکم
ڕەشپۆشێکی ڕدێن سپی
دایکە پەڕەسێلکەکەتانم لێ بزر بووە
بزر بووە و نەمردووە
هەر دەبێ بیدۆزمەوە
لەهەر گۆشە و قوژبنێکی
ئەم جیهانەدابێ هەر دەبێ
بیدۆزمەوە
ئەوساکە پێکەوە دێینەوە
هەر دایک و باوکەکەی جارانتان دەبین
لە هێلانەکەدا
لە نوێ خێزان پێک دەهێنینەوە
وەکو جاران
گەشتی گەرمیان و کوێستان
دەبوژێنینەوە
پێکەوە دەچین بۆ ماوەت ، بۆ سەردەشت
بۆ بانە بۆ مەریوان ، بۆ پێنجوێن

واژە ، سنکێ
بۆ ڕەزەکانی کانی سارد
دەچینەوە چوارتا و لەگەڵ سەی ئەحمەد
سەیرانێکی سەرسیر دەکەین
کە گەڕاینەوە ، دوای پشوویەک لە ئەزمەڕ
پێش ئەوەی خۆمان بە توی مەلیکدا بکەینەوە
لە ( دەباشان ) یش لادەدەین
هەفتەی داهاتووش دەچین بۆ قزلەر
بۆ لای ئەو خزمانەی پێشتر
دوو جاری تر پێکەوە سەرمان لێدان
لە ڕەزەکەتان
سەبەتولکەیەک
هێشووە ترێی سەرقووڵە
دەبەینە سەر کانیاوە سارد و سازگارەکەی
ژێر چەتری سێبەری پیرە مەگرون
کە تێر پشوو بووین
لەسەرخۆ بێ چرپە
خۆمان دەکەینەوە بە ماڵی خانە خوێی
میوان دۆستا
سبەی لە ڕێی گەڕانەوەماندا
دەچینەوە کۆخت و چەپەرەکەی
نزیکی هەناران
بۆ ماڵە بە ئەمەکەکەی
ماست و پەنیر و هەنگوین و
شیرێژ و کەرەیان دەرخوارد داین
لە هەنجیرە سوورەشیان بۆ هێناین
هەر لە ڕێی گەڕانەوەماندا
دەچینە تاکە ماڵەکەی

ناو بەهەشتە پڕ لە میوەکەی دامێن
کارێزە شاخین
بە بازووی فەرهادی شکێنەکەی
مامە قالە
مامە قالەی خزمی نزیکی هەردووکمان
مامە قالەی دەرو دیوان دالْدەدەری
زۆر لەئەوانەی
لەژێر چەپۆکی ڕژێم هەلْدەهاتن
لەناویاندا
کاربەدەستە تێر و پۆشتەکانی ئێستا
مامە قالە
بەگژماندا دێت و دەلْێ :
بە شەوێک و دوو شەو لە یەکدی تێر نابین
بێدلْی ناکەین و تا
بە بەلْێنی
سەردانەوەیەکی دی دەسپێرین
تا ڕێمان پێ بدا
بەهەشتە بچکۆلەکەی جێ بهێلْین

٧

گەشتی داهاتوو
دەبەینە کەرکوکی پایتەختی گەرمیان
خۆ ئێستا ئەوێ ئازادە
تێر هەواکەی هەلْدەمژین
لەمە بەدوا /لە مەنزومەی ئیستخبارات و
جەیشی شەعبی و
قودس و

فیدائی سەدام و
جۆکەرەکانی ناترسین
کەمتیار و مام ڕێویش ، ناتوانن قونەی تێدا بکەن
چەند گەڕەک و شەقام هەیە لێی ناگەڕێین
هەتاکو تێر تیا نەگەڕێین
( مەلا حەمید ) مان خۆش دەوێ
سەردانی دەکەین
چاوە پڕ لە سورەتی خۆشەویستیەکەی ماچ دەکەین
دەست لە ملی
کوڕ و کچ و بووک و زاواکانی دەکەین
( سەوزە خان ) بەسەر دەکەینەوە
ئاخێک بۆ کۆچی ئازیزانمان
بۆ شەهیدەکانی کەرکوک هەڵدەکێشین
ئەگەر پێمان باش بوو دەشچین بۆ بەغدا
بۆ ماڵە خوشکانی هەردووکمان
من دوو دەست تاوڵە لەگەڵ
کاک ئەحمەد هەمەوەندی و
حەسەن زاخۆلیدا
تۆش چێشت لێنان لەگەڵ پەروین و
سەرگوڵ و
بەناز و چنیاز دا
من یاری کۆنکەن لەگەڵ موحەمەد گەرمیانی
تۆش نوکتەی خۆش خۆش و
قاقای پێکەنین لەگەڵ گێلاسا
لە گەڕانەوەشماندا
لە ( موسڵ ) مانەوە
خۆمان دەکەین بە هەولێر دا
بۆلای هەستیار

پێکەوەش دەچینە لای فەلەکەدین
پێکەوە قاوەیەک نۆش دەکەین
موچەکەی لە بیرەوەری سەد ساڵەی
ڕۆژنامەگەری کوردیدا بۆیان دابین کردبووم
لە ژمێریارە لەچکە بەسەرەکەوە
وەردەگرین
لەوبەرەوە یانەی شەترەنج
ئەنوەری عەزیز ئاغای هاوەڵی کارگەی جگەرەم
ئەگەر لەوێ بوو
وچانێک
لەسەر دۆشەکەڵەکانی دادەنیشین
قسەکانی زۆر مزر و خەم ڕەوێنن
کە هەڵساین ، لە شەقامەکە تاکسیەک دەگرین
دەچین بۆ ماڵی بەشارەت
کیژە هەرە بچکۆلەکەیم خۆشدەوێ
زۆر ئێسک سووکە وەک باوکی
وەک مامی وەک پوورەکانی
وەک باپیری / کاکە واحید
کاک واحیدی قاراغای عەتار
کە هەر لە شەستەکانەوە
لە چوارتاوە
تا ئەم وەخت و کاتەش
ئەو هەر ئازیزمە و بە ئازیزیش دەمێنێتەوە
هەموو نەوەکانیم خۆشدەوێ
لەو ڕەسانەن زۆر کەمن
لای ( بەشارەت ) پەلە مەکە بۆ هەڵسان
من و بەشارەت هەردووکمان بێدەنگین
تا پرسیارێکمان لێنەکەن

تا ئەمان بزوێنن نادوێین
کە ماڵ ئاواییمان لەوێش کرد
تۆ سەعادەتت نەدیبوو
بەداخەوە لەدوا سەفەرماندا
سەرمان نەدان
ئەم کەڕەتە ئەگەر نەگەڕابنەوە بۆ کۆیە
سەریان ئەدەین
خۆی و بەکری هاوسەری و
کوڕ و کچەکانی گوڵن ، گوڵ
دەچینەوە لای مامۆستا ( شارەزا ) و
بە دیداری خۆی و
دەستەی نووسەرانی
هەفتە نامەی ئەدەب و هونەر دەگەین
دەشچینە لای ئازاد و دەستەی نووسەرانی
گۆڤاری ( ڕامان )
ئەگەر مامۆستا مەلا شکوریش
لەوێ بوو خۆشتر
تازەترین شیعری خۆمیان دەدەمە دەست
تا میوانێکی بچووکی
یەک دوو پەڕەی ناوەڕاست بێ
لەوێ کە هەڵساین دەچینە لای نەریمان و
چاچانەکەی
تا بمان بات
بۆ ئەو ماڵە خزمەی کە لە شەوی
نۆ لەسەر دەی حوزەیرانی دوو هەزار دا
میوانیان بووین
بۆ سبەینێ
دواى باوەش بەیەک کردندا

ئەک کوێر بم
من بۆ غەریبی و
تۆ و هەڵگورد و پاکیزە و
جگەر گۆشەکان بۆ گەراجی سلێمانی
ئای لەو ڕۆژە نائارامەی کە دیوان گیان
هەتاوەکوو لە چاو وون بوون
یەک لە دوای یەک ئاوڕی بۆ ئەدامەوە

٨

ڕووناک گیان دڵ لە دڵ نەدەی
ئێستا کەسم بەقەدەر تۆ لا جوان نیە
ئەو کەسانەی شیعرەکانم
جاروبار ناویان دەهێنان
هیچ کامێکیان
نابن بە تۆزی ڕێگاکەت
نابن بە زیخێکی سەر گڵکۆکەت
هەموویانم وا کردە ناو زبڵدانی مێژووەوە
هەر هەموویان پووشکەیەکن
لەئاست فووی هەناسەیەکتا
هەر هەموویان
قەشمەری و شۆخی و یاری یان
بە هەستە زۆر پاکەکەم و
دڵە زۆر ناسکەکەم دەکرد
ئازیزان ، بڕوام پێ بکەن
ڕووناک ئێستا کە پێنووسی پێ هەڵگرتووم
لەگەڵمایە ، لەدڵمایە
لە سینەم جیا نەبۆتەوە
بە نیازم دوای ئەم ڕشتانە

بە ئیسراحەت دەست کەینەوە ملی یەکتر
ئێستا ئەم ڕشتانە پێکەوە
دەچنین و دادەڕێژین ،
هەندێ یادەوەری هەیە
لەوانەیە
کە پەتای ( لەبیر چوونەوە )
ڕێگری بن
لە توولە ڕێی ڕاگوزەردا
زۆرجار ناڤی
کەسێک ، شارێک ، ناوچەیەک
ئامێرێک
کە خۆیان لێم بزر دەکەن
مۆخی خۆمیان بۆ دەگوشم
تا دێنەوە بەر دیدەی یاد
ئێستا چونکە بە تەنها نیم
شتێکم لێ بزر نابن
تا پێنووسم پێ ڕاگرن
کارم بە ( سەروا ) ش نەماوە
خەریکم کات
( سەروا ) پڕ پێستی چوارینە
وەک چوارینەکانی خەیام و هەمەدانی و
نەخەعی و کامەران
هۆ ڕووناک گیان بەخێر هاتیت
لە پردە خاپورەکەمەوە
سەر دیدەم هاتیت غەریبیت سڕیمەوە
ئاوەدانیت هێنایە ژوورەکەمەوە
لە گزنگا بەستتمەوە
بە خاکە دوورەکەمەوە

٩

خاڵە ( سێوە ) گیان بملاوێنەوە سەحەرە
سەحەر سیحرێکی نوورانی دەم بە خەندەی
لەش سفوورە
بەڵام ئەفسوس بۆ منی دوور لە دۆستان و
ئازیزانم بەتایبەتی نوونەی گیانم
داوێکە ، ڕووداوێکە ، شوومە
وەیشوومەی بێ سنوورە

**********

خاڵە سێوە گیان سەحەرە
سەرین جۆگەیەک ئاورنگی شەو تا گزنگی لەسەرە
سەحەر پەرداخە داخێکە دیخۆمەوە
ژەهراوی ژانە سەرە
خاڵە سێوە گیان بۆم بڵێ
لەو ئای ئایانەی دوا یانەی سەفەرە
ئەو ئای ئایانەت چۆڕاوگەی
ئایەتی بەرزایین
گەرووی گەردوون
بە هەردوو باڵی فریشتەی پەیام هێن دا
بۆم ڕەوانە
دەکا تاکوو تک تک چۆڕاو چۆڕ
بڕژێنە ناو ( ڕەوانە ) وە
ئەو ئای ئایانەت بەهرەی خوداوەندن
بۆ پەیام بەرانی هەندەران
منیش ئێستا پەیامبەرێکم
پەیامی عەشقی ڕووناک دەبەشمەوە

ئەو ڕووناکەی لە سەحەردا
لە سەحەرێکی پڕ لە کەسەری
دوور لە منی بێ ئارامدا
چاوی لێک نا و
سەفەرێکی بێ گەڕانەوەی ئەنجامدا
خاڵە سێوە گیان بۆم بڵێ شەیداتم
شەیدای سەدات
( بەیت ) و ( ئەبیات )
هونەرەکەت ناگۆڕمەوە بە ( کائینات )
بڵێ بۆ منی غەریبی خانە وێران
منی هەتیوی زگورتی
منی گوڵ لە باخا نەماوی
دڵسووتاوی
ناخ پەرت پەرتی
ناومەینەتی
هەرکەسێ بوو بە باعیسی لێک کردنمان
هەرکەسێکیش بوو ئیبلیسی مردنمان
ڕەبی خێر لە خۆ نەبینێ و کوێر و
( نابین ) بێ
( نابین )
نەگا بە پایە و مەرامان
تێکڕا بڵێین ( ئامین )

# ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێڕ

**چاپی یەکەم ساڵی ١٩٨٥ بوو**

## پێشکەشە:

تۆوی پریاسکەی بیری هەڵبژێر
دەچێنم لە ژێر ...
گوڵ خونچەکانی باخچەکانی تر
ملوانکەی هەزار دەنکەی شاربازێڕ
دەکەمە دیاری
گەردنی سپی .. ناوچەکانی تر

******

کوڕ وەک تەزبیح و کچ وەک ملوانکە
بیکەنە دەست و ملیان ئەم و ئەو
بشگاتە گەردن دارینی لانکە
ساوا بخاتە شنە و خەندە و خەو

جەمال شاربازێڕی
١٩٨٥

" ١ "

تەلبەندی خەمێک گیانی تەنیوم
چاوە چاوێتی بۆ کەلە بەرێ
ئای کە دەمێکە چوارتا نەیدیوم
ئاخ بۆ ڕابەرێ ، هانای من بەرێ
********

چوارتای مەڵبەندی شیرینی و تاڵیم
نامۆیی دەکەم بە پەرۆشەوە
چوارتای دۆشەک و لێفەی منداڵیم
تا بمخاتەوە .. خەوی خۆشەوە
********

چوارتای سەرەتای دێڕی داستانم
تا بمکاتەوە باوەشی گەرمی
چوارتای دۆستان و خۆشەویستانم
بەسەرما بێنێت دەستێکی نەرمی
********

چوارتا، ئاخ چوارتا ، چوارتا ، داخ چوارتا
نیوە خنکاوی نێو تەم و مژم
کەی بەناو باخچە و ڕەزی بنارتا
تێر بڕۆم و بێم ، تێر هەڵت مژم

" ٢ "

شەیدام بۆ گەشتی " سەرسیر " و " گردی "
لەسەر تەپۆلکێ ، دایدەم ئانیشکێ
دار و دەوەن و گیا و گوڵ و گەردی
ماچ کەم بە نیگام تا تاسەم دەشکێ
********

لە کانیلەی ژێر کەڵەژی شۆڕدا
کە قونار پرچ و ، توترک نینۆک
دێنێت بەسەری دەم و چاو شۆڕدا
وەک جوتیارێکی تینوو دادەم چۆک
********

بە دامێن ڕانی جووتە باسکدا
ڕایەڵ کەم پەتی لاڕێ جار جارە
مارەیان بکەم لە یەک چەپکدا
ڕیحانە کێوی و گوڵە جوتیارە

" ٣ "

کچە شوان لە پاڵ کێوی " مۆمکی " دا
بۆی هەڵکردبێت ، باسک و بازوو
خڕەی بێت لەناو سنگ و مەمکیدا
هەتا سەر پشتێن چنگ چنە مازوو
********

تەوراس بەدەستیش گەلا داهێنێت
مەڵۆ مەڵۆ بۆ باوەشی بخشێت

هەفتەی داهاتوو چارۆکە بێنێت
گەزۆی تەکاوی خاوی تێکوشێت

" ٤ "

لە " گەزێ " نازێ گەز گەز باڵا کات
خۆی بۆ هەرەوەز ئاڵ و واڵا کات
ئەو مەشکۆلەیەک دۆ بە قۆڵەوە
" حەمە " ش گیرۆدە لە دوو قۆڵەوە
یەکەم ئەوەندەی دێراو بەستووە
دووهەم نازە خان پەکی خستووە
دەسا نازە خان ، بزەی بدەرێ
با ماندوویەتی ، بکاتە دەرێ

" ٥ "

لە "ڕەوکی " لە پاڵ کەڵەکی وەردا
لە پەنا پووشی پاری قژ زەردا
بیرێکی ورد بین خۆی لە خاک وەردا
دوو کۆپلە شیعری بکات بە سەردا
********

جووتیار پێنووسی نەقیزە بەدەست
هۆ هۆ بنوسێت لەسەر پشتی گا
هۆی ژیانە و هۆی ڕەنجە و هۆی مەبەست
خەرمانە و مانە و ڕێگایە و جێگا
********

هەموو هێڵێکی گاسن لە پەرێز
دەبێت بە تەشتێک هەویری بەپێز

هەموو هۆ هۆ یەک دەبێت بە نانێک
گەدەی برسیەک دەگرێتە ئامێز
********

بە قابلەمەیەک قبووڵی ساوەر
قەرەخەرمانێک بۆ یار و یاوەر
یا نیسکێنەیەک هەر بە خۆرێنی
بینی پێوە نێی هەڵی قوڕێنی

" ٦ "

بە بەردەبازی لوسی " دۆڵێ " دا
گورجە هەنگاوی ترازاو هەڵنێم
خوڕیلکە تەپڵی گۆمیلکە لێدا
خۆشم دوو بەستەی خۆشی بۆ بڵێم

" ٧ "

بە کەشیەی پشتی " حاجی مووسا " وە
دەست بگرم تاکوو لوتکە و مێژەری
لەگەڵ هەر چوارلای چوارتای چەوساوە
بە قەتارەوە ، هۆرەی کۆچەری
********

لە دووریش باڵی تیشکی نیگای ڕوون
بفڕێت بۆ لوتکەی سەر پیرەمەگرون
کە لە شێوەدا دەڵێی زەردەشتە
کاتێک خۆر قاڵی کۆتایی گەشتە

" ٨ "

لەسای پەیکەری ئەسپی بێ زینی
سنگ پانی شاخی " بەردی قەڵێ " دا
کەوا نیشانەی شێی نەبەزینی
هەڵگرتووە وەک نەعرەتە لێدا
********

بەستە و سروودی سەرکەوتن سەرخەین
شاخی سەربڵند بیسەنێتەوە
گەرای ناکۆکی و سڵ شاربەدەر کەین
خۆشەویستیمان ، بمێنێتەوە

" ٩ "

لە " بەردی بووکێ " گوێ بۆ چیرۆکی
پەنجەی خەناوی و خوێناوی شل کەم
گوڵێک بوو ، زاوا دای لە بەرۆکی
با منیش دەستی شیعری لە مل کەم

" ١٠ "

لە " شێخەڵ " یش با پیرە داربەڕووی
شانێکی بدات بە شانمەوە
ماڵی ئەو کچەی سەردەمێک تەزووی
دەڕشتە جەستەی بەستەزمانمەوە
********

سەرنجی تیژی بۆ ڕابکێشم

وەکوو بروسکە گڕ بکاتەوە
هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشم
تف کەم لەو بەختەی ڕۆی ، نەهاتەوە
********
کە لاوێک نەبووم چاوی جزدان بز
وەکوو سەدەهای تری شاربازێڕ
نەهێڵم گەورە گەماڵێکی دز
بە قەپ قووتی دات وەک یاقووتی زێڕ

" ١١ "

ڕێی " سووراڵان " ی خاک و خۆڵی سوور
کە بە منداڵی پێی پێخاووسم
دەکەوتنە دوای دایک و خاڵ و پوور
دەردەچوون لەسەر جێی پێڵاو و ، ســم
********
پێی ناو دەوەن و دڕووی " ناو ڕەزان "
گەلێک قەڵاسووی دەهێنایەوە
کە لەگەڵ دایکم کۆڵە چیلکەمان
کۆدەکردەوە و دەپێچایەوە
********
دەرزی دەکەوتە بژاری دڕک
ڕەش هەڵدەگەڕان ، جێی گازی تیژی
شەو هەڵدەلەرزی ، ئازاری دڕک
کاتێک مەڵحەمی هەویر دەیمژی
********
لەسەر توێژاڵی جێی قاچەکاندا
هەناسەی هەژار ، بقۆزمەوە

لە دەمی بێڵ و جێ پاچەکاندا
ڕەنجی کرێکار بدۆزمەوە

" ١٢ "

لەسەر " پیراڵک " ی نزرگە و نزار
باوەشێنم کات سێبەری خەستی
سمۆرەی سرکی زیتەڵەی سەر دار
بهێنمە خوار ، بە خۆشەویستی
********

دڵنیای بکەم کە ، دڕندە نیم
زیان و زام و سزا بێت نیازم
بەڵکوو دڵدار و زەدەی دیدەنیم
بۆ هەموو گیانێک .. ژیان دەخوازم

" ١٣ "

بە پێ پیلکەی پشتی ، گابەردا
کە دامولکاون مۆڵ مۆڵ لەسەردا
فەرەنجی " قەڵات " بکەم بە بەردا
چەتری " دارەبەن " بدەم بەسەردا

" ١٤ "

بۆ گڵکۆی " وەهاب " چەپکێ گوڵ بەرم
باوەشێک بکەم تێر بە گەردنیا
هەڵڕێژم مشتێک فرمێسکی نەرم

کە بێ ئاگا بووم لە کۆچ کردنیا
********

برا گیان ئێستاش چاوی کاڵی گەش
هەر وەکوو جاران دەگریتە دیدەم
ئێستاش سێبەری چیای گەردن کەش
وەکوو پۆپەشمین بەرتا دەدەم
********

لە کوێی بتکەمە .. قەڵاندۆشکانم
بتگێڕم وەکوو دەروێش و کەشکۆڵ
ئاخ کەسەکەم داخ پشتت شکاندم
بۆچ وڕک ناگری و ناگری بۆ کۆڵ ؟!

" ١٥ "

بە " سەی تەحسین " دا وەک وەفادارێ
فاتیحایەک بۆ ڕێبواری گیانی
یادی " باپیرە عارف " داباری
کە لە کۆڵیا بوو جەستەی نیانی
********

باپیرە عارف نەک هەر باپیر بوو
بابە گیانم بوو سەردەمی کاڵیی
پەڵپ و گرۆزم لەکن ئەو ژیر بوو
ئەو دەیگرتەوە بۆم هەردوو باڵی

********

لەناو نووسیشدا خستمیە ژێر باڵ
باوک و مام وپوور خوشک وبرام بوون
نەنکم دایکم بوو، دایکم کچە خاڵ

نیگای هەموویان لانەی ئارام بوون
********

کە کاکم ، باوکی ڕاستەقینەی خۆم
گەڕایەوە خاک خۆی کرد بە ماڵا
هەڵی گرتم و ، ووتی باوکی تۆم
ماچ کوڵمەکانی کردم بە ئاڵا
********

بۆم نەدەچووە ، مۆخ و مێشکەوە
گریان ئاڵاکەی هەموو شتبووم
چونکە هەر لەسەر پشتی بێشکەوە
بۆ باپیرمی بەجێ هێشتبووم
********

پێش گەڕانەوەی چل وهەشت مانگ بوو
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا بوو
هەرچی هەواڵ و هاوار و بانگ بوو
وەکوو دەریاچەی بەستوو وەستا بوو
********

مەنجەڵی جەنگی جیهانی گەلێ
گۆشتاوی لێنا، بۆ چەند ئادەمێک
هەر پەل بوو ، پەل پەل ، پلەی هی گەلێ
دەبوون بە مووچەی نەهەنگ بۆ ژەمێک
********

هاوپەیمانێکی بەرەی داگیرکەر
هات و بەجەستەی گەلانی ژێردەست
" لیڤی " کرد بە پرد ، بە بەردی سەنگەر
لە ناخیانەوە ، دڵیانی دەگەست
********

باوکم یەکێک بوو لەو سەربازانەی

باری ئابووری پاڵی پێوه نان
بوون به پێشڕەوی ئەو نا ئازانەی
لەژێر تەنووری پۆڵاوه دەدوان
********

باپیرم ڕیشی قەڵەم کردبوو
بیستبووی دەریا نقوومی کردوون
لەلای خێزانیش نەیدرکاندبوو
خۆی دەخوادەوه و دەینایه دەروون
********

بۆیه هەرچی ناز هەبوو دایبوومێ
هەتا بێ باوکیم دیار نەبێت پێوه
ئێستاش یادەکان بوون به ئەلبوومێ
وێنەکان یەک یەک وەستاو به پێوه

" ١٦ "

قەفی ڕەشماری شەقام دووکەرت کەم
بەرەی ڕێی زبری " ترونتاس " ڕاخەم
به " قووڵی زێ " دا بێشەڵان پەرت کەم
هەر تەکانێک و تەکاندنی خەم

" ١٧ "

" بناوه ڕەشان " بێ " گڵه سپی "
درێژایی ساڵ ژیانی تاڵه
لۆکه هەڵدەسوێ له ڕاست و چەپی
وەک ئارایشت کات ، ژنی ڕەشتاڵه

" ١٨"

بە " سەربەڕۆژ " ی تیشکی ڕۆژ ڕێژا
کچی " ناومێرگان " کراس نەرگس چن
بۆی بکەمەوە باوەشی هێژا
دوو دڵدار ئاسا ، ماچ بێن و بچن

" ١٩ "

بەرەو " دێمە سەر " بە " زێڵان " دا بێم
تا " هەرمێ شینان " وەرد و پەرێزی
لەسەر هەر بستە خاکێک دامنا پێم
کڕنۆشێ وەک نوێژ بەرم بۆ ڕێزی

" ٢٠ "

بەرەو " سوێرەڵە " بکشێم سەرەو ژێر
لەسەر ئەستێرکی بەردەمی کارێز
بەردە پانەکەی جێ نوێژی " مام سوێر "
کە دەگرێت وێنەی لقی هەرمێ و گوێز
********

پشتێنەکەمی بۆ بکەمەوە
گرمۆڵەی کەم و بیکەم بە سەرین
لە پاڵ بەردەکە پاڵ بدەمەوە
بۆ سەرخەوێکی دەم عەسری هاوین
********

کە هەڵسامەوە ، پێش ماڵ ئاوایی
لە بەهەشتێکی بچووکی خوایی
بۆ بەر پلووسکی دار کلۆر کراو
دوو ئەموست بکەم بە کۆجەڵە ئاو
*******

بۆ جاری دووهەم تێر بخۆمەوە
نمە ئارەقی خەو بشۆمەوە
بە وردە چپەی لەبەر خۆمەوە
نەرمە هەنگاوی لەسەر خۆمەوە

" ٢١ "

پێچی سەرپێچی " کۆمەڵە پەینان "
بپێچمەوە و ، بیبەستمەوە
کە گەیشتمە ئاستی " ناو لاسان "
جۆگە ڕێێ دێبەر ، بپەستمەوە

" ٢٢ "

لەگەڵ شوان لێکتر نزیک بینەوە
بکەوینە دوای گاگەل و مێگەل
ڕوو لە ئاوایی سەرکەوینەوە
باخچان بسپێرین بە ئارامی مەل
********

گۆلەکە و بەرخ و کاری دەم گوشراو
بە دایکەکانیان شاد بکەینەوە
گوێ گوانی شیری پاشماوەی دۆشراو
شل بن بۆ مژ و بۆ چەکینەوە

" ٢٣ "

مەشکەی چوارپەل و مل شەتەک دراو
سک پڕ لە ماستی کوڵکن و مێخۆش
پەتی سێدارەی بۆ هەڵواسراو
بە بڕیارێکی دادگای خامۆش
********

فەرمان بەجێهێن بیباو بیهێنێ
ڕاوەستێت کاتی لەدەست دەردەچێت
زیاتر تەووژم و گوڕی لێبێنێ
تا " کەرە " ی گیانی جەستەی دەردەچێت
********

وردە کەرەی ناو کاسە دۆی بڵقن
هەنگوینی شانەی زەردی لەگەڵا
لەو لاوەش نانی ساجی خاڵ خرپن
نۆشی کەیت " پەی " ت پێنابات ، بەڵا

" ٢٤ "

" ئاوایــی "

بن بانی هاوبەش لەگەڵ داڵاندا
دڵی چاوەڕێی ، تیا بکرێتەوە
پرچی ڕاکشاو بە مەمکۆڵاندا
بۆ دلۆپە ئاو دەم بگرێتەوە
********

لەسەر بانیژەی خۆیان کوڕوکاڵ
خۆری دانەویو بدەن بە کەلا
هەتا دوا تیشکی چاوی ڕەش و کاڵ
نەگات ، نەگاتە ناو گیان تەسەلا

" ٢٥ "

لیژنە داری ، تا بنمیچ هەڵچنراو
لەجێی جامخانەی دەرو بەرهەیوان
لە قەڵاشکاری و لقی داهێنراو
بۆ چیزەی زۆپای نەوسنی دیوان
********

بە زستان کرمەی داکرمانی بێت
کاکڵە پشکۆی گەش ، هەڵبوەرێنێت
کاتێک کرێوە چەقەی دانی بێت
ئەم لوولەی گڕەی ، پێدا پرژێنێت
********

ڕەوە پەپوولەی ، باڵ سپی بەفر
هێرشی ئاشتی بێنێت سووک و جوان
گورگی بێ نێچیر بە لوورە و کفر
پەنای داڵدە دان بەرێتە لای شوان
********

کاتێک ڕێبەندان پۆپەی تۆخێتی
میوان دیوانی گەرم کردبێت
یان کە ڕەشەمێ ئاخ و ئۆفێتی
کوێستان کۆڵنجی نەرم کردبێت
********

" سپۆرت " ی چاو شین لە ناو سیپاڵدا

پێڵووی بەوەفا و نازی هەڵبڕێت
لە پارێزگاری حەوشە و بەرماڵدا
پشیلەی گزی و دزی هەڵبڕێت

" ٢٦ "

بانگوش بانگردێن تل بدات بە ناز
قلّیش و درز ، تەقەڵ دات ، کا و کۆت
ملی سەرەسوێ ، پشتی خاکەناز
بیپەستێتەوەو بیکات بە فێست بۆت
********

تۆو لەژێر درزا چەکەرە دەرکات
لە دوای ئاووس بوون قژ دەربهێنێت
بان ، سوخمەی سەوزی بەهار لەبەرکات
کەیبانوو حەز کات چای لاوە لێنێت

" ٢٧ "

لە سەرتەنووردا ، دانیشن "کۆرس " ێ
سیان پان کەنەوە ، دوان پێوە بدات
لەواشەیەکیش هەڵمی لێ هەڵسێ
ژەمە کەرەی نوێ خۆی تێوە بدات
********

قۆری سەرپشکۆی کوورەی تەنەکە
دیژلەمەیەکی بکەیت بەسەردا
شا بە سەپانی خۆت سەیر مەکە
تێریی بەری ڕەنج ، تاجە لەسەردا
********

ئێوارەش دایە و دیاری دەستی خۆی
ترخێنەیەکی گەرمی لێنابێت
لەگەنێکی لێ تێکوشی و بیخۆی
تام و چێژەکەی هەر تەواو نابێت
********

یان کەلانەیەک ، گەنمە کوتاوێک
پیر خەنیلەیەک ، یان یاپراخێک
بیرەی دۆی کاسەش کاست کات تاوێک
بەچەند کەوچکێک ، یان چەند پەرداخێک
********

بەیانیش پەنجەی پیرۆزی دەستنوێژ
بۆی تەڕکردبیت دوو نانی تیری
دانێت بۆت ماستی تازەی پڕ سەرتوێژ
لەش سووکی کار و پیشە و تەدبیری

" ٢٨ "

" چنارە گەورە "

سوورە چناری سەرمایە و سایە
بازۆڵەی پتەو هەتا بتەوێت
سەدان لق لاقی لە قەدیدایە
قەت قۆڵ و باڵی بالای نانەوێت
********

سوورە چناری پیرە کچی شەنگ
لە عەشق و عیشوە و نازی ناکەوێت
هەتا ساڵ بێت و ساڵ بڕوات ئاهەنگ
لە دەم و دیدە و دڵیا ناخەوێت
********

خۆی هەڵکردووە و پێی لە ئاودایە
ئەم و ئەو دەشوات بەم دەست و بەو دەست
وورد و درشتی لەناو چاودایە
بە خەندەی لێویان دڵشادە و سەرمەست
********

نهێنی هەموو کچێکی لایە
ئەوەندەی گوێ بۆ ڕاز شل کردووە
تاڵە مووی هەموو پرچێکی لایە
ئەوەندە دەستی لە مل کردووە
********

منیش کە جاران چاوانیم دەشت
بەسەریا دەدام قژی خەناوی
لە هاتوچۆمدا ڕایدەوەشاند ، مشت
پیا دەپرژاندم .. تکەی عەتراوی
********

شەیدام بۆ خورپە دڵ خۆشەکانی
دانەوین بەرەو سەرحەوز و مزگەوت
بریسکەی سەتڵی ئاموشۆی کانی
لەگەڵ تیشکی چاو ئاگر بوون بۆ نەوت

" ٢٩ "

شەیدام . دانەوم بۆ باخچەی " مام ڕەش "
بەژێر شەنگەبی و پەڵە هەنجیر دا
لە پاش چنینی دوو چەپکە ئاتەش
زەرکەفتی زەردە زاخاوی بیر دا
********

بەسەر تۆڵەکە و پۆڵکە و قەرسیلدا
بە پەرژینی زی و کەڵەکە بەردا
تێپەڕم بەناو باخچەی " جەمیل " دا
کەڵبەی قەڵبە ، جل بگرێت و بەردا
********

لە فڕکەی پۆلە چۆلەکەی چڵی
دار چوالە و قەیسی و هەنار و شیلان
باڵە هەڵاڵەی .. پەپوولە گوڵی
ڕەنگین هەڵوەرن بۆ سەر قژ و شان

" ٣٠ "

پشووی نیوەڕۆم بەرم بۆ ماڵی
کاک ئەحمەد و کاک سەعی دراوسێ
دوای ناسکترین سەڵاو .. هەواڵی
ئەندێشەی دێرین کزەی لێ هەڵسێ
*******

لە ناوچەوانی باجی هەیبەتا
سوپاسی دایکم بخوێنمەوە
دەنکە مرواری نمەکی .. هەتا
دنیا دنیا بێت ، بهۆنمەوە
********

لە نەبوونیدا بوونە هۆی بوونمان
برسێتی کەمتر ، پەی پێ دەبردین
گەلێ شەوانی شێو لێ ونبوونمان
کاسەکەی ئەوان تێری دەکردین
********

دایکیشم وەکوو چاکە پێزانێک
جواناوی ڕەنجی لەگەڵ دەڕشتن

لە باخ و دێبەر وەک هاو خێزانێک
لەگەڵ ئەرکیاندا پێک دەگەیشتن

" ٣١ "

کورد ئەڵێت قسە قسە دەهێنێت
فەرامۆشکردن سەر دەشێوێنێت
باوکی بێکارەم لەو سەردەمەدا
سوورایی زەردیی بەسەردا دەڕژا
گیرفانی خاڵیش ، ماوەی نەدەدا
چارەسەرێکی بکات بەگژا
********

شێخێک ، لەشکرێک دەروێش لەگەڵا
لە مزگەوتەکەی " بەری ماڵان " دا
دەست ماچکەرانیش وەک پەلک و گەڵا
لەیەک ئاڵابوون لەناو داڵاندا
********

وتیان نەک تەنها خاوەن " کەرامات " !
زانا و داناشە ، حەکیمە دەستی
باوکی بیمارم بە ناچاری هات
بەرگی هەڵماڵی و بە دەمدا خستی
********

وەک بێتاوانی پیلان بۆ هەڵبەست
کە سزا دەدرێت لەسەر هەڵوێستی
لە نۆ جێگاوە پشکۆ پشتی گەست
تا بوون بە سووتوو ، بە قرچەی پێستی
********

شێخ شەکری خۆی وەرگرت و شکاند

دوای هەفتەیەک چوون بۆ کەرتێکی تر
ئازاری باوکم زێتر پەرەی ساند
بۆ  دایکم ، ئەرک و خەفەتێکی تر
********

" تۆبە " کارانیش باجی خۆیان دا
بچووکی و چۆکیان بۆ نۆ کردەوە
نرخی گیسکەکان هەر زوو بۆیان دا
پیتاکیساڵیان ، بۆ کۆکردەوە

" ٣٢ "

بۆ ئەوەی چاوگەی ڕاستی لێڵ نەبێت
گوێ لێگرەکەم ڕێگەی وێڵ نەبێت
********

دوو ساڵ لەسەر یەک خوێندکاری پۆلی
پێنجی قۆناخی سەرەتایی بووم
جۆگەلەی" وانە " م دەچوونە گۆلی
لەبیر چوونەوەی ڕاوەستاوی شووم
********

دانی پیا دەنێم ، بۆیە دەرنەچووم
برسێتی ژانی دەژاند لە سەرما
لەو ڕۆژانەشدا لە پۆل نەدەبووم
ماڵەوە ئەرکی دەڕژاند بە سەرما

" ٣٣ "

یان بۆ چاودێری منداڵی بچووک
بە واڵا چیلکەی بۆ بکەم بە بووک

تا دەچووە خەو، ڕامبژاندایە ..
لە نزیکانیش تکای ، ووس بن سووک !
********

یان باراشەکەم ، دەبرد بۆ ئاشی
دەکەوتمە دووی گوێ درێژە دێز
خواردنی " خەروا " ی ئەستوور پاداشی
مزەی زیاتر بوو لە ئاردی بەپێز
********

یان کار دەیناردم بۆ " واژە " و " سنکێ " م
خزمی خزم دۆست دەیلاوانمەوە
لە ڕووباری خوڕ نەوەک بخنکێم
پردی بازوویان ، دەیپەڕانمەوە
********

بار و بەرچنە ، دەپاڕانەوە
تەماع ، کەرە دێز بەلەسە نەکات
مێچکە نەبینێت ، بە ڕێ و بانەوە
کۆپان داماڵێ و بە کەندیاندا دات
********

ناڕازی نەبووم بە مانگرتنی
نە ڕۆیشتن و بۆی تەرسی ڕێباز
بەڵکو بێزار بووم ، لە گوێ گرتنی
ناڕەسەنترین ئاوازی ناساز

" ٣٤ "

لە گوند ، بیرێکیان دامێ نەخوێنم
واز لە پەڕتووک و خامە بهێنم
بچم لەلایان ، بێستانەوان بم

شەمامە بۆنکەم ، " ڕووشە " بشکێنم

********

بەڵام هەستی خۆم لا سەنگین تر بوو
بێستانی ژێریم لا نگین تر بوو
شەمامەی هیوای دوارۆژم .. لەلا
خۆشەویستتر و ، خاڵ ڕەنگینتر بوو

" ٣٥ "

لە حەوانەوەی ڕۆژی هەینیشدا
دەگەڕام ، بە دووی خاوەنی ئیشدا
تا دڵی نەرم دەبێت لە پێشا
هەندێکیش ڕەق بوون نەیان دەئێشا
********
ماسولکەکانم وەک وڵوو شل بوون
کە دەمبزواندن بۆ کرێکاری
ووردەلم ، بۆدرەی سەر یەخە و مل بوون
بۆ خوێندنگەکەم دەبرد بە دیاری
********
گەلێک تاسە گەچ ، تاسە چیمەنتۆ
سەری پڕ تاسەی لەراندوومەوە
سوورە هەتاوی قرچەی نیوەڕۆ
تکەی ئارەقی چۆڕاندوومەوە
********
بەردی نەقارپیم بە پردی پشتی
ئێسک و پروسک باریکدا دەچوو

بۆ خەلفەی وەستای شاقوڵ لە مشتی
چینی دیواری تەلاری هەڵچوو

" ٣٦ "

هەر لەو ساڵەدا باوکم وەرگیرا
لە هێڵی " ماوەت " بە پاسەوانی
نەبوونی نەختێک ڕووی خۆی وەرگێڕا
بوون ، گەیشتەوە ڕەشە خێزانی
********

پشووی هاوینیش منیش هاوسەنگەر
بووم بە شاگردی کوورەی ئاسنگەر
دەی بیدەمێنە .. جووتە هەمانە
چەکوش و دەستگا و ئاگر بارانە
********

پاچ و نێڵ و پیک بە دەستم ناسین
چۆن فەرهادێک بوون لەشاخ بڕیندا
سێبەر کوژانی ، بێ هەستم ناسین
چۆن میکرۆبێک بوون ، دەم لە بریندا
********

ئیتر لەوساوە ، ئاسۆم هەساوە
چونکە لە مانای ڕەنج تێگەیشتم
کە بووم بە دۆستی چینی چەوساوە
خۆم دەزانم کێ دەیگرێت پشتم

" ٣٧ "

خۆم دەزانم چەند .. ناوی خەیاڵی

بێ خاوەن دەلکان بەسەر لیستەوە
چەند ورگنێک و گورگی خۆماڵی
تێی دەکەوتن و دەیان لستەوە

" ٣٨ "

پیک و نێڵ ڕەت بوون بە " کارێزە " دا
سنگ ، بۆ چادری ئەندازیار ، چەقا
لە " کونەماسی " ، کانە تەرزە دا
دوا تووڕەکە دۆی نیشتوو شڵەقا
********

بە دوا چۆڕ ، دوا نان دوا چای دیژلەمە
وەک ژەمان گەدەم بوو بە جێی گەمە
نوێن ماڵ ئاوایی کرد لە مێروولە
خۆشم لە وەستا و لە مووشەدەمە

" ٣٩"

لەگەڵ ئەیلوول دا خوێندنخانەی نوێ
کە پیرئاڵکی .. لەلاوە دەنوێ
بە تارای سپی و پێکەنینەوە
دەستی فەرمووی بۆ ، لار کردینەوە
********

پەنجەی دەستێکم هەر پێنجی ژمارد
پەنجەی دەستەکەی تر کردی بە شەش
ساڵی کۆتاییم ، بە مێژوو سپارد
ناوەندی هیوای گرتمە باوەش

" ٤٠ "

خونچەی تازە لێو بزوێن بۆ ژیان
لانەی پێشوویان کردین بە گوڵدان
کچان چرایان هەڵکرد و هەڵگرت
ڕێی ڕۆشنبیری و ژێی ژیریان گرت
********

بوون بە ڤینۆس و گەلاوێژ و کۆ
لە ناو دەسماڵی ئاسۆی چوارتا دا
سروودی تازە ئاواز ، هاتە گۆ
نە بیسترابوون لە سەرەتادا
********

" ٤١ "

چەند یادگارێک تۆمارم کردوون
گەلێک مامۆستای دڵسۆزم ژمارد
لە لوتکەکاندا ، کاکە فەرەیدوون
وەک بڵندترین ئەوم هەڵبژارد
********

ئەو بوو گۆران و ئەو پیرەمێردی
پێ ناسیم وەکوو دوو چاوگەی کوردی
********

ئەوبوو هانی دام دەست کەمە ملی
پەری شیعرەوە و شانەی قژی بم
شەمامەی مەمی سەر سینەی شلی
منیش خاڵێکی نەخش مژی بم
********

لەو هاوبیرانەی هۆی سەبووری بوو

لە خوێندنخانە وماڵدا پێکەوە
بە تیشکتریان حەمە نوری بوو
وەک دوو دەسگر بووین بە قاپێکەوە

" ٤٢ "

ڕێی ماوەت هێشتا لە دۆڵ بێشکا بوو
باوکم ساڵێک بوو شەو لە ئێشکا بوو
چەند مانگێک دوای من کاریان پێی نەما
بەگ ، نزیکێکی خۆی ، لە جێی دانا
دوای ئەوەی ، ئەوەی ، پێی بوو پێی نەما
داخوازی ماڵ و منداڵ پێی دانا
********

ئەوسا کەوتەوە ، پەلکوتانی نوێ
پەنای تر ، تاکوو دوو پولی باتێ
دۆستی تەنگانە چوونە لای کێ و کوێ
بۆی تێکەوتن وەک شەوی بەراتێ
تا کاربەدەستێک نەرم بوو دڵی
بەراتی کارتی کار بوو نقوڵی

" ٤٣ "

لە گوندێکی پڕ تەم و دووکەڵدا
دانیشتوانی زۆربەی لە زنجا
لەبان گردێکی ڕووت و کەچەڵدا
نزیکی هێڵی گرنج گرنجا
********

لە جیاتی دەستی ئاوەدانی بۆی
لە جیاتی کارگەی لە خۆیدا بۆ خۆی
لە جیاتی لانە ، بۆ خوێندنخانە
لە جیاتی تیمارخانە ، یان یانە
لە جیاتی بەستێک ، ئاوێک ، گەرماوێک
ڕێی هاتوچۆیەک ، ڕووناکی چاوێک
کەچی فەرمانی پۆلیسخانەیەک
دەرچوو بۆ شورای بەندیخانەیەک
باوکیشم لەوێ کرا بە چاودێر
خۆشم لە پشووی هاویندا ئاودێر
********

لەوێش نزیکەی ساڵێکی پێچوو
کاتێک هاتەوە بوو بە کەبابچی
کەبابی بێ فێڵ ، لە یاقووت دەچوو
بووژاندیەوە پێی کوڕ و کچی
********

دایکیشم پشووی کەوتە هەستەوە
سرکەیی یەکەی لەسەر بەستەوە
بۆ ماوەیەکی کاتی ، نەک تاسەر
خەفەتی لەودیو حەوشە بەستەوە

" ٤٤ "

## " چەند گەشتێک "

کە تاسەم شکا لە ناز " راز " ئاواز
بەرەو دیدەنی ، وردیلەکانی
باسک و یاڵ و دۆڵ ، نزم ، لێژ ، هەوراز

بەچکە کێویلە و ، چەمیلەکانی
********

بۆ ، بۆی ڕوومەت و مەم و باخەڵی
گوندە بچکۆلە ، ڕووخۆشەکانی
مووچە و کۆخیلکەی تەڕ و ووشکەڵی
پەناو هێمنی ، لە کۆشەکانی

" ٤٥ "

بەسەر " سنجەڵی " و " گەنکێ " و " سالان " دا
ڕووباری ئۆقرە نەگرتووی ، سیوەیل
لەتاو هەنیسکی شیرین تالاندا
بگرمەوە ! وەک هاو هیوا و هاو مەیل
لە کەناریدا وەکوو " کەناروێ "
بنچکی یادی ، لق سەوز بڕوێ

" ٤٦ "

بفڕم بۆ ، " بۆسکان " وەک مەلی کوێستان
شاعیرێکی دۆست ، بەسەرکەمەوە
کاک حەمە ساڵح ئاغا لە بێستان
شەمامەکانی پێ کۆ کەمەوە
********

شەمامەکانی بێستانی شیعرین
هەتاکوو ئێستا هەر بە " تەرز " ەوەن
بۆ پەنجە و بۆ بۆی دڵداران دەگرین
چاو بە ڕەهێڵە و بەفر و " تەرزە " وەن
********

کە ڕابوردوومان ، دەهێنمە یاد
مامۆستا لە ڕیز دەری دەهێناین
مەحموودی خوێندکار ، لەگەڵ دڵی شاد
شەماڵی شیعری ئەوی لێ دەداین
********
ساڵ هات و ڕۆیشت وەک شیعر دۆستی
دیدارێکی هات بەدەنگمانەوە
داخەکەم مەرگ وەشاندی دەستی
شیعریش بێ ڕەنگ و بێ دەنگ مانەوە

" ٤٧ "

بەڕاستە ڕێگای سەر " چنارە " دا
یادێکی ناسک ، وەک هەستی " وریا "
هەڵگرم بڕۆم بەو بنارەدا
کە تارای زەردی داوە بە سەریا
********
لە باخەکانی " شیراوێژە " دا
ببمە قردێلەی لاولاوی پرچێک
گوڵ ، ووشە ، لەناو دێڕی وێژەدا
بکەم بە سوخمەی سەر سینەی کچێک

" ٤٨ "

بە " خمانە " دا بۆ " بناویلە "
ئەم دێ ، بۆ ئەودێ ، تا " نۆدێ " " بۆ " ی دێت
هەستی خۆم بکەم بە ئەموستیلە
پەنجەی پێنووسی شێخ مارف " بۆی " بێت

" ٤٩ "

## " پیری شەوکێڵ "

چوارشەمەیەکی ، شەوڕۆی هەردەوێڵ
بۆ تکا و نزای ، بیماری بادار
بمێنینەوە ، لە پیری شەوکێڵ
گوایە ، شەفایە ، بۆ ژان و ئازار
********

پیری شەوکێڵی ، سەر سپی دڵتەڕ
هەموو هەفتەیەک ، شادی و جەژنێتی
بەرگی ڕەنگین و قۆز ، دەکاتە بەر
عاشقی جوانی باڵا و بەژنێتی
********

حەیران و بەستە و مەقامی دەوێت
سەما و هەڵپەڕکێ ، لەنجەی ڕەشبەڵەک
ئاوازی هەزار نقامی دەوێت
غاری سەر ئەسپی قەشان و بەڵەک
********

چاو بڕکێ و گەمە و گەشەی سەیرانکەر
لەدوای دانانی، سفرەی ڕازاوە
مەزەی قاقای کار لە دڵ و گیانکەر
نۆشی شەفایە ، لەپاڵ نزاوە
********

وەی لەوەی شۆخی خۆی هەڵبژێرێت
لە چاویا ، ڕەزامەندی ، بڕوێنێت
ساڵ ، مانگ ، هەفتە ، ڕۆژ ، سەعات بژمێرێت
تا بۆی پێ دەگاو ، تاکوو دەیهێنێت
********

پیری شەوکێڵ و پیری دڵداری
پیر و خەڕۆ یان بکات پێکەوە
ئەڤین ، شەرابی تەڕ و گوڵداری
بکاتە پێکی لە دوا پێکەوە

" ٥٠ "

سـیتەک

بە تایەبەتی ، بچم بۆ سیتەک
وەک نزیکترین هەڤاڵ و هاوڕێم
لەگەڵ جێ بۆمبا و هاوان و فیشەک
بۆ "کووژەکە "کەی ، باوکم بگەڕێم
********
کە دوژمن جزەی گەیشتە سەر بێخ
لە پەلەقاژێی مەرگا ، دەینالآن
بۆ تۆڵە سەندن لە بەرگری " شێخ "
کەوتە تۆقانی ژن و منداڵان
********
سلێمانییان ئاگر باران کرد
بەهەمان شێوە ، لە سیتەکیشا
کۆچە و ئارامگا و لانەی وێران کرد
داخی دەروونی ڕەشی پیا کێشا
********
باوکم ، ئەو کاتە لەسەر " لانکە " کەی
بە دەسرازەوە .. گرێ درا بوو
شڵەژان کۆرپەی کرد لە ، دایکەکەی
برا، بێ ئاگای خوشک و برا بوو
********

کە گەڕانەوە لانکەی کەوتبوو
دەم ، حەمامۆکێی دەکرد لە گڵا
کووژەکەی شینی قۆچکەی کەوتبوو
بەئاستەم ، جووڵەی دڵ هەڵدەقوڵا

" ٥١ "

" بێکەس "

بۆیە بێکەسی مەزن ڕووی کردە
مانگی ڕوو زەردی وێڵ و سەرگەردان
تا بەشایەت بێت کە چۆن ئەم کوردە
بیست و حەوت ساڵە لەژێر ئاگر دان
********

بۆیە وەک زریان ، وەک بوومەلەرزە
جەستەی ئەدمۆنزی هێنایە لەرزە
بۆیە ، دای بەڵێن ، دوژمن پەت بکات
جەرگی هەڵپەیان ، لەت و پەت بکات

" ٥٢ "

" واژە "

باوەشێک کسپە بەرم لەگەڵ خۆم
بۆ " واژە " ی لانەی چاو هەڵهێنانم
دای بگیرسێنێت ، کەشەفێیەک مۆم
بژمێرێت ، ساڵە ئاوارەکانم
********

واژەی درەختی چرۆی پەلوپۆم

سێبەری مام و باپیر و نەنکم
چەند ڕشتەی بیرێک لەیەک بدات بۆم
بۆ ملوانکەکەی ، سەدەها دەنکم
********

" ٥٣ "

گوڵێکی نەرگس بدەم لە پرچی
لەیلا ی " شەکیب " ی دڵدار و دانا
کە چاوەکانی ئەوبوو نقورچی
دەگرت لەو دڵەی خۆی لەسەر دانا
********

مەلا فەرەجی شەکیب کە دەدوا
فریشتەی بیستن ، ڕەنگین تر دەبوو
پەری هۆنراوە ، لە لێوی ئەودا
شۆخ و شەنگتر و ، سەنگینتر دەبوو

" ٥٤ "

ماوەت "

لە سای " سێ کوچکە " ی سەر " ماوەت " ەوە
لە بەربەرۆچکەی گۆشەی هەتاو هێن
بەو گوڵاو یادەی " بۆ " ی ماوەتەوە
پرژێن کەم سینە و مەمی وەک شەهێن
********

تیشکی زێڕینی سەرچاوەی " زینوو "
بێنم بۆ زیوی کارێزی " زێوکەم "
لە " کانی بەستێ " شیعرێکی تینوو

کشمیشاوێکی زەردی ، سەرلێو کەم
********

ئەو خزم و دۆستە کۆچ کردووانەی
لە خاکیان پاکیان ، بلاوێنمەوە
یەکی گوڵبەندێک بۆ ملەوانەی
کێلی ژوور سەریان برازێنمەوە

" ٥٥ "

وەک منداڵێکی ، برسی بۆ مەمک
دەم بەرم بۆ " گۆ " ی خۆشین کۆی " بیشوان "
باوەشێنی چەم ، شەماڵی فێنک
هەوێنی یاد بن ، بۆ شاعیر و شوان

" ٥٦ "

کۆچیلەی داری " بەرمێشک " و " قەزوان "
لە جێگە زامی جێ دانی تەشوێ
دەم بگرێتەوە ، بۆ فرمێسکی جوان
" بنێشت " بێتە گۆ ، ڕەنجیش بپشکوێ

" ٥٧ "

لە " بەرد بەرد " وەکوو ، مەلی دڵنیا
مانای سەربەستی ژیان بزانم
کام بن شاخم ویست ، بچم لە کنیا
تێر بچریکێنێت " ئەزغەر " ی گیانم
********

لە "بانە قووتە " و کانی " سام " ، " گۆماو "
" سلێمان هەلاج " ، " ڕەش هەرمیان " ، " بایاو "
لەگەڵ خاڵۆزا و پوورزا و زاو زادا
شنەی ناز لە ناو بزەی ئازا دا
گەلێک نەمامی کاڵم داشتووە
شەتڵە گوڵاڵەی ئاڵم ناشتووە

" ٥٨ "

لە مووچەیەکی چاوی چامەدا
یادێکی زێڕین ، قژی لادەدا
کچێک خۆی پیشان دەمی " خامە " دا
لکی هەستمی ، بە ملا دەدا
********

وامزانی کە ئەم دەمخوێنێتەوە
برینەکانم ، لای سارێژ دەبێت
جێی ئەوی ترم ، بۆ دەگرێتەوە
یادگاری کۆن سەرەو لێژ دەبێت
********

چاوی بەڵێنێک ، دەیبینا و کوێر بوو
هیوایەک هەر زوو جوانە مەرگ بوو
خاوەنی بەڵێن ، بەرەو هەڵدێر چوو
خزمی نزیکتر ، داخی جەرگ بوو
********

کە بیستی ، داومە ، بازی خوازبێنی
ئەویش کەوتە خۆ لە پەناوە سووک
کاتێکم زانی ، وتیان واز بێنێ
چاکترە ، چونکە وا دەیکەن بە بووک

" ٥٩ "

داخۆ منیان لا کردبێت بە چی ؟
چ .. تاوانێکیان دابێتە پاڵم
وا بە ئاسانی ، دروویان لچی
خستیانە ئەستۆی خۆیان ، ئەوباڵم
********

هەی ئەی ئەوانەی داتان لە باڵم
منی ڕێگەی ڕاست ، ڕەوان بوو خواستم
کێ ناڕاستیشە ، بەسەریا زاڵم
لە ئاست هەموو ڕاست گۆیەکدا ڕاستم

" ٦٠ "

لە " ڕەشەکانی " چاو ڕەشەکانی
چامەی کەشکۆڵی ، " نەجمەدین مەلا " ن
بدەم لە چیا، سەرکەشەکانی
دەنوارنە سەر سیوەیل و ئالان
********

لە " سیرێ " ش " رەمزی " بگرێتە باوەش
گوڵشیعرەکانی بدەم لە بەرۆک
لە ئاسۆی کەلدا ، وەک ئەستێرەی گەش
بدرەوشێتەوە ، شێوە و ناوەرۆک

" ٦١ "

لە " باڵخ " " مەحوی " چەپکە گوڵێکی

شەونم لە پەڕەی هەڵاڵە تکاو
بگەیەنێتە .. ناسکە دلێکی ..
زامداری گریاو .. بێ تاوان شکاو
********

لە "کانی سارد"ی هەناسە سەردان
چڵ چڵ ، بیمژێت مەقامی مەردان
منیش ، ڕووبەڕوو بۆی بسێنمەوە
دڵی شکاوم .. بلاوێنمەوە
زۆری تریشم لە دڵ و "سەر" دان
با هەڵیان بگرم بۆ دووهەم سەردان

"٦٢"

## "قەلاّ چوالان"

لە داگەڕانی سەر بەرەو لێژی
بۆ شڵپەی مەلەی شەپۆلی شلین
کۆڵنجی پشتی ڕووتی درێژی
باسکی مام "ئاغا جوونی" بشێلین
********

بە ڕانی گێڕ و لاقی شکاویا
توێژاڵی پێستی گرژی داماڵین
لە جۆگە ئاوی ئارەق تکاویا
تاڵە وەریوی قژی ڕاماڵین
********

بە لاڕێی دۆڵی باریک و خزی
سەرپەنجەی گردی مەم خڕ و پڕ دا
لەتەک شیرمژەی بزێوی بزی
بەرپێ ، کە تێپەڕ دەبێت لە پڕدا
********

لە دوای چاوشارکێ ، قەڵاچوالان گڕ
شاری بێ میر و بێ پشتیوان گڕ
قەڵای ئیبراهیم پاشای بابان گڕ
کاکی مەڵکەندی و کانی ئاسکان گڕ
********

ئەو شارەی بوخچەی کە نایە سەر شان
لە سلێمانی ، گرێی کردەوە
لەوێ درێژەی دا بە تێکۆشان
پشت بە بابانی نەوەی کوردەوە
********

شەو ، چیرۆکێکی ، خۆشی باپیرم
کە لە پریاسکەی ، یادی بەستبوو
ئا لەم شوێنەدا هاتەوە بیرم
ئەویش لە باوکی بیستبوو
********

میر فەقێ ئەحمەد ، کە دارەشمانەی
پشدەری چۆڵ کرد بەرەو شاربازێڕ
هات و ئەم دەشتی قەڵاچوالانەی
کرد بە میرنشین ، بە بنکە و بازێڕ
********

لە پاش چەندساڵێک شاری ئاوەدان
بە کۆشک و گوزەر ، بازاڕ و شەقام
بوو بە قەڵای مەرد ، لانەی نەبەردان
بەرەو پێش کەوتن گرتبووی سەقام
********

باسک و بەرزایی ، ڕیزە قەڵا بوون
چەکداری نەبەز وەک سەنگەری بوون
بۆ بەرگری و جەنگ وەکوو پۆڵابوون

شورای تەنگانە و پارێزەری بوون
********

دەرگای خوێندنگەی پۆل بۆ گشت ، والآ
بوو، بە درەختی ، زانیاری بەرگرت
گەلێک ، مامۆستای سەرکەوتووی بالآ
لێرەدا ، بڕوا نامەیان ، وەرگرت
********

میر لە گەڕان و گەشتوگوزار دا
عاشقی ڕاوی کەڵەکێوی بوو
لە هەردو دەشت و چیا و نزار دا
خەجە و سیامەند ، لەسەر لێوی بوو
********

" مەناڵە سیامەندی خوێناوی
با خەجە نەمرێت لە تاوی نالآن
چەندم پێ ووتیت ، مەچۆرە ڕاوی
کەڵە کێوییان ، گەردن بە خالآن "
********

کاتێک ، گەیشتە سەر کانی و ئاوێک
بینی هەڵهاتن ، ڕەوەیەک ئاسک
ووتی با جارێ .. دابەزین تاوێک
بۆ پشوویەکی فێنک و ناسک
********

تاوێک پشوو بوو بە سەیرانێکی
حەوت ڕۆژ و حەوت شەو ، حەسانەوە و خەو
بو بە مەنزڵگای گشت سەردانێکی
وەک جووتیار بۆ سەر خەرمانی درەو
********

چاوی ئاسکەکان وێنەیان گیرا

بوون بە خولیایەک لە مۆخی میر دا
کە گەڕایەوە ، وای هات بە ، بیرا
دەنگی خۆی سەر خات لە ڕا و تەدبیر دا
********

کانێسکان بکات بە میرنشینی
لێرەوە ، پەلی گەورە درێژ کات
نزاری سەوز و سامالْی شینی
زامە قووڵەکەی ، بابان ساڕێژ کات
********

میر ، فەرمانێکی ، گرنگی پەخشاند
کۆنگرەیەکی ، گەورە بگیرێت
مۆری میرانەی ، لەژێردا نەخشاند
داوای کردبوو ، پشتی بگیرێت
********

مووچە بە مووچە ، گەڕەک بە گەڕەک
بۆ بەشدار بوونی کۆبوونەوە چوون
بەشی زۆربەیان دەنگیان کرد بە یەک
لە نیوە کەمتر ، بەرهەڵستی بوون
********

" سیتەک " بە تەکی " کانی سارد " ەوە
مقۆ مقۆ یان گەیشتە " خەمزە "
نەهێنی خۆیان لێ نەشاردەوە
هەرسێکیان ، ووتیان ، مانەوە ، فەرزە
********

" شەمساوا " ووتی .. خۆر ئاوا ناکەم
" سامان " ووتی ، بووم هیچ داوا ناکەم
" هەرمن " وتی گەر هەر من ، ماومەوە

هەرگیز کۆچی وا ناڕەوا ناکەم
********

" تەگەران " ووتی دڵی " بازەگیر "
چۆن دەڕەنجێنم بێ بنجی ناکەم
" سیرە مێرگ " یش وەک ئەوانی تر ، گیر
ووتی " گەنکاوا " ، بێ کونجی ناکەم
********

میر ، کەڕوی دەمی کردە " سنجەڵێ "
تاکو بزانێت ، ووتەی چی دەڵێ !
ووتی من لەسەر قسەی " قشڵاخ " م
بۆم هاتۆتە بەر ، نەمامی باخم
********

" لالە هەباس " یش ڕایەکەی وابوو
لێرە بێ و لەوێ هەموو یەک پشتین
ئەگەر پرشنگی ڕۆشن پەیدا بوو
وەکوو پەروانە لە دەورو پشتین
********

" قووڵە ڕەش " کە ڕووی گرژ کردبوو
دیار بوو ووتەیان لە دژ کردبوو
" هۆمەراخ " ووتی کوڕی " مۆکەبە " م
پێی گوتووم .. دەبێت ناوی کۆچ نەبەم
********

" بەردەشین " ڕەنگی هەڵبزڕکا بوو
لای دەرگاکەوە .. هەڵتروشکابوو
ئەوەندە پەستی گواستنەوە بوو
قەڵەمی دەست و ئەژنۆی شکا بوو
********

" چوارتا " میوانی بەڕێزی کۆڕ بوو
خۆی لێ گۆڕیبوو ، دانیشتبوو قنج
خاوەنی پەندی بیری نەگۆڕ بوو : -
" دار دەبڕنەوە ، هەڵ مەکێشن بنج "
********

## دانیشتوان و هەڵسوکەوتیان
" ٦٣ "

کوا " مریەم خان " ی ، میوانی دۆستان
بۆ دەمە تەقێی لای نەنە " خورشەم "
حیکایەتخوانی ، شەوانی زستان
بتبات ، بۆ لای " زین " لای " شیرین " لای " شەم "
********

برا بچکۆلە ، برای بێ ئاگای
گەورە و ناوەنجی لە " گردە ڕەش " دا
ڕزگار بکات و بشکێنێت دەرگای
زیندانی سەدان لاو لە باوەشدا
********

بە هەڵمەتێکی ، بەهێزی " شێر " ین
دوا دەڵە دێوی ڕەزا ناشیرین
لەتو پەت بکات بە ڕم و خەنجەر
بێ خەم بخەون سەپان و ڕەنجەر
********

کوڕە کەچەڵەش بکات بە " پاشا "
بخوازێت کچی قەڕاڵی فەرەنگ
زەماوەندێکیش ساز دات لە پاشا

جیهان ، بخاتە سەر سەما و ئاهەنگ

" ٦٤ "

کوانێ ، شەوارەی ساوای تازە بوو
گیانی زەیستان پڕ کات لە ئارام
" بلوێر " ، لێو بێنێ و حەمە شوان " پشوو "
" قالە میرە " ، بۆی هەڵرێژێت مەقام
********

کوا گوێزەبانە و خەنینی بە کوڵ
چاوێکی جوان تێر ، تێگرێت ، تیلە
لاوی تازە خەت ، لێدات دەستە گوڵ
فت ، کات کڵاوی بی ئەنگوستیلە

" ٦٥ "

کوا باجی ئاڵتون ، سەرچۆپی بگرێت
خۆی و کراسی شینی خامەکی
حەمەی مامەلی ، لای چەپی بگرێت
قێز بکاتەوە لە لۆمەی خەڵکی
********

پۆڵس ئەرمەنیش ، غیرە بیگرێت
لەگەڵ " نارنج " دا ، بێنە ڕیزەوە
دە پەنجە و دوو لەپ توند گرێ بدرێت
ئازیز پاڵ بدات بە ئازیزەوە

" ٦٦ "

سەعەی مامە سەن ، میراوی باخچان
خاکەنازەکەی لادات لە شانی

پاراو کات گوڵی ڕوومەتی کچان
بە جۆگە نیگای ، فرمێسکەکانی

" ٦٧ "

" خولە قەش " لەژێر هەوری دووکەڵی
قەنگە مژیندا ، کۆکە کۆکی بێت
" تەڵا " ی دەم و دڵ تەڕی هاوەڵی
گەردنی هاڕەی گۆبەرۆکی بێت

" ٦٨ "

حەمەی شاکەرەم ، ناوشان پان و پۆڕ
فەقیانەی شۆڕی قۆڵی لێ هەڵکات
حەبێ خان ، بێت و بچێت وەکوو ، پۆڕ
چرای ڕەوشت و سەنگینی هەڵکات

" ٦٩ "

عەبدوڵڵا حەیران ، بۆشناخی شار
بە پشتێنی پان کەمەر گوڵڕێژ کات
دەسکە خەنجەری چاو بریقە دار
سەر بۆ دامێنی پەستەک درێژ کات

********

قەڵبەزەی گەرووی بێنێتە هاژە
سەرکات شەپۆلی چەمی " حەیران " ی
خافاتم ، باڵا نەمامی " واژە "
قۆناخێ دوور بێت ببێت حەیرانی

" ٧٠ "

" ئەحمەد عوسمان " ی نزیک و هاوسێ
ئاواتە خوازی هاتنی فەرهاد
ڕاکەم بۆ ، دووکان پێش هەموو کەسێ
مژدەی بدەمێ ، گەیشت بە مراد
********

ئەویش پاداشی کاشی مژدانە
دەستی دوای گوشین بخاتە سەر دڵ
گیرفانێک پڕکات لە خورمای " دانە "
ئەوی تر گوێز و چەرەس و نوقوڵ
********

لەگەڵ " جەواهێر " .. پوورە شێتەکەم
دەست کەین بە هەڵپەی ماشینەوەیان
ئەقڵی منداڵی و ناڕازی بە کەم
بیکات بە هەرا و قڕە و پێکدا دان

" ٧١ "

حەمەی شێخەلی ، مشکی مۆری لار
بە دوو لاجانگدا ، ڕیشووی بێنە خوار
بە مەرجێک " خانم " بۆی هەڵبەستبێت
پەیمانێکیشی لەگەڵ بەستبێت
نەیگۆڕێتەوە ، بە کوڕی پاشا
دایکی حەوتیش بێت ، بۆی بکات حاشا

" ٧٢ "

لەسەر قەنەفەی سەکۆی پاڵ دیوار

دوو لەتە گوێنی و دۆشەکەڵەیەک
هەندێ کەرەسەی سادەی پیادە و سوار
خانەی ڕەفە و چەند سەبەتۆڵەیەک
********

" میرزا بابلێ " ش دانیشێت لە تەک
تەنگو چەڵەمەی بەخەم خەمڵاوی
ئەژنۆی لەرزۆک و ئانیشک و مەچەک
ڕاژێنن سەری بیری بڵاوی
********

کە دە چوومە لای ، وێنەکەی دەستی
هەواڵی " کاکە " ی دەگەیاندە لام
" ڕووناک و ئاشتی " و ناسکە هەڵبەستی
ئەندێشەیەکی خۆشی پێ دەدام

" ٧٣ "

" عەبە سوبحان " ی ڕیش سپی تەنک
پاش پارانەوەی لە خوای دوای نوێژی
بە تەزبیحێکی سەد و یەک دەنک
بژمێرێت ساڵی عومری درێژی
********

بەڵام ئاخ لە دوای باران کەپەنک
ئەنجامی نەبوو ، ڕەنجی لە مێژی
هاکا بێ گۆچان چوو بۆ " پیراڵک "
وەک " مامە حلان ، ی هاو ئارەق ڕێژی

" ٧٤ "

" ئەمین ئاغای قۆز " میوان دۆستی بێت
دیوەخان تەرخان بۆ کاکەی لادێ

سەرین لە پاڵ پشت بێ ئەو کۆستی بێت
باوێشک بدا و زوو بە لادا بێ
********

" ناهی " سەرپێچی گوڵینکەووردی
کە دەبەست لەدوای گشت ئارایشتێ
شا ئەستێرە بوو ، خانمە کوردی
جوانی سیوەیلیش نەیدەگەیشتێ
********

ناهی فریشتەی ئەو دیوانە بوو
بوو بە درەختی سێوە لاسوورە
هاوڕێکەم یەکێک لەو سێوانە بوو
کە ئەمڕۆ لەڕووم ، نزیک و دوورە

" ٧٥ "

" حسەینی سەقا " ی برای سەرچاوە
شان وەکوو شایان ، دوو سەنگ بکێشێت
لەگەڵ ئەو دەمەی جێی " بەسەر چاو " ە
ئاو بۆ ماڵی خوا پێداو بکێشێت
********

ماڵە خوا پێداو زۆر شوێنیان ، ناوێ
لە لایان پەشمە نەوەکو بشکێن
نابێت دەست دەنە ، تەنەکە ئاوێ
نەکوو ، بە ڕەش و ڕوتەوە بلکێن
********

ئەفەندێکانیش ، بێز دەکەنەوە
لەو هەژارانەی ، بەرگ پێناوین
کاتێک چەکمەجەی مێز دەکەنەوە

کە ووتیان ئۆخەی .. بۆتان هێناوین !
********

هەر ئەوەندەیان دەوێن بە دەستە
دیاری و بەرتیلیان ، بقۆزنەوە
مۆر ناکەن ، بۆیان بی ئەو مەبەستە
سەد پێچ و پەنا ، دەدۆزنەوە
********

مریشک و هێلکە و قەرتاڵە ترێ
دەبێت سەربار بێت بۆ مۆن و گیرێ
ئەگینا دەرگای ، لی دەبەبەسترێ
سکاڵا نامەی لێ وەرناگیرێ

" ٧٦ "

" پاسەکەی عەلی عەجەم "
هەندلی ، نیوە دروشمی نازی
پانکەی ، تومبێلی ڕاوەستا و خول دات
سوار بوو بخاتە تاسە و ڕمبازی
جار جار دابەزێ و بۆ پاڵ نان مل بات
********

بەنزین و شۆفیر ، هەندل و سەکن
پاس بەرن بە ڕێی سەر بەرد و خۆڵ دا
تۆز و دووکەڵ ، وەک هەورێکی چڵکن
بڵاو کەنەوە بە ئاسۆی دۆڵدا
********

منداڵی لاسار ، بە ناخونەکی
خۆ هەڵواسیندا زەوقی خۆی قت کات
سەدان وا مەکە و دابەزەی خەڵکی
بە گوێدا نەچێت ، سەری خۆی مت کات

" ٧٧ "

مەجیدی مەلا . کاروانچی ناسراو
ڕاکێشێت ڕەشمەی ڕەشی ئێستری
هەتا بار بێنێ و بار بەرێ تەواو : -
نەبێت ، بە لێنی چەندانی تری
********

هەموو تەمەنی بەسەرچووی لاویی
بردبێتە سەر ، بە قەتار چێتی
تازە کۆڵ نادات ، زڕاوە ناوی
ووشەی " واز هێنان " گوێزی پووچێتی
********

ئەو فێری گەشتی ئەو " ئالان " ەی بێت
لە سەیرانگادا ، باری خستبێت
هەر شەوەی مووچەو گوندێک لانەی بێت
هەر کوێی ویستبێت ، تێیدا نوستبێت
********

زستان ، دۆشەک و هاوین جاجمی
پایز ، لباد و بەهار ، مافووری
بۆ ڕاخستبێت ناوچە سەرجەمی
گوێی نەدابێتە نزیکی و دووری
********

شاناخسێ و گوێزلێ و مەروێ ی بینیبێت
ترێ ، هەڵوژە ، هەرمێ ، هەنار ، قۆخ
لەدوای قاوەڵتی ، لەسەر سینی بێت
بەرامبەر ناسکترین کچی شۆخ

********

ئەو بە " وەڕاز " و " گردە زبێرا "
بە " گۆرانگە " دابچێت بۆ گمۆ
لە " هەزار کانیان " دابەزێت خێرا
چایەکی دەم کاو کەس پێی نەڵێت بۆ ؟
********

ئەو لە " قامیش " و " قەشان " ەوە بێت
بە " ئامادین " دا بۆ " کوڕەداوێ "
ساچمە زەنێکی بەشانەوە بێت
بۆ نێچیری ڕێ و ڕاوێ ، ڕووداوێ
********

لە " بێتوات " ەوە بۆ " سوورە قەڵات "
بە " بەردە زەرد " دا بگەڕێتەوە
هەر لەگەڵ خۆری ڕۆژی نوێ هەڵات
دیسانەوە خۆی ، بگۆڕێتەوە
********

تازە ئیتر چۆن دەستی لێ بەردا
زنگەی زەنگۆڵەی ، لە مۆخدا دەژی
نایەوێت سەرکات ، بەلای نامەردا
ئەگەر لە باڵی بەیت و بیکوژی
********

گەشتەکانی خۆی ، ناگۆڕێتەوە
بە هەزار کورسی و سەد پایە وپلە
خوا نەبێت لە کەس ناپاڕێتەوە
ئەوەندە ووریا و بە چنگ و پەلە

" ٧٨ "

مام نووری ، خۆری تەمەن دابەزیو
بستێکی مابێت ، هەڵی لووشێت کەل

بە هێزی پارە و تیشکی زێڕ و زیو
ئەو ماوە کورتەی لە دەست نەدا هەل
********

موتورفەیەکی ناخ لانەی ئۆفێ
لەسەری لادات ، تارای بووکێنی
تا بەرە بەیان .. هەڵی گلۆفێ
مزگێنی نەگات بەبەر پشتێنی
********

بەربووک ، دەست بەتاڵ بگەڕێتەوە
بلووری سپی بێ خاڵ جێ هێڵێ
دایک بەو خەمە سەر بنێتەوە
نەبوو بە خەسوو ی جوان و جەهێڵی
********

هێشتا زەماوەند چلەی نەچووبێت
پارە و زێڕ ، مەرگی پێ لەناو نەبرێت
نۆ بووک بێ ئەوەی پرچی تێک چووبێت
بە کچێنی ڕێی باوانی بگرێت

" ٧٩ "

کوان خۆشەویستی و دڵپاکی جاران
ڕاوێژی دوور و درێژی یاران
ژوانی پیاسەی دەمەو ئێواران
وەکوو پەپوولەی بێوەی ، بێ ئەوەی
سڵ بکەیتەوە لەوەی پێی دەگەی

" ٨٠ "

ئەی شاربازێڕە خۆشەویستەکەم
من بۆنی گوڵاو لە تۆ دەمژم
پێشکەشی هەموو کوردێکی دەکەم
********

ئەی دار بەڕووە گڕ گرتووەکەم
ڕۆنی چلوولەت دەدەم لە قژم
پیشانی هەستی مرۆڤی دەدەم

## پەراوێز و هەندێ تێبینی

١- ئەم بەرهەمە زیاتر ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان دەگرێتەوە .. پێم وابێت ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر چوارتا دا هاتوون لەبارەی خانووی نیشتەجێ بوون و ئەو شوێنانەی لە ناو " کەوانە " دان ڕەنگە ئاوەدانی گرتبێتنیەوە .

لە چاپی یەکەم دا بە درێژی ئاماژەم بۆ زۆر جێگا کردووە ، بەڵام بە داخەوە کتێبەکەم دەست نەکەوت .. ئەم چاپی دووهەمەم لەسەر یەکەم دەست نووس گواستۆتەوە کە پەراوێزەکانی تیا نەبو .

٧ – گردی حاجی مووسا .. لە چاپی یەکەمدا نیە چونکە " ڕەقابە " قەدەغەی کردبوو.

٩ – بەردی بووکێ .. دەووترێت ئەو بەردە کە لە بەرزایی تل بۆتەوە لەو کاتەدا بووک گوێزراوەتەوە بە ڕێکەوت بەردەکەوێت و شەهید دەبێت .

١٥ – سەید تەحسین .. لە شەڕێکدا شەهید دەکرێت باپیرم بە کۆڵ گواستوویەتیەوە بۆ چوارتا.

٢٥ – سپۆرت .. سەگە بەوەفا کەمان بوو زۆر خۆشەویستمان بوو بەداخەوە شەوێکیان لە پاسەوانیماڵەکەمدا کە کەوتبووە خوار ئاواییەوە گورگ خنکاندی.

٢٨ – چنارە گەورە .. گەورەترین درەخت بوو ناوقەدەکەی بە پێوانە پێچەکەی دە، دوانزە مەتریی تێدەپەراند ، سێبەری کانی ژنان بوو ئێستا ئەو کانیە نەماوە کراوە بە پرۆژەی ئاو.

٤٦ – حەمە ساڵح ئاغا .. شاعیرێکی بەڕێز بوو ، خوالێ خۆشبوو دۆستێکی خۆشەویستم بوو .

٥٠ – سیتەک .. باوکم لەو شارۆچکەیە لە دایک بووە .

٥٣ – مەلا فەرەجی شەکیب.. شاعیرێکی ناسراو بوو " لەیلا و مەجنون " یەکێکە لە بەرهەمەکانی لە گوندی "واژە" دەژیا کە من لەوێ لە دایک بووم، بەڕێزی منی ناو ناوە.

٦١ – بالْخ شاعیری گەورەی کورد مەحوی لەم گوندەدا چاوی هەڵهێناوە.
٦٣ – مریەم خان خزمی نزیکمان بوودایکی کاک حەمە سالْح محەمەد بوو کە نووسەرێکی بەڕێز بوو کاتی خۆی لە گەلاوێژ دا نووسینی بڵاو کردۆتەوە .
٦٩ - عەبدوڵڵا حەیران .. وادەزانم لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی قەرەداغ بوو بەڵام لە چوارتا دادەنیشت " خافاتم " خەڵکی " واژە " بوو ، بووە هاوسەری . باوکی " د. هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران " ە کە برادەرێکی خۆشەویستم بوو ، شاعیرێکی هەست ناسک بوو، زۆر بەداخەوە لەم یەک دوو ساڵەی رابردوو دا کۆچی دوایی کرد ، بەو هۆیەوە کە " جواب " م نەبوو نەمتوانی لە پرسەکەیدا ئامادە بم.
٧٠ - ئەحمەد عوسمان .. خەڵکی " ماوەت " ەو خزمی دایکمە ، هاوسەرەکەی کە ناوی بەڕێز " فاتمە " خانە خەڵکی " بناویلە " بوو " فەرهاد " کوڕ یان بوو .. لە هەشتا کاندا بەدەستی ڕژێم شەهید کرا ، ئەوەی جێی داخە خۆشەویستەکەی کە پەیمانی بۆ بەیەک بونیان دابوو .. بە چاوێکی پڕ فرمێسکەوە هات بۆ ماڵیان لە سلێمانی ، نامەکانی کە " دایکی " پاراستبوونی لێی وەر دەگرێتەوە.. ئەو کەسە شاعیرێکی ناوداره ناتوانم ناوی بهێنم نەوەکوو هەستی بریندار بێت .
٧٢ – میرزا بابلێ ، باوکی کاکەی فەلاحی شاعیرە لە کاتی خۆی کاکە لە پشتی ئەو وێنەی کە بریتی بوو لە وێنەی " ڕووناک و ئاشتی " کوڕ و کچی پارچە شیعرێکی نووسیبوو ئەمە سەرەتا کەیەتی :

ئەی وێنە جوانەکەی دەستم
کەی شنەی شەماڵ هێناتی
هەوێنی تازە هەڵبەستم
لای کام فریشتەوە هاتی

ئەم شیعرەی لە کاتی " بەند " یدا نووسیوە .
٨٠ - ئەم کۆپلە شیعرە ڕەقیب قەدەغەی کردبوو لە چاپی یەکەمدا بە ناتەواوی نووسراوە ، ڕەقیبەکەش بێگومان کورد بووە !

# زریانێک و داستانێک و دیوانێک

**پێشکەشە:**

بە هەستیار و هاوڕازی برا و خوشکی گەورەی ئەوانەی لە بەرگەکەدا ناویان هاتووە .. لەوانیشەوە پێشکەشە بە هاوڕێ شاعیر و ڕۆشنبیرەکانی باوکیان لە هەردوو ڕەگەز.

جەمال شارباژێڕی
بەریتانیا / ٢٠١١

# کامەران

١٩٨٧/١/١٦

کورد ئەڵێ :
دۆست ئەوەیە کە بتگریەنێت
دوژمن ئەوەیە پێت پێبکەنێت
••••
سەرەتا : -
چاوم هەڵێنا دیم ئەم میللەتە
دیمەنی ژینی قەنارە و پەتە
گوێم بە دەنگی ئاخ زرنگایەوە
دەمم بە هاوار هەڵهێنایەوە
بۆیە هەر ئەبێ پشکۆی تۆڵە بم
قوربانی خاک و هی ئەم خۆڵە بم
– کامەران –

– ١ –
ژمارە ( یەک ) ی دەستە خوشکی ( ژین ) گۆڤاری ( هیوا )
ئەم گوڵە ئاڵە شەش هەلاڵەیەی
وەکو قردێلە دابوو لە قژی
دڵدارەکانی دیداری هیوا

به پەرۆشەوە گوتیان ئافەرین
دەم خۆش بۆ خۆت و شیعرت ، هەر بژی
توخوا کامەران شیعر و هەر هی  وا
**********

– ٢ –

لە حەوتەم پلەی پەیژەی پەنجا دا
سامالٚ تۆرا بوو
قوڕی خەست و خۆلٚ لە سەر و قژی زەردی خۆر دابوو
قوڕی خەست و خۆلٚ
شاری گرتە کۆلٚ
پیرمەسوور جەستەی جوانەمەرگانی
لە فرمێسکا .. شت
چوارباخ باوەشی بۆ ئێسک و خەم و ئازار گرتەوە
بە سەرگەردانی
گلێنەکانی شەو لە ئێشکا ڕشت
**********

ئازار هۆگری لاوانەوە بوو
کەنار چاوەڕێی پەرانەوە بوو
یەکەم وێنەگر بە کامێراکەی بیری ئەو کاتە
لاوانەوەکەی کامەران بوو بۆ ئەو مەرگەساتە
ووتی : -
" ئەی فرمێسکی لێلٚ بلەرزە
لە عەزرەت باران و تەرزە "

- ٣ -

ئەی جەمیلە
سەلٚاو لە ئاگر و ژیلە..
جەمیلە کیژۆلٚەیەکی وولٚاتی ملوێن شەهیدی
زریان و خوێن و ئاگر بوو

جەمیلە شۆڕشگێڕێکی لە پێناوا دیل و بەندی
خۆ ڕاگر بوو
دەنگی ناڕەزایی هەموو مرۆڤایەتی گرتەوە
هەردەم و گەرووی ناسک و خنجیلە بوو
دەی ووتەوە و دەی ووتەوە
داخوازی بۆ ئازاد بوونی جەمیلە بوو
کامەرانیش ..
وەک نوێنەرێکی ئازادی خوازانی کورد
دژی ئەوانەی باوەڕیان بە باستیلە
هاواری کرد
" ئەی جەمیلە .. سەڵاو لە ئاگر و ژیلە "
هەروەکوو چۆن
بۆ " نادیە "
هاواری کرد
ئەو دروشمی ئازادی یە
بۆچی دیلە ؟!

- ٤ -

کامەران پاک بوو پیاو چاک بوو
ڕۆڵەی خاک بوو بیر ڕووناک بوو
" مەحمود هەژار " ی هاوەڵی بە شایەتە
ئا ئەوەتە
کامەران گیرفان بەتاڵ بوو
بەڵام نەفسی دەوڵەمەند و بەرز و زاڵ بوو
" عەلی بۆسکانی " شایەتە
ڕەچەتەکانی پزیشک و دەرمانخانەکان شایەتن
- " ئەستێرە " و " ماردین " – شایەتن
قوتابیەکانی زانکۆی
نزیکی خۆی بە شایەتن

کورسی پاسەکانی ڕێگای " تووی مەلیک " و
" هەوارە بەرزە " شایەتن
باوکە جگەر کون بووەکان
یادیان بەخێر بە شایەتن
کامەران ڕاست و دڵسۆزی نەوەکەی بوو تا کۆچی کرد
شیعرە ئاگرینەکانی بەشایەتن
کە سامانێکی بە نرخ و فەڕن بۆ کورد

- ٥ -

بەڵام لە ناخی ناخەوە
بە داخەوە
لەبەر ناکۆکی و خۆخۆیی ئاخ نەپرژاین
لەگەڵ زامەکانیا نەژیاین
تا لاپەڕەی ژیانی هەڵدرایەوە
ئەمەکمان بۆ نەدرایەوە
نەک تەنها چاپخانەیەکمان
بە ناویەوە ڕەوا نەدی
نەک هەر لەوحەی خوێندنگایەکمان نەدایە
نە هۆڵێک و شانۆیەک و نەک شەقامێک
نەک ئوتێلێک ، سینەمایەک جێ ئارامێک
نەک نامە خانەیەک ، ناوەکەی وەک گوڵ لە یەخەی بدایە
بەڵکو لێی کەوتینە - بەدی –
بەڵکو نازناوەکەشیمان زوو لێ دزی
وامان لێکرد پەنا بەرێتە بەر " موکری "
نەک هەر نەپرژاین ئازاری کەم کەینەوە
ئاوڕێک لە هەڵوێستەکانی بدەینەوە
بەڵکو کەوتینە " تانە " لێی
بۆچی ئێستا شیعر نالێی ؟

دەمان ووت .. وشک بۆتەوە !
پەری شیعری بیر چۆتەوە !
لێ چۆتەوە !!

- ٦ -

ئێمەی پێشێل کەرانی ڕەنج
ئێمەی خۆ گێل کەر
ئێمەی خۆ کەڕکەر
ئێمەی خۆ بێهەستکەر بێ بەنج
ئێمەی بە ئەنقەست چاونوقێن
لە ئاست بەری شەونخوونی
ئێشکی تا دیدەی شەبەق هێن
ئێمەی ڕاست و چەپێک هێنەر
بەسەر کاری ڕەسەنایەتی پەسندا
ئێمەی من بە گژ تۆدا چووی
تۆ و ئەو بە گژدا چووی مندا
ئێمەی پەڵە و لەکە بە ناڕەوا بۆ یەکتری هاوێژ
ئێمەی لامان گوناهـ و تاوان و کفرە
گۆی ڕاستی بێژ
ئێمەی بازرگانی بە ناوی ئەدەبە وە
هەر بۆ ڕاوێژ
کوشتەی ناوبانگ و نووسینی بێ کاکڵی
دوور و درێژ
ئێمەی لە یەکتر گرژ بووی سوور بووەوە
هەر بە ناوی ئەدەبەوە
یان پشت تێکردنی بەو پەڕی
ناڕەزایی و غەزەبەوە !
ئێمەی یەک نا !!
ئێمەی دوو نا

سێ نا .. دە ڕووی
جبەی تەقەڵی قەڵب بۆشانی یەک درووی
بگرە .. تا پەنجە ڕاکێشان .. بۆ ئابڕووی
یەکتر تکێن
هەی خۆمان هەر بە خۆمان بین
- ناورد بین -
پاڵەوانی دەست و مەچەک و قەڵەمی یەکتر شکێن !

– ٧ -

بەڵێ ئێمە .. ئێمەی بنووس !
ئێمەی ڕۆژنامە و گۆڤار نووس !
ئێمەی زمان شیرین و لووس !
ئێمەی خۆشەویست و خۆ هەڵکێش
خۆ بە زل زان .. خۆ تێ هەڵکێش
ئێمەی لە بریتی قەڵەم تێڵا هەڵگر
بۆ شکاندنی گوڵدانی دڵی یەکتر
ئێمەی لەگەڵ بەرخاشین و گورگاشایی !!
لە گشت دیزەیەکدا ئەسکوێ
بۆ پڕ بوونەوەی .. بۆشایی
سا ، لە هەر کوێ !
ئێمەی باخەڵ و باوەش و گوێ گرەوە
بۆ شاباشێ
بۆسوپاسێ ، بۆ پاداشێ
ڕۆژانە بێ ، مانگانە بێ ، هەفتانە بێ
ناشێ نەبێ ، نەبێ ناشێ !!
ئێمەی فێری ئەم گرەوە
هەر وەرگرە و وەرگرەوە

- ٨ -

ئێمەی نرخی ئەدیب نەزان " هەتا " نەمرێ
کە مردیش دوو فرمێسکی بۆ هەڵدەڕێژین
ئەویش لە ڕۆژنامەیەکدا .. گۆڤارێکدا
دەیگۆڕینەوە بە کرێ
سێ چوار پێکی پێ نۆش دەکرێ
لە بارێکدا

••••

ئێمەی کامەرانی خاک و وولآت پەروەر
باخەوانێکی زانکۆمان ، بەرهەم گەوهەر
تۆوی خۆشەویستی چێنەر
تا لە ژیندا بوو خستەبەر
تانە و تەشەر
ئێستاش دەستی پەشیمانی
بە ئەژنۆماندا دەکێشین
هەناسەی بۆ هەڵدەکێشین

---

تێبینی :

• مەحمود هەژار و عەلی بۆسکانی کە ناویان هاتووە ، لە چلەکەیدا لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون .

• دوای ئەم بڵاو بوونەوەی ئەم شیعرە ، لە زانکۆی سەلاحەدین دا هۆڵێکی بە ناوە وە ناو نرا.

## - بۆچ - ؟

١٩٦٣

سەگینە بۆچ پێم دەگەڤن
خۆ من دز نیم
بە خوا چاو برسی و چاو بز نیم
بۆچی بەوانە ناگەڤن ؟
کە گیرفان و ماڵان دەبڕن
لە بنکەوە گوڵان دەبڕن
••••
بچن بەوانە بگەڤن
کە کتێبی مێژووی شیعرەکانم دەدڕن
لە ئاهەنگی شیوەنمدا هەڵدەپەڕن
لە ئاست هاواری ژێر دەستە و
بێ دەستەڵاتاندا .. کەڕن
••••
سەگینە قاچی من مەگرن
بڕۆن دەست لە من هەڵگرن
کەڵبەتان .. تیژ بکەنەوە
نۆکەری جۆکەر هەڵبڕن
••••

لاچن سەگی سەگبابینە ، نەبا عەسکەر
شەقام پیسکەر
تێم بئاڵێن ، قۆڵبەستم کەن
غەرقی گەرداوی خەستم کەن
کرێکاری نۆرەی تا شەبەقی شەوم
لێم گەڕێن با بڕۆمەوە
بۆ کاتژمێرێک بخەوم
هەرچەند خەو ناچێتە دیدەم
هەرچەند هەرچی ڕەنجێ دەیدەم
گەرمی ناکاتەوە ، گەدەم
مووچەی مانگانەم ناگاتە
مێزی شەوێکی ئاهەنگی بەگی سەردەم
ڕەنجی ساڵێکم ناکاتە
شەوێکی مەلهای لۆرتێکی
دانسی ڕەنگاو ڕەنگ لە بەردەم

••••

سەگینە منیش وەک ئێوە
ئێشک دەگرم
ناشبێت دانیشم ، بە پێوە
وەنەوز وباوێشک دەگرم
ئیتر بۆچی دەگەڤن پێم
پێم ناڵێن چیتان .. دەوێت لێم ؟!

# پەیامی هەست – م

١٩٦٧

نیشتمانێکی هێمن و
بێ دوژمن و
سای سامالّی دادم دەوێ
بەری ڕەنجی
بازووی گەنجی
فریادی فەرهادم دەوێ
نەوەیەکی شیرین داری
بەختیاری
گەشاوە و ئازادم دەوێ
سروەی بەهاری سەربەستی
گوڵی لێوی نەتەوەکەم گەش کاتەوە
ناز و ڕاز و خۆشەویستی
پەڕەی نوسراوی ناکۆکی هەڵداتەوە
خوێناو ڕشتن
ببڕێتەوە و بڕوات و سەر نەداتەوە
ناسۆر چەشتن
دڵ و دەروون تاریک و ڕەش نەکاتەوە
••••

که دەبینم .. یان دەبیستم
لە چەند بستە زەویەکی ئەم زەمینەی
جێی ئەو " حەوا " نازەنینەی
کە بابە ئادەمی ویستم
پێکدا دانە
یان راو نان و
یا قۆڵ بەستنی ناو زیندانە
وەکو ڕووی دا لە ڤێتنامدا
وەکوو ڕووی دا لە هەواری پێستی ڕەشدا
ساوا لە کۆشی ئارامدا
لەبەر تریفە و سایەقەی چاوی گەشدا
بۆمبا بارانی بۆردومان لە پڕێکدا ..
دەیانشێلێ بەسەر یەکدا
لە ئەنجامدا
ئاگر لە فرمێسک و زامدا
گڕەی مەرگ .. مەرەکەبێکی خوێناوە
دەبێ بە دێڕە هۆنراوە
بۆ نەوە کانی داهاتوو
دەبن بە پەند و سەرچاوە
••••
یان لە لوبنان و ئێران و فەلەستین دا
لە نوێنی خەوی شیرین دا
مەرگی ناکاو
دێنێ شالاو
بێ کسپەی سۆز و بەزەیی
لەش دەکێڵێ
لاشەی داخ و شپرزەیی
جێدەهێڵێ

هەستی مرۆڤایەتی ناو هەموو دڵێ
پێێ دەکوڵێ
هۆنراوە ی شۆڕشگێڕانە هەڵدەقوڵێ
••••
ئەی چۆن نەوەی
کوردستانم
کە ئاگری هێرش دەیبا بەرەو نەمان
هەستی نەتەوایەتیم و دڵ و گیانم
نایەنە ژان !
چۆن دەروونی پڕ بەزەیی و خۆشەویستیم
نایەتە جۆش
چۆن ڕووحی تینووی سەربەستیم
نابێ پەرۆش
چۆن هەڵنارێژم ئەفسوسم
چۆن هۆنراوەی بۆ نانووسم
کێ حەز دەکات ، مەرگی برای خۆی ببینێ
کێ دەیەوێ ، گۆڕ بۆ کوڕی خۆی هەڵکەنێ
کێ پێی خۆشە ، ڕووی نازدار و نازەنینێ
وەکوو نەرگس گەشە نەکا و پێ نەکەنێ
کێ حەز دەکات
گوێی لە دەنگی سنگ کوتان و ڕۆڵەڕۆ بێ
کێ دەیەوێت
مایە پووچ و ژێر چەپۆک و ڕەنجەڕۆ بێ
کێ پێی خۆشە
برای هاوسێ و هاوڕیشە و خوێن
دەستە و یەخەبۆ یەکتر بێن
ئەو کەسانەی کە حەزدەکەن  بەم جۆرە بین
حاشا نەوەی ڕاستەقینەی خاک پەرست نین

بە هەڵوێست و بە کردەوە
نین بە تەنگ نەوەی کوردەوە
●●●●
کزەم ناوێ ، بزەم بەنێ
پشکۆی سووری دڵ داخکەر و لەش ڕزێن و
چزەم ناوێ .. بزەم بەنێ
دەنگ و باسی گیان تەزێن و
هاوار هێن و هەست ڕزێن و
سزام ناوێ ، بزەم بەنێ
لە بت و خوای ئەهرەمەنی بارەگای جەنگ
لە تۆپ.. تفەنگ
پاڕانەوە و نزام ناوێ .. ووزەم بەنێ
لەناوچوونی مام و برا و خوارزام ناوێ بزەم بەنێ
●●●●
کاک و برا
پۆلا و ئاسن و باروتی بازاڕی چەک فرۆشەکان
دوژمنی جگەرگۆشەکان
مەدەن بە پشتی یەکترا
لە وولاتی کوردستانی دایک و باوک و برا و خوشکا
ئاسایشی گشتیم بەنێ
با بووکی ئارام جێ خۆشکا
تا .. زاواش بادەیەک نۆش کا
ئاشتیم بەنێ
●●●●
بزە و زەردەخەنەم بەنێ
دڵنیایی
ڕۆشنایی
ئاشنایی

لە هەموو نەتەوەکانی ئەم عەردەم بەنێ
بەبێ جیایی
••••
زەردەیەکی ئەم بەهەشتی
دۆڵ و دەشت و هەردەم بەنێ
بێ خەم گەشتی
سەر سەرچاوەی سای ئەم شاخ و بەردەم بەنێ
دەچمە ژێر دارە بەنێ
شیعر دەکەم بە چیمەنێ
کاروانسەرا وڕاگوزار بێ
لەگەڵ گشتا پێ بکەنێ
••••
مژدەم بەنێ
مژدەی قەتماغە و سارێژی ئەم برین و دەردەم بەنێ
مژدەی چارەیەکی دژی
یەکتر کوژی
بزە و خەندە و زەردەم بەنێ
دەبا گریان ژییر بێتەوە
دەبا نەفام ( ژیر ) بێتەوە
چاو هەڵبڕێ و
دەنگ هەڵبڕێ و
پێبکەنێ ..

# سڵەمینەوە

١٩٨٣

بەڵێ بۆم دەرکەوت
کە وا دڵ بۆ دڵ ئاوێنە نیە
پاشگەز بوومەوە
کە دەمگوت کەست لە وێنە نیە
هەڵە بووم چونکە تۆشم وەکوو خۆم
بە ساکار زانی
گێل بووم ئەودەمەی تۆم بە جێگری
دۆست و یار زانی
خۆشم دەویستی و ڕازی دڵەکەم
لای تۆ دەدرکاند
چاوی سەرنجم کە تێ دەگرتیت
نەم دەتروکاند
لە چاوەکانتا بەدیم دەکرد ناز
بێگەردی ، جوانی
لە بێدەنگیمدا ترپە و لێدانی
دڵ دەیدووانی
پێم خۆش بوو وەکو
نزیکترین کەس لە لاتەوە بم

بۆ دۆزەخیش بێت
لەگەڵتا بم و بە دواتەوە بم
پێم خۆشبوو ماڵمان
لەو گەڕەکە بێت تۆی لێ نشینی
ئەڤین ڕێژی کەیت
شۆستە و شەقام و ئاسمانی شینی
لە هات و چوون و سەرهەڵبڕیندا
تۆم لێ دەرکەوێت
دڵم پرشنگ و خورپەی خۆشبەختی و
خەندەی بەر کەوێت
بەڵام داخەکەم
لە هەڵوێستێکدا
ئەم دڵەت ڕەنجاند
ئێستاش سەرسامم
چۆن ئەو رەفتارە نامۆیەت گونجاند
بۆم دەرکەوت سینەت
پڕە لە کینە و ئاڵۆزی و گرێ
بە پێچەوانەی ڕەزی سینەی من
میوەی ئەوین و سۆز و ئەندێشە نەبێت نایگرێ
ئەم زەمینەی من

# نـه و نـه

١٩٨٤

نـه خونچـەیـەک بۆم دەپشکوێت
نـه ئاوازەیـەک بۆم دەدوێت
هـەر خـەمـە و چـەکـەرە دەکات
لـە وێرانـە کـەمدا دەڕوێت
هـەر چارەی گرژ و گرانـە
لـەلام درێژ دەبێت دەنوێت
نـە تـەمـەن گـەشـەیـەک دەکات
نـە گـەشتێکیشم بۆ دەلوێت
••••

ماڵـەوە دۆزەخێکـە بۆم ..
جۆش دراوە پڕە لـە سوێ
گوێزانێکـی تیژ دەمـەکـەی
هـەموو جـەرگـی کردووم توێ توێ
بێجگـە لـە درشت ، لـە بـێ پێز
ووشـەی نـاسک نـاگـاتـە ، گوێ
ووڕ و کـاس و گێژی کردووم
جیاواز نیـە لام کۆن و نوێ

نە شیعریکم بۆ دەنوسرێ و
نە دەزانم چیم دیوە ، دوێ
نە یانەش دەچم ، نە مزگەوت
ئەی خودایە ، ڕوو کەمە کوێ ؟!

# گەشە

١٩٧١

فرمێسکی ڕشتە سەر پێڵوو .. دیدەم
لە مژدە و گەشەی گەڕانەوەی تۆ
بەخێر بێیتەوە سەر دڵ و دیدەم
ئەستێرەی وون بووی هەڵهاتوو لە نۆ
••••
بەخێر بێێتەوە .. ئارامی هیوام
سامالّی ژینم تریفەی تێکەوت
ئەو هەوری خەمەی دووریت پێیّ دەدام
لەهەڵ هەناسەی تەزیودا ، سرەوت
••••
با ئیتر دەستی خۆشەویستیمان
بئالێتە ناو گەردنی پاکی
تەختی کەین کۆسپی ڕێی سەربەستیمان
بەرەو نەورۆزی ئاسۆی ڕووناکی
با مێژوویەکی پیرۆزی بێگەرد
بە پێنووسی دڵ بنووسینەوە
ئاوێنەی سەوز و سور و سپی و زەرد
لەناویا یەکتر بناسینەوە
••••

پەرێز و جۆگە و چەمی خۆمان بین
هەمیشە بەهار خۆی لەبەرمان کات
خۆمان خەمخۆری خەمی خۆمان بین
نەیار نەتوانێت ، لەیەکترمان کات

---

تێبینی :
سانسۆر بۆ کۆمەڵە شیعری ( لە ئەلبوومی یادگارا ) قەدەغەی کردبوو لەگەڵ هەندێکی تردا.

# لیژنە دار

١٩٨٣/٩/٢٢
کارگەی شەکر

لێم گەڕێن ئەمجارە نۆرەم هاتووە پشکۆی هەجوو
تووڕ دەمە ژێر لیژنەداری ترسنۆکی ووشکەجوو
خۆ ئەوەندەم ئۆقرە گرت تین و وزەم تێدا نەما
مەرجە لیژنەی دار بکەم ئەمجا بە پەند و سینەما
مەرجە لیژنەی دارەکان پەل کەم گوریسیان تێ بنێم
بیکەمە بارێک لەژێرباری مەزاتا دای بنێم

لیژنە داری خواری بێباری بناری ئەم چەمە
بوونە دار عاسا و لە یاسا عاسی بۆ گاڵتە و گەمە

بوونە فتوا بێژ و دەم ڕاستی ئەم و ئەو بۆ ، فشە
نوختە باز و نوختە دز هەم نوختە هێنن بۆ ، فشە
کوان چل و شەش نوختەکەم نەختێک لە خوای ویژدان ترس
بیست و سێ ساڵە لە ڕەنج دانام و ڕەنجام بێ پرس
خاڵەکانم چوونە ناو کام کونەوە بمدەنەوە
خۆ ئەگەر بوون ، بە پەڵەی ناو چاوەوە لێی کەنەوە

بۆچی لاناچن لەناوچن گەر کەری ئەم بارە نین
لووتی خۆتان ڕەش کەن و دەرچن ڕەوای ئەم شارە نین
خێر و بێرێکیش بە دەستی ئێوە بێت با هەر نەبێت
کەس لە پڕمەی ئێوە تێناگات ئەگەر بێ و کەر نەبێت !!

# بۆ : ع . میدیا

١٩٩/٩/٢

لە گۆماوی دەم شەپۆلی پەنجاکان دا
پەنجەکانی عەین م دەدین مەلەوان بوون
کچە ماسیی ووشەی ناسک و بزێویان
دەردەهێنا
لە نوسینگەی ژین و شەفەق و هیوادا
ژنی ژان گرتووی ژوان بوون

••••

لە ڕەهێلە و شەستە بارانی هەناوی شەستەکاندا
کە هاوارە هەوری تووڕەی کوردایەتی دای کردبوو
بوو بە میدیای مێژووی نوێی سەرهەڵدانەوە
یەکێ بوو لەو چەخماخانەی وەکوو خەنجەر
دەچەقینە جەرگی داگیر کەرانەوە

---

ع . میدیا : عەبدوڵڵا میدیا چیرۆکنووس.

# سواڵ

١٩٧٢

به شەیدایی لە دووت هاتووم لە دووری
لە ژووروی ژوورەوە هاتووم
گڕ و کڵپەی دەروون بۆتە تەنووری
بە ژان و ژوورەوە هاتووم
••••
هەژارێکم دەلەرزم کفت و ماندووم
مشورێکم بخۆ ، جوانێ مشووری
پەنا و داڵدەم بدە تاکو نەمردووم
خودای گەورە بە ڕەحمە و لێت دەبووری
لە ئەو دنیاش لە پرسی خێر و شەڕدا
فریشتە خۆی بە باڵاتا دەدووری
لە ئەو پردی " سیراتول موستەقیمە " !
بە ڕاکردن لە تەکتا ڕادەبووری !
بەهەشتت پێ حەڵاڵ دەکرێت سەراپا !
دەچیتە ناو " عەجیب قەسر و قسوری " !
لە جۆگەی شیر و هەنگوینی بنۆشە !
بە باخی پڕ لە میوەیدا وەسوڕێ !
لەوێ پیری نیە هەر جوان و گەنجی !

چ غولمانێک بفەرمووی دێتە ژووریٚ !
دەخێرێکی مەزن بۆ خۆت بنووسە
هەتا فەرقی نەمێنێ " خوار "و " ژووریٚ "
بە ماچێکیش ئەگەر تاسەت شکاندم
نەکوو حۆری ، دەبیتە پارچە نووریٚ

## - M -

ئەی خاوەنی " ئێم "ـە کە
ڕوویەکیش لە " ئێمە " کە
دەزانم یەکەم پیتی ..
بە بەرەکەت و پیتی
ناڤەکەتە ئەو ئێمە ..
ماوەیەکە نیشانەی
ڕۆژانەی سەرە ڕێمە
نازانم ئاخۆ " ماری "ت
" مەهاباد "ی " مانمیت "ی
بەڵام ئەوەی گرنگە و
جێی تێرامان و ئێستی
سەرنج ڕاکێشەر تری
لە وێنەی " مۆنالێزا " و
پەیکەری " نیڤەرتیتی "
دەشزانم پەپوولەی ئێم
گەردنی داخستوی لێم
لە ژێر ئەو ئێمە شەوە
دوو ئێمی کەش هەڵنیشتوون
دوو گۆی بێ گفت و گۆیان
گرتۆتە نیگاکانی
ئەوانەی بەرامبەرت

خۆشبەختانە دانیشتوون

••••

بێگومانم کە دەستم ناگاتە ئەو ئێمانە
چونکە بە تەنها موڵکی باخەوانی خۆیانە
بەڵام دەڵێم داخۆ کەی
ساوایان پێ ژیر دەکەی
هەزار خۆزگەم بەو "ساوا"
بەختەوەر و شادانە

# نـەفرەت

کە جێت هێشتم شکستانە ، لە پاشا
لە پای چی دوای دە ساڵ ، پردی تەماشا
کە تۆ پەیمان شکاندن نەیهەژاندی
لە پەیوەندی پتەو کەوتیتە حاشا
کە تۆ گورزێکی گەورەت داوەشاند لێم
نەیارێکت لە جێگەم کردە پاشا

کە تۆ هێند بێ ئەمەک دەرچووی بە بێ هۆ
لە پاداشی ووشە و کرداری باشا
کە تۆ ئێسک و پروسکت تێک ترنجاند
لە شاباش ومەزاتێکی بەلاشا

ئەوەی هەڵوێست و ویژدان بوو فرۆشتت
لە پێناوی ترومبێل و مەعاشا
برۆ نەفرەت لە تۆش و زۆری وەک تۆش
نەتانبینم لە گۆشەی لابەلاشا

---

تێبینی :
لە ساڵی ١٩٧٩ یان ١٩٨٠ نوسراوە.

# شلێر

١٩٨٢/١/٤

بەس بە تەنها لەگەڵ تۆ دا ، دانیشم
ڕەزامەندی چەپۆک پێدا دانیشم
ئەگەر هاتوو ماچێکت پێشکەش کردم
بە سیخورمە با بشکێ ددانیشم
من ئەگەر تۆم خۆش نەوێت لە بەرچی دێم
خۆ خاوەنی خانە و دیوەخانیشم
بۆیە ئەگەر بشمکەیتە دەرەوە
هەر ، دێمەوە کوشتەی سزا دانیشم
ئەگەر ووتیان تۆ هاوسەری خۆت هەیە
دەڵێم بەخوا شێتی شلێر خانیشم

# بەرگدروو

١٩٨٢/٦/٢٥

لە چاوانتا سۆزێکی ئەڤین شک دەکەم
بەو تروسکەیە فرمێسکم ووشک دەکەم
کە دێمە لات گرێکانم ، دەکرێنەوە
خەمەکانم لە سایەتا ، دەتوێنەوە
کە بریقەی تریقەکەی تۆ لێم دەدا
لەو دەمەدا لێوت گڕم تێبەر دەدا
کە گوێ بیستی دەنگی ئامێری درووننتم
وا دەزانم لە گەشتێکی ناو دەروونتم
دە زوو گفتێکم پێبدە و جێ پشووم بە
دەزوو پێکە و بە دوو تەقەڵ زام درووم بە
بە هیوام کە با ئەو دڵەی بۆت لێدەدات
بێجگە لە خۆت کەس لە پەنجەرەکەی نەدات
با مەقەستی هیچ کەسێکی تر نە ناسێت
کێش ناحەزە بەم هەواڵە با بتاسێت

# نوێ خوازی

١٩٦٧

شۆڕش .. بەسەر هەموو دام و دەزگایەکی
تێک قوپاوی گەند و کۆن دا
بەسەر هەموو ژەنگ و ژاری دەرگایەکی
داخراوی گرژ و مۆندا
••••
بەسەر هەموو دیمەنێکی نارەسەن و ناشیرین دا
بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەی
کە دڕکەزین لە ڕێی –ژین –دا
بەسەر هەموو ئەو تڵپانەی
سەرچاوەیان لێڵ کردووین لە دێرین دا
••••
نوێ خوازەکان .. چاو هەڵبینن
پاچ و تەور و مەشخەڵ بێنن
با ئەو دیوارانە تێک دەین
داری گەندەڵ ببڕینەوە
چاوی ڕیپۆقاوی کوێر کەین
چڵک و پەڵە بسڕینەوە !
با سرودێکی نوێ .. بێژین

نەوەی ئاییندەی پێ فێر کەین
نەمامی تازە بنێژین
برسیەکانی پێ تێر کەین
●●●●
چلوولەیەک لەو ئاگرەم بدەنە دەست
تا خەرمانی فێڵ و کینە و تاوانکاری
بسووتێنم
بەو تەوراسەش دەست و قۆڵی درۆی ئەنقەست
بقرتێنم
سەپێنەر و .. داگیرکەری گەلی ژێر دەست
بتۆقێنم
●●●●
دەسا شۆڕش بەسەر هەموو
پەرژین و کۆسپ و کەندێکدا
بەسەر هەموو بت پەست و
کۆنە پەرست و گەندێکدا ..

# ئار بەبا

بانە / ١٩٩١

لە بەرانبەر ئاربەبا دا
ویستم هەرچی گەردی خەمە
هەمووی بدەم بەدەم – با – دا
گەلێک پەپوولەی ناسکی شیعری ڕەنگین
گوزەر دەکەن بە ساماڵی فراوانی
هەست و یادا
ئەی ئاربەبای بانەی وولاتی ئازیز و
خانە خوێشم
لانەی پشت و پەنا و سایەی
قەوم وخوێشم
لە پەرێزتام
وەکوو ساوایەک دایکمیت لە ئامێزتام
هەناسەکەم دەنێم بە هەناسەتەوە
باوەش دەکەم بە ئازار و تاسەتەوە
دەژیم لەگەڵ ژانەکانما ، ژانە کانتا
چاو دەگێڕم بە نیگاری بن بناری شانەکانتا
پۆپەشمینێکی بەخۆدا داوە و
خۆی لێ ڕاخستوە
نەک هەستی من

سروشتیشی هەژاندووە
هۆ ئاربەبا
هەژارێکی ئاوارە بوو کە لە هەستی
پاک بەولاوە هیچ شک نابا
ئەویش ڕشتەی چەند ووشەیەکن ڕازاوە
دەیکات بە ملوانکەیەک و
دەیکاتە گەردنی کەشت
یان گوڵاوی گوشراوی گوڵباخچەی باوەشت
بە ئەشکەوە دەیپرژێنێتە ڕووی گەشت
وەکوو ساتەوەختی ئێستە
کە دانیشتووم لەگەڵ هاوڕێ( درەخشانی ) " ١ "
لە پەنجەرەی بالاخانەی بەرانبەرتا ..
وێنەکەشت دەچنم بە تاڵە پەخشانی
ئاڵ و والاو
دەیدەم لە سوخمەی بەرۆکت
شۆڕ بێتەوە بە کەمەرتا
••••
هۆ ئاربەبا
دەم ، لێو بۆ ماچی تۆ دەبا
نیگاش وەکوو وێنەگرێکی خێرایە
شالاو بۆ جوانیت هەر لە ناوچەوانەوە
بە گەردن و سنگ و سکا
تا قول وقاچی تۆ دەبا
••••
هۆ ئاربەبا
سوپاس بۆ پەنجەرەی هونەری
وورده کاری ..
کردگاری

کوردستانی سەرتاسەری ..
کەوا بەم جۆرەی نەخشانی
••••
منیش دەبا
لە ئەلبوومی یادگاری
ساڵ و مانگ و هەفتە و رۆژدا
ناونیشانی
شیعرێکم بیت لە دیوانێکی دوا ڕۆژدا
ڕەنگ باتەوە و لە ئەدەبا
هۆ ئاربەبا

" ١ " کاک سەعدوڵڵا ( درەخشانی ) ، خانەخوێمان بوو لە ئاوارە بوونەکەدا ، وەک هەموو خانەوادە بە ئەمەکەکانی تر کە ئاوارەکانیان لە ئامێز گرتبوو.

# بۆ " داستان"ی کچم

١٩٨٣/٨/٢٢

داستان .. داستان
چیرۆکە کورتە .. باڵاکەم
شیعرە دوور و درێژەکەم
پەخشانە ئاڵ و واڵاکەم
ئەفسانە زۆر بە چێژەکەم
شانۆگەرییە کۆمیدی و تراژیدی
پێکەنین و گریانەکەم
گەرمیانەکەم ، کوێستانەکەم
شائومێدی
ژیانەکەم ، داستانەکەم
••••
ئەم ئێوارەیە بە تەنیام
بێ تۆ بێ تیشک و بێ کەڵکە
هەموو دنیام
بیرت ئەکەم
بیرکردنێکی خواکردی
زۆر بە ووردی ..
کە بەیانی بە جێم هێشتی

نوستبووی ماچم نەکردی
نەوەک بە ئاگا بێیتەوە و
ماوەم نەدەی بچم بۆ کار
دوا نیوەڕۆش ئەرک و ئێشک
بوون بە بێگاری بەرپرسیار
••••
دەزانم ئێستا دەزانم گوزار دەکەیت
لە دوورەوە ڕێبوارەکان بژار دەکەیت
کە دەرکەوتم مژدە بەری
بۆ زریان و بۆ هەستیار و بۆ هاوڕاز ی
شێوە پەری
پەنجەی ناسک درێژ کەیت و
بۆلام ڕاکەیت
باوەشی پڕ تاسەم پیاکەیت
••••
داستان .. داستان
ئەڵقە پیرۆزەکەی دەستم
جگەرگۆشەکەی چوارگۆشەی
دڵ و هەستم
نیشتمانە.. بچکۆلەکەم
هاوڕێم ، جەرگم ، بەرخۆلەکەم
گەورەم .. کچە بچکۆلەکەم
کۆرپەم داستان
دڵم ، چاوم ، گیانم ، هەستم ، بێ ڕاوەستان
لە بیلبیلەی چاوی تۆدان
لە قژی کاڵ و ئەبرۆتان
سروە و ناز و پرشنگێکن
لە هەناسە و

لە گفتوگۆ و..
.. ڕەنگ و بۆتان
••••
لە دڵە بچکۆلەکەتان
لە دەمە ناسکۆڵەکەتان
لە لامل و گۆنا وچەناگە و سەرلێو تان
لە دەست و پەنجەی نەرمیلە و خنجیلە و
تووڕە و بزێو تان
••••
شەپۆلەکەم
کچم ، پەپولەکەم . چۆلەکەم
هەی پەڕەسێلکەم کۆترم ..
یەکەم قوتابی پۆلەکەم
خۆ تۆ تازە سی و سێ مانگی
بێ ناوبانگی
من چوارسەد و هەشتاو سێ مانگ
خەم ڕێژ ترم
دەزووی تەمەن ئاڵۆزاو و درێژ ترم
بەقەد جیهان
سزا و ئەندێشە چێژ ترم
کەچی هەرچی تۆ بیفەرمووی
سەر لە ڕێتام
ڕووکەش و ناوەرۆکتم
بەندەیەکی لەش سووکم بۆت
لەبەر پێتام
گەورەتم و بچووکتم

# ڕەش و سپی

١٩٨٣

پێست و ددان
وەکوو بەفری سەرکەل سپی
منیش لەسەر پەڕەی سپی سپیم نەهێشت
ڕووت سپی بێت
ئەی نەرگسی پاو پەل سپی
وەک ئەم ڕەشە هەناسانەت بە سینەم چێشت
••••
ڕەشم بەرەو سپی دەچن
بەڕیز تاڵ تاڵ
هێند ڕوانیە چەپکە بزەی سپی چاوکاڵ
تێر نابم لێت
ئەی گەردن بێ گەردی سپی
ئاخ بۆ بەختی ڕەشم بەشم
نەیدی سپی

# چاڤ و ناڤ

١٩٨٢

دەڕوانمە هەر شوێنێکت..
لە چاڤ دەچیت
بێ چاوێنی بیت چەند گەشیت
لە چاڤ نەچیت ؟!
ناڤت لەم شارە خۆشترین
ناڤە لای من
دوا داوامە لەناوا بی و لەناو نەچیت

••••

ئەوی ناڤی ناوی لەناو ناڤاندایە
ناوبەناوێ نەبێ بێ تۆ ناڤی نایە
ئەوەی ناڤی ناوی نامەی ناوداری نارد
دڵنیایی و ئەڤینداری بە من سپارد

••••

هەر ئەو ساتەی کە تۆ ناڤی خۆت پێ بەخشیم
هەستی بیستن هەموو گیان و لەشی گوشیم
لەو کاتەوەی
ناڤەکەی تۆم لە سەردەمە
بووی بە چاوگەی
داستانێکی ئەم سەردەمە

# وەرامێک

١٩٨٦

تەونی ئاڵۆزاو ڕاهێڵێک
لە شەپۆلی
ژمارە چەندی  هەر هێڵێک
لە ئێستگەی گوێ گری پۆلی ..
کام نامە خانە و چاخانە و یانە و کۆشکێ
لەهەر گۆشە و گۆڕەپانە و شەقامێکدا
سەرچاوەی کام بیر و مێشکێ
لە گەرووی هەر نەفامێکدا
لە کوشنی دوا مۆدیلی
ماشێنی کام ئەفەندیا
لە دەم و دووی ویژدان دیلی
کام سێ ڕووی لەسەر سێ پەتی سێ بەندی یا
بەهەر جۆریک .. بکرێت باسم
بێ دەربەستم
چونکە خۆم خۆم چاک دەناسم
ویژدان حەساوەی سەربەستم
●●●●
لە ئاکامی

هەر هەڵوێستێکی ئازادی
سەر بە نەتەوەی ژێر دەستم
کە بە ئانقەست و بێ دادی
مقەست کاری و ڕەش و ئاڵۆز و ئاوەژووی دەکەنەوە
ووتەی چەوت و چێڵ دەکەن و دەکەنەوە
چاوگەی ڕاستی لێڵ دەکەن و دەکەنەوە
بێ دەربەستم
بە تۆزقاڵێ
بیری کوردانەی مەردانەی ناخی هەستم
ڕانا ماڵێ
خۆشەویستیم بەرامبەر هەر
ساوا و گەنج و
پیر و کیژ و
کوڕ و کاڵێ
دەشت و شاخ و
گوند و شار و
گرد و یاڵ و
ڕەز و باخ و
کشت و کاڵی
داناماڵێ
خۆشەویستیم
بەرامبەر ووشەی ڕەسەنی کورد و کوردستان نانالێ
بە مسقاڵێ
دەنگی ماندوویی نابیستی و
ڕەنگی کۆتایی ناناسێ و
ڕستەی ناڕەزایی .. ناڵێ و
ناڵێ و ناڵێ
••••

هەرچی بێژن ..
کام تیری تیژی ژەهراوی بهاوێژن
نا پێکن پێی
ڕێی بە ڕێ و جێی
هیوای هەستم
بە هەر جۆرێ بکرێ باسم
بێ دەربەستم
چونکە خۆم .. خۆم چاک دەناسم
ویژدان حەساوەی سەربەستم

# ئـەوین

١٩٩٨

**A**

ئـەوینت
وولاَتێکی ناو لـێ نـەنراوی
ئـەوەندە بـەرین و فراوانـە
نـازانرێت
دەگاتـە کوێ سنـووری
هیـچ ئـەندازە و پێوەرێک
لـە وزەی دا نیـە نـەخشـەی
مـەودای نزیکی و دووریـی
ڕۆژهـەلاَت و ڕۆژ ئـاوا
باکور و بـاشوری
پێوانـە و نیشانـە کات
تا لـەوەو دوا بنـاسرێت
ئـاشکرا بکرێت
وولاَتـی ئـەوینت

**B**

ئـەوینت
جیهانـی بـە هـەنـاسـەکانـەوە
بـەستۆتـەوە

هەستی مرۆڤایەتی
لە جەستەمدا تواندۆتەوە
ئەوەندە گرد بۆتەوە
گران بووم و
نا سەنگێنرێم
بۆیە هەموو مرۆڤێکی
ئەم سەرزەمینەم خۆش دەوێت
بێجگە لەو نامرۆڤانەی
تەنها هەر خۆیان خۆش دەوێت

# نیان

پەخشان

---
٤

١٩٩٨

ناڵێم بەجێم مەهێڵە
ناشپارێمەوە بڵێم
لەگەڵمدا .. نیان بە
بەڵام ئەندێشە و تاسە و
یادگار و ، هەناسە و
ئازاری لێک دابران
بۆ منیان جێ مەهێڵیە
لەگەڵ خۆتدا بیانبە

## ٤ / ٢٤

پێشکەشە بە شاری قەڵادزە

ـ ١ ـ

شاری چەندان جار نیشانگەی
زرمە و گرمە وقرمەی پێکان ..
هۆڵی پیشانگەی
بە تابلۆی
دوکەڵ و ئێسک و خوێن کێشراو
••••

ئەی شارەکەی چەند جار زامدار
ناڵێم یەک و دوان و سێ و چوار
بەڵکو چەندەها جار پێکراو
باروت بە گەروودا .. کراو
ڕۆڵە بە نهێنی براو
بە ئاشکرا شەهید کراو
بە دەست ئەژدەهاکەکانی
وێرانە خوازی سیا ڕووی
ئاشتی و ئاسایش دزەوە
پارێزەرانی ڕیسوایی و

پیلان دۆزی درۆ درووی
ڕاستی خزێنە درزەوە
••••
ئەی شارەکەی چەند جارێکیش ئازاد کراو
دیسان داگیر دەکرایتەوە و دەخرایتە داو
هەر کەسێکیش کە هەستێکی دەر بڕیبێت
ئەوا دەگیرا و دەکوژرا و
لە چاڵێکدا فڕێ دەدرا و
دەسووتێنرا و
بلدۆزەریش ئامێرێک بوو
بۆ ئاوەدانی ژێر زەوی
بە جەستەی خۆبەخت کەران
ئەوانەی سەر ناکەن نەوی
پشکۆن بۆ چاوی بێگانە و داگیرکەران

ـ ٢ ـ

فڕی فڕی قەل فڕی .. نا
فڕۆکەوانی ئەحمەقی
کەللە ڕەقی
ڕەگ لە گەردنی قووڵایی تاوانباریدا چەقیوی
بەزەیی تیا دەرپۆقیوی
بێ هەرچی هەستە هەڵفڕی
ناپاڵمی ڕقی سەرۆکی هەڵگرت و
هەوری بڵندی هەناسەی لێقەوماوانی هەڵبڕی
ڕێی مەرجی گورزی بە زەبری
پێدا کێشان و ئێشانی
بە گورجی بۆ

ئاسمانی کوردستانێکی
ئاشتی خواز و بێ وەی فڕی
بۆ ئافەرینی سەرکردەی
فاشیەکان و .. دالاشە
مەرگینەکانی سەردەمی
قات و قڕی
هەرچی ویژدانە فرۆشتی
چی ناشێ و چی نابێ و لای خوا قەدەغەیە
لە خوا یاخی
بە نرخێکی بێ بایەخی
وەک خۆی کڕی
لە ژێر کەڵبەدا کرۆشتی
هەرچیش سورەت و ئایەتە
لە قورئانی پیرۆزی کردەوە و دڕی
••••
کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرم و
باوک و دایک و
فریشتە کیژی ناسک و
منداڵی چۆلەکە ئاسای کردینە قۆچ و قوربانی
بەغداش نیشانەی گەمژەیی
نەک ئازایی
بە بەرۆکی لە تاوان هەڵکێشراوا کرد
چوونکە جانەوەرانە .. نەک
جەوامێرانە .. کەوتنە
قەتڵ و عامی..
لاوان و هەرچی کەوا پێی دەنازێ کورد
چونکە چەندان قوتابی وەک
بورهان شاسوار و هاوڕێ ــ

شاسوارەکانی مەیدانی
ئاسۆی ڕووناکبیریمانی
لە زانکۆماندا شەهید کرد

ـ ٣ـ

لە هەمان کاتا .. هەلەبجەش
بوو بە لانەی چەندان شەهیدی ڕوومەت گەش
هەڵەبجەش بوو بە نیشانگا و
بە پیشانگای
خوێن و ئێسک و فرمێسک و ژان
بوو بە کارگەی
تاقیگەی چەکی کۆ کوژان
بۆ شاڵاوی توند و تیژی داهاتووی
لەسەر قڕکردن ڕاهاتووی
دەشیان زانی و با ئاگا بوون
کە ویژدانی
جیهان و مرۆڤایەتی
نووستووی نا و هەردوو گوێی گا بوون
چونکە "جاندرا" ی سەرۆکی
جوڵانەوەی ئاشتی خوازان
نەک بێ ئاگا بوو بروسکەی
پیرۆزبایی و دەست خۆشیشی
گەیاند بە سەرۆکی شوومی
خوای شەڕ خوازان
بۆ ئەو مەرگە ساتەی لە پێش ..
چاوی ئەوان دا نواندی
نەوەی کوردی
بەو زامە زۆر سەختانە گەیاند
بە سەدەها دەست و قاچ و ملیان پەڕاند

# وەرامی تاوان

١٩٦٧

کەڵبەی تاوان لێوی قینی لێ کرۆشتم
درندانە بۆ قەپاڵی ئێسک و گۆشتم
هەوری تاڵی ناوچەوانی گرژ و بێ ڕوونی
تەرزەی لێڵ و چڵکنی وای لێ دەبارێ
داخۆ چۆن بێ زەلکاوەکەی ناو دەروونی
قەیناکا با بەرامەکەی بێتە خوارێ !
فەرموون کامەی بێ ویژدانە بنێرن بۆم
لەناو کووچە و بازێڕ دا با گەمارۆم دەن
فەرمان دەرکەن با ئەشکەنجە و سزا بخۆم
من تاوان بارم زۆردارم چاک لێم بدەن

••••

منی خوێن ڕێژ لەسەر ئەو پیاوانەی کوشتم !
لەسەر ئەو ماڵانەی بڕیم بە نیوەشەو !
لەگەڵ دز و جەردە و ناپاک زۆر دانیشتم !
بۆ لێدان و ئازاردانی تۆ و ئەم و ئەو

••••

لەسەر ئەوەی کۆشک و سەرام پان و بڵند !
پڕ لە باخچە و کەنیزەک و تریقەی خوڕ !
لەسەر ئەوەی هەڵسام بە کاری ناپەسند !

بووم بە چقڵ ، بووم بە ئیبلیس ، بووم بە سیخوڕ !
لەسەر ئەوەی من بوومە هۆی چەند بەرەکی
براکوژیم هێنایە ناو مەیدانەوە
کڕنوشم برد ، بۆ ماچ کردنی مەچەکی
ئەو ناکەسەی .. هەزارانی بڕانەوە !

••••

تاوانبارم .. تاوانێکی زۆر گەورەم کرد
چونکە هەرچی ڕووی داهەمووی هەڵەی من بوو !
هەرچی گەردێ نیشتە سەر ناوچەوانی کورد
هەر هی چڵک و قوڕ و لیتە و پەڵەی من بوو

••••

فەرموون ، با ئازایەتیتان دەنگ داتەوە
زامارم کەن بە شەق ، بۆکز لەسەر جادە !
هیچ مافێکم نیە من بەم .. وولاتەوە !
هەر هیچ نەبێت ، مەڵێن لە ئادەمیزادە !

••••

ئادەمی نیم .. باڵندە نیم .. گیان لەبەر نیم
چونکە مافی گیان لەبەران پارێزراوە
بەرد و تەختە و ئاسنیش نیم ، نازانم چیم
چونکە کوا چی وەکو منی پێ کراوە

••••

وەک چۆن تۆپێکی مەیدانی یاری کەران
هێرش بەرانی داخ لە دڵ تێی هەڵ دەدەن
منیش ئاوا بوومە تۆپی هێرش بەران !
وەکوو سوچی من بێ هەندێ کە گۆڵ دەکەن !

••••

هەی ئافەرین سەد ئافەرین بەرخوردار بن !
بۆ ڕەفتارێ دەیکەن لەگەڵ نەوەی خۆتان !

جێی سوپاسە ئەو خەڵاتەی داتان بە من
ئەوەندەی تر لام شیرین بوو ڕەنگ و بۆتان

••••

ئەوا منیش بە دڵۆپی ئەشکی سوورم
لێڵی دەکەم دەریای هەستی بێ سنوورم
وەک مەولانا و نالی و حاجی ، سا، ماڵ ئاوا
ئەو ئاواتەی هەم بوو ئەوا دام بە ئاوا
ناخی دەروون با چی تیایە سەرنگوون بێت
ئاوازەکەم وەک چۆن وون بوو با هەر وون بێت

---

تێبینی :
دوا بەدوای هێرشی ناڕەوای چەند بێ هەستێکی مرۆڤایەتی ، نوسراوە.

# خونچە

لە بێدەنگیدا ئەو کچە
دەم یەک خونچە
بەڵام کاتێک دێتە دوان
دەبن بە دوان

تێر یەکتری ماچ دەکەن و
ماچاو بەچاوما دەدەن و
لە دڵ هەڵدەستێنن قرچە

••••

بەلام .. کچێ ..
بەچی دەچێ
ماچی درۆ لە دوورەوە " ١ "
کە نەوێرم
لێو بنێرم
وەک پەپولە
بنیشێتەوە بە خونچەی
تەڕ و ناسک و سورەوە

---

" ١ " لە فۆلکلۆرەوە وەر گیراوە.

# سێ چاو

١٩٧٠

- ١ -

چاوی ڕوبار
بە برژانگی سێبەری بی و سوورە چنار
لەگەڵ ئاسۆی زەردەخەنەی
شنەی بەیان دا .. ترووکا
لەگەڵ شڵپەی دەمەی دەم و چاو شتنی
کچی جوانی تازە بووکا
بە ئاوازی قوڵپەکانی
پلووسکە شمشاڵی .. کانی
کاتی پڕ کردنی گۆزە
گیان لەگەڵیا هەڵتوو تەکا
تۆزە تۆزەش
پوورە هەنگی ، هەستی بە کوڵ
وەکو بۆ گوڵ
وەک بۆ شیلە تێی وروکا
بەکامی دڵ
دیمەنێکی گەلێک شیرین و پیرۆزە
لە گوندێکی ڕازاوەدا

لەناو کۆشکی کوردستانی ئێسک سووکا

••••

لەو چاوەدا
هەناسەم شت
ئەو سێبەرەم  کردە پۆشین
بەو ئاسۆیە دوو تاسەم ڕشت
هەستیان گوشیم ..
دەستم گوشین
بۆیە من خۆم دەدەم بەکوشت
ئەم دیمەن و نازدارانەی ناو دیمەنە
ڕزگار بکەم
وورد و درشت
بە ئاوازی سیمفۆنیای زەردەخەنە
دڵشاد و بەختیار بکەم

- ٢ -

کاتێک چاوی کاڵی گزنگ
لە پێڵووی گەل دا ترووکا
بزەی پرشنگ
کەوتە سەر لێوی دامێنی لوتکەی چیا
ئەو ئەستێرە بەدبەختەی شەو کە دەگریا
بۆ کوردستان هات بە چۆکدا
زەردەی ئاسۆی وەکو شانە دا لە سەری
کە ساماڵی کردە بەری
هەتاوی کرد بە بەرۆکدا

••••

چاوی بروسکەی بێ تەلی
بەرەبەیان
نیگای هەواڵی بە پەلی

بنکە و ناوچەکەمان گەیاند
– وا لەشکری هێزی دوژمن بەڕێوەیە
ڕوو لە ناوچەکەی ئێوەیە
ئامادەبن –
بەڵام با بێن ، بزانین کێن ؟
ئاوارەی کوێن ؟
وا لاوی قۆز لە سەنگەری قەشەنگایە
چاو لە دەستا
هێز و بڕواش ، لەناو لوولەی تفەنگایە
لەگەڵ هەستا
بۆ دەهەم جار
ملی کەچیان بەسەر شەرمەزاریاندا
ئەدەینەوە
هەر وەکوو پار
گڕ لە دڵی ڕەشی شەوی خۆزگەیان دا
دەکەینەوە
با بێن ئێمە وا وەرامی
بە ئارامی
هێرش بەران دەدەینەوە

– ٣ –

چاوی سروشت
نیگای بە کلی دووکەڵی شەوی تاڵ ڕشت
لە هەوری تانەی سووکی پاڵ
ئەستێرەی ، گیانی بەرزەوە
نمە بارانی کیناوی
بە تەرزەوە
پەنجەی ئارامی تەڕ کردم

هەستی ناسکی سڕ کردم
باخەکەمی بریندار کرد
بەدەم شاڵاوی هەناسەی
ڕەزی گریاوی وەرزەوە
لەگەڵ تاسەی
ڕەنگی گەڵای مێوە زەرد هەڵگەڕاوەکان
وەک ڕوومەتی کچی هەستم
بەد ناوەکان
وەرزی ساڵیان بێ بەهار کرد
بێ چاوەکان
وەرزی ژەهراوییان هێنا
بۆ گلێنەی چاوی گەشاوەی هەڵبەستم
••••
بەڵام چاوی تیژی مێژووم
دانامێنێ
ووشەی ئێستا و پیتی پێشووم
وورد ئەبینێ
••••
سووتووی خەڵوزی پێنوسی دەستی تاوان
کوا بڕ دەکات
دڵی ئادەمیزادی پاک .. هەستی نیان
چۆن سڕ دەکات
دەنگی بە سۆزی ناسکی گەروی بەیان
چۆن گڕ دەکات
چاوی ڕووبار ، چاوی گزنگ ، چاوی سروشت
هەر گەشاوەن بۆ نەونیگای ئاوێنەی گشت
.
ڕوانگە ژمارە " ١ " ساڵی ١٩٧٠ .

## " شیعری پیرۆز "

١٩٨٩

شیعر دایک و باوک و خوشک و برامە
لە شەوگاری تەنیایی دا .. چرامە
شیعر ژەمی قومی ماچی ژوانمە
ڕۆژانەمە و گوژمە ژانی هەژانمە
دڵدارێکی هاو سوێند و هاو بەڵێنمە
دیدارێکی گەشەی تاسە شکێنمە
شیعر کۆرپەی جگەرگۆشەی ئامێزمە
زادەی خەم و زامی عەشقی بە پێزمە
شیعر مێرگی نەرگسجاڕی .. بیرمە
شاژنێکی سپی پۆشی .. ژیرمە
شیعر کەژی توێژ قەرسیلی بژوێنمە
چاوگەی جۆگەی دەماری خوێن بزوێنمە
شیعر گیانی ڕەز و کێڵگە و پەرێزمە
بنکە و قەدی داربەڕووم و دار گوێزمە
شیعر نۆردووی بوخچەی شوانیی سەفەرمە
چۆغەی بەرمە .. بۆ ئەو ڕەنجەی لەبەرمە
شیعر قەڵای دیوار پۆڵای پارێزمە
هۆی مانەوە و تین وتوانا و هێزمە

شیعر شاخ و هەرد و شار و گوندمە
نیشتمانی ئازیز و مەڵبەندمە
کەشتی گەشتی گەردوونیش و دەریاشمە
پەساپۆرت و پێناسی ئەو دنیاشمە
••••
ئەی شیعر دۆست
هەوارگەی لانەی کۆسپ و کۆست
بەلای کابەی شیعرا نەچیت بێ دەستنوێژ
دەست نەدەیتە پیتێکی ئەرخەوان پۆش
کە بازنە گوڵ .. دەبەی بۆ گڵکۆی .. گوڵبێژ
ووشەی شەهید هەرگیز نەکەی فەرامۆش
••••
ئەی دیدەوان
هەی ڕەوان ڕێژی شیعرەوان
کاتێک بە لای شیعرا ڕاگوزارت کرد
بە کوێستان و پایزە هەواری دا
کە تێر سەیری .. جەنگەڵ و نزارت کرد
لە تەک ناڵەی کۆتر و هوزاری دا
کە یادێکی ئالۆزاوی یارت کرد
لەدەم داد و سکاڵا و هاواری دا
••••
ئەوسا شیعرت لا دەبێتە باڵا نوێن
خۆ دەبینی لە کام جیهاندای .. کام شوێن
ئەوسا شیعر دەکەی بە ئالای پێشەنگ
لەگەڵ کۆسپی شیعرا دەکەویتە جەنگ
••••
ئەی باخەوان
هۆ هونەرمەندی شیعرەوان

کاتێک قژی پەری شیعر دادێنێ
ئاگادار بە هەڵنەوەرێت .. تاڵێکی
کە ڕۆیشتی بۆ دڵخوازی و خوازبێنی
بەبێ دەسکێش دەس نەدەیتە باڵێکی
کاتێک پەنجە بە شان و ملیا دێنی
وریابە بارەش نەبێتەوە خاڵێکی
••••
ئەی بەهرەمەندی دڵ پەشێو
پەری شیعر نە ڕەنجێنیت تووبی خوات
ماوە نەدەیت شیلەی گوڵهەناری لێو
مەگەزی ژەنگ پێوەی بنووسێ و بیخوات
••••

خۆشەویستیت
خۆشەویستیت ژانێکە
تا دێت ڕەگ دادەکوتێت
ژوانت هەژانێکە
ئاوێتەی دڵەکوتێت

# -مامۆستا کەریم- "١"

١٩٨٤

کاتێک لە ئاسۆی سوورە قەڵاتا
ئەستێرەی گەشی بیری تۆ هەڵات
لە هەڵکردنی چرای خەباتا
تەم و تاریکی لە تاودا هەڵات
چەوساوەیەکی برسی و ڕەش و ڕووت
چاوی بە ووشەی نانی تۆ دەکەوت
بە تێری دەبوو بە زێڕ و یاقووت
شەوان دڵنیا خەوی لێ دەکەوت

••••

کاتێک هەواڵی کۆچ و کۆستی تۆ
گەیشتە هەست و هەناسە و دڵم
داخورپام وەکوو یەکەم دۆستی تۆ
بۆم ڕانەوەستا قوڵپی بە کوڵم

••••

تۆ ئەو هەستە بوویت چی نهێنیمە
لە کەشکۆڵەکەی دڵی شارمەوە
بە موتمانەوە چیم هەیە و نیمە
لات ئاشکرا کەم نەیشارمەوە

کۆچی تۆ و کۆچی عەزیزی خزم
وای کرد وەک بینی ئاو هەڵ بلەرزم

---

" ١ " مامۆستا کەریم بەڕێوەبەری قوتابخانەی سوورەقەڵات بوو . لەگەڵ کاک عەزیز محێدین ماوەتی دا لە ڕێی سلێمانی – سوورەقەڵات بە کارەساتی سەیارە کۆچی دواییان کرد ، سەڵاو لە گیانی پیرۆزیان.

# سیروانی شەهید "١"

شەممە ١٩٩٢/١٠/١٣

هاوەڵەکەم شەهیدی جوانەمەرگم
کۆچی سوورت ، پشکۆیەک بوو بۆ جەرگم
چ دەستێکی شوومی تاوانکاری بوو
مەرگ و شین و فرمێسک و خوێن دیاری بوو
تۆی لە ئێمە و سێ جگەرگۆشە فڕاند
تۆوی ڕەش و خەم و ماتەمینی چاند
ئەی سیروانی بێ تاوانی ڕووناکبیر
دڵنیابە هەرگیز دەرناچیت لە بیر
تۆ گولالە سوورەی ناو هەردوو کەژیت
وەکو هەموو شەهیدێکی تر دەژیت
یادت لەناو هەستا ، ناوت لەناو دڵا
هەردەمێنن ، لەگەڵ کڵپەی بە کولا
ئەو جەردەیەش گیانت کردە ، پێناوی
ڕۆژێک دەبێت بکەوێتە ناو ، داوی

---

" ١ "کوڕی موحەمەد مەمەندی دانسازە و ماوەیەکیش لە دایەرەی ئاو پێکەوە بووین ، بە ناڕەوا شەهید کرا.

# بۆ ئامۆژنە بەهێ

١٩٨٦/١/١١

خوشکێ ، پوورێ، بەهێ دایە ، ئامۆژن
فریشتەکان ، لێوی خەفەت دەکرۆژن
چ کۆچێ بوو ، دەستت لە ژیان بەردا
چ گڕێ بوو ، لە جگەرمانت بەردا
خۆ تۆ هێشتا شەکانەوەی گەنجیت بوو
کەچی بەجێت هێشتین ، بۆ پەلەی چیت بوو؟
ژیلوان " ١ " خەوی بە دیدارەوە دەدی
بۆچ نەوەستای تا خەوەکەی دێتە دی
ئەی شێرپەنجەی جانەوەری مەرگ دۆست
کۆستت کەوێت وەک بە ئێمەت گەیاند کۆست

••••

خوشکێ ، پوورێ ، ئامۆژن ، بەهێ ، دایە
وێنەی تۆمان هەمیشە لە یادایە
ڕەوشت بەرزی و پاکی و دڵسۆزیت گشتی
دەیسەلمێنن وەک فریشتەی بەهەشتی

---

" ١ " شەهید ژیلوان ی ئامۆزام لە ژووری ئیعدام دا بوو کە دایکی بەو خەم و نەخۆشیەوە سەری نایەوە.

دیارییەکی شیعرین

# بۆ لانەی ڕووناکبیر

لانەی هاوڕێم ، لانەی جوان
سۆزی ژێی کەمانی گیان
لانەی لوتکەی ڕەوشت و
باخچەی سینە فراوان
لانەی کچی سروشت و
خوشکی چاوگەی بەفراوان
لانەی شوانی چەوساوە و
سێبەری نە حەساوان
لانەی پەنا و پاڵپشتی
ماف لێ زەوت کراوان
لانەی موتمانەی گشت و
بەری ڕەنج بە بڕشت و
پۆستی داد پارێزەران
لانەی جەربەزەی ژیر و
نگین و ڕۆشنبیر و
شای شکۆی وەفاداران

●●●●

تۆ نوێترین شۆڕشت
لە ناخدا هەڵگیرساندووم
بڵێسەی هیوای گەشت

بە چەپکە بۆ ڕاساندووم
ووشکە سیمای پایزت
کردمەوە بە بەهار
لێوی زەردباوی زیزت
خستە بزەی گەشدار

••••

تکایە ڕێم پێ بدە
منیش بتلاوێنمەوە
لەم پەڕە ساکارانەی
دۆسێی بەردەستانەدا
لەم ڕشتەی ڕستانەدا
نوێژی داد پەرستیم و
مۆمی خۆشەویستیم و
خۆمی تیا بتوێمەوە
لانەی دڵم ، لانەی شۆخ
نوێ گوڵی شەتڵی باخم
لانەی خەندەی فێنک و
ئاواز و سۆزی داخم

••••

دەشێ ئەم نەهێنیە
چی بێت کە نەدرکاوە
هیچ نیشانە شکێنێ
تا ئێستا نەی پێکاوە
بۆچ هێندە پێت سەرسام و
بۆت بە پەرۆش و داخم
چی دزە ڤایرۆسێکت
بەم شێوە چڕ و پڕە
دابەزاندۆتە ناخم

ئای کە چەند کاریگەر و
ماخۆلیا یەکی دڕە
ئەندێشە و دڵە ڕاوکێی
غەریبیت کوژانمەوە
بروسکەی تروسکەمت
لە گیاندا بووژانمەوە
حەز و خۆزگە و ئومێدت
لە هەستا ژیانمەوە
ساتەکانی تاساوی
هەناسەی دووکەڵاوی
تەنیاییت ڕەوانمەوە
دیدارت گوڵی تینووی
ژاکاوی نیوە مردووی
باخەکەی گەشانمەوە
کە پەپولە ڕەنگاڵەی
ناسکۆڵەی ووشەکانت
لە لێوتەوە باڵ دەگرن
لە سەر هەڵاڵەکانی
گوڵە گەشاوەکانم
ووچانی ئارام دەگرن
••••
ئۆخەی ڕۆشن وەجاخم
لە گەرووی سۆز پڕێنما
هەڵوەرین ئۆف و ئاخم
لە ئەلبوومی یادیشدا
بوویتە نوێترین وێنەی
نیان و بۆشناخم
ڕازاوەترین بووکی

فریشتەی ئێسک سووکی
شیعری  پۆشتە و پەرداخم
لەگەڵ دیوە و داستان و
زریان و هاورازمدا
بوونە یەک دەست و پەنجەم
چی ترت بۆ بنووسم
سەرسوورماوە پێنوسم
خانزادەکەی هەڵەبجەم

لەندەن ٢٠٠٧/١١/٢٥ کاتژمێر چوار و نیوی سەر لەبەیانی

# ڕۆژە

ڕۆژەی گزنگ چاوەڕێم ، لێمان هەڵبێیت
ڕووناکیمان لێڵ دەبێ لێمان هەڵ بێیت
لە پارەوە لێمان دووری و ناتبینم
قۆڵی خەمێک دەستی ناوەتە بینم
تکایە خۆت مەشارەوە ، دەرکەوە
سامالّم ڕوون بکەرەوە ، سەرکەوە
وا تێنەگەیت تۆم لەبەر چاو کەوتبێت
من هەمیشە بەختەوەری تۆم دەوێت
بڕوا بکە من بە ئێوە وە ماوم
ئێوەن باخچەی حەوانەوە و گوڵاوم
تۆ و لانەکەم بۆم داستان و دیوانن
لە هێلانەی دڵ و یادا میوانن
ساتەکانم بێ ئێوە خاکەسارن
لە هەموو جێ و گەشتێکی تر خەسارن
تەنیا ئێوەن سیمام گەش دەکەنەوە
چەپکە شادیم لە باوەش دەکەنەوە
تەنیا ئێوەن تێر نابم لە دیدارتان
بە من بێ وەک مۆم بسووتێم لە دیارتان
کاتێ نیگام نیگای ئێوە دەگەستێ

بە من کات لە جێگەی خۆی ڕاوەستێ
بە من بێ بۆ ئاسمانیش بەڕێ کەوین
وەک ئەستێرەی تەرازوو پێکەوە بین
دەسا خۆت زیز مەکە و زەنگیش دا مەخە
دڕکەزی و زیخ لە نوێنمدا ڕا مەخە
تۆ ئێستاکە وورشەی مانگی چواردەمی
لە دوای لانە ، دووهەم هەڵبژاردەمی
بووکە ئێسک سووکەکەی دواڕۆژم بیت
تا هاتایە تۆ کچم بیت ، ڕۆژم بیت
دڵنیابە تۆ هەر خۆشەویستمی
جێگەی ڕێز و ناز و حەز و ویستمی
لەندەن / ٢٠٠٨

## مردن

ئەمە یاسای گەردوونیە
دەبێت هەموو زیندەوەرێ
بە زۆر بمرێ
هیچ یاسایەکی تر نیە
جێگەی بگرێ
وەختێکیش دێت منیش بمرم
چونکە وەرامی سروشتە
بەڵام تکایەکم هەیە لە خوای مەزن
دوای ئەم گەشتە
تەکانێکی تر بۆ عومرم !
تا دانەبڕێم لە چاوەکانی فریشتە
کاتێک بمرم
کە ئەوانەی بە نەمانم بەختەوەرن
پێش من بمرن

# کاڵێ و بەفر و بریانی

ئەمشەو بە دووی
بەفری دووی فێبریوەری
تابلۆیەکی فریشتەیی سپی پۆش
دەکەمە دیاری و دەیدەم
لە یەخەی بیرەوەری !
تاکو هەستی بە پەرۆش
هەرگیز نەیکات فەرامۆش
••••
هەر ئەمشەویش بۆ ئاڵۆز بوونی بەخت
ژمارە نۆی دوای دوو سەدەی نارەسەن
بە جەختێکی زەبر خەستی سەرسەخت
دەمداتە دەست " شەست و هەشت " خولی تەمەن !
کە هەر وەک " نۆ " ش
سەر بۆ سنگ دەبات کڕنۆش
چاوەڕوانم داخۆ کەی
دوا قومی دوا هەناسەم بکەم نۆش
••••
کەچی هێشتا پاساری حەز و شیعری لاسارم
نابەزێ و خۆی ناکا بە نابووت
جەربەزەیە و ناپرسێ و ناترسێ

لە مەرگ و لە تابووت
تازە بە تازە دەفڕێ و
دەخوێنێ و دەبزوێ
گەرووی عەشقی سەرلە نوێ
هاتە " دوو " هاتە دووت !
هۆ جوانەکە هێشتاکە
نازانم کێیت
لە کام خێڵ و کام خێزان و خەڵکی کوێیت
هەر ئەوەندە نەبێت هاوڕێ لاوەکەت
بانگی کردیت " کاڵێ " زانیم ناوەکەت
بەس دیداری دوێ ئێوارەت
تاسانمی
بە سەلاری و ڕەووشتت ناسانمی
خەم خۆریت و
بەزەیی هاتنەوەت پێم
وەک گوریسێک
بەستیەوە دەست و پێم
••••
دوو شەویشە لە " دەفر " ی پڕ بریانیت
چێژ دەچێژم ، وەک چێژی سیمای جوانیت
لەتەک باڵە ناسکە پەپولەی بەفرین
بۆ ئامێزی هەستی خاوێنت دەفڕین
وەکو " بازنە " ش لە مەچەکت دەئاڵێین
تا بسەلمێت چەند شەیدای شنەی " کاڵێ " ین
هۆ کاڵێ گیان من لە شیعر بەولاوە
کە لە هەموو سامانێکم بەلاوە
پێناوە
چی ترم نەپێکاوە

تا بە بەلێ بەڵێنم بدایا پێت
فەرشە خشڵم ڕاخستایە بۆ بەر پێت
بەردەرگاشت بۆ بە ئاوریشم ڕێژکەم
ناحەزانت بە حەپەساندن گێژ کەم
هەرچەندە خۆت لە خشڵ و
ئاوریشم والاتری
لە نوێ ترین شیعری جوان
بڵند و بالا تری
بەلام دەبێت بتکەم بە خۆرە شیعرێ
" کل " ی چاوان شۆرە بی
شای جوانانیش بێت کرنووشت بۆ بەرێ
وەکو لقی شۆڕەبی

لەندەن
٢٠٠٩/٢/٢

# عومەرەکان

ئەگەر گەشتێ بکەم بە ..
ناوی " عومەر " ە کان دا
پیاوە بەرز و بە ڕێز و
دڵسۆزە گەورەکان دا ..
ئەوا دەبێ دەفتەرێ ،
کڕنۆش بۆ سەریان بەرێ
زۆربەی زۆریان هاوڕێی خۆشەویستمن
بیریان دەکەم لانەی حەز و ویستمن
بە ئاواتی گەڕانەوەی نیشتمان
دڵ و چاوم ڕوون کەنەوە شێوەیان
تەنها هەر عومەرێک نەبێ
کە مشک و مێش پەرۆشێتی
مەیلی بە کەسدا نا نووسێ
گوایە مەعروفە و دەشنووسێ
نەک هیچ کەسێکی خۆش ناوێ
بەڵکو ڕقی لە خۆشێتی
جا خۆ ئەگەر خودای مەزن
زووتر بیباتەوە بۆ گڵ
دڵنیام زۆربەی نووسەران
کە لەسەر جێ دەخۆن گینگڵ

بەتایبەت ئەو دکتۆرانەی
خاوەن بڕوا نامەی بەرزن
خەمەکانیان دەچن بەرەو فەرامۆشی
ڕادەپەڕن ، دەردەپەڕن
هەڵدەپەڕن
هەڵدەبەزن ، دادەبەزن ،
شەو دەبێتە تەقەی خۆشی

لەندەن ٢٠٠٢

## من و پەری

ئێستا هەردووکمان نەنک و باپیرین
بە واتەی هەندێ بە تەمەن پیرین
هەردووکمان دایک و باوکی " دە " بەچکەین
تۆ پێنج و من پێنج
جوار کوڕ و شەش کچ..
چوار چرا و شەش مۆم ..
من لە غەریبی باوکی پێنجیانم
تۆ لە نیشتمان دایکی پێنجیانیت
دەخوازم لە خوا بیان هێڵێت بۆت
بیان هێڵێ بۆم

# پیرە !

پیرێژنێکی سەر سپی
هەشت نۆ دە ساڵە نەنەیە
بەڵام بۆ رەشێتی قژی
هەمیشە سەر بە خەنەیە
کەچی هێشتا خۆی لا شۆخە
چرچە کانی ڕوومەتیشی
پینە مکیاجێکی تۆخە
خێل دەبیت لای دابنیشی !
٢٠٠٩

# شاعیر

بریا هەرچی دەبووم دەبووم
تەنها شاعیر نەبوومایە
تاڵە دەزووم
بە زەنگیانە وشەی ڕەنگیندا نەکردایە
یان هەردەبووم دەبووم دەبا
ماعیرێکی وەکوو هەندێک بێبار و
ماستاوچی و پارەدۆست بوومایە
نەک وەک ئێستا دوای پەنجا ساڵ
نووسین و لەسەری گرتن و
تێهەڵدان و ئاوارەیی و دەستی بەتاڵ
بێ پایە و خانە و دەسمایە !
نانا کفرم کرد تکایە لێم ببورن
زۆر سوپاس بۆ ئەو پێنووسەی لە دەسمایە !
ئەو بیرە پووختەی لە دیوەخانی سەرمایە
نایگۆڕمەوە بە هەزاران
کۆشک و سامان و سەرمایە
بەریتانیا / ٢٠١١

## بۆ هەردی

هەردوكمان هێشتاكە " نە بوو بووین "
" نەبوو " بووین
من و تۆ و جەوهەر و فەرەیدوون
" ش " یشمان هاتە پاڵ
بووینە پێنج كۆڵەكە
هەڵگری – كۆڵ – ە كە
نەبەز و ژیریشمان تێكەڵ بوون
" جەلال " و " لەتیف " و " فەتاح " یش
لەگەڵ بوون
ڕووبارە خوڕەكە ئێمە بووین
لە پاشدا چەند گۆل و جۆگەیەك
لە ڕاست و چەپەوە
هەندێكیان لێڵاوی ..
تێكەڵی دامین بوون
••••
چرایەك بە گڕی بڕوامان داگیرسان
من و چەند برایەك
وامان پێشنیار كرد كە ببێت
بە چرای كوردستان

چراکە بە پەنجە و پێنووس و کۆپی شین
چەند لاوێک
ماڵە ژێرخانێکی ناسیاوێک
بوو بووە نوسینگەی تێکۆشین
کەچی لای هەندێ دژ بە مرۆڤ
"کورد کوژە " ناودەبراین

# نزایەک !

خوایە ببم ، ببم ببم
بە سەرۆکی کۆمارەکەت
پاسەوانی تەلارەکەت
خوایە ببم ببم ببم
بە نوسەری شاکارەکەت
بە حەشارگەی شکارەکەت
خوایە ببم  ببم  ببم
بە قەڵەمی دەست و پەنجەت
بە تۆماری ترپەی لەنجەت
خوایە ببم ببم ببم
بە کەیبانووی شڵپەی ماچت
بە شێلەری ڕان و قاچت
خوایە ببم ببم ببم
بە پەپولەی ووشەی دەمت
بە سفرە خوانی بەردەمت
خوایە ببم ببم ببم
بە زاوای بابە و دایەکەت
پارێزەری .. دەسمایەکەت

# کەڵە شاعیر !!

کەڵە شاعیرێک !
خاوەنی خەڵات
کات ناوەڕاستیساڵی هەشتا بوو
نەوەک زەندەقی بچێ ، بۆی دەرچوو !
بە مانا .. هەڵات
هەر ئەو بەڵێ ئەو
لە هەندەرانی گەشت و عەشقا بوو
کاتێ " باشوور "مان
بە زەبری بازووی دلێرەکانی
درزە خۆرێکی ئازادی هێنا
بۆ ڕۆڵەکانی
هەر ئەو کەس نا ئەو
کاتێ شەقامی بەردەرکی سەرا و
مەولەوی پان بوو
سەری دایەوە
خۆی کردە خاوەن دەستکەوتەکانی
ڕەنجی ئەم و ئەو !
••••
ناسکە شاعیرێک

چەپکە گوڵێک و شووشە دڵێکی لەناو مشتا بوو
بە گەیشتنی پەنجەی پێ شل کرد
پێی بەردانەوە
بە زوبانی لووس
لە هەموو دۆستە دێرینەکانی
هەڵگەرانەوە !
وەک دوو ترەقەی ناو دەمە قاچان
لەسەر چڵەکان
مەلیان ڕاچڵەکان !
بە شۆستەکاندا گەزۆیان تەکاند
دیداری شانۆ
دانسی کەمان و عوود و پیانۆ
ئەڵقەی ئەڵماس کرد
دوو ئەقڵی کاس کرد
بەرەو دوکان و شەقڵاوە و سەفین
بە گەشتە ماچ و مووچەوە فڕین
دوای دوا پەیمانی دەست لێک بەرنەدان
بوون بە دەزگیران
••••
پشووی باشووری "کەڵ !" کۆتایی هات
بۆ خەرجی و داهات
نەگەڕێتەوە
ئەو زیانەی بۆ ناگەڕێتەوە
••••
دووهەم "کەڵ !" بیستی
شوێن ماچەکانی لێوی کەڵێکی تر گەستوویەتی
پەڵەی ماخۆلیا گەیشتە پێستی
تەڵەی پیلانێک بوو بە هەڵوێستی !

وەک شایەرێکی بێ هەستی ڕیسوا
بۆ میدیاکانی دانیشتنی سەر
مێزی مەیخانەی یانەکان دووا
گوێی بۆ ڕانەگیرا
بیسەر دەمی پێ نە بەسترایەوە
لەم دەم بۆ ئەو دەم
لەم چەم بۆ ئەو چەم " ١ "
هەواڵەکانی پێ قۆسترایەوە
تا گەیشتەوە بە یەکەم کەڵی
ئامادەی گەشتی
گەڕانەوەی شار
بۆ زەماوەندی گوێزانەوەی بووک
ناسکە شاعیری جوانی ئێسک سووک
بگەیەنێتە کەشتی مەبەستی
••••
وەک شێتی لێهات
دەمی کەفی کرد
تەوژمی خوێنی بڵند بووەوە
کەوتە هاواری .. ئەو کەتنەم بۆ کرد ؟!
من شیعرەکانم بە میعرەکانی !
ئەو ناگۆڕمەوە
چۆن لە فنجانی بەرماوەکانی
ئەو دا قوم دەدەم !!
چش لەو خەرجی و لەو خەسارەتانە
تازە ئەو بە من حەرامە و نابێت
توخنی کەومەوە
چی دەبێت با بێت !
••••

هەردوو کەڵ هەموو
ئەو یادگارە تفت و تاڵانەی
ڕۆژانی ڕەشی نەتەوەکەیان
لە هەست و یاد چوو
وەک بێ شەڕواڵە بەرەڵڵاکانی کوچە و ناو بازاڕ !
هەردووکیان بوونە بەشێک لە ئازار
لە دەست بڕین و
دڵشکاندن و ئابڕوو تکاندن
ناوی کیژێکی بێوەی زراندن

••••

بەڵێ بە دوو " کەڵ " !
ویستیان سامانی ئەو " ڕەز " ە جوانە
بە گڕی تۆڵە بکەن بە " دووکەڵ "
بەلام ڕەزەکە
ئەوەندە هێشووە شیعری گرتووە
هەمیشەش .. دەگرێ
ئەوەندەش بۆن و بەرامەی نیگای
ئێمەی بۆ چووە
هیچ هێزێ نیە و ناتوانێ کە پەی
بەو ڕەزە بەرێ

لە ٢٠٠١ دا دانراوە

# ڕاپەڕین

١٩٩/٣/٧

وا نەزانن کورد هەتا مابێت دەبێت چەوساوەبێت
پێی لە داوا بێ و لە داوادا لە دواوەی دواوە بێت
تا هەتا دابەستە بێت پا بەستە بێت
داردەستە بێت
ژێر چەپۆک و بێ قەوارە و لانە بێت
گەنج و داهاتی وولاتی خۆی بەشی تێدا نەبێت
چنگی داگیرکەر لە بینی گیر کرێت
دەنگی نەبێت
بیدزێت و بیگرێت و بیگروێت
سەنگی نەبێت
بۆ بەگژدا چوونەوەی دژوارەکانیشی بچێت
خۆی کەنار بگرێت لە مەیداندا ، ئەویش تێدا بچێت
وا نەزانن وا نەزانن
وا نەوەی کورد کەوتە خۆی
ڕاپەڕی وا ڕاپەڕی وا ڕاپەڕی
ڕاپەڕی  تا خۆی ببێتە خاوەن و خەمخۆری خۆی
تازە وەرزی کۆیلەیی و سەردانەواندن تێ پەڕی
ڕاپەڕی وا ڕاپەڕی وا راپەڕی خۆی بەستووە

هەڵمەت و شاڵاوی تۆڵە
هێند زەبەند و توند و تۆڵە
دۆزەخێکی خەستی وای بۆ خوێنمژان داخستووە
بەرگری پەک خستووە

●●●●

لاوەکان ، هۆ پیاوەکان چەوساوەکان
ڕۆڵەکان بۆ تۆڵە گورج و گۆڵەکان
چاوەکان چاوگەی چیا سەرچاوەکان
کاوەکان هێز و هەناوی باوەکان

نۆرە ڕاوی گورکی هار و سیخوڕە و گوڕنەتەڵە
تێک شکان و پشت شکانی
دەست بە خوێن سوور بووەکانی ..
بیر گەنیو و گەندەڵە
نۆبەرەی ئابڕوو تکانی
قەڵبە بەعسی قەڵبە قەڵباوی قەواڵە چەپەڵە
دەست وەشێن بن
دەست مەپارێزن هەتا دا دەوەشێن
ئەم نەوەی فاشستانە تەنیا بۆ لەناو بردن دەشێن
گوللە بارانتان ڕەهێڵە و ڕێژنە بن
زامەکانی کورد بە مەرگی خائینان ساڕێژ دەبن

---

تێبینی : دوای نزیکی دە ساڵ " ساڵی ١٩٩٩ سەرەتای مانگی چوار یان کۆتایی مانگی سێ لە لاپەڕەی کۆتایی " کوردستانی نوێ " دا بلاو کراوەتەوە ئەویش بە هۆی شاعیر و ڕۆژنامە نووس " کەژاڵ ئەحمەد " کە بەرپرسی دوا لاپەڕە بوو ، بەڵام بە داخەوە کە بڵاو بۆوە دیم:
١ – ووشەی " قەڵبە بەعس " کرابووبە " قەڵبە پیاو " .
٢ – ووشەی فاشست کرابوو بە زۆردار.

# پاشەڕۆک

چەپکە شیعرێکی نوێی

جەمال شارباژێڕی

٢٠١٢

چاپی یەکەم

لەندەن

**پێشکەشە**

بەو خوێنەرە ئازیزانەی چێژ لەم بەرهەمە وەردەگرن

ج . شاربازێڕی

٢٠١٢

بریتانیا

تکایە ڕێم بدەن
میوانی ماڵانتان بم
بچووکی خوشک و برا و
باوک و منداڵانتان بم

# حەزی زیندوو

من هەمیشە دڵم تەڕە
شەیدام بۆ بەژن و باڵا و
باسکۆڵەی
شۆڕە بێوەژن و کیژۆڵەی
ناسکۆڵەی
خولْقێنەری سەمای لارو لەنجە ولەرە
**********

من پەپوولەی ڕوو لە دەوری
گڕی پشکۆی گۆنای گەشم
زوو خۆ بەدەستەوە دەری
نیگای چاوی هێرش بەری
سەوز و شین و کاڵ و ڕەشم
**********

لێوانم تینووی مژین و
هەڵمژینی
ڕەنگ و بۆی گوڵی لێوان و
بەرگەردنی سپی و سۆڵە

پەنجەکانیشم پەرۆشن
بۆ شکاندنی پەرژینی
سوخمەی سەر باخچەی مەمکۆڵە
**********

هەرچەند " مام " و " خاڵ " و " کاکە " و
" باو باپیرم "
بەڵام گەشبین و گەشبیرم
باڵ کراوەشە باوەشم
بۆ ئەو جوانانەی کە وا دێن
بەرەو پیرم
بۆ بوونە هاوڕێی ژیان و
گشت بوارێکدا هاوبەشم
٢٠٠٤

# بۆ لانەی دڵی سەردەمێک

گەر یەزدانی مەزن لەخۆت
ڕازی بکەیت و بتەوێت
بچیتە بەهەشتەوە
وا تەمەندارێکی ڕیش سپی
بەرەو ڕووت دێت
بە هێمنی و کپی
کە لە نەوەد و هەشتەوە
بۆ بەرەو ژوور
پەیوەندی نزیکایەتی
چالاکی هەبوو پێتەوە
لە دەر و ژوور
بە سەردانی خزمان و دۆستان و
گەشتەوە
نزیک و دوور
بە چوونە ناو مارکێتەوە
دوو قۆڵی
دەست لە دەست و
قۆڵ گرێ دان بە قۆڵی
یەکترەوە

بێ گرێبەست
بە چوونە خواردنگاشەوە
بە دەمە قاڵێی " دەبێ تۆ میوانم بیت "
بە " بەخوا نابێ " و
یان " باشە " وە
بە گەڕانەوە و بۆ چوونەوەی
فلاتەوە
تۆ جووتە پێ لە پێشەوە و
ئەو لە دواتەوە
بە سەرنجی سەر سامانەی لەنجەتەوە
لە سەرتەوە تا پاتەوە
بۆ پشووی سەر ئەو قەنەفەی
ژێر پێخەفەی
پەناتەوە
بە قومە چای ئاڵ وەک ڕەنگی
تنۆکە بۆیە نینۆکی پەنجەتەوە
**********

ئەوسا باسک و مل شێلان و
گوشینی دەست و مەچەکت
تا بەلەکت
بە پاژنە و قولە پێتەوە
تاکو بازووی
شل و کول دەبوون پێتەوە
هەتاکو خەو دایدەگرتی و
بە باوەش هەڵی دەگرتی و
دایدەگرتی
لەسەر سیسەمی خەولانەی

دوا جێتەوە
**********

بۆ زۆر فەرمانی تریشت
دەبوو بە ڕاپەڕ و چەکت
بۆ هاوڕێی دەورو بەریشت
فەرموو دەبوو
بۆ فەرمووی نان و نمەکت
**********

ئەوەشت بیر نەچێتەوە
ئامادە بوو لە پێناوی ڕووناکیتا
وەکوو مۆم بۆت بتوێتەوە
بەگژ هەموو ناحەزانتا بچێتەوە
**********

بەڵێ وا هات و ڕووی کردە پەرێزت
دوای چەند ساڵێک لێک ترازان
بۆ دیداری بەڕێزت
ئەوا گەیشتە بەردەرگا
ئێستا پەنجەی نا ، بە زەنگا

دڵنیام کاتێ هاتی والآت کردەوە
بە قریوە و بە قاقای پێکەنینەوە
دەیسەلمێنی
بەکردەوە
بەڵێ .. خاوەنی بەڵێنی
باوەشی بۆ دەکەیتەوە و

بە خۆتیەوە دەگوشی
ماچانی تەڕ و بڕیشی
بە پێشکەشی
پێ دەبەخشی
*********

وەکو بەخشندە و هاوپشتی
خوا لە خۆت ڕازی دەکەیت و دەبیتە
فریشتەیەکی بەهەشتی
پەیکەرێکیشت بۆ دەکرێت
لەسەر سەکۆی باخی گشتی

٢٠١٠

## بێ ناونیشان

که لەکەناری دەیاچەی
بیرێکی پڕ لە سۆزی سازی کەمانچەی
ئەندێشە دا
سامالّی خەیاڵ دەبێتە
سەرپۆشێکی پیرۆزەیی
هەستی شەیدا
وورده پوولەکه ئەستێرەی
ووشەی وورشەدار و جرپن
دەبن بە چەند پۆلە ڕستە و
تێکەڵ ڕەوە ماسیەکانی
قووڵایی دڵ و گیان دەبن
لە دەریاچەکەدا دێن ، دەچن
وەک ئاهەنگ
هەر پۆلێکیان بریسکەی زەردەی لێوێک
هەر پۆلێکیان سوێیەکی لێواو لێوێک
هەر پۆلێکیان ختووکەی هەست بزێوێک
هەر پۆلێکیان کسپەی زامی پەشێوێک
دەدەن بە ناخ
باوەشیان بۆ دەکەنە باخ

تا هەر پۆلەی ببن بە چەند خونچەیەک
ڕەنگاو ڕەنگ
چەپکە ماسی چەند شیعرێکم پێ بدەن
ڕازاوە و پۆشتە و پەرداخ
نیگاکانی پێ بێنە سەمای بێدەنگ
بەڵام ئاخ داخ
لە پڕدا بزر دەبن
نە پێنووسی مەلەوانی
ووشەی ڕازاوە پشکن
دەتوانێ بیانگاتێ
نە لاپەڕەی سینەی والای شەیداییش
دڵنیایی و ئاسوودەیی
دەداتێ

# کاڵێ و شیروان

هۆ کاڵێ ی جوان
دڵ لە دڵ نەدەیت و هەرگیز
وانەزانیت
شیروان کوردە و تۆ ئینگلیزیت
تۆ لای شیروان زۆر ئازیزیت
کورد بە وەفان
کە بەڵێنیان دا پەشیمان نابنەوە
کەمینەیەکی لێ دەرچێت
وەک ئەوەی بەسەر مندا هات
دڵدارەکەی لە دەس دەرچێت
شیروان ئێکجار تۆی خۆش دەوێت
دڵگران دەبێت بە زیزیت
بەڵێنی داوە بێ لە تۆ
دڵی بە کەسێکی تر نەدات
شیروان هەستی تەنها بۆ لای تۆ
دەبزوێت
دڵەکەی بۆ تۆ لێ دەدات
لە خەونیشدا
تۆ لە پەردەی بووکێنیدا

دەبینێت
ئاواتە خوازە پێت بگات
*********

هۆ کاڵێ ی جوان
گۆنا و نێوچەوانت بێنە
بۆ سەر لێوم
وەکوو هەر چوار کچەکانم
بە تۆوە پێنج
ماچیان بکەم
باڵی ڕەنگینی پەپوولە
ماچە ئێسک سووکەکانت
ببزوێنم
بیگوێزمەوە بۆ نێوچەوان و
ڕوومەت و دەمی شیروان
شیروانی شیروانی مەزن
شیروانی قەڵای شیروانە
شیروانی نمە فرمێسکی سلێمانی
شیروانی بێ ئۆقرە و ئارام
ڕۆژ هەتا شەو تا بەیانی
شیروان گیان تۆش ڕێم پێ بدە
ماچە تەڕ و پۆشتەکانت
وەک دەنکە هەناری مێخۆش خۆش
بنێرم بۆ کاڵێی چاو جوان
کاڵێی بووکی ناو کەژاوەی
فرمێسک و ژان
*********

من ئامادەم
پۆستەچی ماچەکانتان بم
بۆ یەکتری
شەوان ڕۆژان

لەندەن
٢٠٠٨

# ئـەڤیـن

ئـەڤینداری
نـابـەخشرێت
بـەروبوومـی
نـافرۆشرێت
نـەهێنیـە و
نـاپۆشرێت
وانـەیـەکـە
نـاخوێندرێت
بـەرنـامـەکـەی
نـاپـەخشرێت
ڕەنگی هـەیـە و
نـابیندرێت
دەنگی هـەیـە و
نـابیسترێت
سـەنگی هـەیـە و
نـاکێشرێت
گـەنجینـەیـە و
هـەڵدەگیرێت
سوورەگوڵێکـە

ناوەڕێت
نەمامێکە و
نا نێژرێت
نیشانەیە و
ناپێکرێت
بێشەیەکە
ناپشکێنرێت
گیانێکی بێ لەناو چوونە
خۆرێکی بێ ئاوا بوونە
نە پیر دەبێت و نە دەمرێت
میوانێکە دەرناکرێت
یاخییە و دەسگیر ناکرێت
بە هیچ هێزێک ناسەندرێت
ڕێزم بۆ برینداڕانی
ئەڤیندارانی
خۆم ئاسا
شەوانی ئەشک بارانی
ئێستا و ئەوسا

# بۆ بووکەکەم

" ١ "

ئەوە تۆ لە کوێیت بووکەکەم
کیژۆڵە ئێسک سووکەکەم
بۆ هەواڵێکم ناپرسیت
خۆ تۆ " کەس " یت
واش نەزانی بێ مشوور و بێ سفەتم
بڕوا بکە خەزووری ڕاستەقینەتم
باپیرەی جگەرگۆشە دڵ ناسک و
ڕووخۆشەکەتم
لە ناخەوە بۆ دیدارێکی شەکەتم
بە عەزرەتەوەم تێر کوڵمی
گوڵشەکرینی هەڵبمژم
جەستەی خەمی ڕابوردوومی
پێ بکوژم
باوەشێکی گەرم کردن
بە جەرگی جەرگی خەسوتا
کەمێک دەڕەوێنێتەوە
ئازاری من
ئازاری زامی بە سوێی ئەو

بەڵێنی بۆ یەکتر بوونەوەی
لە کوورەدا
گڕی تێبەر درا و سوتا

" ٢ "

ئەمشەو هەژدەی
فێبریوەری
کە ئەم شیعرە نەرم و زبرە
پێنووس و تێنووسە تینووەکەمی
پێ هەڵگرتووم
چوار هەفتەی تری ئایندەی
داهاتووم
گرنگترین بیرەوەری
چل و شەش ساڵ لەمەو بەری
تۆمار کردووم
لە هەژدەی سێی شەست و سێ دا
لەگەڵ خەسووتا جوانترین
پەریزادەی دراوسێدا
ساوا پەیمانێکی پوخت و
نەرم و نیان
لەگەڵ ئاسۆ دیدەی ژینی
نوێی هەڵهێنا
بەڵام داخی داخی داخان
ئەی بووکە خان
بە هەشت ساڵی
ساوایان لە نوێن دەرهێنا
تاوانێکی ناڕەوایان
نایە پاڵی

بێ دادگا
لە بەردەرگا
سێدارە دامەزرێندرا
خنکێندرا و
سوتێندرا و
بۆ کەلاوە ژانی زامە
کولاوەکانی تاوانی
مێژووی ڕەش
فڕێ درا

لەندەن
٢٠٠٩ / ٢ / ١٨

# هەورێکی سوور

لە دوا ساتەکانی ئێوارەی
کانون دا بوو
ساڵ لە دوو هەزار و هەشتا
پۆپەشمینێکی هەوری سوور
لە دوور
ئاسۆی ڕۆژ ئاوای لەندەنی
لەبەردا بوو
بەژن و باڵای ساماڵی گڕ
تێ بەردابوو
لانە ناوێک کەوا هێشتا
لە بەرەکانی جەنگی جوانی بەخشیندا
لە بەربەرە کانیدا بوو
لەگەڵ فریشتەی بەهەشتا
کە لە باسکە بیڵدنێکی بڵندا بوو
فلاتێکی نهۆمی شەش
لە پەنا پەنجەرەیەکدا دانیشتبوو
وەک من سرووشتی ڕازاوەی
گرتبووە ناو دیدە و باوەش
کە بۆمان بوو بە سەرچاوەی
ئیلهامی شیعرێکی باڵا " کەش "

هەر لەو لاوەش
گوڵاڵەیەکی لە هەستمدا ناشتبوو
تا ئەم کاتەش
سەما دەکات بۆ ساماڵی
خۆشەویستی
هەستی هاوبەش

لەندەن ٢٠٠٨

# لانەی ئارام

هۆ لانەکەم
لانەی سەردەمێکی تەمەن
بۆ پەڕەسێلکەی ئارام
هێلانەکەم
**********

هەرچەند دووریت بۆتە کۆسپی
گوڕی ئەسپی
گەیاندنی کۆی پەیامی پلانەکەم
بۆ ڕازانەوەی بەرۆک و
ژێر بەرۆکت
بە ڕیشۆڵەی پڕ پڵپڵە و
پڕ پولەکەی
گۆ گوڵینکەی پۆیلانەکەم
ناچار بۆ تروسکە هەواڵ
پرسیار لەولاو لەملا دەکەم
لە دوورەوە
گەردانەی خۆشەویستیمت
بە گەردن و ملا دەکەم
لەم دیو هێڵی سنوورەوە
باوەش بە باڵاتا دەکەم

گوڵاوه شیعری هەناسەم
کۆپڵە تاسەم
بە کراس و ژێر کراس و
سەرپەرچەم و
ژێر پەرچەم و
سەرجەمی ئاڵ و والاتا دەکەم
**********

هۆ لانەکەم
بووکی بۆ خۆشی ڕووخۆشی
سپی پۆشی
خەو لانەکەم
شاپەرۆشی
دەست لە مەم و ملانەکەم
لەگەڵ نۆشی
ئاڵە شەربەتی بە چێژی
دەنکە هەناری مێخۆشی
ماچە لێوان لێوانەکەم

بریتانیا
٢٠١١

# ڕوو لە ڕووی

چەناگەی کوڵی
شاپەڕە گوڵی
نیە بە کورتە بینێک ، حەزێک
نەگاتە دڵی
**********

کاکڵە گوێزی گوێی
گوێزەبانەی چێژ دەگوێزێتەوە
ئەو بەختەوەرەی
گیان تێر ناکا لێی
بە تاسووقەوە بیقۆزێتەوە
پەنا بەرێ پێی
**********

ناسکە نانی نێوچەوانی نەرمی
بە نمەی عەتری ئارەقەی شەرمی
پرسی برسییە بۆ ژەمە خوانی
هەناوی گەرمی
**********

بۆڵە کشمیشە ڕەشەی
بیبیلەی
مێوی ئەستێرەی چاوی بریسکەی
سپی زیوینی
دلۆپە شیلەی
نەونیگای تیلەی
لای چاودێرانی
دەم چاوەڕوانی
دەهێنێتە گۆ
بەهارە بزەی مەزەی شیرینی
*********

شاتووی لێوانی
لێواو لێو خۆشاو
دەبەشێتەوە بە بینەرانی
شەربەتی دۆشاو
*********

پەلکە ڕیحانە ڕەشەی ..
جووت ئەبرۆی
بۆتە پەرژینی
سێوە لاسوورەی
ڕوومەت و لیمۆی
گۆنای مزرینی
*********

خونچەی دوو قۆشە
لووتی یاقوتی

کچە هەناسەی قۆڵ ڕووت و قوتی
گەشتە گوڵاوی
دەکاتە قووتی
ڕووی گەش تێکردووی
لە بۆی تێر نەبوی
کە قەستە قووتی بدەیت و قووتی
بدەیت و قوتی

بریتانیا
٢٠١٠

# پێشەنگ

سەرگروشتە و
گەشتە " نوکتە " و
گرێدانی ..
ووتەی پتەو
دەنگ و شێوەی
ووشە پۆشتە کردنەوە
ئاواز بەخشین
بە هۆنراوە هۆنینەوە و
خوێندنەوە
سەرنجی ووردی ناوەرۆک
بۆ ڕۆمان و شانۆ نامە و
هونەری پەخشان و چیرۆک
گوێ گرتن و
ڕوو تێکردنە دەم و دووی
ئێستای نوێ و
ئەوسای ڕابوردووی
کۆک و ناکۆک
هەر هەمویان
بوونەتە چەپکە فەرهەنگی

گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی
قەشەنگی
ڕازانەوەی سنگ و بەرۆک
ئەم زەنگی ڕووناکبیرییە ڕەنگینە
پەیوەستن بەو
پێنووسە زبان سەنگینە
بۆ زۆر گرنگی و پێشەنگی
کە لە نێو باوەشی گرتوون
پەل و پێنج پەنجە و
پێنج گوڵنینۆک
بەها و دەنگی
لێت پیرۆز بێت
ئەی ئاسکۆڵە
لێو ناسکۆڵە
قژ زێڕین و زیوینەکەی
گزنگی
ئاسۆی دهۆک
تۆ شایانی
ڕێز لێنانی
مەزنترین
چەپڵە ڕێزانی ئاهەنگی
بۆ هاوسەنگی
عەشقێکی کۆک

بریتانیا
٢٠١١

# خۆشەویستی تاسەر ئێسک

بەسەر بردنی دیدارە
ورووژێن و خرۆشەکان
بێ تۆ دیارە
کارەساتێکی ساتێکی خەم پۆشە
جگەر گۆشە
بۆ گەشە بەپەرۆشەکان
تەنیا لە نزیکی تۆ دا ڕوویان خۆشە
**********
ژەمە خۆراک لەتەک تۆدا
درێژی کات
چێژێکی تایبەت بە گەدەی برسی دەگات
بێ تۆ زیان و ئاڵۆزی
لەکۆی تەندروستی دەدات
**********
هەموو شتێک
هەموو چوونە سەیرانگایەک
لە بناری شاخ و گردێک
گوێ جۆگایەک
چەمێک وەردێک

هەردێک ، دەشتێک
ڕێ چنین و چنینەوەی
هەموو نەوبەهارە گەشتێک
لەگەڵ خونچەی
لێو بەخش بوونەوەی تۆ جوانن
بێ تۆ وەک عەبا و پەچەی ڕەش
ڕوخسار گرانن
وێرانن
**********

تۆ مرۆ نیت
کەس بڕوا ناکات مرۆ بیت
لە لێچوانی چاوان و
نێوچەوان و
ئەبرۆکانی
دوێنێ و ئەمڕۆ بیت
ئەوەی سەرنجیشی هەبێت
فورموو با بێت
مرۆیەکم نیشان بدات لە تۆ بچێت
وەک تۆ قەڵبەزەی کەفاوی
خوڕەی جواناوی
لێ هەڵ بچێت
دەنگ و
ڕەنگ و
هەڵس و کەوت و
شێوەی دەست و
پێ و لەپی پێ و
قامک و نینۆکی

بەئاستەم
لەتۆ بچێت
*********

تکایە خۆتم وەک مرۆ پێ مەناسێنە
سەر تا سینە
مەتاسێنە
تۆ لێی بووردوویت
پەروەردگار لە گەردوونێکی دوورەوە
بۆمی ناردوویت
*********

تۆ هەرچەندە بە – نازناو –
بۆ ناز و ڕێزنان
پەری خانی
بەڵام بە ڕاستی پەری و
فریشتەی
تەڕ و پۆشتەی
ئەو بەهەشتەی
بە دیاری پێمی سپاردوویت
*********

تکایە با تا پێکەوەین
تا ئادەم و حەوا ئاسا
هەناسەمان تێکەڵ دەکەین
تا یەزدان لەو بەهەشتە
بە پێی یاسا
دەری نەکردووین

هەتا زیندووین
لە تەکتەوە
با دەستەکانم بە دەست و مەچەکتەوە
وەک لێو و دەم
گرێ بدەم
لەگەڵ قاچ و قولە پێشت
پاش و پێشت
تا بیانکەم بە گۆرەوی و
بە دەسکێشت
تا تێر تێر هەڵیان گلۆفم
*********

خوا ئەم گەشتەی پێ بەخشیوم
ئەم پەخشانەی بۆ نەخشیوم
بۆ تەسکینی و توانەوەی
دەنکە تەرزەکانی هەناسە و
کوژانەوەی گڕی تاسە و
ئاخ و ئۆفم
وەرە هێلانەکەی ڕۆحم
تا تێر تێر هەڵت گلۆفم
*********

خوا منی زۆر خۆشویستووە
خۆی تەنیایەو
هەر خۆشی دەزانێ تەنیایی
چەند سەختە
فریشتەیەکی بە دڵی خۆم
بۆ ناردووم

گەشترین بەختە
سێوە لاسوورەیەکی
بەرزترین درەختە
لە کەسدا نەمدیوە و نەشم بیستووە
لە تەکمدا دابەزن
زۆر سوپاس و ستایش بۆ
خودای مەزن
سەرم لە پێناویدا بەختە
ڕۆژانە نوێژی بۆ دەکەم
پێنج وەختە

بریتانیا
٢٠٠٨

# گوڵ نینۆک

که له کۆشنی پێشەوەی تەنیشتی
چەپی خۆیدا
دەبم به هاوەڵی گەشتی
لێخوڕینی گەڕێن و
زەردەخەنه و گفت و گۆیدا
ئەوەی جێی تێ رامان و
سەرنجه
بسکەی سەمای لەرەلیرەی
گوڵنینۆکی
گۆ جەرگی سنگ و بەرۆکی
دەست و پەنجه
لەسەر " گۆرکه "ی کشێنەری
گەڕێنەکەی
تیسکه نیگامی دەخسته
خولیای نەرمه باز و لەنجه
تۆوی حەزێکی وای تێدا چاندم
که هەرگیز ڕێ به خۆم نەدەم
لەگەڵ لێخوڕێکی تردا
گەڕان و گەشت و گوزار
گرێ بدەم

لەندەن ٢٠٠٨

# وێنەی چەند هەڵس و کەوتێک

" ١ "

دانیشتنی سەر قەنەفەو
ئەنیشک و شان بۆ سەر گۆشە و
پاڵ دانەوە
دەست بۆ ڕەفە و
داگرتنی سیپارەیەکی بچکۆلە
بۆ چنینی خونچە ووشە و
چنینەوەی پەلکە ڕشتە و
ڕستە شەپۆلی پۆل پۆلە
یاد نامەی " شەو "
بە هەڵبەستنی گۆل گۆلە
ئاودێری
چرکە ساتی نوێ بوونەوە و
هەڵسانەوە
پەڕەیەکی گەشاوەی تر
هەڵدانەوە

" ٢ "

ڕووکردنە " تیڤی خان " و

ئاڵ و گۆڕی کەناڵەکان
بۆ گلۆفتنی مۆزیک و
ڕوومالّی
ڕاپۆرتە هەواڵەکان
بزواندنی جووتە قاچی فریشتەیی
هونەروەری
بۆ سەر مێزە خنجیلەکەی
بەرامبەری
بەشێنەیی
پشوویەکی حەوانەوە
دەگەیەنێتە کەمەری
بۆ بینەری
بەختەوەری
دەبێتە وێنەی ڕازاوە
بۆ یاد و بیرەوەری
**********

" ٣ "

لەنجەی جوولان
بەرەو ئاوێنەی باڵانوێن
دەیکەن بە دوو جەستە و داوێن
چوار دەست ، چوار چاو
چوار گوارەی پوولەکە لاساری :
ـ چوار گوێی سەماکار
بینەر دەخەنە ڕامان و ڕاو
بۆ پەلامار
چوار گۆنا و
دوو دەم و لێوی

بزە لە ناو
نمە ئەشکیان دێ لە شەرمی
بریسکەی دوو گەردانەکەی
سەر گەردنی ..
بەفرینی گڕی بە تینی
ناسک و نەرمی
کە دیدە تێر ناکات لە نیگا تێگرتن و
ڕاو کردنی
خۆ شاوی شاتوو لە دەمی
دوو فلْچە شانەی قژی
خاوی درێژی تا سەرشان
بە داهێنان
باخەوانی شیعر و پەخشان
هەڵدەبژێرێ بۆ ڕاهێنان
هانی بدات
بۆ لوتکە شاخی داهێنان

" ٤ "

مۆبایلی هاوڕێی هەمیشەی
ئەموستی
گەیاندنی بە کاکڵە گوێزی گوێ و
ماچی گوارە
بۆ بیستن و ناردنی ووشەی ناسکۆڵە
ئەوەی لای نازدار و چێژدارە
دڵنیا بوونە لەڕەوشی
تەندروستی
کوڕ و کیژۆڵە
دووبارە و سێبارە

دەست و پەنجەکەی تریشی
ئامازە
بە تەنیشت و بەرەو خوار و
سەرەو ژوور دا
بۆ دەکاتە دەستەواژە
**********

برژانگ و ئەبرۆ هەڵبڕین
بە تێڕامان و سەرنج و گلەیی
ووتو وێژی ڕوو بە ڕوودا
چوار خەتی مەیلە و پەمەیی
لە نێو پەڕەی نێوچەواندا
ڕادەکێشێت
وەک بیەوێت بە پێنووسی
تاڵە مووە باریکەکانی پەرچەمی
ووشەکانی هاودەمەکەی
تێدا بنوسێت
لەوێشەوە بەرەو سینە و
مەمی بکشێت
تا بە دڵیەوە بنووسێت
**********

من داخوازم هونەرمەندێک
بێت و ئەو ئەرکە بکێشێت
بەو کارە گرنگە هەڵبسێت
ئەم وێنە نەخشینە
بە فلچەکەی بکێشێت
تا پڕ بە پێستی بێت و
پێی بشێت
لەناو پیشەوەرانیدا

سەربڵندانە خۆی پێوە
هەڵبکێشێت
خەڵات و ئافەرینیشی
بۆ دەست خۆشی
لە نزیک و دوورەوە
لە خۆرهەڵات و خۆر ئاوا و
باشور و باکوورەوە
لە ئاهەنگێکی گەورەدا پێ
ببەخشرێت
لە میدیاکانیشدا پێ بە پێ
بپەخشرێت

لەندەن
٢٠١١

# بۆ كوردستان

" ١ "

ئەی كوردستان ئەی مەڵبەندی
نەتەوەی كورد
ئەی ئەو دایكەی بە خوێن منت
پەروەردە كرد
ئەی ئەو خاكەی بەسەر تۆدا
هەنگاوی لەسەر خۆ دەنێنم
لەناو تۆدا دەژیم دەخۆم ..
دەخۆمەوە ، بەستە دەڵێم
ئەی ئەو دڵەی سەدەها لاو
لەڕێی تۆدا
هەڵواسران و بێ خەم دەستیان
لە گیان بەردا
منیش تاكوو تۆزقاڵێ گیان
لەلەشما بێت
تا ئەم مەمكە شیرە پاكەم
لە دەمدا بێت
تاكوو یادم تیا نەخشابێت
ڕووی نیگارت

تا هەناسەم بۆن کات شنەی
سازگارت
تاکو دیدەم لە دیدارت
بێ شک دەبێت
تا پلووسکی دەماری خوێن
ووشک دەبێت
مەرجە سەرم بۆ تۆ دانێم
واز نەهێنم
نەکەم بۆ کام زۆردار سەرم
دانەوێنم
مەرجە ڕۆژ و شەوم ، خەوم
حەرام بی لێم
نەمبەزێنن هەزار چقڵ
هەڵچن لە پێم
تێبکۆشم تا ڕایماڵم
تاریکە شەو
لەسەر کەلی ئاسۆی هیوا
قاسپەی بێت .. کەو
بێنێت مژدەی هەڵهاتنی
پرشنگی خۆر
ڕوون کاتەوە ووڵاتی پڕ
خەم و ناسۆر
زەمین ئەوسا ئارایشت کات
بەرگێکی نوێ
بانگ کا بڵێ کێ بوو دەیووت
کە کورد دەنوێ
کورد هەمیشە چاو کراوە و
ئاگادارە

گیانی تیغی تیژ کراوەی
ڕووی زۆردارە

" ١ " ئەم شیعرەم خۆش دەوێت ، ئامادە کرابوو لە چاپی یەکەمی " کسپە و سۆز " دا ساڵی١٩٥٩ بڵاو بکرێتەوە ، بەڵام چونکە لەو مانگەدا لە گۆڤاری هیوادا بڵاو کرابۆوە .. ئەو مامۆستا بەڕێزەی ئەرکی چاپەکەی لە ئەستۆ گرتبوو فەرمووی مادام لە گۆڤاری ناو براودا بڵاو بۆتەوە ، پێویست ناکات ، ئەوەبوو لە چاپی دووهەمی ساڵی ٢٠١١ دا لە لەندەن بڵاو کرایەوە بەڵام بەداخەوە چوار دێڕی لێ پەڕێندرابوو ناچاربووم کار بکەم جارێکی تر بێ نوقسانی بڵاو بکرێتەوە و سوپاس . { ج . ش }

# هەژدێنە

( شیعرێکی سوحبەت ئامێزە ، کاتی خۆی لە " سیخورمە " دا بە ناوێکی خواستەمەنیەوە بڵاوم کردەوە بۆ بزەی لێو )

ئەی کیژۆڵەی قژ " پارتی "
تاکەی گەمەی پەنارتی
**********

ئەی جووتە چاو " یەکیەتی "
نیگایەک بە یارمەتی
**********

ئەی خاڵی ڕومەت " حسک "
ڕەنجەکەم نەدەیت گسک
**********

سینە سافی " ئیسلامی "
بۆچی پێمان حەرامی
**********

ئەی گۆنا و لێو " کۆمۆنیست "
گفتێکی خۆشم نەبیست
**********

ئەی ڕوخسار " زەحمەتکێشان "
بێرە لام بێ دڵ ئێشان
**********

ئەی قردێلە " ئاشوری "
بۆ هێندە بێ مشووری !
**********

ئەبرۆ " دیموکرات خوازان "
نەم فرۆشیت بە هەرزان
**********

باسک و مەچەک " پەکەکە "
خۆتم لێ زویر مەکە
**********

دەست و پەنجە " یەکگرتوو "
خۆت شیرین کە وەکوو توو
**********

پا و پووز " کاری سەربەخۆ "
پەلە مەکە و لەسەرخۆ
**********

ئەی لەنجە " پارێزگاران "
بروسکەمی شەوگاران
**********

ئەی دەسماڵ " نەتەوەیی "
بتبینم بە پۆشتەیی
**********

پشتێن " بەرەی تورکمان "
بێ پێک بگەین هەردووکمان
**********

ئەی لالووت " موعارەزە "

مەعز بۆ خوا دابەزە
**********

گۆرەوی و پاپوج " بەعسی "
تا کەی لە خوا ناترسی
**********

" کۆمۆنیستی کارگەری "
بە نیگاتا ، خەتەری
**********

دەم و دوو " کۆمۆنیستی
کرێکاری عێراقی "
بە چرپە و سرپەی ناسک
لە رۆژ هەڵاتا تاقی
**********

دەنگ " بەرەی کوردستانی "
خۆ تۆ بەستەی دۆستانی
بۆچی وا بە ئاسانی
هەناسەیان تاسانی ؟

---

پەراوێز :
١ – لەوانەیە بیست بن و زیاتریش بن ، بەلام جارێ ئەمەندە بەسە ،
مشتێ نموونە ی خەروارێکە .
بژی دیموکراسی
حەیفێ زووتر نەمان دەناسی !
٢ – حیزبەکان ، زویر مەبن کە هەمووتانم لە کچێکی سرکدا کۆ
کردۆتەوە.

# کرێکار

١٩٦٩

کرێکارم
کرێکارێکی چەوساوە و
هەژار دیارم
ئارەق ڕێژ و
زەحمەت چێژ و
کۆڵەوارم
**********
دڵ و مێشک و گیان و بازوو
درێژایی ژیان ماندوو
لە مەینەتی و لە ئازاردان
لە جوڵان ئەرک و کاردان
بەری ڕەنجی شانی منە
مایەی ئەرک و ژانی منە
دەبێت بە دەسمایە و پارە
بەڵام بۆ خاوەن تەلارە
سوودی بۆ من نانە سکی
بۆ ئەو وەرتەی کۆشک و بەرەی
هەژار با ئێسک و پروسکی

بشکێت بەڵام با ئەو نەڵێت وەی
**********

کرێکارم
ناچاری داد و هاوارم
کرێی ئەرکی ژیان ئێکجار
پڕە لە ئەندێشە و ئازار
منیش مرۆڤم وەک هەمووان
دەمەوێت بژیم بەختیار
هەرچەند هەر ناوی دەزانم
ئێستاش نەیچێشتووە گیانم
**********

کرێکارم
زەحمەتکێشێکی هەژارم
هەژارێکی کوردستانم
خاوەن هەشت نۆ سەر خێزانم
لە کونجێکی ئەم شارەدام
دەست لە ملی ئاوارەدام
کرێگرتەی ژوورێکی تەنگ
بێ سەنگ و ڕەنگ
لەژێرخاندام
لەژێر ژێر پێی
خاوەن ماڵ و دیوەخاندام
منداڵ وەک دیل تێی خزاوە
گۆڕە و زیندووی تیا نێژراوە
لەگەڵ ئەم حاڵەشدا فەرموو
خاوەنی ماڵ
درێژی ساڵ
لێم ڕووگرژە و بە بیانوو

خاوەن خانوو
وەک دەوڵەمەندەکان هەموو
ڕەخنەکانی گەلێک جۆرن
دەڵێن وردیلانت زۆرن
دەسکاری دار ، دیوار دەکەن
بەڵێ چەندان ماڵ گەراوم
هەمان گەمارۆ دراوم
**********

کرێکارم
چەوساوەیەکی هەژارم
بە جەستەی ماندوو دێمەوە
داخەکەم ناحەوێمەوە
منداڵەکانم بە نۆرە
داخوازیەکانیان زۆر زۆرە
ئەم بێ بەرگ و ئەو بێ پێڵاو
ڕەش و ڕووت و برسی و داماو
هەندێک منداڵی دراوسێش
تێر و پۆشتەن
پاک و بێگەرد
وەک فریشتەن
ڕۆژەی بەرگێکی جیاواز دەپۆشن
دڵ خۆشن و
خۆش دەنۆشن
سەما دەکەن یاری دەکەن
بەختەوەری دیاری دەکەن
نەوەکانی ئێمەش دەبێت
سک هەڵگوشن
زەرد هەڵگەڕێن

ئاخ هەڵکێشن
داخ بنۆشن
*********

ئەو دەسکەوتەی وەری دەگرم
هەر بۆ نانە ووشکەکەیە
هەتا کەلەبەرێک دەگرم
دەها داماویی تر هەیە
ڕاخەرم بەڕەکۆن ، گوێنی ،
حەسیر
لێفەم شیتاڵ
خەم و حەسرەتی بێ نوێنی
ژن و منداڵ
زێتر بریندارم دەکەن
هارم دەکەن
*********

کرێکارم
لەسەر کارم
کار چ کارێ ؟
پەل کوتانی
بەربەیانی
تا ئێوارێ
بە لەش ماندوویی دێمەوە
هەمدیسان ناحەوێمەوە
منداڵێکم هاوار دەکا و
دەنرکێنێ
کسپە لە ناخی جگەرم هەڵدەسێنێ
هەر ناڵە و کۆکە کۆکێتی
دایکەکەشی خەریکێتی

پشتی دەشێلێ و بۆی دەگری
ڕۆڵەم ، باوکەکەم
کوێت دێشێت
ئەویش هەر دەکۆکێ و دەگری
توخوا خوایە گیان لێم نەگری
ئەم بەڵایە
ئەم خەڵاتە ناقۆڵایە
بۆ هەر بۆ هەژار دەنێریت ؟
لە شوێن تێریی
ناڕەحەتی و برسێتیان
پێ دەسپێریت
وەرە کۆرپەکەم
بتبەمە نەخۆشخانە
بەخوا لەوێش بە باشی
ناپشکێندرێت
با بۆ پزیشکی دەرەوەت
بەرم .. گیانە
بە پارەی مۆڵ چاکتری بۆ
دەڕواندرێت !
**********

هەر من وانیم
هەر من برسی و بێ نەوا نیم
هەر من تاساو و کەساس نیم
هەر من بێ بەرگ و پەڵاس نیم
زۆربەی زۆری زەحمەت کێشانی شارەکەم
زۆربەی زۆری نەوەی کوردە هەژارەکەم
پەژارەکەم
هیلاک و برسی و نابووتن

ڕەش و ڕووتن
چاوەڕێی مەرگ و تابووتن
بێ کاروبار و بێ پارەن
بۆ پارووپەک نان ئاوارەن
**********

دەسا ئەی چینی ڕەنجدەران
کرێکاران
ئەی بازوو پاڵەوانەکان
ئەی نەوەی کاوەی قارەمان
وەرن با هەموو بە یەک دەنگ
زوو نەک درەنگ
یەک بازوو بین
بۆ ڕاماڵینی شەوەزەنگ
**********

با گورز و هێز بکەین بە یەک
قۆڵ لە قۆڵی یەکتریدا و دەست
لەناو دەست
پەیمان بدەین بە یەکتری بۆ یەک مەبەست
مافی ڕەوا داوا و داوا بکەینەوە
هەموو بستێکی ئەم خاکە
ئاوا و ئاوا بکەینەوە

---

تێبینی :
ئەم شیعرەم سەر لەبەیانی ڕۆژی یەکی ئایاری ١٩٦٩ لەسەر داوای کاک حەسەن عەودالانی ڕەحمەتی، نووسی کە سەرۆکی کرێکارانی کارگەی جگەرەی سلێمانی بوو منیش لەوێ فەرمانبەر بووم .. زۆر بە پەلە و بێ پێداچوونەوە .. چونکە لە حەوشەکە کورسی ڕیز کرابوون بۆ ئاهەنگ بەو

بۆنەیەوە ، لەجیاتی خۆم کاک " کاوس زەنگەنە " یادی بەخێر خوێندیەوە .
لە پاشدا بێ ئەوەی بمدەنەوە دەست تا دەستێکی پێدا بهێنمەوە ، بەو ناتەواویەوە گەیەندرایە گۆڤاری " ڕزگاری " ئازیز و وەک خۆی بڵاو کرایەوە.
بەڵام لەپاش بڵاو بونەوەی دەستێکی ترم پێدا هێنایەوە بە شانە کردنی قژی ، ئەم دەقە دەرچوو کە نەم ویستووە لە زمانی کرێکار لا بدەم وە ڕەچاوی ئەو ساکارییەم کردووە .
ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ کۆمەڵە شیعرێکدا بۆ چاپ بە ناوی " خەم و خۆزگە و فریشتە " ەوە ناردم بۆ ڕەقابەی چاپەمەنی بەغدا بەڵام سانسۆر بێجگە لە چەند شیعرێکی تر ئەم شیعرەشی قەدەغە کردبوو بەو بەهانەیەی کە کرێکار لە عێراقدا نەماون و هەموو بوونەتە ( موظف ـ فەرمانبەر ) .

# برای شەهید

" ١ "

١٩٦٧

برای شەهیدی جوانەمەرگی کورد
کاکی پێشمەرگەی دڵ و جەرگی کورد
هەتاکوو گیانی خۆت بەخت نەکرد
سەرت شۆڕ نەکرد
وازت نەهێنا
تا لە شت نەشت
لە گۆمی خوێنا
برای کارامەی نەوجەوانی کورد
بازوو پتەوی پاڵەوانی کورد
خەباتگێڕێکی وریا و دلێر بوویت
لە هەڵمەتا وەک پڵنگ و شێر بوویت
لەگاڵ هەڤالان دۆستی دۆستی بوویت
نموونەی وەفا و خۆشەویستی بوویت
هەی کوێر بیت کەدەر
گیان بە هەدەردەر
لەڕادە بەدەر
وەک نەتهێشت تامی تەمەنی گەنجی

کام کا و ببینێت بەرهەمی ڕەنجی
وەک نەتهێشت ساوای لەدایک نەبووی
بکاتە باوەش دەروونی تینووی
**********

برای دڵسۆزی
نیشتمانی کورد
خاکی پیرۆزی
کوردستانی کورد
خوێنی سەدان سەر بەرزانی وەک تۆی
تیادا ڕژاوە
جەستەی ئازادی خوازانی وەک تۆی
تیادا نێژراوە
بەڵێ هەزاران ، قوربانی داوە
لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەداوە
لەڕێی شۆڕشی سەرتاسەریدا
چەند ئاوەدانی وێرانە کران
لە تێکۆشانی ڕێی ڕزگاریدا
چەند هەزار خێزان بێ لانە کران
چەند کوڕ و چەند کچ
بێ باوک و دایک
چەند باوک و دایک
بێ کچ و بێ کوڕ
چەندان هەواڵی
زێتر جەرگ بڕ
چزان بە دڵی نەوەی کوردەوە
بەڵام خەباتی هەر نوێ کردەوە
هەر ملی ناوە
بێ گەڕانەوە

لە هەموو لاوە
**********

وا تۆش چوویتە ناو
ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە
دڵنیابە جێت
ناو جەرگە و هەناو
**********

مێژووی خوێناوی پڕ خەباتی کورد
بە شانازێوە ناوت دەهێنێ
تا گەل بمێنێ لای درشت و وورد
ناوی پیرۆزی تۆش هەر دەمێنی
**********

سەریەکنێ پێڵوو
بنوو لە باوەش خاکی پیرۆز دا
دڵنیابە تۆش زیندووی وەک هەموو
ئەوانەی سووتان
لە ڕێی نەورۆز دا

---

" ١ " [ ڕوون کردنەوەیەک بۆ مێژوو ]
لەکاتێکداکەبەنیازم هەموو شیعرەکانم لەبەرگێک یان چەند بەرگێکدا کۆبکەمەوەو بڵاویان بکەمەوە، ناتوانم ئەم شیعرەش جێ بهێڵم کەلە ژمارە" ٨ "ی گۆڤاری " ڕزگاری " ئازیز دا
بڵاو کراوەتەوە بە هەمان ناونیشانەوە .
ئەم مسوەدەی شیعرە ساڵێک پێش بڵاو بوونەوەی بۆ " عەزیز " ناوێکی شەهیدی ناوخۆم نوسیبوو وەک ڕەش نووسێک دامنابوو بۆ دەرفەتێک دەگەڕام دەستێکی پێدا بهێنمەوە و شیعرێکی لێ پێک بهێنم .

که حەسەن قامیشی دراوسێمان ساڵی ١٩٦٩ لە تۆڵەی کوشتنی ئافرەتێکدا تۆڵەی لێ دەکرێتەوە بە دەستی " عوسە گوێ رەش " کە یەکێک بوو لەوانەی ( حیمایە ) ی خۆی بوون .
لە شەڕێکی ناوخۆی بەرامبەر داکە هەردوولا کشابوونەوە " عوسە " لەدوورەوە نیشانەی لێ دەگرێت و دەیکوژێت . ئەم کارەساتە لای دەوروبەر زوو هەستی پێکرا چونکە دوای ئەو ڕووداوە" عوسە "هەڵات ، بەڵام والە قەڵەم درابوو کەلەشەڕی بەرامبەر دا شەهید کراوە .
خێزانەکەی کە بە خزمایەتی دەمگەیشتێ لە پرسەکەیدا هاتوو تکای کردم و لێم پاڕایەوە کە بۆ سێ ڕۆژانەکەی سەرقەبرانی شتێکی بۆ بنووسم و دڵیم پێ نەشکا گەڕام ئەو شیعرەی کە بە نیاز بووم بۆ عەزیزی بنووسم و تەواوم نەکردبوو دۆزیمەوە ، بۆ دڵ نەشکاندنی " عەزیز " ە کانم کرد بە" حەسەن " و دامە دەستی . بەڵام دوای ئەوەی لەسەر قەبرەکەی دەخوێنرێتەوە .. بەهۆی کەسێکەوە کە ناوی " کاک مەجید " بوو ڕەوانەی گۆڤاری ڕزگاری ئازیزی دەکات بە پێشەکیەکەوە بڵاو دەکرێتەوە ، کە لە دوور و لە نزیکەوە من ئاگاداری ئەو پێشەکیە نەبووم و ناشزانم چ پێنووسێک ئەو ووشانەی نووسیوە ، کە کێشەی زۆری بۆ دروست کردم و لەسەرم کەوت و گلەیی وگازندەیەکی زۆرم بۆ هاتەوە بەتایبەتی لە لایەنگرانی بەرامبەرەوە ، بەڵام لای زۆربەی نووسەران بەدەمی ڕاستی ئەم ڕووداوەم ڕاگەیاند ، بەڵام چونکە لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا ئاماژەی بۆ نەکراوە ، ناچارم لێرەدا بۆ مێژووی بسەلمێنم کە ئەمە بەسەرهاتە ڕاستەقینەکەیە ئەوانەش کە لە دواڕۆژدا لێکۆڵینەوە لەسەر خۆم و نووسینەکانم ئەنجام دەدەن با لەوە ئاگادار بن کە من لە مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرەدا بێلایەن بووم واتا تەنزیمی هەردوو لای ناکۆک نەبووم بەڵکوو کەسێکی " نەتەوەیی " بووم ، چ حیکمەتێکی تێدا هەبووە ڕستەی بەرەنگار بوونەوە بنووسم وەک لە پێشەکی شیعرەکەدا هاتووە .
ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ " عومەر مەعروف بەرزنجی " دەمەقاڵیەکمان بوو لای ڕەحمەتی کاک فوئادی { صحاف – بەرگ تێگر } دانیشتبووین لە تووی

مەلیک دەنگی بەسەردا بڵند کردمەوە بەڕەفتارێکی ناشرینانە پێی ووتم تۆ لە ژمارە " ٨ " ی ڕزگاری دا جنێوت داوە بە پێشمەرگە و شۆڕش ، ئاخۆ چەندانی وەک " ع. م . ب " نان و پیاز ی ڕاپۆرتی بەم بابەتەوە خواردبێت ، ئەمەش بۆ مێژووی دەنووسم نەک بۆ مەبەستی پاکانە و خۆ دەرباز کردن ، ئەوانەی لێم نزیک بوون ئاگاداری ئەم ڕووداوە بوون و دەزانن چەندی پێوە تلاومەتەوە لەوانە هاوڕێی خۆشەویستم کاک شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو ، دوای ١١ ی ئازاریش هەندێ خۆ بەرە پێشەوە ویستیان لەکە دارم بکەن .. کۆڕێکی گەورە بۆ پیرەمێرد بەسترا لەلایەن کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیەوە کە خۆم ئەندامی کۆمەڵەکە بووم گەلێک میوان لە بەغداشەوە هاتبوون لەوانە " جەواهیری " ڕەحمەتی ، شیعرێکم ئامادە کردبوو بیخوێنمەوە ناویشم لە مەنهەجەکەدا بڵاو کرابۆوە بەڵام یەکێ لە بەرپرسان لە ڕیزی پێشەوە داوەت کرابوو دانیشتبوو بە قەڵەمەکەی خەتی بەسەر ناوەکەی مندا هێنا بوو کە بەشدار نەبم لە خوێندنەوەیدا کە لەم دیوانەشدا شیعرەکە و ڕوونکردنەوەکە بڵاو دەکەمەوە ناچارم " حەسەن " ەکە و " عەزیز " ەکەشی لێ بتەکێنم و هەندێ زیادەی تریشی لێ فڕێ بدەم و پێشکەشی هەر شەهیدێکی نەناسراوی تری بکەم . ( هەر ئەقڵەش لە خەسارێ ) .

# ئـەسمـەر

ئـەسمـەر و خوێن گـەرمـە
نیگای پڕ لـە نـاز و شـەرمـە
قژی وەک بـەختـم ڕەش
چاوی وەک هـیوام ، گـەش

دەم و دوو نـاسک و
ڕووخـۆش و کـراوە
ڕەوەشتـی وەک لاولاو
لـە بـاڵای ئـاڵاوە
دڵسۆز و بـەوەفـا و دڵنـەرمـە
هـەست دەکـەم پـارچـەیـەک
لـە دڵ و جگـەرمـە
کـە دیـدەی بـەر دیـدەم دەکـەوێت
یـەکبینـە بـۆی پـەخش دەبمـەوە
کـارەبـای تـەلیسمێک دەمگرێت
لـە نـاخـی نـاخـەوە
گـەش گـەش گـەش دەبمـەوە
خوایـە دڵشادی کـەیت بـە ئۆخـەی
کۆسپی بۆ تـەخت کـەیت

گوڵی دڵخوازیمی
بۆ بدەیت ..
لە یەخەی
گەرووی لە گۆرانی و
سروود و ئاوازی گەش نەخەی
سەری خەی
دەری خەی

# لـه چوارتـاوه

لـه پشت " پیراڵک "
بۆ هـەندێ کاتـی پشووی کورتیلـه
دەبوومـه هاوڕێی
سمۆرەی سرکـی خـەپه و قوتیلـه
**********
لـه " بـەردی قـەلـێ "
نیگای خـەیاڵم دەبوو بـه مـەلـێ
بـەسـەر ئـاوایـی قـەڵاچوالان دا
بـه تـەگـەران دا
دەفڕی بۆ ئـەزمـەڕ
بـه " سیتـەک " یشدا بۆ سـەری گۆیژە
پـەلـی گردۆلکه و تـەپۆڵکـەکانـی
دەکردە پـەیژە
لـەوێشـەوە ڕێی شاری سـەیوان و
یاره و ئـەسحابـه سپی پیرۆزی
خۆی دەگرتـه بـەر
موفـەڕکێکی بۆ دەهێنامـەوە
باوەشی دەکرد بـه هانامـەوە
تا تێر بـەرامـه و بۆی بکـەمـه بـەر

# ئـەشق

لـە لـەنـدەن بـم
لـە پـاریـس یـان لـە مـۆسـکـۆ
هـەمـوو بـەرخـۆڵـە یـادەکـانـم
دێـنـە لای تـۆ
ئـەگـەر بـووشـم بـە مـیـوانـی
واشـیـنـتـۆن
دەس و دیـاریـم ئـەویـن و
وێـنـەکـەی تـۆن
خـۆم نـەبـێـت کـەس
نـاتـوانـێـت بـێ تـۆ مـن بـێـت
تـۆش مـەهـێـڵـە
ئـەم ئـەشـقـە پـاکـە وون بـێـت

# شاری شای پەریان

" دیوە "و " داس " ەکەم " ۱ "
بێن با بتان بەم
بۆ بەر بناری بای هەناسەکەم
لە شانی چەپی " چوارتا " ی لانەوە
کێو بکەینە دەشت
بە شارەزووری شەم و دێوانە و
حەبیبە و نالی شنەبای وەشتا
بەسەر بەرین گەشت
دەست بگرین بەرەو
شاری عادیلە و تایەر بەگی جاف
شاری گزنگی
چاو هەڵهێنانی کەلی ئاوازی خۆزگەی
هاودەنگی
شاری سینە ساف
شاری فەرهەنگی
بیری قەشەنگی
شیعری نەرمینی
پڕشنگی شەنگی
خەبات و بزاف

شاری شای پەریان
" کەزێ " ی ئاڵۆزە و
چاو پڕ لە گریان
وا هەڵدەلەرزێت
بروسکەی " باپەڕ " لە پشتی داوە
ئازار دەیگەزێت
چاوەڕێمانە گەرمی کەینەوە
بە دەست و پەنجەی نەرم بیشێلین
لاپەڕەی ڕەشی هەڵبدەینەوە
بەجێی نەهێڵین
بە خەندەی سپی
چاوی هەڵهێنین
تەختی کەین کۆسپی
لەجێی هەڵسێنین
سەرلەنوێ جووڵەی پێ بدەینەوە
بۆ سەما و لەنجە
بە شانەی سرووشت قژی داهێنێت
پەری هەڵەبجە

---

" ١ " "دیوە " و " داسە " کورتکراوەی ناوی " دیوان " و " داستان "
ن .

# بۆ کۆچی نووری کونجرینی

" ڕۆژان " بۆ گەشتی
گەشەتان " شوان " بووم
نووری دوو دیدەی
" میدیا " و " شیلان " بووم " ١ "

لە نەورۆزێکی پیرۆزی کوردا
گوللە ئاگری لە جەرگم بەردا
بێ تاوان خوێنم
ڕژاو جێم هێشتن
سزای بێ نازیی
باوکیم پێ چێشتن

ئاخ  ئیتر کۆرپە ئازیزەکانم
هیچ هەواڵێکی ئێوە نازانم

١٩٨٥ / ٣ / ٢١

---

" ١ " ووشەی ناو کەوانەکان ناوی کۆرپەکانیانن.

# گەمەی سەرما"١"

لەندەن
٢٠٠٤

بەفر و سەرمای
سەر سرکەری کریسمس
سروشتی کرد
بە یەک پارچە زیو و مس
کەوتە سەمای
لەرزین و ترس و پرس
بۆ ساڵی نوێی
پڕ مەینەتی و کلۆڵی
بێجگە لە بۆڵە بۆڵی
گڕ و تین و هەڵمەتی بەرێوەیە
کە هەر بۆ خۆی دەزانی چەند
کۆکە کۆک و هەڵامەتی پێوەیە
بابا نوئێل بارخانەیەک ..
سەهۆڵی
وەکوو دیاری ناوەتە
بانی کۆڵی
تۆپەڵ ، تۆپەڵ

دابەشی کات بەسەر چەند پەنابەری
بەندی ، لە گشت مافێکی خۆی
بێبەری
ئاوارەی دەست ڕژێمێکی بێ ویژدان
وەک مۆتەکە چنگی ناوەتە بینمان
گوێرەکەیەک
پێشڕەوی هۆم ئۆفیسە
سالم سیکەر
لای ئەو دەعبا و ئیبلیسە
" کێس " مان لەناو
گلێنەی دا قەتیسە
**********

بابا نوئێل .. دوور بەدوور
لێمان گەڕێ
دەک ( بلنکێت ) لە دەوری
سەرت گەڕێ
نامانەوێت
ڕەق بینەوە دیسەمبەر
مەمانخەنە
ناو جێوە توو پێغەمبەر
**********

تەلەفزیۆن زیز وخەمگین و داماو
کەسێک ناچێ بەلایدا بڵێ سەڵاو
" مەتین " لەناو پێخەفەکەی
لرفەی دێت
بە تۆزقاڵێ گەرمی بۆ سەر ..
.. ناکەوێت
وای ، ئێم ، سی ، ئەی

ئەرێ ئێوە وان لە کوێ
نازانین بۆ
لێتان ئاخنیوین گوێ !

---

" ١ " پەراوێز :

ـ مەتین ـ ئاوارەیەکی ئەفغانی بوو گیرا و بەزۆر ناردیانەوە بۆ ووڵاتەکەی .. کەلوپەلێکی ناوماڵی زۆری پێک هێنابوو بە ڕەنجی شان ، " فلان " کە ناوی ناهێنم دەستی بەسەر هەموو کەلوپەلە کانیدا گرت .

ـYMCA ڕێکخراوەکەمان بوو سەرپەرشتی دەکردین و هەفتانەیان بۆ دەهێناین .

ـ بلنکێت : وەزیری ناوخۆ بوو ، بەڕێزی نابینا بوو .

# تورکیا

دەڵە دێوە ناساخەکەی
سای ئاسمانی
پڕ هەوری ڕەشی چڵکنی
وەسمانی
دەم و چاو ڕەزا قورس و سارد
کە جەستەی میکرۆب هەڵگری
تاساوی گەدە ئاوساوی
بێ بەرگری
بە خاک سپارد
لەسەر سنگ و
پشت و بەر ئەژنۆ و ئەنیشکی
بە تەور و مشار تێی کەوتن
بێ گوێ دانە پاڕانەوە و
هەنیسک و پلوسکی فرمێسکی
بە پاساوی
گەلان لە قڕان و قوربانی قوتار کردن
کەرت کەرتیان کرد گۆشت و ئێسکی
کردیان بەچەندان پارچەوە
هەر یەکەیەکیان تووڕدایە

دوورگە و کەنارێکی ڕووبار و دەریاچەوە
کران بە چەند هەتیوێکی بێ پا و بابە و دایە
پاشان لەملاو لەولاوە باوانیان بۆ .. قەرز کرد
**********

دەڵە دێوەکە بە تەنها
کەللە سەرە کەچەڵە پووچەڵەکەیان
دەست لێ نەدا
هێشتیانەوە لە ناوەندێکی مەزندا
نەک هەر تەنیا ڕەحمیان پێکرد
کە مۆخ و مێشکیان نەپژاند
بەڵکو بنەما و ڕەچەڵەکی
یاساکانیان شکاند و بەزاند
بە ئەنقەست
بێجگە لە پێدانی مەقەست
تەور و مشارەکەی خۆشیان
دایەوە دەست
ئەوانیش پرسی ویژدانیان
تێدەپەڕاند
ناخی مرۆڤایەتیان دەهەژاند
سەر و جەستەی
کورد و ئەرمەن و کێ نا تورکە
پێ دەپەڕاند

لەندەن
٢٠٠٩

دیسانەوە :

## کاڵێ و بەفر و بریانی

وەکوو ڕێژنەی
هەڵاڵەی نەرگس هاوێژە
بۆن و شنەی
گەشتی ئەم ساتە بە چێژە
بۆ ئەم شەوە بەفرانییە
ئەم بەلەمە بریانییە
بە ژەمێک ژان پێی سارێژە
وەک دوا بزەی خۆر نشینە
بەخشینێکی لێو نەخشینە
نیشانەی دڵفراوانی و نیانییە
لێوان لێوی هەست ناسکی و
ڕەوشت بڵندی و جوانییە ،
ئێستا بەرەی ڕەنجەکانی
دوو دەست و دە پەنجەکانی
کاڵێی بەخشندەی
بەوەفا دەخۆم
بە تیشکی دیدەی
سوێند دەخۆم
بەڵێن بێت بەرخۆلە شیعرێکی
ڕووخۆشی
وەکوو بەفر سپی پۆشی

خان و مانی
لە جەژنی قوربان‌دا بۆ بکەم بە قوربانی
تا ببێتە جێ موتمانەی
خانمانەی
کاڵێی خاوەنی بریانی

# من و پیرەمێرد

من وپیرەمێرد ، دوو پێچەوانەین
هەرچەندە زادەی یەک ناوچەو لانەین
لەژێر سێبەری سەر و پێچی ژوور
ئەو تابلۆیانەین
ژێر بەرۆکی ئەو قەڵاچوالانەی
دەشت و دۆڵانەین
چاوی هەڵهاتووی ئەو نێو چاوانەین
کەفی زیوینی ئەم شەپۆلانەین
**********

ئەو بە لاوێتی شاری جێ هێڵا
من تیا گوزەرام داخم تیا کێڵا
ئەو لە پیریدا بۆی گەڕایەوە
من بەجێم هێڵا
دەشێت هەردووکمان گەڕابینەوە
بۆ دژایەتی هەڵگری " تێڵا "

## باخچە و سوخمە

کۆی تەپاڵە و شیاکە و تەرسی
ڕستەی ناشیعر و چیرۆکی
کەرەسە بێ ناوەرۆکی
لەگەڵ ویژدان دا ناکۆکی
چڵێسەکانی بەرپرسی
دەزگاکانی بۆ خوێن برسی
دەکەمەوە ، لە بەرۆکی
ئەدەب و ڕووناکبیریی کۆن و نوێ
دەیانکەمە پەینی بەراوی باخچەکەت
تا جوانتر خونچەی بپشکوێ
بۆن و بەرامەی گەش بدات
بە ناوچەکەت
**********
بەڵام لە شیعری بە چێژی
گوڵاو ڕێژی
خانی و مەولەوی و گۆران و
نالی و مام هێمن و دیلان
لە چیرۆک و دێڕە پەخشانی بەپێزی
لالە و نەرگس لە ئامێزی
بلە و مەم و مەحەڕڕەم و

مەریوانی و ئیحسان فوئاد
ڕیزە گوڵینکەی پێدەچنم
بۆ سوخمەکەت
تاکوو پێی بڕازێتەوە
بەرۆک و سنگ و مەمەکەت
دیدەوانانت ، بکەیت شاد
بتکەنە بووکە خانی یاد

لەندەن ٢٠٠٩

دیسانەوە بۆ :

## ناتالیا

ئەی وێنە جوانەکەی گەردنی
نەک تەنیا
ئۆکرانیا
بەڵکوو کەلێن و قوژبنی
هەموو دنیا
ناتالییا
تۆ لە ناخی هەستمەوە
کسپە و سۆزت هەژاندم و
وروووژاندم
پەلت گرتم جارێکی تر هەستمەوە
کاسەی خەماوە لێڵەکانت
بۆ ڕژاندم
ئەوەندە خۆشەویستیت لام
قەستە بتخۆم
درێژترین ووتە و پەیام
کورتە دوای خۆم
ئەگەر تۆم خۆش نەویستایە
بۆچی حەزم دەکرد دیدی
دیدارت بم

بۆ جۆگەلەی نیگاکانت
ڕووبارت بم
ئەگەر هەستم هەستێکی کەی
ببیستایە
بۆ کاتەکانم لە تەکتا
خەریکدەکرد
بۆ شیعرم لەدەست مەچەکتا
شەریک دەکرد
بە ئینگلیزی
ڕۆژێک ووتت { یو کریزی } !
نازانم بۆ بە بزەی بزی من زیزی
نابێ و ناشێت
نەت بیستبێت
چی گوتراون بۆ چاوانت
نادرووستن
بێجگە لەوەی وەک پیاوکوژ دوو
تیرۆتیستن
بۆ نزیک بوونەوەی " ئەنگۆ "
ـ هاو کان ئای گێت گۆ
ـ ئای دۆنت نۆ

لەندەن
٢٠٠٥

# خۆزگەکان

ئەی بینابیم .. بینایی
( قازی ) شەهیدی لوتکەی
سەربەخۆیی و ئازادی
کە تا هەتایە یادی
نامرێت .. تا کۆتایی
قوم و دڵۆپ و
تکەی
چۆڕاوگەی سەرچاوەکەم
گوڵ و گەڵا و گڵێی تۆ
دەنێمە سەر چاوەکەم
**********
کەی بێت ، ڕۆژێک شادبم پێت
دەستم بخەمە ژێر پێت
پەڕەی خاک لە یەکتری
بەزۆر جوێ کراوەکەت
بەیەکەوە بلنکێت
دیدار ، یەک بگرێتەوە
وەرامی ملیۆنەهام
لە " وان " و " دیاربەکر " و

" مەهەباد " و " قامیشلی " و
نەینەوا و دووز و کەرکوک
وەربگرێ و بگرێتەوە
پەڵەی خەلەی وەردی خۆی
بۆخۆی بیدوورێتەوە
خەرمانی سەکۆی بیرکۆی
دزراوی کۆبێتەوە
کڵۆ خەمی سەد ساڵەی
لە ناخدا بتوێتەوە
ئاڵای کاڵای ڕەنگینی
هەڵکا و بلەرێتەوە
خۆزگەکانی ( بینایی ) " ١ "
بێتە دی و بژێتەوە

٢٠٠٤

---

" ١ " ( بینایی ) نازناوی خەباتی قازی نەمر بوو .

# لەچکە

ئەو قژە خاوە خاوێنە
بۆچ دەشاریتەوە بە پارچە قوماشێک
تۆ بچۆرە بەر ئاوێنە
بۆ ڕۆژباشێک ، یان شەو باشێک
لە " شێوە " ی خۆت
بە لێوی زەردەخەنەوە
ببینە خۆت
لەوانەیە لە خۆشبەختیدا
شێت بێت بۆت
**********
یان بچۆرە بەر کامێرا
بۆ گرتنی ، وێنەی خێرا
دوایی بڕوانە نیگارت
ئەوسا دەزانیت کە چەندە
ئارام بەخشە ڕووخسارت
**********
چۆن دڵت ئەوەی خواستووە
قوماشێکی کە لە خوری و
لۆکە و نایلۆن پێک هاتووە

بگۆڕێتەوە بەو چەپکە
تاڵە مووە یەکگرتووە
ئاوریشمینە سروشتییەی
خودای مەزن پێی بەخشیویت
لەهەمان کاتیشدا ڕوومەت و
نێوچەوانی داپۆشیویت

ڕۆژرهام
٢٠١٠

# ڕاوە کەو

جێی داخانە
لەو شاخانە
کەوی کێوی لە ئاستێکی بەرزدا
لەگەڵ کەوی ناو قەفەزدا
سەرگەرمی پێک هەڵپژان و
هەڵشاخانە
هەندێکیش لەو بکوژانە
لە ڕاوی حەشارا
جەستەیان دەکەن بە" شارا "
**********
تاپڕ بە دەستان تکایە
لێی بگەڕێن
لە تەقە و گوشارا
با کەوی ملوانەی ڕەش لە مل
نووکە قەڵەم دەنووک سووری
گەردن و پەڕ و باڵ خاڵ خاڵ
بێ ترس و بیم بە ڕووسووری
بگرن باڵ
لەگەڵ کۆترە سپیلکە و

قەلەڕەشکە و
چۆلەکە و پەڕەسێلکە و
باڵدارانی
برا و برازا و خوشکەزا و خاڵ
پێکەوە چینە بکەن و
فڕکە فڕکیان بێت لەپاڵ
.. ئارامیدا .. بێ پەلامار
نزیک بنەوە لە پارک و
کەنار جۆگا و چیمەنی شار

# گەشتە شیعر

شیعرە لە یەزدانم نزیک دەخاتەوە
بم پارێزێ
" پەی " م پێ نەبات هیچ هێزێ
شیعرە گرێ کوێرەکانم دەکاتەوە
خەمەکانم ڕادەگوێزێ
**********

لە دەوڵەتی داهاتەوە
بۆ مەڵبەندی چارەنووسم دەباتەوە
هەر شیعریش بوو
لە پەریخانی نزیک خستمەوە
پەنجەکانی بە پیتەکانی دەستمەوە
بەستمەوە
بە خێزانی " مەم " و " وەلی " و
" قەیس " و " یوسف " ی ناساندم
" زین " و " شەم " و " لەیلا " و
" زلێخا " ی تاساندم
ئاواتە خواز بوون بە کلی
پەری چاویان بڕشتایە
دەنکە نوقڵە مزرەکانی ..

دەستی منیان بکرۆشتایە
**********

شیعریش بوو سەدەی ڕابردوو
لە ناوەندی شەستەکاندا
بە ڕاپۆرتی هەستی مردوو
بڕیاری بەربەستەکاندا
چەند گورگێکیان لێ هاندام بۆ
گەستنم
بۆ پێنووس و چارەنووس پەک
خستنم
" مینە "ناوێک سەرکردەی
گورگەکان بوو
چڵێسترین پڕکەری
وورگەکان بوو
هەمان ساڵ بە چاودێری
ئەو گروپە خوێن ڕێژە
بۆ " ئینزیبات خانە " کە
پەلبەست کرام
ئەڵقە لە پێ و دەست کرام
بە دەست ئەو قۆڵ
سوورانەی کە لە مێژە
دەست ڕاهاتوو بوون بۆ سزا
هەر پشکۆ بوو بە گۆشتی
پشت و قۆڵەوە دەچزا
**********

بڕیارەکەی " بەزاز " نەبوایە هەر زوو
بەجێ دەهات پیسترین
خۆزگە و خواست و ئارەزوو

هەر شیعریش بوو لە ساڵی
نۆسەد و حەفتا و نۆدا
لە " سەرداب "ێکی ئەمنی
بەغدادا داییەزاندم
زنجیر لە قۆڵ و ئەژنۆ دا
حەزە کانمی نەبەزاندم
**********

هەر شیعریشە لە کەسانی
خۆپەرستم دەڕەنجێنن
چاویان لە ئاست راستگۆییم دا
هەڵناهێنن
هەر لە هێڵی شیعریشەوە
وەک دیدەوانێکی گەڕۆک
لە " ڕیشە "وە
کۆ دەکەمەوە ، ناوەرۆک
کچان بیکەنە ملوانکە و
بۆیەی نینۆک
کوڕان بیکەنە بۆیمباخ
بۆ ڕازاندنەوەی گەردن و
پەنجە و بەرۆک
پێکەوە ڕوو بکەنە باخ
بۆ پاشەرۆک ..

لەندە ن
۲۰۰۹

## باکوور

ئەوەی بۆتە جێی سەرسوورمان
بۆ تۆختر کردنی وولاتی
خاکی خاڵ " سور " مان ،
زەوی و ئاسمان ..
بوونە کۆسپێکی دێرینەی کوشندەی
سەر سەختی گرد
بۆ نەوەی کورد
**********
گورزە بوومەلەرزەی زەوی
تەرزە گوولـلەی
فڕۆکەی جەنگی سەرنەوی
لە باکوورمان
پشتێن و ملوانە و بازنە خوێنی
نزیک و دوورمان
لەگەڵ ژەهراوی بارووت و
گاز و گۆگرد
بۆ کەمەر و دەست و گەردن و
هەناسەی
کوردان هاوورد

٢٠١١

# ویست

دەیانەویست
بۆیە و فلّچەی ئەو وێنانەی
بە دەست و پەنجەی ڕەنگینی خۆشەویست
نەخشێنراون
پێڵاوەکانیانی پێ بۆیاخ بکەن
هەڵەیان بیست
جارێکی دی
خەونەکانیان بێنمە دی
*********
دەیانەویست بە پێنووسم
وەکوو چەتری تەرزە و باران پارێزەکەم
بە شان و باڵیان دا هەڵبدەم
بێ پیشاندانی ئەفسووسم
ڕاشیان مووسم
زۆر هەڵە بوون
وابزانن کە چیمەنی
ڕیشاڵ پلیشاوەی ژێر پایان
ئاو بدایە کارێزەکەم
لەگەڵ سوپاسی بێ پایان

بۆ پلە و پایان
دەیانەویست لێ بگەڕێم
چیدی بە دووی
ڕاستیەکاندا نەگەڕێم
تا ئاشکرایان بکات پێنووسم
دیارە نەیاندەزانی من مێژووم
بۆ مێژووش دەنووسم
**********

پێنووسم ووتی سڵ ناکەم
ئەگەر نووکیشیان پەڕاندووم
ڕاستیەکان ژێر گڵ ناکەم
من دەمەوێ
سەروەریەکی سەرلەنوێ
بخەمە سەر
سەروەرییە
سەرسوڕهێنەرەکانی
ناو مێژوو
نەک ئاوەژوو

# کەرکووک

کەرکووکەکەم
شاری هەمیشە نەبەزی
سپی و سۆڵ و سیما سوور و
دامێن سەوزی
خنجیلە و ئێسک سووکەکەم
هیوادارم هەر بمێنیت و
هەر بژیت بە سەربەرزی
**********

کەرکووکەکەی براخاسم
کەوا و سەڵتە و
فەقیانەی قۆڵی کراسم
چاوێلکەت قەڵا و تەکیە و خاسەتە
ئیمام قاسم هەناسەتە
بابا گوڕ گوڕ پێناسەتە
وێنەکانت وەکوو هەموو
پیرۆزییەکانی خودا
لە تەنیشتی نەخشەی
کوردستانی مەزندا

هەڵدەواسم
*********

کەرکووکەکەم
پایتەختی کۆستی " هۆلۆکۆستی "
گەرمیانی ئەنفال کراو
هەمیشە تۆ ئازیز ترین
کەس و دۆستی
دەتپارێزین
وەکوو دڵ و بیبیلەی چاو
*********

خاڵخاڵۆکەی
نیشتەی گوڵەبەڕۆژەکان
پەڕەسێلکەی
لە خەمی تۆدا ڕەشپۆش و
ڕیشۆڵەی ئێشکچی شەو و ڕۆژەکان
لە گۆرانی منداڵە چاوگەشەکانتا
ئاهەنگ دەنەخشێنن لەناو
ووشەکانتا
حاجی لەقلەقی قەڵەم نووک سووری
درێژ دەنووک
لەگەڵ هەموو باڵندە بڵند فڕە
کۆچەرێکان
هەر دەبێت بگەڕێنەوە
بە فڕکان
بۆ سەرلەنوێ
پێک هێنانەوەی هێلانە

لەسەر منارە و تەلارە ،
سەربڵندەکانی کەرکووک
*********

کەرکووک تۆ تا بڵێی جوانی
بە هەموو داهاتەکانەوە جوانی
بە پەلکەزێڕینەی ..
پێکهاتەکانەوە جوانی
بە کەنیسە و مزگەوتەکانەوە جوانی
بە کریستیان و خاڵوانی
کەمینە نەتەوەکانەوە جوانی
بە تورکومانەوە جوانی
بە قەتارەکەی عەلی مەردانەوە .. جوانی
شێخ ڕەزا ی هێژا و ئەسیری
هۆنراوە بێ تەمومژت
جەباری و خالید دلێر و
کاکەیی گوڵاو هەڵمژت
شیعر و چیرۆک و پەخشانیان
تانە و پەڵە و کوێراییین بۆ
داگیر کەرانی کۆکوژت
*********

کەرکوکەکەم
شاری مێژوومان تاسەر بێخ و
ڕەگ و ڕیشە
شاری ناودارانی وەک شێخ و
مامە ڕیشە
خۆراکی کەرەسەی ڕۆژنامە و

پەڕتووکمانی
ویستگەی شەهید بوونی سەدەها
خۆڕاگر و چاپووکمانی
**********

تۆ مەڵبەندی شکۆمەندی
خاوەن سامانی زەبەندی
دەوڵەمەندی ..
نەک لە خاوەنی ڕەسەنی
بێبەش کراو
کێڵگە و پەرێز و گوڵشەنی
بەش بەش کراو
بەڵکوو هەناسەدانیشی
قەدەغە بوو
وەکوو میوان سەردانیشی
قەدەغە بوو
بەڵام شۆڕشگێڕت خۆش بێت
بۆ هەمیشە
شارەکە هەر هی خۆت بووە و
هی خۆتیشە

## لـه پێشوازی دایكمدا

چرۆكانی چڵ و پەلی
هەڵچووی چاوەڕوانی چڕم
لەگەڵ گوڵ و گەڵاكانی
تەمەنی تۆی ئازیز وەرین
لە بەهارێكدا خەزانیان
لەبەر كردن
كە فریشتە و پەری و شیعر و
پەپوولە و دڵ
ئەستێرەكانی سامالّی
شینی بەرین
بە ڕووبار باخیشەوە
بە كوڵ بگرین !
دایە گیان فەرموو لامەوە
دابنیشە
بڕوات هەبێت زامەكانی تۆ
هەمیشە
هی منیشە
**********
دایە گیان چۆن منت لەم دوورە

وولاتـه دا دۆزییـەوە
ئایا ئاگری جگەرت هەڵی گرتوویت
یان بـە هانای
داد و هاوار و حەسرەت و
دڵە ڕاوکێمەوە هاتوویت
**********

دایەگیان تۆ و من نەک
دایک و کوڕ
بەڵکوو دوو هاوڕێی نزیک و
گیانی گیانی و
هاوخەم وسۆزی یەکدی بووین
بێ یەکتر هەڵمان نەدەکرد
لە ئاست خۆشەویستی یەکدی
هیچمان هەڵەمان نەدەکرد
**********

دایە گیان تۆ
نیشتمانم بوویت ، ژینگەم بوویت
پەناگەم بوویت
دوای خودا تۆ پەرستگام ..
.. بوویت
نوێژم بۆ دەکردیت
کڕنۆشم بۆ دەبردیت
**********

دایە گیان کێ بە قەدەر من
ئاشنای خەمەکانت بوو
یان کێ هەبوو ،
بێجگە لەخۆت

بە بستێک باڵای
خۆشەویستیم بگات بۆت
**********

کێ دەتوانێت لە زبانی زامی سەختی
هەستی سووتاوی من بگات بە خەستی
**********

دایە گیان سەر چاوم هاتیت
چاک بوو هاتیت ، بەخێر هاتیت
ئەگەر لە یادت مابێت
کاتێک جەستەی پاکت
خوێنی ئازاری لێ دەتکا
من لە خودا
دەکەوتمە هانا و تکا
ئەو ئازارانە لە جەستەی
تۆ هەڵبگرێت
بیگوێزیتەوە جەستەی من
تا چەند ووچانێک ئارام
لە گیانتا چاو هەڵبهێنێت
**********

دایە گیانم
ئەگەر یادە تفت و تاڵەکان بهێڵن
خەمەکانم
بۆ ساتێک بە جێم بهێڵن
حەز دەکەم ملوانکەیەکت
لە دەنکە یاقووتەکانی
خۆشەویستی
بێ وێنەی کوڕ و دایکێتی
بهۆنمەوە

گەردنی وەک بووکێنیت پێ
پۆشتە و ڕازاوە بکەمەوە
**********

هۆ دایە
تووبی گەورەیی ئەو خودایە
حەز دەکەم بزانم تۆ چۆن
بە بێ پەساپۆرت گەیشتی و
چۆن بێ فڕۆکە و پاپۆڕ و بەلەم
لە دەریا پەڕیتەوە ؟!
دایە ئایا هەواڵی دیوانت
بۆ هێناوم
" دیوان " ی گلێنەی چاوم
خۆ " شەو " دیوان
لە سەر باسکی من نەبوایە
خەو نەدەگەیشتە ناو دیدەی
داستان و زریانیش
لەپێش ئەودا
هەمان دیرۆک
ئەی ' هەستیار " ی
جگەرگۆشەی لە باوەشی تۆدا
پەروەردە بوو
دەبێت لە هەولێر دا چۆن کات
بەسەر بەرێت !
ئەی " هاوڕاز " لەگەڵ سەرئێشەکەی
دەبێت چۆن بگوزەرێت
هیوادارم بەرۆکی بەربدات و
ئازاری هەڵبوەرێت
دایە ، ئەی هەواڵی کەژاڵ

گەزیزە ، سەرگوڵ
بەدری ، پەشێو
جەلال ، سیروان
خۆیان و خوشکەزا و
برازاکانم
جێ نیگای یاد و ڕازەکانی
گشت وەرزەکانم
لەگەڵ یادی خزم و هاوڕێ و
دۆستە بەڕێزەکەنم
لە گشت ئاستێکدا بێ جیاوازی
ڕەگەز و ئایین و تەمەن خوازی
دایەگیان من نەدەهاتم
ووڵاتەکەم جێ نەدەهێشت
بە چاوی تۆ دایە " فاتم "
بەڵام پیرەمێردێک دەستی گرتم
لەگەڵ خۆیدا هێنامی و هێنامی
خۆی ڕۆیشتەوە بۆ گردی
مامە یارە و منی جێهێشت
بۆ بەندیی !
ئەو پیرەمیردە خۆی کردبوو
بە ماڵەکەی سەباحی خزم و
هاوڕێدا
پێی گوتوبوو دەچم بۆتی
دەهێنم و هێنامی
بەگوتەی پیرەمێردم کرد
چونکە زەبر و زەنگ هاندەر بوون
زوو دەربچم
نەک بەدەستی ناحەزانم

لەدەست بچم
**********

پیرەمێرد لەگەڵمدا هات
بۆ " ئەنکەرە "
لە ژووری ئوتێلێکدا خەواندمی
سەرلەبەیانی بە دیداری
شازاد سائیبی خوشکەزازای
شاد کردم
لە خۆشیاندا هەر ئەوەبوو
نەدەمردم
شازاد خوێندکاری سەرەتایی بوو
کە سەردانی چاپخانەی ژینی دەکرد و
لەگەڵ ئەحمەد زرنگدا
سێ قۆڵی دادەنیشتین
بەرە بەرە
شازاد گیان خوێندنگای
تەواو کرد و پێگەیشت
تا گەیشتە " پارێزەری "
پارێزەری مرۆڤ ، پارێزەری
ووشەی کوردی و خاک و نەوە
پارێزەری گیانی پیرۆزی
برایەتی و هاوڕێیەتی
ئەو هەفتەیەی ناو ئەنکەرە
ڕۆژ نەبوو سەری نووسینگەکەی نەدەم
یان پێکەوە و " کاکە مەم " یش
پیاسەیەکی بەرزایی و نزمایی
ئەنکەرە نەکەین
ئێستاش کارتی ناونیشان و

ژمارەی تەلەفۆنیم
لە باخەڵدایە
دڵم نایات کە دای بنێم
شازاد کەسێک نیە ..
یادم هەرگیز فەرامۆشی بکات
**********

زۆر ئاواتە خواز بووم
بە دیدارێکی نوێی تری
چاوم ڕۆشن بکەمەوە
بەڵام داخی بەجەرگم
لەم دوور ووڵاتەوە بیستم
ماڵ ئاوایی لە دۆستان و
خۆشەویستانی کردووە
دەستم بشکێت
نەگەیشتەوە بە گوشینی
دەستی پیرۆزی جارێکی دی
**********

پیرەمێرد لە ئەنکەرە و
ئەستەمبوڵدا
چل ڕۆژ و شەو لەگەڵ خۆیدا
گێڕامی لەگەڵ بۆی سومبوڵدا
ئەو جێگایانەی نیشان دام
کە بیست و پێنج ساڵ
هەناسەی تیادا داوە
لەگەڵ سەرگەرمی خەیاڵ
هەندێ کچی هەرزە و جوانیشی
نیشاندام
کە لە تافی لاوێتیدا

شیعری دڵداری بۆ نوسیبوون
کرابووشن بە گۆرانی
بەڵام تورکی
نەک " گوران " ی
**********

پیرەمێرد بە گلەیی بوو
لە کوڕ و کوڕەزاکانی
کە پشتیان لە باو باپیرانیان
کردووە
وەکوو تورکێکی بەختیار
ڕەفتار دەکەن
ووتار دەدەن ..
پیرەمێرد فەرمووی سەد بریا
ئەم گەشتەم بۆ ئەمووڵاتە
پڕ لە داخ و کارەساتە
نەکردایە
ئەوانەم لێ نەبوونایە
**********

پیرەمێرد هەتا لەندەنیش
شانی لە شان دەدام
وێنە دەگمەنەکانی ئەو شارەی
پیشان دەدام
وەکوو ووتم گەڕایەوە
بۆ سلێمانی و لانە بەرزەکەی
خۆی لە مامە یارە ..
دووبارە
هۆ گردەکەی مامە یارە
هۆ گردەکەی سەیوان

ئارامگای "ڕووناک "ی
هاوسەر و
شەهید بەرهەمی برای و
زۆربەی ئازیزانم
بیرتان دەکەم
خۆم بە قەرزدارتان دەزانم
کە دەمێکە سەردانم نەکردوون
چەپکە گوڵم بۆ نەهێناون
پێتان بڵێم لە دڵمدا
هەر دەژین و نەمردوون
هەر ماون
هۆ گردەکەی "دەباشان "
ئارامگای دایک و باوکم و
زۆر کار چاکان و دڵ باشان
ئەو دایکەی قەفەزی گۆڕی
شکاند و بەرگی نوێی گۆڕی
گەیشتە لام
زۆر زۆر ، زۆر زۆر
بیرتان دەکەم
ئەی دەباشان
من هەر لە دەوروبەری تۆم
سەرپۆشی قژ و سەری تۆم
وەک دەروێشان
دەفی لاوانەوەتان بۆ
دەکەمە شان
هۆ دایە گیان
دایکی بەرهەمی ووشە و داهات
ویژدانم ڕێگەم پێ نادات

دەست لە پێنووسم هەڵگرم
بۆیە وا گەڕامەوە بۆ لات
بۆ نە کوژانەوەی گڕم
دایکی دایکان
دایکی باوکان
من هەر منداڵە ساواکەی
ساڵانی چلەکانتم
کە لە باخەڵتا شەوانم بەڕێ
دەکرد و
تەڕم دەکرد جلەکانم
چەچە بچووکەکانم
دەخستە سەر مەمانت
دەبوون بە هێور کەرەوەی
خەمانت
گۆکانیم دەچەکانەوە
هەناسەکانم دەپۆشیت
دڵۆپە فرمێسکی خۆشیتم
دەتکانەوە
ماندوو بوونەکەم دەکوشتیت
**********

بەساقەت بم
زۆرت لە قەڵادۆشکان دەکردم
بەسەر کۆڵە چیلکانەوە
دەتهێنام و دەت بردم
کە لای نەنکیشم
بەجێت دەهێشتم
کاتێک دەگەڕایتەوە
باخەڵت پڕ بوون لە هەرمێ و

گۆیژ و ترێی
بەڵەمە پاییزیەکانی کوێستان
لەگەڵ شەمامەی پاشەڕۆکی
بێستان
**********
هۆ دایە گیان
خۆشاوی هەرمێ لەتکەکانت
چەند خۆش بوو
دۆشاوی گەزۆی
گەڵا مازووە
ووشکە تەکاوەکانت
چەند خۆش بوو
بۆ دەرد و بەڵا شەفا و نۆش بوو
ئای دایە گیان
ناسکە نانەکانی تەنوور و
ناوەشکێنەکانی سەر ساجت
گەدە و گەروو چەند بۆی بە پەرۆش بوو
چێشتی مەنجەڵی مسی
سەر پشکۆی دارت
چەند چێژدار بوون
وەک چێژی گفتوگۆی زارت

# کتێبە چاپکراوەکانی
# مەڵبەندی گشتی- یەکێتیی نووسەرانی کورد

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| ٢ | بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| ٣ | انطولوجیا الشعر الكردي | د. هیمداد حسین |
| ٤ | انطولوجیا القصة الكردیة | د. هیمداد حسین |
| ٥ | غمنوای کوهستان – داستان کردی | دکتر همیداد حسینی |
| ٦ | ڕەنگدانەوەی کەلەپور لەڕۆمانی کوردیدا | د. ئیبراهیم حەسەن |
| ٧ | ڕەنگدانەوەی لەیلاو مەجنون لەئەدەبی کوردیدا | د. خانزاد عەلی قادر |
| ٨ | شارێك لە پێشوازی عەشقێکی نامۆدا – چیرۆك | سەبا ئەحمەد |
| ٩ | ڕۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر– ١٩٣٥–١٩٧٥ | عەبدوڵڵا ئەنوەر (سمکۆ) |
| ١٠ | قصائد من غناج الطاووس و شرارة الغرنوق | ترجمة المهندس: محمد حسین رسول |
| ١١ | هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا | نیعمە قەرەنی |
| ١٢ | بولێڵ – کۆمەڵە چیرۆك | سەردار گەردی |
| ١٣ | بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی–دا | د. فەرهاد قادر کەریم |
| ١٤ | شیوەهای روایت در داستانهای کوتاه – جلال ال احمد و حسین عارف | ڕۆژگار محمد صابر |
| ١٥ | تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراجدا | ڕێزان ڕەحمان خدر |
| ١٦ | فەلسەفەی شیعرو شیعری فەلسەفی بەنموونەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیرو کەریم دەشتی | د. سەنگەر قادر شێخ محمد |
| ١٧ | بنية المكان في روايتيي الجحيم المقدس و هيلانة | سالار تاوگوزی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | الاديب ابن المستوفي وزير اربيل | د. عثمان امين صالح |
| ١٩ | بنیاتی هونەریی حەیران | ئەحمەد قەندیل |
| ٢٠ | الرحيل الدامی – حمەکریم عارف– روايه | ت: جلال زنگابادی |
| ٢١ | لەتێ پیاو – چیرۆك | مەهاباد قەرەداغی |
| ٢٢ | زوجات (خليفة) الفاتنات – مجموعة قصصية | ترجمة: مكرم رشيد الطالباني |
| ٢٣ | شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا | د. سەلیم رەشید |
| ٢٤ | الفضاء الروائي عند سليم بركات | د. شاكر سابير |
| ٢٥ | سی ساڵ شیعر– دوو بەرگ | سەباح رەنجدەر |
| ٢٦ | سترانی شەپۆلەکان – شیعری نوێی فارسی | و: ئەمین گەریگلانی |
| ٢٧ | دیوانی کەریم دەشتی– کۆ شیعر– سێ بەرگ | کەریم دەشتی |
| ٢٨ | رۆمانە شیعر مێژوو سەرهەڵدان | عەبدوڵڵا رەحمان |
| ٢٩ | سکاڵا لە پایز ئەکەم | و: ئاوات حەسەن ئەمین |
| ٣٠ | سترانێن پەلا– دوو بەرگ | عارف حیتۆ |
| ٣١ | شەبەنگی شینی ژمارەکان – شیعر | هاشم سەراج |
| ٣٢ | خوێندنەوەی پەراوێزی خوێندنەوە | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا |
| ٣٣ | ئەزموون لەنێوان شکست و داهێناندا | فەرەیدون سامان |
| ٣٤ | الطبيعة بين السياب و گۆران | د. لطيف محمد حسين |
| ٣٥ | فنارات نقدية في الرواية الكردية | د. عادل گەرمیانی |
| ٣٦ | کۆی کورتە چیرۆکەکانم | د. عەبدوڵڵا ئاگرین |
| ٣٧ | چیرۆك و نامەی راڤەکردن | و: سەنگەر زراری |
| ٣٨ | ژمارەو رەنگەکان – شیعر | پەسار فایەق |
| ٣٩ | هەولێر – رۆمان | شێرزاد هەینی |
| ٤٠ | فەرهەنگی زمانی شیعر و چەند خوێندنەوەیەکی دیکە | زانا خەلیل |
| ٤١ | کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا | د.عەبدوڵڵا خدر مولود |
| ٤٢ | کتێبی سەر دەریا– شیعر | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| ٤٣ | کۆمەڵە شیعر (٨) قەسیدە | فەرید زامدار |
| ٤٤ | Rewnama Or The Book of Migration - Abdullah Sarraj | و: محمد حسين رسول |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٥ | Bi Pê Şopa Azadiya xwe Dikevim | لقمان محمود |
| ٤٦ | رامانی پاك له تەنیاییدا– شەش دەقی شانۆیی | موحسین محەمەد |
| ٤٧ | فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری كوردی | لێژنەی رۆشنبیری |
| ٤٨ | The Elegy of The Mountain – By Kurdish Authors Selection and Introduction By: Dr.Hemdad Hussen | Tr: A.Ne'mati- Huda M. Sailh- J. Azodi- Luqman Asih- Shamal Akrayi |
| ٤٩ | كرێمستی – رۆمان | كەریم كاكە |
| ٥٠ | مذكرات میت قصص – اسماعیل هاجانی | ت: سامي الحاج |
| ٥١ | یادداشتەكانی پیاوێكی لەبیركراو – كۆ چیرۆك | حەسەن جاف |
| ٥٢ | رەهەندی دەروونی لەشیعرەكانی لەتیف هەڵمەت دا | د. هاوژین صلیوە |
| ٥٣ | تێكست و دیدگا | شوان سەرابی |
| ٥٤ | پیرشالیار – رۆمان | حەمەكەریم هەورامی |
| ٥٥ | دیوانی مەهاباد قەرەداغی | مەهاباد قەرەداغی |
| ٥٦ | از كجا تا بەكجا؟ هیمن مكریانی | ت: محمد سعید نجاری (ئاسۆ) |
| ٥٧ | مە چ دڤێت وان نەڤێت – هوزان | ئەحمەدێ زەرۆ |
| ٥٨ | سەما و ژڤانەكێ نە چاڤەرێكری – كورتە چیرۆك | عصمەت محەمەد بەدەل |
| ٥٩ | لە بەرزایی یەكانی مەزرا بۆتانەوە... – شیعر | ئازاد كەریمی |
| ٦٠ | گومان و بەدگومانی | و: عەبدولرەحمان مەعرووف |
| ٦١ | مەتارە – چیرۆك | و: د. هیمداد حسین |
| ٦٢ | كڵاوی با بردوو – تێكستی ئەدەبیی میللەتان | د. ئیدریس عەبدوڵڵا |
| ٦٣ | زمانی گڕ – دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو بەفارسی | و: رەزا كەریم موجاور (تاپۆ) |
| ٦٤ | سەرپەرەكانی هیچ – شیعر | م. سامال ئەحمەد |
| ٦٥ | Kurê safa re'nayê | Enwer Mihemed Tahir |
| ٦٦ | راسپاردە – شیعر | جەعفەر شێخولیسلامی |
| ٦٧ | دیوانی ستار ئەحمەد – شیعر | ستار ئەحمەد |
| ٦٨ | Gulistan and the Night - Hasan Slivani | T: Ahmed Khalis Al- Shalan and Ghayda Ali Al-Faisal |
| ٦٩ | هندەك ژ وە و هەموو ژ من – شیعر– دوو بەرگ | هزرڤان |
| ٧٠ | هاوماڵەكان– ئەحمەد مەحموود– رۆمان | و: حەمەكەریم عارف |

| | | |
|---|---|---|
| ٧١ | لەبەردەم جوانیدا | و: ئا: حەمە عەباس |
| ٧٢ | هاوڕێی حکومەت | و: تاهیر عوسمان |
| ٧٣ | پشوو لە لێوارەکانی تەمەنا | ئاوات حەسەن ئەمین |
| ٧٤ | نەوەیەک بەتەنیشت نیگەرانی و گوناه و خەونەوە | بەرزان هەستیار |
| ٧٥ | نە تۆ مایتەوە، نە باران | ژاوێن شالّی |
| ٧٦ | پێنج سەفەر، وێنەیەک | فەرۆخ نێعمەتپوور |
| ٧٧ | گەڕان بەدوای ئەفسانەدا | پیرداود مەخمووری |
| ٧٨ | هندەک ڤەکۆلین ل دۆر فولکلۆرێ کوردی | حجی جعفر |
| ٧٩ | تایبەتمەندیێن شعرا کوردی ل ئێکەتییا سۆفییەت | کۆڤان خانکی |
| ٨٠ | بەڵێ، هەڵەیەک رووی داوە | تێکۆشەر خالید |
| ٨١ | سەمای سەفەری پیاوێك | کەریمۆك |
| ٨٢ | عەبدولقادر قرگەیی.. رووناکبیرێکی رابەر..! | زانیار سەردار قرگەیی |
| ٨٣ | دەقاوێزان لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا | د. هەڵمەت بایز |
| ٨٤ | بررسی و جایگاه فرهنگ عامه در دیوان نالی | کژال فداکار |
| ٨٥ | گۆشەنیگا لە رۆمانەکانی سەبری سلێڤانی دا | د. بەیان ئەحمەد حسێن ئامێدی |
| ٨٦ | تەکنیکی گۆشەنیگا لە رۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا | د. مستەفا سالّح مستەفا خرواتانی |
| ٨٧ | هەڤوەغەرێ بای | محەمەد عەلی یاسین |
| ٨٨ | کەسێك لازۆی دیبێ؟ (رۆمان) | محەمەد فەریق حەسەن |
| ٨٩ | Uldûz û Qijik | Wergêr: Şilêr Emrahnijad |
| ٩٠ | جامانەی خوێناویی پێشمەرگەیەك | هەڤاڵ ئەحمەدی |
| ٩١ | لا قمامة في هذه المدينة | إبراهيم محمود |
| ٩٢ | کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠ – ١٩٧٩) | ئازاد محەمەد سەعید |
| ٩٣ | اطفال محلة حسام | اكو كريم معروف |
| ٩٤ | طائر الفينيق | نواف خلف السنجاري |
| ٩٥ | قاضي محمد – التاج الذهبي | احمد اسماعيل اسماعيل |
| ٩٦ | نوێژی روناهی | ئاسۆ حەسەن |
| ٩٧ | توانەوەی کات – شیعر | فەهد شوانی |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٨ | کتێبەکەم – کتێبی منداڵان | حەمەساڵح فەرهادی |
| ٩٩ | بارش عشق – شعر | ترجمە: نسیم مروت جوو |
| ١٠٠ | دیالۆگ – دوو بەرگ | ئازاد عەبدولواحێد |
| ١٠١ | منداڵ و فیلم کارتۆن (ئۆپەرێت بۆ منداڵان) | عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی |
| ١٠٢ | منداڵ لە هەندێ بواری رۆشنبیریدا | دارا محەمەد عەلی |
| ١٠٣ | شاعیرێ وێنە دەکێشێ– کۆبەرهەم | عەبدولقادر سەعید |
| ١٠٤ | کۆ شیعری جەمال شارباژێری (دوو بەرگ) | جەمال شارباژێری |